175

مانگانەیەكی رۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای رامان دەری دەكات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ كانوونی یەكەمی ٢٠١١

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوكەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەركەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**بەرگ**
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای كەركووك ـ تەنیشت قبووڵ مەركەزی
ئەدرێسی ئەلیكترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆك
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان

● **دەق**


- وەرزانەی ئەوینێکی پاییزی/ ژاوێن شاڵی/ 3
- لەنێوان دوو ئینجانەدا/ چنار نامیق/ 4
- تا کۆتایی هەڵبێ.. کوژانەوەی ژنێک بە تەنهایی/ ڕۆژ هەڵەبجەیی/ 5
- چیا/ مەم باوەڕ/ 8
- باخی پڕ گوڵ/ لە ئینگلیزییەوە: سەید مادیح پیر یوونسی/ 9
- بۆشایی کیسەڵێکی بەختەوەر/ چنوور سەعیدی/ 12
- ها/ ئەنوەر عەرەب/ 20
- خوێڕێژە پیاو/ ئازاد کەریمی/ 23
- دینەکی دین/ فەوزی بیلگە/ 27
- ڕێگایەک بەرەو هەتاو/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 29
- کوشتن و پێکەنین/ لە عەرەبییەوە: محێدین مەحموود/ 34


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (کەریم کاکە)ی نووسەر و ڕۆماننووس/ ئا: شوان سەرابی/ 37


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- بەیاننامەی (ڕوانگە)، هەقیقەت و پەیام و شوێنەوارەکانی/ د. ئیدریس عەبدوڵڵا/ 48
- دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی دیلان-دا/ د. عادل گەرمیانی/ 67
- وێنەدانەوەی غەزەلی (ألا یا أیها الساقی...) لە خەیاڵی شاعیرانی کورددا/ ڕزگار جەباری/ 74
- ڕۆمانی ڕیالیزمی لە ئەوروپا/ لە فارسییەوە: هاشم عەلی وەیسی/ 83


● **وتار**


- پەیڤین بە ئاراستەی دنیایەکی جوانتر/ کامەران تاهیر/ 95
- یادی هێمن/ خالید عەسکەری/ 98
- خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی لە کتێبخانەکاندا/ ئا: یاسین قادر بەرزنجی/ 101


● **هزر و فەلسەفە**


- ئیمانوێیل کانت، ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی/ د. حەمید عەزیز/ 105
- فەلسەفە لە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانەوە/ لە فارسییەوە: ئیبراهیم ئیسماعیل پوور/ 116


● **هونەر**


- بەخودکردنی سروشت لە دوا کارەکانی هونەرمەندێکدا/ وەهبی ڕەسووڵ/ 126
- زریکەیەک لە بێ دەنگیدا/ کامەران جەوهەری/ 129


● **خوێندنەوەی کتێب**


- هەزار خۆری درەوشاوە و عیشق و حەسرەت و هۆگری/ هاشم سەڕاج/ 134
- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا/ سەباح عەلی جاف/ 139
- خونچە وشە و خونچە مانا/ ئارام شێخ وەسانی/ 155


● **نرخاندن**


- شایەتییەکی بەخێر بۆ (ڕامان)/ د. هیمداد حوسێن/ 159


● **سووکە لەنگەر**


- زانست و زمانەکەمان/ د. فەیسەڵ عارەب بلّباس/ 160

# وەرزانەی ئەوینێکی پاییزی

ژاوین شاڵی
(سلێمانی)

**بەهار**

لە بەهاری خەیاڵێکی سەوزەوە دێمەوە
لە بێستانی دڵ، مۆنامۆی هیچ ئەوینێک
نابیستریٚ!
وەتەرەکانی دڵ ئیستێک دەکەن
تەنهاییم ئەبیستریٚ..

**هاوین**

لەگەرمەسێری ئەوینێکی سەردەمیانەوە
بەرەو وڵاتی خۆم رجوع دەبمەوە
باوەش بە میهرەبانی جادەی چۆڵ و
کووچەی تەنیا و
چرپای پڕ نازی کچانە و
پشتی سەرکەشا ئەکەم..
هەواری دوور بەجێ دێڵم
نامەویٚ هەناسەیەکم لە لێواری ئەم غرووبە
لەکیس بچیٚ
لە وێندەریٚ.. باگڕەیە
شنەی شەماڵی سەحەریٚ بەدی ناکریٚ!
تای تاسانیٚ سەراپامی داگرتووە
قومیٚ ئاوی فێنکم ئەویٚ..

**پاییز**

لەگەڵ لە دایکبوونێکی نوێدا نویٚ ئەبمەوە،
گەرچی پاییز پەژموردە بیٚ!
چاو بۆ بەرگێکی شەنگتر ناگێڕم
لەو خاڵەدا ڕەش و سپی یەکسان ئەبیٚ
بەرگی خەزانی ئەم ئەوینە دائەکەنم،
سبەینیٚ ژاڵە و نێرگز چرۆ دەکەن
لاولاو لە باڵام گیر ئەبیٚ..

**زستان**

لە سەهۆڵبەندانی شاخێکی فشەڵەوە
ڕیٚ دەکەم
هەنگاوم بەهیچا ڕۆ ئەچیٚ!
قەیتانی کالەکەم توند ئەکەمەوە
نامەویٚ، نیگایەکم دزەبکا و
هەنگاوێکم لە جیٚ بچیٚ..



# لەنێوان دوو ئینجانەدا

چنار نامیق

لەنێوان دوو ئینجانەدام
وەرە لقی درەختەکانی دەستم فێرکە
چۆن گوڵ بگرن...
گوڵەبەڕۆژەکانی ناخت ڕابێنە
گەر ئەمە دوا دیدارم بوو
با ژەنگ نەگرن..
هەرچەندە مەستم، لێ فێرنەبووم
چۆن بە تەرزی مێوی بەژنتدا هەڵزنێم
تا لەوێڕا هێشووە ترێی شادی بچنم
تۆ بڕوانە خۆری عیشقم لە کام لاوە ئاوا دەبێ
لەم دووڕیانی تەمەنە
ملی کام ڕێ بگرمە بەر
بەرەو هەوارگەی  تۆ نەچێ...
گەر ئەم جارە پێیەکانم لە سەهۆڵبەندانی عیشقت خزا
دەستی حەزم مەگرە با گلۆر ببمەوە
بەڵکو دواجار ببم بە سوار..
لەژێر چەتری ئەم تۆفانە
مەلی ڕوحم فێرە فڕین نابێتەوە..
گەرەکم بوو بفڕم وەک مەل
ون بم وەک با
کە هەنگاوەکانتم بینی بەم هەوارە دەگوزەرا
لەودیو چاویلکەکانەوە چاوانت کەوتنە نیگا
لە مانگەشەوم دەپرسی چۆن
بە ڕووناکی ئەستێرەکان حەشار ئەدا...
لەنێوان دوو ئینجانەدام
نە خونچە دەبینم نە گوڵ...
لەنێوان دوو ئینجانەدام
تەنراو بە گڵ..
لەنێوان ئەو ڕێگایەدام دەمباتەوە سەر کووچەیەکی
تەنهایی
تۆش گەرەکتە لێوەکانم خەندە بگرن
لە شەقامەکانی ئەودیوی غوربەتەوە
دەگەڕێمەوە سەر شۆستەکانی بێ دەنگی
داوا لە پۆلە پەپوولەی ڕوحی سرکم مەکە درەنگ بمرن



# تا کۆتایی هەڵبێ.. کوژانەوەی ژنێک بە تەنهایی..!

ڕۆژ هەڵەبجەیی
(سلێمانی)

من سـەرەتای خەونەکانم شـلوێ بووە،
تا دەگاتە کۆتایی..
کە من شکان لە ڕوحمدا شین بوو ئیتر چی؟!
چ پرسیارێک بکەمە بەهانە، تەنهایی دەرگاکانیەتی و
بێ دەنگیش پاسەوانی..!
کە هەر شکۆفەیەک لە خەیاڵدانا خرۆشا،
پێیەکانیشی هەڵخلیسکانە بۆ چەمی کۆتایی..
ئەوە پەرداخێک پڕە لە قریوەی شەراب،
بەڵام لە بنەکەیدا تاڵێک گریان خۆی حەشارداوە،
ئەمە کۆتاییەکە کەس نازانێ دڵی مەستەکان نەبێ
نۆژەن لە حەسرەتا...
شاخەکان سەرکەشن بە بەرزی کەچی نەخشەی
نووچێک
لە کەمەرییانا کوتراوە..
ئەمەش کۆتاییەکە کەس نازانێ باڵی هەڵۆکان نەبێ،
لە پاییزی پیرییا...
کۆچەرێکی بیابان بە گەردەلوولی لم ئالوودە،
کەچی حەوزێک ئاو لە خەیاڵیا چنراوە...
ئەمیش کۆتاییەکە کەس نازانێ خودا نەبێ،
ڕۆژێک دێ بیابان
دەبێتە چارەنووسی بەلەمێک....!!

❊ ❊ ❊

من خەونەکانم شلوێ بووە لە سەرەتاوە تا کۆتایی...
وا چاکە پەپوولە کە دەروێشی نوورە، چرا بکوژێ،
چونکە تەریقەتی چرا،
مەرگی پەپوولەیە لە کۆتایی...
وا چاکە شەمشەمەکوێرە لە تونێلی نووتەکا،
تاریکی ڕاو بنێ...
چونکە لە نوونی نووتەکا دەزوولەیەک مۆمی نووستوو،
مەرگی شەمشەمەیە لە کۆتایی....!!
وێرانەیەک کە ناونووس دەکرێ،
بۆ ئاوەدانی، بە خوێن بەربوونی قاچی ئاوێکی شین
دەچێتەوە کەناری قژڕنین.
چونکە لەناو کاسەسەری ئەو وێرانەیەدا
هەر کۆشکی قەد زراڤ بوو،
گەشتبوونە ئاسمانی کۆتایی

❊ ❊ ❊

من سەرەتای خەونەکانم شلوێ بووە تا دەگاتە کۆتایی..
چۆن خەیاڵم شلوێ نابێ کە دەگاتە ئاستانەی پیاوێک..
تۆ ئەی پیاو سەرەتا ناوی من قەد دەکەیت،
لەناو جانتاکەتا و بەسەرشانی سێگۆشەیەکی (با)دا
هەڵیدەواسی و



دواتر دەیخەیتە خەتای خەیاڵدانتەوە و
کە خاکی خەیاڵدانت تێری خوارد،
لە دوای دواتر بەرئەبێتەوە بۆ کۆدی کۆتایی...!!
تۆ ئەی پیاو کە لەتێکی منی خەجاڵەتم، خەجاڵەت
وا باشترە بڕۆمەوە ناو قەدی تەنهایی..
چەندە نیگەرانم، چەندە دەکوژێمەوە بە ڕەگەزی تەنهایی...
لەم ڕەگەزی تەنهاییەدا بێ تۆ
زریکەی ئەو درەختانە دەبینم ساردن،
چونکە شەو لەقەبیان لێ ئەدا...
جلی ئەو جەنگەڵانە دەبیستم جێ برینن،
چونکە پلنگێک وا لە بۆسەیانا..
سەرمابوونی ئەو گوڵانە بۆن دەکەم دەکۆکن،
چونکە سەوزبوونی زستان وا لەژێر کراسیانا..
ماندووبوونی ئەو تاریکییانە لەمس دەکەم شینن،
چونکە ڕمێک ڕووناکی وا لە خەویانا...
سەریەشەی ئەو ئاوانە ئەست دەکەم لێژن،
چونکە پیریی خۆیان کۆکردۆتەوە لە فەسڵی فەوزا...
دڵی ئەو ڕیشۆڵانە هەست دەکەم ڕادەچڵەکێن،
چونکە داڵی دارلاستیکێک لە باڵیانا،
کوفر پۆست دەکا...!!
تۆ ئەی پیاو کە من لەتێکی تۆم وەرە سەرێک بدە
لە سەرەتای خەیاڵە خاکییەکانم ئەنجا سەفەر بکە و
ئەنجا چاوێک داگرە لە کەلێنی کۆتایی..
لە خەیاڵە خاکییەکانی منی ژنا...
هەموو گۆچانەکان بە هەناسە بڕکێوە،
دەچنەوە چەتری درەخت..
هەموو لمەکان بە لەنجەی قاقڕەوە، دەچنەوە سەکۆی
سەراب...
هەموو شووشە شکاوەکان بە سەرخۆشییەوە دەچنەوە
پێکێکی خەییام..
هەموو دیوارەکان بە شەلەشەلەوە ڕادەکەن لە زبڵخانەی
زیندان...
هەموو پەنجەرەکان بە فرینێکی پڕتەقاڵییەوە دەچنەوە
کووچەی کچێک..!!
هەموو قەفەسەکان بەسەری شکاوەوە دەچنەوە بازگەی
باڵندە..
هەموو پەتەکانی سێدارە بە قوڵایی چنینەوە دەچنەوە
جریوەی جۆلانە..!!
ئەمە خەیاڵەکانی منە بۆ تۆ ئەی پیاو،
کە یاقووتی ئەم خەیاڵانەش ئەدرەوشێنەوە
کەناری لەو خەیاڵەدا مەلە دەکا،
ماسی تیایا دەفڕێ
مێروولە قەناعەت پاشەکەوت دەکا،
پەڕەسێلکە لە کەناڵی ئاسمانی کوێستان و گەرمیانەوە
ئیتر نابێتەوە بە کرێچی،
کۆتر هەر منارە ناکاتە ماڵی خوا..!!
ئەمە یاقووتی خەیاڵەکانم بوو، بۆ تۆ ئەی پیاو
کەچی تۆ منت کوژانەوە بە تەنهایی
تەنهایی و تەنهایی

* * *

هەموو شتێک لە سەرەتاوە دەچێتەوە کۆتایی،
بەڵام تۆ لە کۆتاییەوە هاتی بۆ کووچە کەسەرییەکانی من
بێ ئەوەی دەمە داسی پرسیار ڕۆکەی، سکوێتکت دانا
لەسەر چرپەی چرپاکەمدا و لەسەر دێری دیوارەکاندا و
لەناو دەست و پەنجەی پەردەی پەنجەرەکەمدا..
تەنها شەوێک چۆن فریاکەوتی بۆ کوژانەوەم..!
شەوێک بە جانتایەک مۆسیقاوە سەفەر دەکا و
فریای ژێیەکی پچڕاو ناکەوێ، لە گیتارێکی حوزنا..
شەوێک هەموو عەتری سێوەکان بۆ شاری هەڵەبجە بار
ئەکا و
فریای چڵی چرایەک ناکەوێ بۆ عومەرێکی نابینا...!!
تەنها شەوێک چۆن فریاکەوتی موحیبەت بناسی..
(۱) ئاخر هەموو تەمەن بەشی خۆشەویستی ناکا...!!
ئەمە نوکتەیەکە گەمارۆ بە گریان..
ئەمە فەرموودەیەکە لە کۆتاییەوە هاتووە، لە کۆتایی..
تا کۆتایی لای تۆوە هەڵکا من دەکوژێمەوە بە تەنهایی
تەنهایی و تەنهایی... بە ڕوحی شکانەوە تەنهایی

* * *

لێرەوە سەیرکەن سەرەتاکان چەند جحێڵ و جوانن،
کۆتاییەکان چەند کورت و پەککەوتەن لێرەوە...

-١-

منداڵی ماڵێکە بەستراوە بە ڕەوڕەوەی ئاوەدانی،
پیری ئەو کۆتاییەیە مەرگ هاوسێیەتی..!!

-٢-

پرچی ئەو کچە لە درێژییا،
پیاسەی رووبار..
کۆتایش مەودای مەقەستێکە،
کورت بوونەوە لە هەناسەیا..!

-٣-

لەناو سەرەتای هێلانەدا هەڵتۆلینی هێلکە،
دوای جگەرەکێشانی باڵ و کۆتا دووکەڵ
مردنێکی بچووک هەیە بێ ئاسمان، ئەویش قافیەی
قەفەس...!

-٤-

ماچ لە کۆڵانی لەزەتا کە هاتوچۆ دەکا و
زەنگ لە دەرگا ئەدا ،خۆشەویستی بۆی دەکاتەوە و دەڵێ:
چەندە ئۆرگازمە سەرەتا..
کۆتایش سوورەتی فاتیحایەکە،
دابڕان دەڵێ: بیسمیللا..!

-٥-

سەرەتا ئەنفال وتی: من ئەستێرەم دیوە داگیرساوە،
لە چاوی ژنانی کوردا..
کۆتا وتەشی دەڵێ: هەر ئەو ئەستێرانە،
لە چاوی ژنانا داگیرسان،
کوژانەوە لە چاوی دیکتاتۆرا..!

-٦-

سەرەتا درەختەکان کە باڵق دەبن
قاقا دەکێشن و بەر دەگرن..
کۆتای درەختەکانیش لەوێوە دێ
تەور بەخێرهاتنیان دەکا و

دەبنە کۆرسی کورسی و قەنەفە..!

-٧-

کە دڵێک دەمرێ دەبێتە پارچەیەک لە خاکوخۆڵ،
کۆتای ئەو خاکوخۆڵەش کە دەلەرزێ،
چاوکردنەوەی چاوی گوڵێک..!

-٨-

کانی دڵی ژنان سەرەتایەکە،
پیاوان ئاوی لێدەخۆنەوە،
کۆتای پیاوانیش شارێکە بێ ژن..!

-٩-

ئەوە هەر سیحری گوڵەبەرۆژەیە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی و
لە کۆتایشەوە بۆ سەرەتا..
کە ڕوو دەکاتە خۆر، ئەوە فڕینە بەرەو فەنەری عیبادەت
کە خۆر کۆچ دەکا و لەسەر شانی ئێوارەدا دەمرێت،
کە بەیانی هات و گزنگ داگیرسا
لە پلەکانی مردن دائەبەزێ و
هەمدیسان فڕین بەرەو فەنەری عیبادەت..

-١٠-

سەرەتا بۆنوبەرامەی چڵە ڕێحانەیەک ئەوەیە
پەنجەکانی بە پێکەنین بۆیە دەکا..
کۆتای ئەو پەنجانەش،
کە خامۆش دەبن ئەوە حرووفی حەسرەتە کە دەیشۆن..!

-١١-

سەرەتا شەو ئەوەیە ئەستێرە
لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕن
کە حەوشەی ئاسمانیش پشتی قەمبوور دەبێ
ئەوە کۆتای شەوە،
بە فیکە کێشانی کازیوە..!

-١٢-

سەرەتا کە چرایەک هەڵدەکرێت،
هەموو تاریکی قووت ئەدا...
کۆتایی چراش کەڵەشێرێکە دەخوێنێ...!

-١٣-

کە نەورەسەکان گفتوگۆ لەگەڵ دەریا دەکەن،
ئەوە سەرەتایەکە،
بۆ دەستکەوتنی چەند ماسییەک...
کۆتای نەورەسەکانیش
لەناو تابووتی دەریادا ماسی دەیانخوا..!

-١٤-

سەرەتا لە کێڵگەی گەنم و جۆدا،
کە داهۆڵ (با) دەچنێ
چۆلەکەکان دەترسن...
کۆتایی داهۆڵیش بیرچوونەوەی دوورمانە،
بەهێرشی چۆلەکەکان...!!

-١٥-

سەرەتا کە ڕەشەبا شەڕ دەکا،
بە لوورەکەی نەمامەکان دەلەرزن
کۆتایی شەڕەکەش بێ مێزی دیالۆگ
تەوقەکردنێکە لە دەستی دار چنار و شۆڕەبییا...!!
بەس ڕوحم بشکێنە ئەی پیاو،
بەس پێکەنینم ببەستە لە تاریکی
ئەوەندە قەفەست لەناو ڕوحمدا چێ کرد..
مەلی چاوەڕوانیم شکا و
بوومە شەهرەزاد و تووشی نەزیفی گێڕانەوە بووم،
گێڕانەوە
ئەوە هەر سەرپۆشی سەری بێوەژنەکانە، لە شەقەی
باڵیان دا
بۆیە زۆربای یۆنانی تا مردن،
لەگەڵ سەنتوورا بووە پارچەیەک لە سەما
کە سپێدە بە بەرگی قازوقوڵنگەوە خەبەری بووەوە،
ئەوە دەستی ژنێکە تەمتوومانی ڕژاندووە..
کە ژیان لە سەرابستانەوە دێتەوە،
ئەوە تەنیایی پیاوێکە بێ دەستە ئاوییەکانی ژن...
کە زەمەن پڕ دەبێ لە شکانی شعوری پارچەکانی شەو،
ئەوە ماڵی پیاوێکە پڕ لە هەموو شتێک،
بەڵام بێ چاوەڕوانی ژن...!
کە ئەنفال ناوی خۆی سڕییەوە لە مێژووا،
ئەوە هەڵچوونی قیژەی ژنێک بوو لە ساراکانی
عەرعەرا...
کە گریان گەورە دەبێ و باڵا دەکا و پەل دەهاوێت بۆ
خەرابات،
ئەوە دەستی پیاوێکە بێ هوودە لە عیشقا...
کە پێکەنین لەسەریەک سەفتە دەبێ،
باڵ دەگرێ و دەفڕێ بۆ مەلەکوت...
ئەوە دەستی ژنە عیشوەی عیشقستان..!!
ئەگەر ئەهریمەن سەری تژی بوایە لە ژن
شەڕ تفەنگی نەدەکردە شانی،
کوشتن نەدەچووە ئاوەدانی..
تووشی نەزیفی گێڕانەوەت کردم ئەی پیاو
ئەم حیکایەتە کۆتای نایە،
تا کۆتایی لای تۆوە هەڵکا،
من دەکوژێمەوە بە تەنهایی،
تەنهایی و تەنهایی
کوژانەوەی ژنێک بە تەنهایی...(!!)

**تێبینی:**
**(١) پەندێکی ئینگلیزییە**

**سلێمانی ٢٠٠٩/٩/٢٩**

# چیا

**مەم باوەڕ**



ل ڤی وەلاتێ دین و هار
هەمی گر دخوازن ببن چیا و بگرن بار
ئێش وەریس
چیا ڕەق و ڕووت
دەشت زوا
پووک بووکا سویندخواری
بەرف مرنا شێرەمێرەک د دلێ دایکان دە گولوک
لۆریک ڕەش
مۆریک شین
چیا سۆر
خوین گەرم
و مرن، بارێ گران پارا مێران
مرن نشتا دینان
ل سەر ملێن شێرەمێران
ئەڤ چ وێرەکی یە براکۆ!
ڕحێ وان دترسە ژ دلێ وان
مەرڤ شێر بە
و ل سەر شێرەشەنگا چیایەکی شەڕ هەبە
مرن نە شەرمە
چ غەدارە
چ غەدارە کو باران ببە بەرک
و ل سەر سەرێ تە ببارە
ببۆرن، ببەخشینن
مرن شینە
ل سەر لیڤکێن دایکێن چاڤشین لیس بوو یە
مرن ڤێرینە
د زەنگەلۆکا فەتسینۆک یا پیرەکێن خوەدی کراسێن
هەفتڕەنگین دە
مرن لۆرینە
بەژن و بالا سمبێلێن ڕەش دهەڕفینە
ئەم درەنگ تێگەهشتن کو
هەڤالێ بارێ کەتی تونە یە
مە قووشا ژیانێ قەتاند د ڤێ شەڤا کافرستانی دە
پرا دەهدەری دەرییێن خوە ل مە قەفالت ئیرۆ
دەشت شل بوو
زێمار فەتسین د قڕکا ئاڤا شۆلی دە
مێرانی بەتال بوو...
تەمەن بوو شووشا دلێ شکەستی
د گۆڕا زلوماتی دە.
و چیا پووش و پەلاخ
چیا تاری و پلۆلۆ
ئەرێ لۆ...!
هەر کەس ل گۆڕا خوە مێرە.
دەستبراکۆ...

*** ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا کۆشعرا (مەلاییکەتا دیل) ڕووپەلێن (٥٢-٥٣) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەم ل سالا ٢٠٠٨ ل دیاربەکرێ هاتیە چاپکرن. هەژییە بێتە گۆتن کو مەم باوەڕ ل سالا ١٩٧٣ ێ ل گوندێ سافیا سەر ب بسمیلێ ڤە هاتیە دنیایێ و ل سالا ١٩٩٧ ێ پشکا پەروەردەیێ ل زانینگەها دیجلەیی تەمام کریە.**

**«ڕامان»**

# باخی پڕ گوڵ

کەبیر
لە ئینگلیزییەوە: سەید مادیح پیرپوونسی
(تاران)



کەبیر یەکێکە لە ناسراوانی عیرفانی هیندی، کە لە دەوروبەری ١٤٤٠، یان (١٣٩٨)ی زایینیدا لە نزیکی «بێنارس» لە باوک و دایکێکی موسوڵمان لە دایک بووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە چووەتە لای «ڕامانادا»ی هیندوو بووە بە موریدی، کەبیر وەکو شێخێک و مامۆستایەک لە ڕامانادای ڕوانیوە و بیروڕای ئەو لەسەری کاریگەر بووە، ئەگەرچی لەو دەور و ڕۆژەدا باو نەبووە کە موسوڵمانێک لە هیندوویەک بە چاوی شێخ و مامۆستا بڕوانێت، بەڵام کەبیر کە تینووی ڕاستی و خواناسی بوو، پێی نایە ئەم ڕێگایە و ڕامانادایش بە شاگردی قەبووڵی کرد.

هەروا گەورە شاعیرانی ئێرانی وەکو عەتتار و مەولەوی و سەعدی و حافز کە لە سەر ئەدەب و مەزهەب لە هیندا زۆر کاریگەر بوون، لەسەر کەبیریش جێ پەنجەی خۆیان داناوە و ئەم خاڵە لە شیعرەکانیدا زۆر ئاشکرا و دیارە و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کەبیر زۆر ئارەزووی لە نزیک خستنەوە و تێهەڵکێشانی فەرهەنگی ئیسلامی و هیندوویزم هەبووە.

کەبیریش وەکو زۆرێکی تر لە عارفەکان بیروبۆچوونی پلوورالیزمی (pluralism) لە قسەکانیدا بەدی دەکرێت، ڕێگەکانی گەیشتن بە خودا لە یەک فیرقەی تایبەتدا نازانێت.

شیعری کەبیر بە زمانێکی سادەیە و وەکو شیعری شاعیرانی عیرفانی دیکە پڕە لە هەستی جوان و ناسک بەرانبەر بە خودا و ئەبەدییەت، هەروەها پڕە لە سیمبۆل و ئارکێتیپی ئیسلامی و هیندوویزم.

گرنگترین نموونەی شیعرەکانی لە کتێبی بیجەک (نەونەمام Bi-jak)دایە و لەو کتێبەدا بە جوانی عیرفان و فەلسەفەی خۆیمان بۆ دەردەخات، ئەگەرچی زۆرێک وشەی تایبەتی عیرفان و ئایینی هیندوویزمی تێدایە، بەڵام زۆر ڕەخنە لە دوژمنی ئایینی دەگرێت.

لە شیعرەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ بەر لە خواناسی، دەبێ خۆی بناسێت، دوایی خۆی لەگەڵ خودا بکا بە یەکێ و لە سەرگەردانی ڕزگار ببێت. وەکو عارفانی موسوڵمان، کەبیریش ڕای وایە مرۆڤ بۆ خۆی دنیایەکی تایبەت و جیاوازە و ئاوێنەی باڵاڕوانی هەموو بوونە.

کەبیر ڕیازەت و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ بە بۆنەی عیبادەتەوە، بە هەڵە دەزانێت و خۆشی هەرگیز ڕووی لە ڕیازەتی قورس و

دووری لە خەڵک نەکردووە.

کەبیر بەهۆی ئەم بیروڕایەوە لە هیندا جێگەی ڕێزی شوێن کەوتووانی ئایینی ئیسلام و هیندوو و سیکە. لە دەوری ساڵی ١٥١٨ی زاییندا. کەبیر ماڵاوایی لە دنیا کرد.

ڕابیندرانات تاگوور شاعیری ناسراوی هیندی کۆمەڵێک لە شیعرەکانی کەبیری بە ئینگلیزی وەرگێڕاوەتەوە، کە بەناوی «سروودەکانی کەبیر» بڵاوکراوەتەوە و لە هەموو وڵاتەکانی دنیادا ناسراوە.

**باخی پڕ گوڵ**

ڕوو لە باخی پڕ گوڵ مەکە
نە هاوڕێکەم
ڕوو لەو گوڵستانە مەکە
لەناو لەشتدا باخێ پڕ گوڵ شاراوەیە
بچۆ لەوێ لەسەر هەزاران پەڕەگوڵی نیلووفەر دابنیشە و
چاوت ببڕە، جوانی بێ بڕانەوە

**مانگەشەو برووسکەی دێ**

مانگەشەو لەناو لەشی مندا
برووسکەی دێ، برووسکەی دێ
بەس چاوە کوێرەکانی «من»
تا هەتایە، ناتوانێ بیدۆزێتەوە
مانگ خۆی ها لەناو ناخی مندا و
خۆریش وەها
هاواری تەپڵی هەرمانە
هەر لە من بەرز دەبێتەوە
بەس گوێچکە کەڕەکانی «من» قەت ناتوانێ
گوێی لەوە بێت
تا ئەو کاتەی مرۆڤ بۆ «من»ی خۆی بناڵێنێت
هەمووو ئیشێکی هەر هیچە
ئەو ساتەی کە هەموو منەکانی لەلا مردن
تەیار دەبێت، بۆ ئیشی خودایی کردن
هەمووو هەوڵی مرۆڤینە
بۆ زانینە، بۆ ناسینە
کە زانین هات
ئیتر هەوڵ و پەلەقاژە
هەمووو پاڵ دەدەن بەولاوە
داری بەردار بۆ بەرە وا گوڵ دەگرێت و گوڵ دەنوێنێ
کە بەرهەمی بۆ هاتە بەر
ئیتر گوڵ سیس و دەس بەسەر
جێگەکەی خۆی دەدا بە بەر
عەتری بۆنخۆش وا لەناو ناخی ئاسکدا
بەس ئەو لە ناو خۆیدا هەرگیز
بەدوای ئەو بۆنە ناگەڕێ
ئەو دەیەوێت، تا هەتایە
بەدوای گیایەکی بۆن خۆشدا
بە هەمووو هەردانا گەڕێ

**ناو ئەم قاپە گڵێنە**

ئەم قاپە گڵێنەی منە
سەد باخ و بێشەی تێدایە
بەدیهێنەری تێدایە
لەناو ئەم قاپە تەنگەدا حەوت دانە دەریای تێدایە
ئەستێرەی زۆری تێدایە، ژمارەیان لە ژمارە بەدەر
بەردی زێڕ ئەزموونی هاتیا
زێڕ و گەوهەری تێدایە
ئەم قاپە گڵێنەی منە دەنگی هەرمانی تێدایە
چاوە ئاوەکان لەناویدا هەمووو ساتێ سەر دەردەکەن
کەبیر دەڵێت:
گوێم لێ گرە خۆشەویستم
ئەم لەشە گڵێنەی منە خودای مازانی تێدایە

**چۆن ئەو وشە بدرکێنم؟**

ئاخر من چۆن دەتوانم ئەو وشە نهێنییە بدرکێنم؟
چۆن دەتوانم بیڵێم کە ئەو
نە لەم دەچێ نە لەو دەچێ؟
ئەگەر بڵێم ئەو لە مندا شاراوەیە
من دەترسم هەمووو دنیا لەبەر تەریقی ئەو بمرێ
ئەگەریش بڵێم لە من دەرە، هەڵەم گوتووە
ئەو دەر و ژووری منی بە یەکدا ئاڵاندووە و کردوونیە یەک
دەر و ژووری هەمووو هەستی کورسی دەسەڵاتی ئەوە
ئەو نە دیارە نە نادیار، نە ئاشکرا نە شاراوە
هیچ وشەیەک نییە، پێتان بڵێم کە ئەو چییە؟

**پێم بڵێ ئەی باڵندە**

تۆ بۆم بڵێ ئەی باڵندە!
چیرۆکی کۆنی ژیانت
لە کام وڵات هەڵسایت و کەوتیتە فڕین؟
یا پێم ناڵێی بۆ کوێ دەفڕین، ئەی باڵندە؟
لە کوێ دەچی پشوو دەدەی؟
یا بە شوێن چیا لە ئەم وڵات بۆ ئەو وڵات


شێت و سەرشێواو دەگەڕێی، ئەی باڵندە؟
ئەمڕۆ لەگەڵ چاوی هەتاو
لە خەو هەستە و گورج بەرەوە و
شوێنم کەوە ئەی باڵندە
وڵاتێکم لە شکدایە
کە نە مردنی تێدایە
نە گومان و نە ترس و خەم
لەوێ دارستانی بەهار
بە چرۆی ناسک خەملیوە
بۆنی خۆشی یەکیەتی بوون
لەگەڵ هەناسەی بەیانی
تێکەڵ بووە، چۆ پڕیوە
لەوێدا هەنگی دڵ خەریکی گوڵ و جوانییە و
بەدوای هیچی تردا ناچێ

**گەڕان**

من گاڵتەم لێ دێ دەبیسم
ماسی لەناو دڵی ئاودا تینوویەتی
تۆ نابینی کە ڕاستی ها لە ماڵ خۆتدا و تۆ هەڵەشە
بە شوێن ئەودا
ئەم شار و ئەو شار دەگەڕێی!
ڕاستی بەڕاستی ها لێرا!
ئیتر ڕووکەرە هەر جێیەک کە پێت خۆشە
لە بەنارس لە ماتوورا
ئەگەر تۆ نەچیتە ناخی ڕاستی ڕوحی خۆتەوە و
نەیدۆزیتەوە
دنیا بۆ تۆ تارماییە و خەیاڵییە.


**سەرچاوە:**

**Rabindranth Tagore (trans.), Songs of Kabir, Project Gutenberg EBook, September, 2004, 10th Edition.**



# بۆشایی کیسەڵێکی بەختەوەر

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**

من کیسەڵێکی گەورە نیم، خانەکانی سەر پشتم زۆرن، بەڵام قەت نەمتوانیوە بیانژمێرم، چونکە بەردەوام زیاد ئەکەن. خانەکان بە قەد خاڵی وەرچەرخانی ژیانمە. ڕێک لە سەر پشتمدا، لە نێوبەندی خانەکاندا، خانەیەکی گەورە و بەتاڵ هەیە، زۆربەی ئەو ڕووداوانەی وا هەستم ئەکرد زۆر گرینگ نین و ئەبێ فەرامۆش بکرێن لەو خانەگەلەدا جێیان گرتووە.هەرچی خاڵی وەرچەرخانی ژیانم گەورەتر بێ، بەو ڕادەیە خانەکانیشیان گەورەترە.

ئاوات ئەیگوت: گەورەتر نا، داگیر کردن. لە بەر سێبەردا نەرم نەرم پیاسە ئەکەم، گوێ لە قەرەباڵغی سەر پشتم ئەگرم، لە دەنگی ڕادیۆکەی باوکم کە هەمیشە لەسەر شەپۆلی ئیسرائیلدا بوو، ئیتر ئەو پارازیتە بەردەوامە ببووە بەشێکی باوکم، هێدی و لەسەرخۆ سیگارەکەی لەتەنیشت لێویەوە دائەنا و هێندە شەپۆلەکانی ئەگۆڕی تا دەنگە زوڵاڵەکەی ئەدۆزییەوە. من هەمیشە نیگەرانی سووتووی سیگارەکەی بووم کە بە ئەندازەی بەندی قامکی ئەسووتا ، ئەمزانی ئێستا دائەکەوێت و فەرشەکە ئەسووتێنێ و دایکم ژیانمان ئەکا بە جەهەننەم. هەمیشە چرکەیەک پێش داکەوتن، سووتووەکەی دائەتەکاندە ژێر سیگارەکە، باوکم بە خوومەکێکی زۆر سەیرەوە ئەو چرکە هەرە گرینگەی هەست پێ ئەکرد و نەیئەهێشت ئەو کارەساتە ڕوو بدا، بەڵام من قەت بڕوام بەو خوومەکە نەبوو. هەر کە پارازیتەکە دەستی پێ ئەکرد، خەریکی خوێندنەوە بوومایە یا قاپ شۆردن و کاری ناو ماڵ، نیگەرانییەکانی منیش دەستی پێ ئەکرد. من ئەو خانەی سەر پشتم ناو ناوە: "خانەی پارازیت".

زۆر جار کە ئەبێ پڕ بە دڵ شاد بم و ئارەزوو بکەم خانە چێرەییەکان جێگایەکی فرەتر داگیر بکەن، دڵم تەنیا لای ئەو بۆشاییە غەریبەیە، بۆ نموونە سەیری خانەی "کورسییە بەتاڵەکە " بکەن:

لە ئاتێلیەین، وێنەگرەکە بۆ کار جوانی، لە ناو شاردا بەناوبانگە، کاتێ دەستووری ژێست گرتنی عاشقانەمان پێ

ئەدا، من مەجبوورم بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە لۆچەکانی لای چاوانی هیوا بژمێرم. ئەو(ئامادە؟ یەک، دوو، سێ) وتنانەی هێند خاو بوو، ئەو چاوەڕوانییە بۆ دیتنی برووسکەی کامێراکە هێندە درێژخایەن بوو کە من دەرفەتم بوو ڕادەی قووڵایی لۆچەکان باشتر ببینم.

– پێ بکەنە بووکەخان با وێنەکەت جوان بێ.

– فرە ماندووم پێکەنینم نایە.

– بیر لە شتێکی خۆش بکەوە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە بۆ تۆ.

من زەردەخەنەیەکم گرت، چونکە چاوم بە کورسییەکی بەتاڵ کەوتبوو لە سووچێکی ئاتێلیەدا.

* * *

«خانەی بەختەوەریم بە پێی گێڕانەوەی ڕیزی سەرەی نانەوایی»

– ڕەنگە زاواکەی شەریفە ژنێکی تری هێنابێ وا کچەکەی بە دە شەو و بیست شەو ناچێتەوە لای مێردەکەی.

– حاح! تۆ شەریفە ناناسی چەند دەمەوەر و قەرەچییە؟ بە خودا تا بنج و بنەڕەتی نەسووتێنێ و مارەیی و جیازی و زێڕەکانی کچە نەستێنێ و نەیکاتە دیان و بازنەی زێڕ و هەر بەو دەستە پڕ بازنەیەی بۆ خۆنواندن پارە نەداتە دەست شاتر حەمە، وازی لێ ناهێنێ. نە خوشکەگیان ژنی چی! تازەیی ماشێنی بۆ کچە کڕیوە!

– تو خوا بە ڕاستتە خەجێ خانم؟! وەڵڵا من نەمەزانی، وام ئەزانی هەوێی بەسەرا هاتووە، ئەی بۆ هەر لە ماڵی باوکێتی؟

– من ڕۆژێک هەروا چووم بۆ ماڵیان و لێم پرسی...

– ئادەی؟

– ئەڵڵانەوینی! داوێنێکی کورتی لە پێ کردبوو، شان و قۆڵی ڕووت، پاو پووزی سپی، لە بەر چاو ئەو باوک و برایەی نازانم چۆن شەرمی نەئەکرد. لە دڵی خۆمەوە گوتم هەر بەم قرتی و فرتییەیە وا ئەو مێردەی کەر کردووە، ئەگینا ئێمە کەی وا بووین. لە بیرتە لە ڕوومان نەئەهات لە بەر چاوی باوکمانەوە نان بخۆین؟!

پرسیم لە شەرێ وتی:گوایە زاواکەی ڕووناکبیرە و ئازادی بە کچە داوە بە تەنیا سەفەر بکات و لە ماڵی باوکیشیا بە دە شەو و بیست شەو دانیشێ. هەر چەند سەرەتای ژیانیانە، بەڵام بیری یەکتر ئەکەن و بێ عابی نەبێ بە زمانیشی دێن و هەر ناشچێتەوە!

– ڕووناکبیر؟ ڕووناکبیر چییە؟

– کوبرا خانم ئەمە ئینجە و فینجەی ئەم دەورەیە، شەرێ ئەڵێ ئەم ڕووناکییە قسەی زاواکەیەتی تەنانەت ئەگەر میوانیان فرە بێ، خۆ وەکو پیاوی لای خۆمان نییە پێ بخاتە سەر پێ و دەستوور بدا، خۆی یارمەتی کچە ئەدا و ناهێڵێ ماندوو ببێ.

– جا ئەو کچە بە جلەکانییەوە چل کیلۆ نابێ کەی بەرگەی کار و فەرمانی ناو ماڵ ئەگرێ؟!

– ئیتر چووزانم خوشکە ئەیگوت هەر بە گیان گیان پێکەوە قسە ئەکەن، میوانیشیان نەبێ هەر جل و گۆرەوییەکانی خۆی ئەیشوات و کاری ناو ماڵیشی بۆ ئەکا، لە بەین خۆمان بێ، پێم وایە کچە حەقی تەڵاقیشی لێی وەرگرتووە!

– ئەیەڕڕڕۆ! جا ئەوە کەی پیاوە؟! ڕووناکی وا خوا بیبڕێ! خۆ کچە لەو پیاوترە! ئەک داوەشێی پیاو بۆ غیرەتت!

– بە خوا هەمووی بە ناوچەوانە، ئەگینا مەگەر شەرمینی منیش دەرسی نەخوێند و دەستیشی لە گیرفانی خۆیدا نییە؟ هەموو مانگێ ئەو مێردە بێ شەرەفەی پارەکەی لێ ئەستێنێ و بە قسەی نەکا لێشی ئەدا، قەڵەوتر و جوانتریشە لە کچەکەی شەرێ! بەقوربانی خوا بم وا نازانێ بەختەوەری بە کێ بدات و بە کێی نەدا.

– بەڵام خەجێ خانم! لە بیرت دێ پێش زەماوەندی کچە جارێکیان چوو بۆ عیراق؟ بە پەیغەمبەر من ئەڵێم ئەو شەرێ قەرەچییە، چووەتە لای شێخەکانی چەمپاراو و نووشتەی لە زاواکەی کردووە وا کردوویەتە زایفەیەکی... ئەگینا ڕووناکی چی و شتی چی!

– بێ دەنگ بە کوبرا خانم، ئەوەتا هات...

* * *

دایکم ژنێکی سیاسەتمەدارە، ئەزانێ چی بکەین تا پیاو وەک ماستی مەیبیوی لێ بێت، بەڵام باوکم پیاو نەبوو، کیسەڵێکی بێدەنگ بوو، تا ئێوارە کاری ئەکرد و پێش ئەوە کلیل لە دەرکە بخات، سەری ئەکردە ناو قاپووڕەکەی و ڕادیۆکەی لە تەک خۆی ئەبرد و تا بەیانی نەئەهاتە دەر. دایکم هیچ داوێکی بۆ سەر دەرهێنانی دانەئەنا، بۆ هەموو شتێکی ژیانمان هەر خۆی حیساب بوو، باوکم هێور هێور بوو بە تارماییەک لە کیسەڵێکی خەمین بەڵام ئومێدەوار.

– مەگەر ئیسرائیل ڕزگارمان بکات.

کاتێ هیوا ماشینێ بۆ کڕیم، خێرا مانای بەختەوەری لە

ناو خزم و ڕیزی نانەواییدا بەم شێوەیە گۆڕا:
«تەنیا ئەو ژنەی کە هەم ناوچەوانی هەیە و هەم سیاسەت، ئەتوانێ "پیاوێکی ڕووناکبیر" لە داو بخات و بەختەوەر بێ» ئاوات ئەیگوت:
– خۆزگە تۆش زانستی سیاسیت بخوێندبایە، ئەمکردی بە خاوەن ئیمتیازی ئەم گۆڤارانە و شانازیم پێوە ئەکردی، بڕوانە، ئیتر ماوەیەکە ئەدەبیات جیهان ناگۆڕێ.
من ئەمگوت: ئەترسم سیاسەتی زانکۆ وەکو هی دایکم بێ و بمکات بە کیسەڵێکی بێ سنوور و خەمین.
دایکم ئەڵێ: تۆ قەدری بەختەوەریت نازانی، چونکە سیاسەتت نییە، ماڵێکی سادە و ژیانێکی بێ دەنگ، نە زەوقێکی ژنانەت هەیە، نە جموجۆڵ و گورجوگۆڵییەک!
ئاخر سیاسەتی کیسەڵ و دایکم جیاوازە، کیسەڵ تەنیا بیر ئەکاتەوە، بۆیە هێواش ئەڕوا، ئەڵێی سەر پشتی پڕە لە چاو کە هەموو ڕەهەندەکانی بڕیارێک ئەبینێ. ئەو نازانێ، بۆیە زوو زوو سەفەر ئەکەم چون لە ماڵی خۆماندا زەحمەتە بچمە ناو قاپوورەکەمەوە. هیوا باش ئەزانێ چۆن هەڵمخەڵەتێنێ تا سەردەربێنم. پێش ئەوەی بچمە ناو قاپوورەکەمەوە، ئاگادارم کە هەموو کارەکانم پێشتر کردبێ، چێشتم لێنابێ، چا ئامادە و تازە بێ، ماڵەکەش خاوێن، جلەکانی ئوتوو کرابێ، هەموو شتێ لەسەر جێگای خۆی بێ تا ڕێگە بە بیانوو گرتنی نەدەم، تەنیا ئەو مۆسیقاگەلەی لێیە وا حەزم لێیانە، ئەو کتێبگەلە وا پێشتر خوێندوومن یان ئاوات بە دیاری پێی داوم و فریای خوێندنەوەیان نەکەوتووم، دارو دیواری قاپوورەکەم وێنەکانی منداڵی خۆم و ئاواتە، ئەوێ بێ دەنگی و ئەرخەیانی تەواوە. کاتێ لەو پەڕی بەختەوەریداین و حەز ئەکەین قسەی خۆش بکەین، هیوا لە پڕ ئەپرسێ: بۆ ئەو ڕۆژە نەتهێشت لە سەر کورسییەکە دانیشم و پێکەوە وێنە بکێشین؟!

* * *

«خانەی فێڵ و گومان و قژ ڕاکێشان»

ئەزانم ئەبێ ناوێکی خۆشتر لەم خانەیە بنێم، بەڵام هەر کات بیری ئەو شەوە ئەکەمەوە، سەرم ژان ئەکا. سی و دوو گیرەی ڕەشی ئاسنین، قژێکی شینیۆنی دەستکردیان وەها ئاوێتەی قژەکانم کردبوو کە هەمووان بڕوامان کردبوو هی خۆمە!
ماندووم لەو هەموو زەردەخەنە زۆرەملێیانە بۆ خەڵک و برووسکەی کامێراکان. پێم خۆشە هەر لەوێ بە جلە سپییەکانمەوە لە سەر تەختەکە بخەوم و تا حەوتەکەم هەڵنەستم. ئاوات ماوەیەکە ون بووە، هیوا کوڕێکی ڕووناکبیرە ئەتوانم سەفەر بکەم و بەدوایدا بگەڕێم، هەر لەم وڵاتەیە ئەزانم. ناتوانێ سنوورەکان ببەزێنێ. ئەڵێن کیسەڵەکان جاری وا هەیە تا هەزار کیلۆ مەتریش سەفەر ئەکەن، بەڵام لە ئەنجامدا هەر ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگایە وا ماڵیانی لێیە، هێلکەیان تیا کردووە و ڕەگیان داکوتاوە. ئەم خانە گەورەیە ماڵی ئاواتە، ئەمە نهێنییەکە لە نێوان هەر دووماندا. ئەوەتا ئەم وێنەیەشم بە تایبەتی بۆ ژوورەکەی گرتووە.
– بۆ ئەمڕۆ نەتهێشت لە سەر ئەو کورسییە دانیشم؟
ئەو وەکو من نییە، ئێستا بڕوای بە چاوەکانمە لە نێوان ئەم هەموو خەت و لێنز و برژانگی دەستکردەدا. کەوایە بۆ چاوەکانمی لێ داشارم؟
– ئێمە پێشتر قسەمان کردووە ئازیزم، بڕوانە هەندێ شت هەیە کە تەنیا بۆ خۆمان مانای هەیە، بۆ نموونە هێشخانە تاریکەکانمان.
– دیسان دەستت پێ کردەوە؟ تکایە با ئەم شەومان لێ تاڵ نەبێ، بڕوا چەندە جوان بووی، گەر من بە جێگەی ئەو ئارایشگەرە بوومایە، خاڵەکەی لا لێوتم دانەئەپۆشی. خۆزگە منیش ژن بوومایە و ئارایشمیان بکردایە!
پێ ئەکەنم: ئەم خاڵە ئیتر بۆ شەوی بووکێنی باوی نەماوە، کەوایە وەرە جێگۆڕکێ بکەین، تۆ دووسەد هێلکە بکەو ئاگاداریان بە با من سەفەر بکەم.
– هێلکە؟ مەبەستت منداڵە؟ نا ژن بوون تەنیا ئارایش و جلە جوانەکانی خۆشە.
برسیمە و هێزم نییە زۆر قسە بکەم، پشتم ژان ئەکا، خانەکەی ئاوات خەریکی داگیرکردنە، قفڵەکانی جلەبووکێنییەکانم ئەکاتەوە:
– وێنەی بووکێکی خەمین لە تەنیشت کورسییەکی بەتاڵ، جوانە وانییە؟ ئەها! ئێستا تێگەیشتم، دەتەوێ لێی بنووسی؟
بێ پەروا ئەڵێم: پێشتر نووسیومە.
کەسێک کە بڕوا بە ڕەنگی درۆزنی چاوم و ئەو برژانگانەی ئەکا کە کەوتوونەتە سەر مێزەکەوە و لار و خلیچ بوون!کەسێک کە بە ئەم هەموو شتە دەستکردە ئەڵێ" جوان" و ئارەزوو ئەکا بە جێگای من بێ، حەقیەتی هەر ئەم شەو و ئەم پرسیارە ببیستێ کە:
– کورسییەکی بەتاڵ بیری چیت ئەخاتەوە؟
بە گومانەوە ئەپرسێ: جێگای بە تاڵی ... کەسێک؟

به ناز و عەیارییەوە پێ ئەکەنم یەعنی نا. ناشپرسێ ئەی چی؟

ئەگــەر پەرە بەم دیالۆگــانە بدەم، نهــێنی خــانەی تەقــەڵەکــانم دەرئەکــەوێ، ئاخـر هەمـوو بەخــتــەوەری و کەسایەتیم لە گرەوی ئەم خانە دایە و ئیـتر ئەو هەست ناکــا یەکــەم کــەســە وا ئەشکەوتێکی دوورە دەست و سیحراوی پەیدا کردووە.

* * *

«خانەی تەقەڵەکانم»

من ئەم خانەیەم دەمێکە خستووەتە ژێر زگمەوە، هەر ئەو کـاتە وا شـریتـە سـپـیـیـەکـە لە دوورترین شـوێنی ئەشکەوتەکــــەمــــدا تـوایـەوەو تێکەڵی گـــۆشت و مــاســـولکەکــانم بـوو، ئەم خــانەیەش هێندە کــەوتە پەراوێزەوە تا کاڵ بووەوە. تەنیا دیالۆگەکانیەتی کە قەت لە بیرم ناچێتەوە.

- پیـاو هەمـوویان بە عـام دەعـبـایەکی بێ مـێـشکن، هەمـوو ژنـان وەکـو کـونێکی پڕ لە چێـژ ئەبینن، تۆ لە من بپرسە کچێ جا نازانم ئێوە کچانی گەمژە کەی لە من تێ ئەگەن. من ئەبوا دەروونناس بوومایە نە دکتۆر.

ئەو کـاتە مـن ئەو کـچـە گـەمـژەیەش نەبـووم کـە خـانم دکـتـۆر- دکـتـۆر نـە دایەن- ئەیگوت، پەزێکی لاڵ بووم، هەر جۆرە ناکۆکی و بەرگرییەک لە لایەن منەوە ئەگەری ئەوەی هەبـوو کـــە یان لە ژوورەکـــەی دەرم بـکات، یـان تەقەڵێک کەمتری لێ بدا.

- پێم سـەیرە تۆ ئەڵێی دەرست خوێندووە، لیـسـانسی زانکۆی تاران... ئەی هاوار! بۆ ئەبێ خـۆت بخەیتـە ژێر دەستی دەعبایەکی شەهوەتی و هیچوپووچەوە!

سەرم لە ناو قـاپوورەکەمدایە، بەڵام هەر دەنگی جوان ئەبیـــستـم. مـست ئەکـوتم بە دیواری قـاپوورەکـەمـدا شـووشـەی قـاپە عـەکسی منداڵی ئاوات دائەکـەوێت و ئەشکێ. دەسـتم خـوێناوی ئەبێت و وردە وێنەکـانی کـۆ ئەکەمەوە.

ئەچمە سەر تەختەکەوە، شەڕی سنوورەکانم، پێداگری خانەکەی ئاوات... مەترسە ناتسرمەوە، بەڵام مەجبوورم، ژیان لە تەک تۆ یەعنی هەڵاتن لە ناخی ئاگردا!

قـاچەکـانم بە ئاسـتـەم دەردێنم و لە سـەر ئەو جێگا تایبەتەی بۆ قاچی کراوەی ژنان دانراوە دای ئەنێم.

- خۆت خستووەتە ژێر دەستی کێ؟

- دەزگـــیـــرانم بـوو، تـا پـێش ئـەم ڕووداوە بڕیـار بـوو زەماوەند بکەین، بەڵام من پەشیمان بوومەوە...

- کــەر خـــۆتی ئەزانی؟! هەمـــووتان وا ئەڵێن تا ئەیدروونەوە، دوایی کوڕێکی تر سـواری ماشێنەکەیتان ئەکات و لەتەکیا ئەچنە ماڵەوە و دیسـان بە چیرۆکێکی درۆوە دێنەوە بۆ لای من.

دڵم پڕ ئەبێ و حەز ئەکەم بگریم. ئەزانم ئەم دایەنەش هەر ئەوەی ئەوێ، بەڵام نە لە بەرخاتری قسەکانی، بەڵکو دڵم بۆ ئەشکەوتەکەم ئەسووتێ.

پەشیـمـان نیم، بەڵام ئەمـە تاوانی ئەو هیـوا پیـرۆز و گــــرینگەتە بـۆ دۆزینەوەی ئـەم ئەشکـەوتە تاریـکە. دۆزینەوەیەکی گـــرینگ وەکـــو گـــەیشتن بە چەمکی سـەربەسـتی لە قـامـووسی تۆدا. بۆ ئەم سـەرکـەوتنە جـوانتـرین جلم لە بەر کـرد، ژوورەکـەمـان بە مـۆم ڕوون کردەوە، لە نێو کتێبەکانتدا جێگای دوو مرۆڤی لاواز و قـانعمـان دروست کـرد. تۆ ناوی ئەو شەوە کـە ساڵێک چاوەڕوانی بووین و شـەرمـان بـۆی کـرد داتنا بە" شـەوی خـــولیـــاکـــان"... ئەو شـــەوە هەمـــوو شـــتێ تەنانەت قـالۆنچەکانی پشتی کتێبخانەکەت بە شێوەیەکی زۆر منداڵانە، پیـرۆز و بەخـتـەوەر بوون! ئەو دۆزینەوەیە بۆ تۆ وەکـو یەقـینێکی بڕوا پێکراوی مـرۆڤ بوو لە حـەقـیـقی بوونی خۆی و جیهان.

- شـەرم لە مـن مـەکـە، لە خـوا شـەرم بکە. هەمـوو پەردەی کـچـێنیـتی دڕاندووە، ئەبێ تەقـەڵێکی زۆرتری لێدەم، کەوایە گرانترت بۆ ئەکەوێ قەیدی ناکا؟!!

چراقووەکە هەڵ ئەکات و دەسکێشە لاستیکەکەی لە دەست ئەکـــات و بە چێـــوێکی ســـارد و وشک ناو ئەشکەوتەکەم ئەپشکنێ، یا خـوا شـوێن پەنجـەکـانت لە سـەر دیواری ئەشکەوتەکەما نەسڕێتەوە، ئەزانم ئەم ژنە تووڕەیە، نە شـــــوێن پەنجـــــەکـــــانت و نە نەخش و بیرەوەرییەکانمان نابینێ. کەس نـایبینێ تەنانەت خۆتیش کە ون بووی.

ئێستـا تۆ جەنگیز خانی موغۆلی کە هرووژمت هێناوە بـۆ ئـەشـکـەوتـێـکـی دوورەدەست و بـێ تـاوان، بـۆ تـۆ: کردنەوەی ئەشکەوتێکی سیحراوییە و بڕوایە بۆ پیاوەتی و زاڵ بوون و سـەرکەوتنت، بۆ من پێشکەشی شەوێکی خـولیـایی بە هەردوومـان و سـەلماندنی ئەم ڕاسـتـیـیـە بە خـۆمـان کـە بن بەسـتی ئەو ئەشکەوتە، هیچ شـتـێکی سەرنجڕاکێش و هەرە گرینگی تێدا نییە کە شایانی ئەو هەمـوو چەمک و شـەڕ و سـازکـردنی مـێـژووە بێت، وا هەیە...

- کـاری قـورس مـەکـە، وەرزش مـەکـە، کـرێمـێکت بۆ

ئەنووسم تا یەک هەفتە لێی دە، پیاسەش مەکە با جوان بلکێ بە یەکــەوە و شــریتــەکــە بتــوێتــەوە لە نێــو ماسوولکەکەتدا، ئیتر ئاگاداری خۆت بە، جارێکی تر نایدروومەوە، با بزانی من ئەم کارە بۆ کەس ناکەم. من دکتۆرم...

ئێــشم زۆرە، ئێــشی شــەڕی تـۆ بۆ مــانەوەت لە ســەر پشتم، لە سەر دیواری ئەشکەوتەکەمدا، ئێشی تەقەڵی ســەرکــەوتنت، ئێــشی قــســەکــانی دایەنەکــە، ئێــشی دەنگێکی توورەتر لە هی ئەو ژنە کــە بەردەوام ئەڵێ درۆزن، درۆزن... بەم هەموو ئێشەوە ناتوانم بچمەوە بۆ مـاڵ. خـۆم ئەکـەم بە کـۆڵانێکدا، توورەم، ورد بووم ورد، چۆن ئەتوانم ئەم دیالۆگانە بخەمە ژێر زگمەوە؟ کەنگێ ئەوەندە بخشێ بەزەویدا تا کاڵ بێتەوە؟نەکا تا کۆتایی ژیانم ئەم دەنگە وا ناوی ناوم درۆزن، وازم لێ نەهێنێ؟ نەکا هەر تەقەڵی نەدابێ و پارەکەی لێ سەندبێتم؟ نەکا شریتەکە لە لەشما نەتوێتەوە، نەکا شوێن پەنجەکانت بۆ پیاوێکی تر کە نایناسم و مارەم ئەکا دەرکەوێ... نەکا پێش گـەیشتن بە مــاڵ بەڵایەکــەم بـۆ بگات و پزیشـکی یاسـایی هەمـوو شـتێ روون بکاتەوەو دایەنەکـە جـەریمە بکرێت و ئابڕووی دایکم لە ناو خزم و دراوسێدا بچێ... ئەو هەمـوو ئەگـەرە فرمـێسکەکـانم بەر ئەدا، هەست بە سووک بوونەوە ناکەم، هەست بە سووکی ئەکەم. جنێو بە دار و دیوار و دکتۆر و خودا و خۆم و قالۆنچەکانی پشتی کتێبخانەکەت ئەدەم و لە خودا شەرم ناکەم.

* * *

"خانەی پۆستاڵە قورسەکان"

سـەرم گـیـری کردووە، دەست و پێم بۆ حەشار نادرێ، ئەڵێن کـاتێ بیـانەوێ سـەری ژیشـک ببـڕن، فـێـڵـی لێ ئەکـەن، ئەیخـەنـە ناو ئاو تا سـەر دەربێنێ، ئینجـا سووژنێک بە سەریا ئەکەن و سەری ئەبڕن. ناهێڵن سەر بکەمە ناو ژوورەکەم و بە هیچ فێڵێک نەیهێنمەوە دەر. پیاوێک بە پۆستاڵە قورسەکانییەوە لە ڕاڕەوێکی چۆڵ و درێژدا هەنگاو ئەنێ، هەنگاوەکـانی وەک تک تکی ئەو ئاوەیە وا هیـوا قـەت تا ئاخـر نایبـەسـتێ و هەمـیـشـە ئازارێکی وێرانگرە لەمندا. پێش ئەوە بێم هەمــــوو دیالۆگەکانی ئەم خانەیەم نووسیوە. ڕاڕەوەکە دوورەو ئەو بۆ گەیشتن پەلەیەکی نییە. تا بگا دەرفەتم هەیە جارێکی تر بەم زانیارییە سووتاوانەدا بێمەوە وا خۆیان باشتر لە من ئەیزانن. پەلەیەکی نیـیـە چون ئەزانێ دەست و پێم قفڵ کراوە.

ئۆکـسـیـژنی ئەم ژوورە تاریکە کـەمـە، تکایە تەنیـا دەلاقـەیەک، دڵنیـا بن نامـەوێ بزانم کـوێیـە، پێش ئەوە دەرگـا ئاسنینەکە بکاتەوە سەیری ئەم خانەیە مەکەن، بڕوانن بۆ هەمــوو ئەو خــانە خــۆشــانەی کــەوتوونەتە پەراوێزەوە.

– تۆ ماڵی ئاوات ئەزانی، چون بەردەوام لەوێ بووی.

– گـەر بمزانیـبـا ئەم مـاوەی ونم کـردبوو، ئەچوومـە بەر ماڵیان و هەواڵێکم لێ ئەزانی.

– جا مـەگـەر ئەو کـارەشت نەکرد؟ هەفـتـەیەک پێش زەماوەنەکەت حەڤدەی گەلاوێژی پار، ئاسانسۆرەکەیان خراپ بوو، تۆ لەگەڵ پاسەوانەکەدا بە شەڕ هاتی، یازدە قـات بە بیـست خـولەک سـەرکـەوتی پێت! بڵـێم چەند پلیکان بوو؟

شەقێکم تێ هەڵ ئەدا و ئەکەومە سەر پشت، شەقێکی تر و من وەک بێشکەیەکی بێ قەرار ئەلەرێمەوە. پێم وتی سەیری ئەم خانەیە مەکە لەعنەتی!

– تەنیـا تۆ ئەزانی ئەو ڕێوییە لە کـوێیـە، باش ئەزانی بە حوکمی دەستبەسەر بوونت چی پێمان خۆش بێ پێتی ئەکەین و گرینگ نییە ئێستا بوویتە ژنی ماڵان.

ناهێڵێ لە جووڵە بکەوم.

ئەو بارستاییەی کە تۆ داگیر ئەکا لە تک تکی ئاوێک کە نەگیرساوەتەوە، لە چاوەڕوانی نزیک بوونەوەی دەنگی هەنگاوێکی دوور و لەســـەرخــۆ لە ڕاڕەوێکی درێژ و چۆڵدا، یان دەرگـایەک کـە هەڵنەپێکراوەو بە هەر شنە بایەک شـەقــەی دێ و نابەســتــرێ و ئامــادە ئەبێ بـۆ زرمـەیەکی تر، بارسـتـایی دەنگەکـان نییـە، بەڵکو هی زەمــەنە. تۆ دڵنیــایی لە دوای ئەو دەنگە، دەنگێکی تر هەیە، بەڵام کەنگێ؟ مـەودای ئەو دوو دەنگە، ئەبێت بە چاوەڕوانییـەکی کوشندە کـە دە سـاڵیش خـەتێکی ئاوا ناخاتە دەموچاوت.

– پێـمـوایە مـاڵـیـان ئێـسـتـاش لە "نەواب" بێ، بەڵام هەروا کە ئەزانن پڕە لە ئاپارتمان و ئێستا بە ڕاستی بیرم نەمـاوە کـامـە ئاپارتمانە و قـاتی چەندەمـە؟ ڕەنگە هەر لەوێش نەمابێ، ئێوە باشتر لە من ئەیناسن هەموو جارێ ژمارەی تەلەفۆن و ئادرەس و ئیمەیل ئەگۆڕێ.

ئیـتـر چاوەڕوان نیم لە جـوولە بکەوم، ئەترسم نەخشی ئەم خـانەیە هێندە زەق و داگـیـرکـەر بێ کـە تەنگ بە خانەکەی ئاوات هەڵچنێ، ئەبێ بیخەمە ژێر زگمەوە.

– گـەر بتبـەینەوە بۆ نەواب دێتـەوە بیـرت تۆ بەردەوام لەوێ ڕات دەبوارد کەوایە زەحمەت نییە.

من مـــاڵی ئاوات ئەزانم، بەڵام تۆ چاو لەم خـــانەیە هەڵبـڕە، ژێـرزگـێکی سـپـی و خـانە خـانە، سـووکـایەتی ئاوێزان بوونی کلک و دەست و قـاچ و سـەرم لە نێـوان زەوی و ئاسـمـاندا هیـچ وێنەیەکی جـوان نییـە کە بتـەوێ ببینی، مەجبوورم، ئەم لاپەڕە سپیگەلەیان لێ وەرئەگرم تا هەر کـات هیـوا لە مـاڵ نیـیـە، پڕیان کـەمـەوە. هەر لاپەڕەیەک بۆ کـەسـێک، تەنانەت ئەو کـەسـانەی کـە نازناویان هەبوو و ئاوات قـەت نەیئەهێشت بە تەواوی بیـانناسم، نیگەرانی ئاواتیش مـەبە، ئەو کـیـسـەڵێکی زانایە، لە شوێنێک ماڵ ناکاتەوە ئاو بیبا.

* * *

هیـوا دەم و دان ئەشـوا، هەفـتـەیەک جـارێ ئەیشـوا و هەمیشەش بە شێوەیەک کە من ئاگام لێی بێ.

– گوڵم ئەمشەو پێم خۆشە بە تەنیا بخەوم، کەناڵێکی موستەنەدی فارسیم دۆزیوەتەوە فرە عالییە، بە تایبەت بەشی حەیوانەکانی.

چلۆن ئەم شەو لەم قەرەوێڵەیە جیای بکەمەوە؟ باشترە ئاوەکـە نەگـیرسـێنمـەوە تا هەر لە جـێگای خـۆیەوە هاوار بکات: وەرهەم !ئاوەکـە ئەتکێ، بە قـسـەی ناکـەم و تاقـەتی یەک دەقـیـقـەشی نیـیـە، تا هەسـتێ خـۆی بیگیرسێنێتەوە خێرا جێگاکەی ئەگرم. یان دەنگی بەرزی پرۆپاگـەندە ژن خـەڵـەتێنەکـانی کـەناڵە فـارسـیـیـەکـان بۆ فـرۆشـتـنی کـرێمی دەمـوچاو، بۆ لابردنی چرچی دەوری چاو، دەزگایەک ورگ بچووک ئەکاتەوە، کەناڵێکی تر بە بیـسـت ڕۆژ هەر چەند تەمـەنت بێ، ئەتکا بە بیـسـت ساڵانەوە! یان بازاڕی گەرمی کـەناڵێکی ئیـتـاڵـیـایی کە بەردەوام زێڕ و زیوەکانیان ئەنوێنن، جاری وا هەیە کامێرا بۆ ماوەی نیو سەعات لە سەر ئەڵماسی ئەنگوستیلەیەک لە قـامکی ژنێکی پیـردا قـەتیس ئەبێ و تۆ هەر لۆچ ئەژمێری و وردەمووی پیری سەرقامکەکانی!

چەند جـار ئاوەکـە غـەرغـەرە ئەکـات و تفی ئەکـاتەوە، شریتی دانەکە بە ئەندازەی خۆی ئەبڕێ و لە بەر چاومەوە ئەیهێنێ بە بەینی دایانەکانیدا، من زۆرم پێخۆشە سەر بکەمـە ناو قـاپووڕەکـەم و چاو لە تارمـایی پیـاوێک هەڵگرم کە زاری تا ئاخر کـردۆتەوە و ئەتوانم دوورترین کاکیلە ڕەش و شکاوەکانی یان بۆشایی چەند دانی ببینم و بڕوا بە یەقینی خەجێ خانم بکەم.

سەر قـاڵـیـیـەکـانی ئاوات ئەوەندە زۆر بوو کـە فـریای هیـچی ئەمـانە نەئەکـەوت و منیش قـەت بیـرم لەم ڕەهەندانەی نەئەکـردەوە ، کـەچی هەمـیـشـە ئەیگوت: تۆ بەم وەسـواسـە ڕوحـیـیـەتەوە ئەزانم گـەر ڕۆژێ بگـیـرێی، بەرگـەی شـەقـێک و دوو قـسـەی تاڵ ناگـری و هەمـوو زەحمەتەکانم بە فیڕۆ ئەدەی.

– من کیسەڵێکی پڕ تاقەتم ئاواتێ، ئەوەتا فێری گیا خۆریت کردووم و ڕاهاتووم.

لەم گـۆشـەنیگاوە ئەبینم کـە چیـهـا لە بنی دیانی دەردێنێ و بە ئاسوودەییەوە ئەیساوێ بە جلەکانیدا.

– وەک کام حەیوان؟

– کیسەڵ!

پێ ئەکـەنێ و لە تەنیـشـتـمـا لە سـەر قـەرەوێڵـەکـە دائەنیشێ.

– بڕوام پێ بکە ئاوات من ڕاستە کچێکی سیاسیکار نیم، بەڵام ئاگام لە خانەکانتە، ناشمەوێ هیچ خانەیەکت بۆ پڕ بکەمەوە، تەنیا با بزانم لە کوێ خۆ ئەشاریتەوە با ئاگام لێت بێ.

شریتەکە وەکو تاڵە قژێکی زەرد و سپی کەوتووەتە سەر سەرینەکەم، هەر بەو دەستەی وا خستییە ناو دەمییەوە دەست ئەخـاتە نێـو قـژەکـانم بە پشـتـی قـامکی لاملم نەوازش ئەکا. نا، سەر ناهێنمە دەرەوە. ئەمە داوێکە.

ڕەنگە ئازاری پشتی هەڵەسووی کردۆتەوە، گەر ئازار بێ ئاخـێک یان ناڵەیەک ئەکـا، ئەزانم لەم کـاتەدا نامبینێ، بەڵام من ئەم شەو و تاقەتی ئەم بێدەنگییەیم نیـیـە، کـەچی وەکـو بێـدەنگی خـوا ژنێکی کـۆن وایە و سەرەتای عاشق بوونم بیر دێنێتەوە.

ترمی چواری زانکۆت لە بیرە؟ لە بەر هەتاوێکی گەرما خەریکی پشکنین بووین و تۆ لەو هەموو گەرما و مانتۆ و سەرپۆشە وەڕەز بووی، مامۆستا گۆزەڵەیەکی چاخی پێش زایینی دۆزیبیەوە، نەخشی خوا ژنێکی "مادەکان"بوو، تۆ حەپەسابووی، نا بێ دەنگ بووی، وەک ئێستـات، وەک زۆرجـار، چەندە بێ دەنگیـیـەکـەت وەک ئەو خـواژنە ئەچوو...

– تەنیا پێت خۆشە موستەنەد تەماشا بکەی؟

سـەر دەردێنم و چاو ئەبڕمـە ناو چاوانی. هەردووکـمـان جـدین، ئەو بە نەختـێ گـومـانەوەو من بە تووڕەییـەوە: تکایە ئاگات لە خەتە سوورەکانمان بێ!

هەر بەو دەنگە نزمـەوە کـە وەک دەنگی ژن وایە و هەر جار تەلەفۆن هەڵ ئەگرێ وائەزانن میوانێکی ژنمانە ئەڵێ:

– ئەم ڕۆژانە پێم خۆشە بزانم لەو پەڕی دیوارەکـانتەوە چی ڕوو ئەدا، بۆ ماوەیەکە نایەیتە ناو ژوورەکەوە؟ بۆچی شەو و ڕۆژ نووساوی بەم قەنەفەوە؟ لە خێرا گۆڕینی ئەم

کەناڵگەلە بە دوای چیدا ئەگەڕێی؟ بۆ هەموو جار من RojTv دائەنێم و تۆ ئەیسڕیتەوە؟ و هەزار پرسیاری تر، تکایە قسەم لەگەڵ بکە.

پێم سەیرە، ئاخر هیچ جۆرە لایەنگەرییەکەم تێدا نەدیوە، بۆچی ئەم کەناڵە بەردەوام ئەسڕێتەوە، ڕەنگە پێشتر کەسێکی خۆش ویستووە و... نا، شتی وا نابێ. هەمیشە دڵنیای کردووم و بڕیاری ڕاستگۆیی پێداوم. ڕەنگە ڕقی لە کەسێک بووبێ... ڕق؟ نازانم، لێم نەپرسیوە، ئێستاش ناکرێ. لێم قەڵس ئەبێ، با ئەم شەومان تێک نەچێ.

چاوەڕێیە کاریگەری ئەو دەنگە نزمەی و نەوازشەکانی لە چاوانمدا ببینێ، نازانێ ئاوا تووڕەتر ئەبم.خۆی فێری کردووم دەردەدڵی بۆ نەکەم، چونکە دەزگایەک لە مێشکیدا هەیە کە تەنیا ئەزانێ قسەکانم بە پێی پێوەرەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ و شی بکاتەوە. بۆ نموونە ناتوانم بڵێم ئازار ئەبینم لەو ژنانەییە وا لە تۆ دایە و خۆت لات وایە و بە قوڕێکی نەرم و بێ خەوش خوڵقای کە ژنان حەزیان لێیە!

خەریکە بیر ئەکاتەوە چلۆن بتوانێ سەرم دەربێنێ، سەرگەردانە لە نێوان چوون و مانەوەدا، وەک من کە دوێنێ کەوتبوومە سەر پشت و دەست و پێ و سەر و کلکم لە نێوان زەوی و ئاسماندا ئاوێزان بوو.

- وەرە سەرینەکانمان بگۆڕینەوە، بیری بۆنی سەرینەکەتم کردووە.

ئەزانم حەزی لەم گەمەیە نییە، بەڵام چارم ناچارە.کاتێ ئاوا بێ دەنگە ژیان زۆر بێ تامە! لە گەڵم نادوێ، ماڵەکەش ئاو بیبا دەربەست نییە، ئەو چاوە سیحراوییەی ئەبڕێتە جێگایەکی دوور و ئەڵێی زنجیربەند کراوە بە قەرەوێڵەکەوە.

هەموو ڕێگایەکەم تاقی کردووەتەوە بۆ ئەوەی بزانم بیر لە چی، یان لە کێ ئەکاتەوە، بەڵام بە ئەنجام ناگەم.

ئەزانم کاتی ئەم یارییە نییە، ئەزانم قەڵس ئەبێ و دەنگی بەرز ئەکاتەوە. لە بێ دەنگی تەواو باشترە، لانی کەم دەست ئەخەمە سەر ئەو خاڵە لاوازەی گەر بڵێم سەرینی تۆ ژنانەیە و گەر بیخەمە ژێر سەرینەکەم، ئەبێت بە سەرینێکی بەرز و پیاوانە وەک هەمیشە بەرگری لە خۆی ئەکات و هەموو تیئۆرییەکانی ڕەگەزی دووەمی "دووبۆڤوار"م بۆ ئەڵێتەوەو من لە دڵەوە پێی پێ ئەکەنم و ئەیدوێنم.

قرچ و هۆڕی سنوورەکانم، شەڕی هەمیشەیی خانەکان و پێداگری ئەو خانە گەورەیەم بۆ مانەوە، لە ناوەندی پانتایی سەر پشتم خەریکە ئەمقرتێنێ. ئێرە ئیتر ماڵی تۆ نییە ئاوات، بۆ هێشتا خەریکی شەڕی؟ تکایە، من ئیتر بەرگەی شەڕەکانت ناگرم لەعنەتی.

- ئەوە خەریکی ئەگری گوڵێ؟

- پشتم فرە ئازاری هەیە.

- دیسانەوە؟ ئەو هەموو دکتۆر و ئازمایشە ئەڵێ هیچت نییە. بە خوا ئیتر نازانم چی بکەین وەرە بیشێلم بۆت.

- نا نامەوێ گەر تۆزێ ئیستراحەت بکەم ، چاک ئەبم، جنسی ئەم ئازارگەلە ئەناسم.

هەر وشەیەکی تۆ، هیوا، خانەیەکم بۆ زەق ئەکاتەوە، کە هەوڵ ئەدەم بە خاتری بەختەوەریمان بیخەمە ناو خانەکانی ژێر سکمەوە تا هێورهێور بخشێ بە سەر زەویدا و کاڵ بێتەوە.

زۆربەی ئەو ڕووداوانەی وا ڕەوتی فیکر و ژیانمان ئەگۆڕێ، لە پشت شێلانەوە دەست پێ ئەکا. هەمووان ئاگاداری سیحری ئەو سەرپەنجانەین لە سەر پێستی ساف و لووسی بەرانبەرەکەمان، بە تایبەت ئەگەر ژن بێت و دەستت لە ژێر باخەڵ و سینگیان نزیک بێتەوە، سنوورەکانیان پاشەکشە ئەکەن و گورز و سپەرەکانیان دائەخەن.

ئاوات ئەیگوت: هیچێ خۆشتر لە شێلان نییە، بە دەستی میهرەبانی کەسێک و دڵەڕاوکێی ماندووبوونی دەستەکانی ناهێڵێ پڕ بە دڵ چێژ ببەی، نازانی کەنگێ ئەبێ بڵێی ئیتر بەستە. نازانی چۆن زەمەن وەستاوە نە قورسە نە سووک.هەر هەست بە هەبوونی ناکەی تەنیا نیگەرانی ئەو دەستە بچووکە میهرەبانانەی کە تۆزێ نینۆکی هێشتووەتەوە، ختووکەشت ئەدا و ئەویش قەت قەت ناپرسێ بەستە؟ تەنیا دڵەڕاوکە و ختووکە و حەسانەوە و خواخوای ملهوڕی و داگیرکردنت هەیە و تەواو.

ئێوارەیەک لە پارکی لالە لەگەڵ ڕەفیقەکانماندا بووین، ئەمزانی لە دوای وەسفی ئەو دەستانە، کچەکان لە ناو خۆیاندا بە دوای دەستێکی بچووکدا ئەگەڕان، من دەستەکانم خستبووە ناو قاپوورەکەم و بابەتی قسەکەم گۆڕیبوو.

- جنسی ئەم ئازارگەلە چییە وا دکتۆر نایناسێتەوە؟

- نازانم باوکیشم وابوو، هەمیشە ئازاری هەبوو، پێم وایە میراتی ئەوە بە من گەیشتووە.

باوکم هەمیشە ئازاری بوو، بەڵام کیسەڵێکی بێ سنوور بوو. هەموو پانتایی سەر پشتی خانەیەکی گەورەو خۆڵەمێشی و چۆڵ بوو.

ئاوات ئەیگوت:

– کیسەڵەکان ژیرن، ڕەنگە خانەکانی خستبێتە ژێر سکییەوە و دایشاردبێ.

– ئەدی بزانم چەند خانەی شاراوەت هەیە؟

پێ ئەکەنی و ئەیگوت: من کیسەڵێکی ساکارم، ئەوەتا هەمووی لە سەر پشتمدایە.

بەڵام درۆت پێوتم، بڕیار بوو ئەو ژێر زەوییە ماڵی هەمیشەیی تۆ بێ، بۆ هەر کوێ سەفەر ئەکەی بگەڕێتەوە کەچی... ڕاستت ئەگوت من بەرگەی شەقێکم نەگرت. کەوایە ئەو گومان و دوو دڵییە وا تەنانەت لە ماچەکانیشتدا هەبوو بە کەڵکت هات، کە نەیهێشت پڕ بە دڵ عەشق تەجرەبە بکەیت.

– منت زۆرتر خۆش ئەوێ یان Rojtv؟

بە دوو دڵییەوە پێ ئەکەنێ ئەمزانی خەریکە بۆ وەڵامێک ئەگەڕێ کە هەم ڕاست بێ و هەم دڵی من خۆش بکا و هەم دوایی کێشەی بۆ ساز نەکات و هەم...

– هەر دووکتان.

درەنگ وەڵامی ئەدایەوە چون درەنگ بیری ئەکردەوە. ئەبوا هەموو ڕەهەندەکانی ئەو وەڵامەی جوان بدیبایە و پێشبینی ڕەفتاری منیشی هاوکات لە مێشکیدا بکردایە.

– درۆ ئەکەی! تۆ کیسەڵێکی دڵڕەق و درۆزنی چون هەموو شەوێک RojTv تەماشا ئەکەیت و تەنانەت هەواڵیشی بۆ ئەنێری، کەچی ئەگەر یەک هەفتەش من نەبینی هەواڵێکم لێناپرسی!

– دوێنێ پیاسەی فڕەم کرد، بۆیە ئازارم زۆرە. سەردانی هاوڕێیەکی کۆنم کرد.

– ماڵیان لە کوێ بوو؟

– لە نەواب بوو، هیچ ژمارەیەکم لێی نەبوو، کە چی ماڵەکەشیان فرۆشتبوو و چووبوون بۆ ئەورووپا.

یەک لە پرسیارەکانی ئەم لاپەڕانەی ژێر سەرینەکەم ئەمەیە و خوا بکا ئەم شەو ئەم یارییە بێ مانایەم لەگەڵدا نەکا: کەنگێ و چلۆن ئاواتت ناسی؟ من وەسفی ئەم خانەیە ئەنووسم وا لە دوێنێوە خستوومەتە ژێر زگمەوە: ساڵی یەکەمی زانکۆیە، مامۆستاکانم گەنجن و تازە ئەزانم کە پیاو یەعنی مامۆستاکانم، یەعنی کەسێک کە بتوانێ لە هیچەوە دوو سەعات قسە بکات و تۆ نەک هەر ماندوو نەبی، بەڵکو هەست بکەی چەندە ئەزانێ!

– ئێوە ئەم هەموو کتێبەتان خوێندووەتەوە؟

– حەح! دوو ئەوەندەشم لە ژێر زەوینی ماڵەکەماندایە و هەموویانم خوێندۆتەوە.

تا پێش بیستنی ئەم دیالۆگە، خاڵە وەرچەرخانەکانی ژیانم هەموویان تێکەڵی یەکتر بوون. هیچیان بیری لە داگیر کردن و شەڕ بۆ نوقم نەبوون و مانەوە نەکردۆتەوە، ئاوات هەموو خاڵە وەرچەرخانەکانی لە تەنیشتی یەکترەوە چنی و خۆی لە نێوانیاندا دانیشت.

بۆ ئەو دیالۆگێکی ئاسایی بوو و بۆ من ئەوپەڕی کیسەڵ بوونم، سەرەتای داگیر کردنم و جیا بوونەوەی خەتەکان لە یەکتر و ئازاری پشتم. چەمکی بۆشایی، سنوور، پڕکردنەوە، شەڕ، بێدەنگی و تەحەمولی لە مندا خولقاند، کە گوتم ئاخ، پشتم ئازاری هەیە، بە ئەدەب و میهرەبانییەوە داوای لێکردم بمشێلێ.

– بۆ هاوڕێیەکەت ئەگری کە چووە بۆ ئەورووپا، یان ئازارت هەیە؟

– هەر دووکیان.

– بە تەنیا چووی؟

– ئەرێ.

– بۆ ماشینەکەت نەبرد؟

– ترافیک بوو تاقەتم لێنەبوو.

ناڵێم کە لە تەک ئەو پۆستاڵە قورسانە چووم و هەرچی هەوڵم دا ئەو ژێر زەمینەی و کتێبەکانی نەهێنمەوە بیر و خۆم گێژ کەم نەیانهێشت.

ئەمەوێ بڵێم سپاس کە دەم و دانت شۆرد، بەڵام من پێویستم بە ناو قاپوورەکەمە.

– ڕاستی وێنەی ئەو کورسییە چۆڵەی ڕۆژی زەماوەنەکە، لە سەر دیوارەکە تۆ لات برد؟

– ئەرێ، دڕاندم، لێی ماندوو بووم نازانم چ وێنەیەک لە جێگاکەی دانێم، با جێگای چۆڵ نەبێ.

– بەیانی بیری لێ ئەکەینەوە، ئێستا تۆ بنوو، بەڵکو باشتر ببی.

– تکایە گڵۆپەکە بکوژێنەوە.

۱۸۳۹/۱۲/۲۵



# ها...

ئەنوەر عەرەب
(بۆکان)

٥/ ٠
گوێگران و خوێنەرانی خۆشەویستم، ئێستا کە دەمەوێت چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە لە سەردەمێکی دوورەوە هاتووم، سەردەمێک کە ئینتەرنێت باوکی هەموان بوو، خەڵک ماندوو و مردوو پوولەکانیان لە ماڵەوە واریز دەکرد، هەواڵەکانیش هەر لە ماڵەوە دەبیسترا و زۆر شتی کەش هەر لەماڵەوە دەکرا.

١
بابە گەورەم دەیگێڕاوە کە مایاکان هۆزێک بوون لە زەمانی زووەوە باسیان لە ڕووداوی گەورە کردبوو کە بە حیسابی باپیرە دەبێتە ساڵی ٢٠١٢، من نازانم، بەڵام ڕووداوی گەورە درۆ بوو، ئەوە باپیرە دەیگوت. ئەو دەیگێڕاوە هەموو چاوەڕوان بوون، ساڵ بە ساڵ، مانگ بە مانگ، ڕۆژ بە ڕۆژ، تا لە زستانە شەوێکی یەکجار درێژدا باپیرەم خەوی لێکەوت.

٥/ ١٨٠
من و لاس ساڵەهایە لەگەڵ یەک هاوڕێین هەردووکمان لە کۆڵانێکدا گەورە بووین. ئەگەر دەتانەوێت بیوگرافی خۆمتان بۆ باس بکەم، دەبێت گوێ لەو حەقایەتە ڕابگرن:
(هەڵبەت دەشتوانن ئەو حەقایەتە لە لاپەڕەی ٢٣٤ی کتێبی توحفەی موزەففەرییەدا بخوێننەوە، یان شایەدیش

هەمووتان بیستبێتتان؟)

ڕۆژگـارێک لەناوچەیەکی ئەو کـوردسـتـانەدا دوو ژن سەردار و مەزن بوون، جا گرینگ نییە ئەو ناوچەیە کوێ بێ و ئەو ژنانە خـانزادی هەریری و یای خـەزاڵی مـەلا نەبیانن، یان دوو ژنی دیکەن.

خەزاڵ مەزن و هەمەکارەی خێڵی مامودینانە، ببوورن دۆسـتـان بڕیار نەبوو خـەزاڵ لە چیـرۆکـەی من دابێت و ساڵگارێک زوو پیاوێک دەبوت لە سەردەمێکی دوورەوە هاتووم و چیرۆکێکم دۆزیوەتەوە و بۆتانی دەگێڕمەوە.

۰/۲۵

ئەحـمـەد ئاغـای باڵەکی چ کـوڕی نەبوو، مـەحـمـوود ئاغای برای وی بوو، ئەویش چی نەبوو. هەردووک ژنیان حـامـیلە داربوو، خـولاّ لاسی دا بە ئەحـمـەد ئاغـای، خانزادیشی دا بە مەحموود ئاغای. لێکیان مارە کردن، لاس و خانزاد. دایکی لاس نێوی شەمێ بوو، دە ساڵان ئەحمەد ئاغا وێی کەوت، مێردی پێ نەکرد. شێـرێک یاغی بوو. پیـاوی دەشکاند، دەیخـوارد، ئەحـمـەد ئـاغـا گـوتی: «یان دەبێ ئەمنیش بخـوا، یان ئەو شـێـرەی دەکـوژم». چوار سـاڵ بوو شـەمـێی هێنابوو، ئیـلاقـەی نەدەکرد. گـوتی: «بۆچی ئیـلاقـەی من ناکـەی؟» گـوتی: «هەتا بە دەسـتـی خـۆت دۆخـینم نەکـەیەوە، ئەمن ئەتۆ...».

۲

باوکم دەیگێڕاوە ڕاست لە کۆڵانەکەی پشت مـەیدانی کەران کە دەبێتە کووچەی شەخسـەکە سەیدێک هەبوو، سـەید هەردووک چاوی کـوێر بوو، بەڵام حـافـز نەبوو، خوێنەران دەبێت زۆر هۆشیـار بن لەسەردەمی باوکم کە دەیگێـڕاوە کوێری زیاتر لە خـوریکەوە دەهات و زۆربەی ئەوانی وا کوێر بوون، حافزیش بوون.

۱۷۵

سەید شـتـێکی کەی دەگێـڕاوە، ئەوە باوکم دەیگوت: دەیگوت لە پشت مـەیدانی کەران کـە دەبێـتە کـووچەی شەخسەکە سەیدێک هەبوو حەقایەتی زۆر دەزانی، بەڵام لە دوای شەوە خۆشەکەی ئەو ساتەوە کە باپیرەم دەیگوت من خەوم لێ کەوتبوو، کەس نازانێت چی بەسەر هات، تەنانەت باوکم دەیگێـڕاوە وێنەکـەیان لە هەمـوو سـایت و گـۆڤـارەکـاندا بڵاوکـردبۆوە و کـون بە کـون لێی گـەڕابوون، باوکم دەیگوت: کـچـەکـەی ئێـسـتـاش هەر لە پەنا تەلەفۆنەکە چاوەڕوانە،

چاوەڕوانە سەید زەنگ لێدا.

۱/۲۵

وای دەگێڕاوە ڕاست و درۆکەی وە ئەستۆی خۆی، ئەو دەیگوت: ئەحـمـەد ئاغـا سـەر و بەرگی پۆشی، چووە زگ شێـری، شێـری دەستی بە دەعـوایە کـرد دەگـەڵی. خـولاّ فرسەتی ئەحمەد ئاغـای دا، شێری خست. هەڵاتە سەری، تا ئێـرەی حەقـایەتەکە کـە باوکم لە سـەیدی بیسـتـبوو و ئەویش بۆ منی گـێـڕابۆوە ڕاست ئەو شـتـە بوو کـە سـاڵگارێک لەوە پێش کـابرایەک کـە لە سـەردەمـێکی دوورەوە هاتبوو بۆ منی گێڕاوە.

۰۱

دۆسـتـان نازانم تا چەندە بڕواتان بە چارەنووس هەیە، بەڵام چارەنووس لێرەدا هیچ ڕۆڵێکی تایبەت ناگێڕێت، ئەگـەریش لەوە دەگـەڕێن کـە بزانن سـەید ژن بـوو، یان پیـاو؟ یان ئەگـەر پرسیـارتان بۆ ساز بووە کە پرسیـاری ئەبولهـۆل ڕاست ئەوە بوو وا لە ئۆدیپ کرا؟ یان پێـوەندی ئۆدیپ و سـەید چییـە؟ یـان بپرسن ئەرێ ئۆدیپ چوو بۆ شاری تێبس؟ با گوێمان لە درێژەی حەقایەتەکە بێت.

..

خولاّ فرسەتی ئەحمەد ئاغـای دا، شێری خست. هەڵاتە سەری، سەری بڕی، ماندوو بوو، لەسەر پشتی شێرەکەی نووست، خەوی لێکەوت..

-/

ئەو حـەقـایەتە لە کـەشکۆڵێکدا کـە باوکم دەیکوت سـاڵگارێکی زوو سـەید لە شـەوێکی یەکـجـار درێژدا دانیـشـتـبووین بۆی خـوێندمـەوە و بە قسـەی باوکم هەر ئەوەندەی لەبیـر مـاوە، بەڵام باوکم درۆی دەکـرد، سـەید کوێر بوو.

۱۰۷۲

ئەو چیرۆکە من سالّگارێک لەوە پێش لە کابرایەکم بیست کە دەیکوت لەسەردەمانێکی دوورەوە هاتووم، بەلاّم خۆ ئەوە کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو.
خۆ ئێوە هیچتان نەتانزانی من کێم و بڕیار بوو دوای گوێ ڕاگرتن لەو حەقایەتە من بناسن!!!
من کۆتایی بەو چیرۆکە دێنم تەنانەت ئەگەر پێشم بڵێن نابێت خوێنەری خۆت ڕازی بکەی و هەموو شتەکانی پێی بڵێی.

٤٨٧/٥

لە خەڵقی ئەو ولاّتە بوو بە شین و گریان، کوتیان: «شێر ئەحمەد ئاغای کوشت». ژنەکەی کوتی: «ئەمن دەچم، یان دەبێ ئەمنیش بکوژێ، یان تۆڵەی ئەحمەد ئاغای دەکەمەوە». ژن دەستی دا خەنجەرێ. چووە زگ شێری. ئەگەر چوو تەماشای کرد شێر کەوتبوو، ئەحمەد ئاغا لەسەری درێژ ببوو. کوتی: «وەڵڵاهی! ئەوە شێر شکاندوویەتی، لەسەر پشتی خۆی داناوە». تەماشای کرد سەری شێری بڕیوە، ئەحمەد ئاغا خەوی لێ کەوتبوو ک وتی: «خولاّکەی، ئیلاقەی من ناکا، بزانم پیاوە، یان پیاو نییە». دۆخینی کردەوە ئینجا هەلاّتە سەری لەسەر پشتی شێری..

٩١

باوکم نە ئەوەیە بڵێ حەقایەتەکەم لەبیر ماوە نە ئەوەیە بڵێ درێژەکەی نازانم. ئەو کابرایەش کە سالّگارێک لەوە پێش دەیوت من لەسەردەمانێکی دوورەوە هاتووم، درۆی دەکرد!.

٢٠١١



# خوێرێژە پیاو

**ئازاد کەریمی**
**(سەقز)**

لە کانەخوێیەک لە دەوروبەری «زەنگان» پاشماوەی زەلامێکیان دۆزییەوە، پسپۆڕانی ئاسەوارناس دوای تاقی کردنەوەی پاشماوەی لاشەی ئەم پیاوە بە کەربۆنی (C14) ڕایانگەیاند: تەمەنی ئەم مرۆڤە بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێتەوە و دەیان سەدەی بەسەردا هاتووە. من ئەم کابرایەم لە مۆزەخانەی «تاران» دیتووە. بە بینینی ئەم زەلامە کە بەهۆی ڕووداوێکەوە سەر و لاجانگی تێک شکابوو، پاشان کەوتبووە ئەم کانەخوێیە و دوای چەند هەزار ساڵ دۆزرابووەوە تیشکێک لە مێشکی دام و ئەم چیرۆکەم نووسی:

«پیرشات» لە ڕەفتاری قەڵاداری قەڵای «زەردووکە» دڵگران بوو. دوای چەند ساڵ خزمەتگوازی و دەم فەوتاندن لە پێناوی ئەم کابرا بێ ویژدانە لەم هەڵسوکەوتە نامرۆڤیانە سەری سووڕمابوو «شیدی پەڕنە»ی قەڵادار مرۆڤێکی تەماحکار و بێ بەزەیی بوو. هەموو شتی بۆ خۆی دەویست و حەزی لە هەر شتێک ببوایە تەنانەت ئەگەر هی کەسێکی تریش بوایە بە فێڵ، یان بە فیلسواری داگیری دەکرد و شەرم و شکۆی لە کەسیش نەبوو، لەبەر ئەوەی گەورەی قەڵاکە بوو، ئێستاش هەڵیکوتابووە سەر «پیرشات» و زوڵمی لەویش کردبوو، زوڵمێکی ناخۆش و زەبرێکی جەرگبڕی ناپیاوانە، ئەوەندە ناخۆش کە هەنگوین بەدەمی تاڵ ببوو.. هەستی بە خوێرپەتی دەکرد، بەڵام ڕەفتاری پێوە دیار نەبوو: کەڵپۆسەزەردەکەی، چەکمە چەرمەکەی، قژە پڕە جوانەکانی کە بای لای ئێوارەی دەشتی «خارخار» لێی دەدان و هەروەک پرچی شێر پەرێشانی دەکردن، جۆرە نەجیبی و جوامێریەکی تایبەتی پێ دەبەخشێ.

تەنیا دەنگی پێی خۆی دەبیست، لە ڕاستیدا گوێبیستی هیچ دەنگێکی تر جگە لە دەنگی پێی خۆی نەبوو. نەرمە نەرمە ڕێگەی دەبڕی و قاییم و تۆکمە پێی بەسەر زەویدا دەنا.

کاتێ دەرکی قەڵایان لێ داخست،، لە دڵ خۆیەوە وتی: دەچم بۆ پایتەخت، سکاڵانامەیەک دەدەم بە «گەورەی

کـاویەکـان» و گـازندەی خـۆمی بۆ دەنووسم تاکـو مـافم بستێنێتەوە. هەر لەو کاتەشدا دەستی خستە گیرفانی کەڵپۆسە بە قیمەتەکەی و سەری خوار کردەوە تاکو پەیکەرە بچووکەکەی خودای «دایک» ببینێ. «خودای دایک» قاچی ڕاکێشابوو هەردوو مەمکی ئەوەندە گەورە بوون کە بەسەر ڕانەکانیدا شۆڕ ببوونەوە. چاوی بە پەیکەرەکە کەوت دڵی گەرم داهات، کەوتە بیری ڕاستی و مافی ئینسانی نەمردوون، لەبەر ئەوەی مرۆڤە باشەکان لە سەرتاسەری جیهان خەریکی مافپەروەری و تێکۆشانن تاکو داد و ڕاستی لە جیهاندا بچەسپێ. هەر بەو هۆیەوە ویستی بچێ بۆ «ئیزیرتۆ» لەبەر ئەوەی کە ئەوێ شوێنێکی پیرۆز بوو، هەر لە کۆنەوە شاری دادپەروەری بوو. دادیارێکی بێ لایەن لەوێ کێشەی خەڵکی هەرێمە جیاوازەکانی وڵاتی دەبڕانەوە. دادیاری دیوانی باڵای داد کەسێکی زانا و خوێندەوار و ناویدە بوو، هەموو کەس بە باشی باسی دەکرد. لەوێ، لە «ئیزیوتۆ»ی پایتەخت کە لە دڵی هەرێمی «خۆریاش» و لە کەناری چەمی «گەورە»دا دادگەی باڵای وڵات بەرپا کرابوو دادیار کە پیاوێکی ڕیش سپی و بەتەمەن و بە جەرگ بوو سکاڵانامەکانی دەخوێندەوە و دەستی بە لێکدانەوەی سکاڵانامەکان و شرۆڤەی داخوازەکان و لێپرسینەوەی لایەنەکانی ئەو پەروەندە دەکرد. دادیاری باڵا و دادیارەکانی ژێر دەستی پاک و پیسیان لەیەک دەکردەوە، هەر بۆیە دەرکردنی بڕیاری دادگەی باڵا لە چاو هەندێ دادگە هەرێمییەکەیانەوە ماوەیەکی درێژتری دەخایاند، بەڵام مرۆڤ دڵنیا بوو ئەگەری زوڵم و بێداد لەوێ کەمتر بوو، ئەو دادگایە ترسناک دەبوو، هیچ کاوییەک لە دادگەی باڵای پایتەخت نەدەترسا، ئەوان لە بڕیاری ئەو دادوەرە پایەبەرزە دەترسان لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی دادگەی باڵا ئەگەر دژ بە کاوییەک بوایە، بە تایبەت ئەگەر سکاڵای جووتیار، یان شوانێک لەوێدا پشتگیری بکرایە- وەک سەرشۆڕییەکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرا و جۆرە بەدناوییەکی بۆ ئەو کاوییە پێک دەهێنا و ئەوەش دەبووە هۆی کزبوونی هێزی دەسەڵات و نزم بوونەوەی پلەی جەربەزەیی لەناو قەڵا و هەروەها هۆز و عەشیرەتەکانی دەوروبەری، بەو واتایە کە سەرۆک هۆزەکان گوێڕایەڵی نە دەمان و ڕەعیەتەکان لێی دەتاکانەوە و خۆیان لە فەرمانبەری کاری سەرکۆنەکراو دەدزییەوە، بەم جۆرە تووشی زیانێکی گەورەی ماددیش دەهات: جووتیار جووتی نەدەکرد و زەوی بورە دەمایەوە، شوان بەرغەل و مێگەلی بۆ نەدەلەوەڕاند، لە ئاکامدا خۆی و چەند ڕەنجبەر و ڕەشایی بێ دەسەڵات کە تەنیا ئەرکە ئاساییەکانیان جێبەجێ دەکرد و ئەوانیش دواتر لە برسیەتی و بێ مووچەییدا ڕایان دەکرد و دەبوون بە چەتە و جەردە و بەردەبوونە ڕاووڕووت و ڕێبواران و بازرگانان و خەڵکی ئاساییان دەڕووتاندەوە.. بەم جۆرەش ڕێگە خۆش دەکرا بۆ سەرۆک هۆزەکانی هاوپەیمانی کاوی کە ئێستا لێی وەرگەڕابوون تاکو سکاڵانامەیەک ئاراستەی «کاوییەکان» بکەن و داوا بکەن ئەم کاوییە سەرشۆڕە بێ دەسەڵاتە دوور بخەنەوە، لەبەر ئەوەی هێزی بەڕێوەبردنی ئاسایش و تەناهی ناوچەکەی خۆی نییە، بەڵکو بە جۆرێ یارمەتی جەردەوانانیش دەدا.

ئەم کاوییە ترۆکراوە، دەسگیر دەکرا و گشت داراییەکانی زەوت دەکرا و دەبرایە پایتەخت و سزا دەدرا: زیندان، کوشتن، یان نۆکەری کردنی گەورەی کاویان لە پایتەخت. قەڵاکەشی دەدرا بە کەسێکی تر و ئەویش کەسوکاری خۆی دەبردە قەڵا و دەستی بە ناردنی پەیام بۆ عەشیرەتەکانی دەوروبەری قەڵاکەی دەکرد بۆ پێک هێنانی سیستمێکی هاوپەیمانی نوێ.

«پیرشات» هەموو ئەم شتانەی دەزانی، بۆیە وتی «دەچم بۆ ئیزیرتۆ سکاڵانامە دەدەم بە دادگەی باڵا، بەڵام دواتر بیری کردەوە کە «شیدی پەڕنە»ی کاوی قەڵای «زەردووکە»، زوڵمێکی ئەخلاقی لێ کردووە، ئەوەش نابێتە هۆی مەحکووم کردنی لە ڕوانگەی دادوەرییەوە، بیری لەوەش کردووە کە ناوی خۆیشی لەنێوان هۆزەکاندا دەزڕێ و ناڕاستەوخۆ ئابرووی دەچێ، ئەگەرچی کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کە شیاوی سەرکۆنە و بێ ئابروویی بێ، بەڵام هەندێ لە ڕووداوەکان بەجۆرێک بۆگەن و پیسن کە ئەگەر ناوی مرۆڤ تەنانەت وەک شایەتحاڵیش لە ئارادا بێت، ناوی دەکەوێتە سەرزاری خەڵک و چ بگا بەوەی کە بە جۆرێ باسی بکەن کە گوایە دەستگیرانەکەی لێ داگیرکراوە.

هەستی بە ڕووخان و دارمان کرد... بەڵام دەستگیرانەکەی بێ تاوان بوو، «لولوپەڕ» بێ تاوان بوو، تاوان لەخۆیەوە بوو، ئەوەندە شەرمی کرد و نەپەرما کە بچێ داوای بکا کە درەنگ کەوت، کاتێ چوو بۆ خوازبێنی کە توورەکەی باوکی «لولوپەڕ» لە زێڕەکانی «شیدی پەڕنە» پڕ کرابوو، ئەگەرچی هەموو کەس دەیزانی

«پیرشات» و «لولوپەڕ» ئەویندارى یەکن و یەکیان خۆش دەوێ.. چەند جار «شیدى پەرنە» بە «پیرشات»ى وتبوو: ئەگەر پێت خۆشبێ من دوو پیاو بۆ ماڵى «گاوە سپە» بەرێ دەکەم تاکو خوازبێنى «لووپەڕ»ت بۆ بکەن.. «پیرشات»یش هیچى نەوتبوو.. هۆکارەکەشى ئەوەبوو کە لە «گاوە سپە» دەترسا، دەترسا بڵێ کچەکەم بە تۆ نادەم! پاڵپشتى ئەم ترسەش ئەوەبوو کە کوڕى چەند سەرۆک هۆزى ترى دەوروبەر وەک «گاووارۆ»یان کاوى قەڵاى «سوور دەرە» لە «لولوپەڕ» خوازبێنییان کردبوو، ئەویش وەڵامى «نا»ى دابووەوە.. ئەى باشە چاوەڕوانى کێ بوو کە بێت و کچەکەى بخوازێ؟!

ڕاوەستا... لە دوورەوە ڕەشایى چەند کەسى بینى کە بەرەو ڕووى دەهاتن. دەستى دایە شمشێرەکەى کاتێ گەیشتنە پێشەوە سڵاویان لە «پیرشات» کرد:

– ڕۆژ باش!

– ڕۆژى هەمووتان باش! بەرەو کوێ دەچن براگەل؟!

ئەو چەند کەسە لە پڕ بێ دەنگ بوون، وەڵامیان نەداوە.. «پیرشات» زوو تێگەیشت بۆ کوێ دەچن.. سەرێکى ڕاوەشاند و وتى:

– دەردى ئێمە تەنیا ئەوە نییە پاشاکەمان هاوپەیمانى ئاشوورە، دەردى ئێمە تەنیا پەرتەوازەیى خۆمانە: هەزار هۆز و سەدان کاوى، دەهەزار ئەسپى تیژپەڕ و سەدان قەڵا بەسەر سەدان لووتکەى بەرزەوە و سەدان هەزار هێزى شەڕکەر لە ماننا و ئۆراتۆدا بێ کەڵک ماونەتەوە بۆ ئەوەى «ئازار حا دوون» بە سەد فایتۆنى جەنگییەوە کە ئەسپەکەى هى دەشتى هانى گالباتە و داروتەختەکانى لە دارستانى «ئارتەتەیە» دێت بۆ داگیرکارى، ئێمەش لە خاکى خۆماندا بە سەدان دیزە و گۆزە شەرابى پێ دەدەین کە بەشەراب و ئاردى خۆمان میوانداریمان بکات... بڕۆن برا بەڕێزەکانم... هیوادارم سەرکەوتوو بن..

یەکێ لەو کەسانە وتى:

– ئى تۆ بۆ نایەى؟

ئەوەندە نییە هاتوومەتەوە، لە ساڵى پارەوە لەوێ بووم هەتا چوار مانگ پێش لە ئێستا، هەموو گیانم بریندار بوو، ئەوەندە نییە ساڕێژبوونەتەوە. هەتا عیلامییەک تیرێک دەئاوێژێ و بابیلییەک گورزێک دەوەشێنێ، سوارێکى «ئارى زەند» چوار سەربازى «ئاشوورى»ى لە خوێندا گەوزاندووە، بەڵام چ فایدە کاتێ سەر گەورەکەمان یاریدەمان نادا، بە قەت ئەو زاد و توێشەى کە بە «سەناخریبى» دەدا بۆ دژایەتى کردنى «ڕووشا»، «بەگدات» و جوامێرەکانى تر، ئەگەر بە دزیشەوە بۆ شەڕکەرەکانى مانتاى بناردبایە کە خاییێکى وەک «ئەسپاربارە»ى پێ لەناو بچێ خەممان چ بوو؟

– ڕاست دەکەى برا! بەڵام خۆ ناکرێ نەچین بۆ بەرگرى کردن لە وڵاتەکەمان؟... خۆشت ئەوەندە نییە لە شەڕ گەڕاویتەوە.. وانییە؟.. دەى ... بەخۆشیتەوە، ئەگەر ئیجازە بدەى ئێمە با بڕۆین!

– سەرخێر بچن، هیوادارم سەرکەوتووبن... دوور نییە دیسان هاتمەوە بۆ ئەوێ....

– هیوادارم!

تەپوتۆزى پێى ئەسپى ئەو چەند شۆڕەسوارە بەرپا بوو، ئەوان بەرەو «ئەلیپى» دەڕۆیشتن کە ماوەیەکە کەوتووەتە ژێر ڕکێفى ئاشوورییەکان.. ئێستا «تاڵتاى» بەکرێگیراو مردووە و (نیبە)ى براى لەسەر تەختى ئەم هەرێمە دانیشتووە، «نیبە» پیاو و مل بەدەسەڵاتى بێگانە نادا، «سەناخریب» سوڵتانى ئاشوور، «ئەسپەبارە»ى خوێڕى لێ هانداوە، حەوت سەرۆک هۆزى ئەو مەڵبەندەش یاریدەى دەدەن... تف لە ڕووتان ناماقوڵانە!

ڕووى کردە چیاکانى باشوور، بە دەنگێکى نەرم لەبەر خۆیەوە دەستیکرد بە خوێندنى هەڵبەستێکى عاشقانە کە پێش لەوەى بچێ بۆ شەڕى ئەلیپى هۆنیبوویەوە و پێشکەشى «لولوپەڕ»ى کردبوو:

**گۆزە سوورەکەم! چەرخى کام وەسا**
**هەوێنتى کرد و گیانى بەتۆدا؟**
**کام ناسک خەیاڵ چاوانتى ڕەنگاند**
**کامە هونەرمەند وێنەتى نەخشاند؟**
**زێڕنگەرى کوێ گوارەتى بۆ کرد**
**خەملى گەردن و چەناگەتى کرد؟**
**هەڵاڵە دڵمە و تەنم گۆڕمە**
**فرمێسکى چاوم گەردە شۆڕمە**
**وەرە سەر گۆڕم ساتێ سەوداکە**
**ئەوینى بەینمان بەبێ مەوداکە**

«لولوپەڕ» دەستى بەپێکەنین کردبوو، لەبەر هەیوانى ماڵى باوکیدا دانیشتبوو، کچان بە دەورییەوە ڕاوەستا بووون، «پیرشات بە سوارى ئەسپەوە دەرباز ببوو، ئەم هەڵبەستەى بە دەنگى بەرز وتبوو...

چۆکى لەسەر کۆگایەک خۆڵ دانا. بە دەنگى بەرز

دەستی بە گریان کرد.

فرمێسکەکانی دەکەوتنە سەر کۆگا خۆڵەکەوە، حەزی دەکـرد ناخی هەروەک ئەو فـرمـێـسکانە هەڵوەرێن و بە دەس ئەم دنیـاوە ڕزگـار بێ. خـاکی کـۆگـاکـە تیـنوو بوو، فرمێسکەکانی بەپەلە هەڵدەمژی.

«پیرشات» تێگەیشتبوو کە «شیدی پەڕنە»ش دەترسا داوای «لولوپەڕ» بکات، نەبەو جـۆرەی کـە «پـیـرشـات» دەترسـا. شـیـدی پەڕنە دەترسـا «لولوپـەڕ» پێی بڵێ نا! ئەگـینا دەیزانی «گـاوە سـپـە» ئەوەندە ڕژدە هەر کـات زرنگەی پـارە بـبـیـسـێت ئـیـتـر دەس هەڵگـیـر نابێت، ئەو کـابرا تەنیـا لەبەر پـووڵ و پـارە حـەزی دەکـرد کـچـەکـەی بەشوو بدا، بەڵام بۆ بە کوڕی کاوی «سووردەرە»ی نەدا؟ بۆچی بەو کـاوییـانەی نەدا کە داوای کـچەکەیان دەکرد؟ مەگەر ئەوان دارا و پوولدار نەبوون؟... «پیرشات» بیری کـردبووە «شـیـدی پەڕنە» و «گـاوەسـپـە» لە هەسـتـی «لولوپەڕ» سڵیـان دەکرد. دەترسان دان بە ئەوینی خۆیدا بنێ و بڵێ «پیـرشـات»م خـۆش دەوێ. دیارە ئەگـەر تەنانەت خـوازبێنی لەو کـچـە بکردایە «گـاوەسـپـە» بیانوویەکی دەبینییەوە، ئەو بیری لەوە دەکردەوە بـبـێـتە قـەڵاداری «زەردووکـە» ئەگـەر بـبـێـتـە خـەزووری «کـاوی شیدی پەڕنە» قۆناغی گرینگی ئەم ئامانجە دەبڕێ، هەر بۆیە قـەت کـچی بە «پیـرشـات» نەدەدا و ئەو دوو ئەویندارەش قـەت بەیەک نەدەگـەیشتن... چارەیەک لە ئارادا نەبوو. ئەگـەر پێکەوە ڕایان بکردایە بەپێی یاسـا سزا دەدران و هەردووکیـان دەکوشتن، جگە لەوەی سزای کچ هەڵگرتن و ڕەدووخسـتنی نامـووسی خـەڵک مـەرگ بوو، بەڵکو هۆیەکی تری سزادانەکەش ئەوە بوو کە بەبێ خوازبێنی کردن و بێ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ باوکی ئەو کچە ڕازی بە خـزمـایەتی کـردن دەبێ، یان نا کـچـەکـەی ڕفـاندووە، ئەمـەش تەنیـا بە مـەبەسـتی ئەتک کـردنی کەسایەتییەکی پایەبەرزی وەک «گاوەسپە» کراوە.... ئەگەر بە ڕەسمی داوای ئەو کچەی بکردایە باوکەکەی دەیوت «نا» و خێرا «شیدی پەڕنەش» دەهاتە پێشەوە و بە فەرمی دەیوت: من خوازبێنی لەو کچە جوانەت دەکەم و دەزانم وەڵامی ئەرێ بە من دەدرێتەوە.. هەسـتـا سەرپێ.. ڕێگەی گرتەوە... دڵنیا بوو کە بڕیاری بەجێ هێشتنی زەردووکە تەنیا ڕێگەی دەرچوون لەم بەربەستە ئاڵۆزە بوو. بارودۆخـەکـە بە قـازانجی نەبوو، پیـاوێکی وەک ئەو هیچ کـات نەیدەتوانی بێ شی کـردنەوەی ڕەوتەکـە لە مـێشکیـدا بڕیارێک بدا کـە هەمـوو شت لە دەستی دەرچێ تەنانەت ئابڕوو..

گەیشتە بەر کانە خوێیەک کە لە دۆڵێکدا بوو.. «بەڵام ئەی ئەوین؟!. خـۆشـەویسـتی؟!... چۆن دەبێ ئەوەش لەبیر بکەم؟»

هەستی کرد کەسێ خەریکی چاودێریەتی.. سەیرێکی دوای خـۆی کـرد کـەس دیار نەبوو،... تەنیـا دەرمـان فـرۆشـەکـان و دەباخـەکـان ڕێیـان دەکـەوتە ئەم کـانەخوێ تاریکەوە... لە پڕ زرمـەی پێ لە پێشـیـیـەوە هەسـتـا. زەلامـێک بە خـەنجەرێکی ڕووتەوە بەرەنگاری بوو. پێش لەوەی دەس بکاتەوە، ئەو زەلامـە چوار پێنج زەرگی لە ورگ و بەر مـسـۆڵدانی وەشـاند. ئاگـر بەردرایە جـەرگ و هەناوی... ناسـیـیـەوە... یەکێ لە نۆکـەرەکانی «شـیدی پەڕنە» بوو. هەناسـەیەکی دژواری هەڵکێـشـا و وتی: دەتناسمەوە ناپیاو! تۆ بۆچی وەهات کرد؟


کـابرا کـە بەپەلە بەردێکی گـەورەی هەڵگرت و بەکەڕاکـەی «پیـرشـات»ی کـێشـا و سـەروچاوی هاڕی، خوێن لە دەمولووت و گوێیەوە فیشقاندی..

کـاتێ جەنازەکەی فـڕێدرایە سـەر کانە خوێکەوە، ئەم جارە خوێنەکەی دەتکا بەسەر خوێی تینوودا و ئەویش بێ وچان هەڵی دەمژی.

۲۰۰٦/٥/١٧

# دینەکی دین

**فەوزی بیلگە**



خویشکا من ب ترس بەزیا هوندر. ڕوویێ وێ زەر، سۆراهی تێ دە نەمابوو. زمان لالووتە دگەڕییا، قدوومێ خوە دابوو دەست. دیا من مینا کولیان، د بەر وێ دە پەنگزی. سەوالێن وێ بوون جەرجوورا کەلەشێ، ل سەر هەڤ ددۆمن.

خویدان ل خویشکا من جەمدی، زڤڕی، تایەکا سار، ژ بەدەنا وێ کەلدۆمان وەکە مژا سبێ بلند دبوو. وەکە چووکەکە، د ناڤا ئاڤا بەرفێ دە دڕجفی. ب تاسا چنگۆ، مشت ئاڤ ڤەخوار. سۆر زڤڕی. قدوومێ ل بەر خوە ددا. هێدی هێدی خوە بەرا سەر یانێ دە. زمان گەڕییا گۆت: " ئەز د تاریێ دە چووبووم حەوشێ ژ بۆنا بێدرۆکەک ئاڤ بینم ژ کانییێ. پیرەبۆکەکێ خوە ڕەی من دا. ل همبەر من سەکنی بوو. گۆپالەک د دەستێ وێ دە بوو."

پرس بوو جەنگا لێڤان، خویشکا من دۆر گرت و گۆت: "پیرەبۆکەک ب فستانەکی سپی، وەکە یێ پەرییان، پۆرێ وێ درێژ، دو گولی، وەکە دو مارێن ڕەش و زەر خوە ل هەڤدو گەڕاندبوون.چاڤ ب کل، تاجا وێ مینا یا شاهمارانان د سەری دە دچرووساند. هین زار و زمان نە وەستیابوو. تیقە تیقا من ئەز دام دەست. دو ئاورِ زڤڕین ل سەر ڕوویێ من خەبەر ڤەدان. ژ سووندخوارنێ تێر نەبوون، بوو شەقە شەقا سیلان. سیلە دڕەقسین، ل سەر ڕوویی بچووک، کەن زڤڕی بوو شەبنەم، هێستر باریان، وەکە تاڤەکە بهارێ. ترسێ جە گوهەڕاند، کەتە دلەکی نەه سالی، بوو ئەڤین، دل کەت وێنەیان، وێنە ددۆمیان، د هەر ژیانێ دە دیسا دکەملین.

سەدەم چێکرناوێنەیەکی پەریەکەیا، ل سەر دیوارێ قەسرێ بوو. د تاریێ دە خویشکا من پڕ ترسیابوو. غەیدێن من درێژ دۆماندن. سال دادقورتاندن.

ل هوندر ل بەر پاجەیێ مینا پەپووکان ڕوونشتبووم. فکر و ڕامانان قۆرزیێن مەژییێن من، هێدی هێدی دکەرساند. یەک جارنا ژی تالان دکر.

د خەونەکا درێژ و ب کابووس دە جارنا وەندا، جارنان ژی شیار دبووم. کابووسێ مینا مارەکی زیا ئەز دادقورتاندم، هەوار و گازیا من نەدچوو کەسەکی، بەلکی ژی دچوو. من دخوەست ژ ناڤا دەڤێ مار دەرکەڤم، بمەشم، برەڤم و ب دوور کەڤم. مار ئەز دهەزماندم، هێدی هێدی دحەلیام، بچووک دبووم. من خوە ل خوە دگەڕاند و من خوە قەبوول نەدکر. د ناڤا من دە باهۆز دتەقیان، ل دەرڤەیی من د ناڤا گرێزەکێ دە دمەخیا، شل و پل دبوو.

ب دەنگێ دیا خـوە، چەنگ بووم سـەر خـوە. دیا من گـۆت: "لاوێ من هەرە د ناڤـا نڤـینێن خـوە دە برازە". رابووم، چووم ناڤا جیـان، خەوا من نەدهات، رابووم، بەر ب نەینکێ ڤە چووم، ل بەر سەکنیم، من ل خوە نهێری.

ژ خوێدانەکا مەزەلۆقی بەدەنا من شل بووبوو، پۆرێن من گژۆ مژۆ، مینا چێلیکێن نووزاییی. شەیتێن حەنەکی خوە ب من دکر، ئان خوەدایان گر ژ من گرتبوون. ب دەنگێ ئازانا دیکێن سـبـەهێ، ب سـەر هشێ خـوە دە هاتم. نگێن من تەڤزیبـوون، ئەز هلنەدگـرتم. ب دزی مـینا تاژییـەکی نگ بهنە، ل سـەر نەینووکـان مـەشـیام و چووم، ئۆدەیا کـو من وێنە لێ چێـدکـر. باڤێ من، دەمـا کـو من وێنە چێ دکـر دغەیدی: "لاوێ من تو خوە ب تشتێ بەلا سەبەبدخاپینی. ئەڤ ئێ ب کێری تە نەیێن ل دەرسێن خوە یێن دن بخەبتە.

من ب دزی دەریێ ئۆدەیێ ڤـەکـر. ئامـوورێن خوە ژ قـول مـلان دەرخـستن. دانین بەر خـوە. من دەست ب سـازکـرنا خەون و خەیالێن کو ئەز ب شەڤ ژیابووم کر.هەتا تەڤزیم ب وێنە رە لەبکیم. من من وێنە دانی دووری خوە و کـوور کـوور لێ تەمـاشـە کر. د وێنەیێ دە ترس، ئێش و خۆف ل هەڤـدو دخـسـتن. د ناڤـا رەنگێن رەش و سـۆر دە، پیـرهەبۆکـان، پەری و مـاران دیلان گـرتبـوون. پشتی چەند روتشێن دن، من وێنەیێ خوە ڤەشارت.

قـەسـرا باڤێ من، د ناڤـا خـانیـێن دەر دۆرێ دە، یێ ب ئاخێ هاتبوون ئاڤاکرن، گەلەک مەزن خویا دکر. دەرڤەیی وێ سپی، ژ سێ هێوان و دەه ئۆدەیان پێک هاتبوو. ئۆدە و هیـوان ب ئامـوورێنگرانبـهـا ب خـالیـێن عـەجـەم هاتبـوو راخستن. د کولینا دیا من دە قـەدەرێ سـەد قـات نڤـینێن تەڤ دە ب نەقش و تەنتـەنە هاتبـوون خـەمـلاندن. روویێن وان گش رەنگ ب رەنگ، ب قـومـاشێ قـاچاغی مـینا کەسکەسۆرێ دبرقـاندن. دو حەوشێ وێ، ل سەر عـەردێک گەلەکی مەزن جور بە جور دارێن فێکیێ شین دکر.

دێ و باڤێ مـە، ئەم زێدە بەرا دەرڤـە نەددان. ل گـۆری وان، زارۆکێن کۆلانێ قـرێژی بوون. یەک جـارنا مە فـیـرار بـکرا ژی ب پرانی مـە ل حـەوشێ دلەیست. ئەم وەکـە بەرخێن د کـۆزان دە بوون. تەنێ ژ بۆنا چووینا دبسـتـانێ یان ژ بۆنا سـەردانا مـەرڤـەکی دەسـتـوورا دەرکـەتنێ دهاتە دایین.

وێ سـبـەهێ، ل باغـچـەیێ د بن سـیـا دارا گـووزێ دە روونشتبووم. وێنەیێ من ئێ ڤەشارتی هاتە بیرا من. خۆف و کێف د دلێ من دە سارگەرمی بوو. هەستێن من، من بەر ب ئۆدەیێ ڤـە، ئۆدەیا کو ئەز وێنەیان لێ ساز دکم قـادەکە مـانیـەتیکی دکشکشـاندم. دەریێ ئۆدێ گۆت، "تک" و ڤـەبوو. کـەتم هوندر، من وێنە دانی بەر باجێ و کـوور لێ تەماشە کر. هەردو مارێن تابلۆیێ یێن رەش تەڤلڤیان، ژ وێنە دەرکـەتن و خوە ژ نشکاڤە ئاڤێتن دەستێن من و من بەر ب خـوە دە کـشـاندن. من ل بەر خـوە ددا، لێ هێـزا من تێـرێ نەدکـر. دەسـتێ من، دوو رە پیـێن من داقـورتاندن، گـازیا مـن نەدچوو کـەسی، ژ هەر دەرێ جـانێ مـن خـوین دپژقی. سـۆراهیـا رەنگێ وێنەیێ زێدەتر دکـر. خـوین دحەرکی، جانێ من دجەمدی. قدوومێ من هێدی من ژی داقورتاندن. روحێ من ل بەر خوە ددا ،چاڤێن ماران پەکیا بوون دەر. رەنگ دگـوهەرین، شین دبوون، زەر دبوون، هەر کو ئەز دخوارم سۆراهیا چاڤێن وان زێدەتر دبوون. داویێ خوە ئاڤێتن دل و کەزەبا من. شین و زەر ئێدی خویا نەدکر. ب کـەتنا من یی عـەردێ رە، وێنە ژی گـۆت: "گـوم" کـەتە خوارێ. ب کەتنا وێنە رە ب سـەر هشێ خوە دە هاتم. من ئێـدی نەمـا وێریبـوو راهشـتـا وێنە، وێنە د جـه دە هشت. گـورپـە گـورپـا دلێ من، مـینا ئاشـەکی ئاڤێ دەنگ دەردخست. دەستێن مـن، ل سەر دلێ من ل ئۆدێ پیکۆلی دکـرن، دیسـا من ل وێنە دنهـێـری. هەر چقـاسی ژ وێنە ترسیابم ژی چاڤێن من ژێ نە دقەتیان.


ژیانا من، مـینا یا دەروێشـەکی سـەرخێش و گـونەهکار. هەسرەتێن من، ب وێنەیان خەملی، یەکجاران دفریام، من وێنەیێن خوە د روویێ خوە دە بار دکرن. جارنا دکەتم، دیسا بلند دبووم. من دەسـتـێن خـوە درێژ عـەوران دکـرن و من عەورێن رەش ژ بەر رۆژێ ددان ئالی. تیرێژێن رۆژێ تینەکا دین، جۆسەکە مەزن ددان من، چاڤ دغەورین، دل دلەرزی، دفـریام، بلند دبووم، د ناڤـا بابیـسـۆکـەکێ دە دەنگەک کەتەگوهێن من، گۆت: ل ژێر نەنهێرە، ئەز دخوازم تیرێژەکە خوە بدم تە!...

من راهشت تیـرێژێ و دیسـا ڤـەگـەریام، من خـوە ل بەر وێنەیێ خوە دیت. ب تیـرێژا دەسـتێ من، وێنە هین رۆنی، هین خـوەشـک خـویا دکـر. ژ بۆنا ئەز وێنە هین باش ببـینم، من نیـێـزیکاهی لێ کـر. وێنە دیسـا خـوە ئاڤـێت من، ب تومەری ئەز کشاندم هوندرێ خوە. مینا پۆرترەیەکێ د وێنە دە سار بووم.

ب تکـینیـا دەریێ ئۆدەیێ رە، باڤێ من کـەتە هوندر. گـازی من کـر، ل من گـەریا. ها! دینۆ، تو ل کـو یی ئیـرۆ چەند رۆژ! دیسا تو نەخویایی. بێمراد تو ل کو یی! خوەدێ نە هشـتـۆ! وێنە بالا وی کـشـاند د بەر وێنە دە هێـدیکا مەشیا مەشیا زق چاڤێ خوە کوتان وێنە لێ نێری و گۆت: " لاوۆ! هەلا ل دینۆ بنێـرە، وێنەیی خـوە چقـاس خـوەشک چێکریە، عـەینی تو یی ببـێژی قـەی دینۆیە. لۆ دینۆ تو ل کودەرێ یی؟ دینۆ.....ۆ

**ئەڤ کـورتە چیـرۆکـە ژ پەرتووکا ( ژدلارا) رووپەلێن ١٩– ٢٢ هاتیـە وەرگـرتن، کـو چاپا وێ یا یەکـەم ل سـالا ٢٠٠٢ یێ ل ستەنبۆلێ چاپ و بەلاڤبوویە.**

**«رامان»**



# ڕێگایەک بەرەو هەتاو

**ئەحمەد مەحموود**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

کە شەو زرینگایەوە، غولآم پیاوکوژ لە خەو ڕاپەری و لەسەر بەتانییەکەی کرووشمەی کرد. تیشک هاوێژی چوار دەوری بەندیخانە حەوشەکەی ڕووناک کردبۆوە. پاسەوانی کێشک، پاڵی بەدیواری تەختەبەندی بورجی چاوەدێرییەوە دابوو، کاس و خەواڵوو وەنەوزی دەدا.

غولآم پیاوکوژ چاوێکی لە ئاسمانی ساماڵ و پڕ ئەستێرە کرد. دیواری کۆنکرێتی بەندەکەی شێدار بوو، هەوا بۆنی سوێری دەریای لێ دەهات.

غولآم بەپێدزە و زۆر بەکاوەخۆ بەنێوان بەندییەکاندا تێپەڕی کە لەپاڵ یەکتردا خەوتبوون و ڕاست ڕۆیشت بۆ لای ئەمباراوەکە. بەخۆ خوارکردنەوەیەک کۆڵنجی پشتی خۆی شکاند و باوێشکێکی بێ دەنگی دا. پاشان بەنەرمی خۆی هەڵدا و چووە سەر ئەمباراوەکە. دەستی نایە بن گوێی و پڕ بە سییەکانی هەوای هەڵمژی و لەناکاو لەنێو بەندەکەدا دەنگی هەڵێنا:

– «ئەڵڵاهو ئەکبەر... حەیەعلەل سەلا... ئەڵڵاهو ئەکبەر... ئەشهەدوو ئەللا ئیلاهە ئیللەڵڵا... حەیەعلەل فەلاح...»

بەندییەکان بەدەنگی غولآم لەخەو ڕاپەڕین و لەسەر پێخەفەکانیان دانیشتن. غولآم لەسەر ئەمباراوەکە هەڵترووشکا و دەستی کرد بە مەوعیزەکردن. دەنگی غولآم گڕ و خەواڵوو بوو:

– «ئەی زیندانییە بەختەوەرەکان، خودا بۆ ڕێگای ڕاست هیدایەت بفەرموون. من خەونێکم دیوە، لە خەونمدا خودا بە ڕیشێکی دووفلیقانەوە گۆچانێکی حەیزەرانی بەدەستەوە گرتبوو، هات بۆ لام و گوتی: ئەی غولآم، ئەی پێغەمبەری من! هەستە بانگ بدە و مەوعیزە بۆ خەڵک بکە...»

پاسەوانی کێشک لەبورجی چاوەدێری هاتەدەرێ و فیتوویەکی لێدا. دواى تاوێک دەرگای ئاسنینی بەندەکە کرایەوە

و ملازمێکی نێوان ساڵ و قەڵافەت دەستە، کە ملیوانەی چاکەتەکەی کرابۆوە و تووکەسەری خەنەیی و کاڵەوەبووی لەبەر شـۆقی چراکـە بۆری دەنواند، هاتە ژووری. چاوە زیت و بزە تێگەڕاوەکـانی غـولام کـە جـارجـار هەڵیدەگێڕانەوە، ڕەشێنەیان تێدا نەدەما؛ دەنگیشی کە تارادەیەک دڵنشین بوو، هەروا لەنێـو بەندەکـەدا دەبوو بەزایەڵە:

– «ئێوەش ئەی زیندانییەکان کە وەکو قۆچی قوربانی لەسەر پێخەفەکانتان مۆڵتان خواردووە، ئیمانم پێ بێنن. من بە پێغـەمبـەری خۆتان قەبووڵ بکەن دەنا هەمـووتان تووشی زیندانی هەتاهەتایی خودا دەبن و تەشریف دەبەن بۆ حـەوتەبەقـەی خـواری، کـە ئەویش زیندانی خـودای پەروەردگـارە، یانی دۆزەخی بەرین و هەمـیـشـە ئاوەدان درووەی خودای لەسەربێ.»

دەنگی خـەواڵووی مـلازم کـە تووڕە و ڕق هەسـتـاوی دەنواند قسەکەی بەغولام بڕی:

– «ئەوە چییـە وەسـەرت کـردووە و ناپیاڵـیـیـەوە بەو نیوەشەوە؟»

غولام درێژەی پێدا:

– «تاعەت و عیبادەت بۆ غولام بکەن و لەعنەتی بێ بڕانەوەش بنێرن بۆ ئەو ملازمە قژ خەنەییە، ئامین.»

هاوینەکەی زوو بەسەردا هاتبوو. کە بەیان دەنگووت، هەوای شێدار لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خۆرەتاو ولاتی دەنایە ژێر ڕکێفی خۆی. نیـوەڕۆش قـرچە و کـوڵەکۆڵی سوورەتاو پشتەملی پیاوی دەسووتاندەوە. لای عـەسـر وردە وردە هەواکەی فێنک دەبۆوە و ئێـوارە شنەی نەرمی شەماڵ هەڵیدەکرد و شار پشووی دەهاتەوە بەرخۆی.

سرتوخورت دەستی پێکرد:

– «گەرما لەکەللەی داوە و تێکەڵی کردووە.»

– «کوڕە بەجارێ لەونی لێ گۆڕاوە.»

– «کوڕە گاڵتە نییە خوێن بەری چاوی پیاو دەگرێ.»

– «من پێم وایە هەمووی فێڵ و سەگێتییە.»

– «کوڕە ئەوە تۆ دەڵێی چی... پێت وایە پیاوکوشتن هەروا گاڵتەیە؟»

ملازم قۆڵی غولامی گرت و لەسەر ئەمباراوەکە هێنایە خوارێ:

– «وەرە بڕۆ بخەوە دەنا...»

غـولام بەتوندی خـۆی ڕاپسکاند و قـۆڵی لە چنگی ملازم دەرکێشا و قامکی بۆ لای زنیدانییەکان ڕاداشت و بە دەنگێکی گڕ کـەوتە ئاخـافتن: «ئەی زینـدانیـیـەکـان! ئەی ئۆممەتی مـن! ئەی ئۆممەتی بێ غیـرەتی من!... هەقی ئەو مـلازمـە بنێـرە بەری دەسـتی کـە لە خـۆتان خـوێری ترە...»

بەلام لەناکـاو مـلازم مـشـتـەکـۆڵەیەکی لە تەخـتی پشتەملی غولام ڕاکێشا. غولام بێ ئەوی جووڵە بکات، ملی ڕاست هەڵێنا و سـینگی دەرپەڕاند، بەرەو ڕووی مـلازم ڕاوستا و بە بزەیەک کـە ددانە سپی و ڕێکەکـانی وەدەرکەوتن، بە خوێنساردییەوە گوتی:

– «هەی خوێڕی!»

پاشان نێوچاوانی تێک ناو بە تووڕەییەوە گوتی:

– «من چەندە خـەیاڵم خـاو بوو، دەمویست تۆ بکەم بە ئیمامی خۆم و وەک ئیمام دەستنیشانت کەم، بەلام...»

ملازم هەرکە هات دیسان قۆڵی غولام بگرێ، غولام بە لە پی دەسـتی لە پشت ملی مـلازمی ڕاکێشـا و مـلازم وەک تۆپ دەرپەڕی و فڕێدرا.

زیندانییەکان لەسەر جێگاوبانەکانیان هەستان. دیسان دەرگای بەندەکە کرایەوە.

سـەرەتا وەکـیـل باشی هات و بەدوای ئەویشـدا دووپاسـەوانی لاو کـە باتوومـەکـانیـان لەم دەسـتیـانەوە دەدایە دەستەکەی تریان.

غـولام لاقی ئەم بارەوبار کـرد، خـۆی قـیـت کـردەوە و گـوڕاندی: «ئەها... جـەنگی مـەغـلـووبە دەسـتی پێکرد...» پاشان بەدەوری خۆیدا سووڕا و دیسان خوی هەڵدا و چووەوە سەر عەمباراوەکە، دەستی بەرز کردەوە و بەدەنگی بەرز ئەم شیعرەی خوێندەوە:

– «وەهات لێدەم من بەگورزی گران

کە دەیدەن لە پۆلایە ئاسنگەران»

بەندی ژمارە سێ شێوا. وەکیل باشی و پاسەوانەکان دوور لە عەمباراوەکە هەڵدەخولان و نەیاندەوێرا لە ترسی لەقە و شەقی غـولام لێی نزیک ببنەوە. زیندانییەکـانیش لە دوای پاسەوانەکانەوە تێک دەهالان و بە واق وڕمانەوە دەیانڕوانی. لەپشت تێل دڕووەکانی دەوری سەربانیشەوە چەند پاسـەوان دەست بەچەک ڕاوسـتـابوون و قـامکیـان لەسەر پەلەپیتکە دانا بوو.

مـلازم کـە ملی وەبەر زەبری مـشـتی غـولام کـەوتبـوو، جنێوی بە داروبەرد دەدا:

– «وەرە خـوارێ زۆڵی بنی زۆڵ... وەرە خـوارێ دەست لەو قـرتی بـازییـە هەڵگرە، دەنا دەتگرم ئەو باتوومـەت لەقوون دەبرم.»

غولام دیسان دەنگی هەڵێنا:

– «بەیانی لە ئاسۆ کە هەڵدێ هەتاو

ملازم دەبێ پێی نەمێنێ هەناو

من و گورز و مەیدان و زەبری بەکار

دەگەوزێ لە خۆڵا کەری نالەبار»

ملازم هۆمەنی بۆ پاسەوانەکان برد:

– «ئەو دایک قـەحبـەیە بێننە خـوارێ. بۆ وەکو سـەگی

بریندار کــە بەدەوری گــورگــدا هەڵدەســووڕێ، هەمــوو گێژوویژ بوون و پێی ناوێرن؟»
شانی یەکێک لە پاسەوانەکانی گرت و بۆ پێشەوە پاڵی پێوەنا. غـولام پێلاقەیەکی خێواندە نێوشانی پاسەوانەکە و پاسەوان وەک مەشکە لەسەر عەرزەکە تخێل بوو.
ئەم جارەیان ئەفسەری کێشک هات. غولام کە چاوی بە ئەویش کەوت، قیت ڕاوەستا، ملی هەڵێنا و فەرمانی دا:
– «لەجێی خۆت نەبزووی، ور.. یا.. بە، سەرنج بۆ دوا..وە!»
زیندانییەکان ڕێیان بۆ ئەفسەری کێشک کردەوە. ئەفسەری کێشک بەرەو ڕووی غولام ڕاوەستا:
– «وەرە خوارێ غولام.. وەرە برۆ بخەوە.»
پاشان بەسەر زیندانییەکاندا گوڕاندی:
– «برۆنە سەر جێگای خۆتان بتۆپن.»
ئەفسەری کێشک چاوی پەنەمیو و قژی ئاڵۆزابوو. غولام لەسەر عەمباراوەکە هەڵتووتەکابوو و چاوی لە ئەفسەری کێشک بڕیبوو:
– «تۆ زۆر بێ ڕەوشتی جەنابی ئەفسەر! دیارە دین و مەزەبیشت نییە.. بەلای ناخێرم من پێغەمبەری تۆم.. زووکە سەربنێ عەرزی و سوجدەم بۆ بەرە.»
– «زۆر باشە غولام گیان.. زۆر باشە .. تۆ وەرە خوارێ.»
لەناکاو غولام وەک پشیلە بازیدایە خوارێ و ئامبازی ئەفسەری کێشک بوو، باوەشی پێدا کرد و هەردووکیان پێکەوە تلانەوە.

**

ڕۆژی سێیەم بوو کە غولامیان خستبووە بەندی تاکە کەسییەوە. سەروچاوی ماسیبوو. خوێن بە بەرلووت و لاجانگییەوە قەتماخەی بەستبوو و سووچی هەردوو چاوی ڕیپۆقی دەردابوو. پاسەوانی کێشک لەکونی خڕی دەرگا ئاسنینەکەوە چاوی لەبەندەکە دەکرد، غولام کە چاوی پێی کەوت دەستی کرد بە پاڕانەوە:
– «بەڕێز گیان مەمکی دایکم بسووتێ ئەگەر درۆ بکەم. من ئیتر ئاقڵ بووم. بەئەفسەری کێشک بڵێ تەشریف بێنێ بۆ ئێرە کارم پێیەتی.»
کاتێک ئەفسەری کێشک هات، غولام پاڵی بەدیوارەکەوە دا و لەگەڵ ئەوەی پشتی لەدیوارەکە خشکاند هەستایە سەرپێ، زنجیرەکەی لاقی کەوتە زرەزر و تەقوکوت و بەهەنگاوی ورد و بەکاوەخۆ خۆی گەیاندە پشت دەرگای بەندەکە، لەکونە خڕەکەوە چاوی لە چاوی ئەفسەری کێشک بڕی و گوتی:
– «جەنابی ئەفسەر دەزانی چی... من ئیتر ئاقڵ بووم. خۆشت ئەوە باش دەزانی.»
ئەفسەری کێشک زەردەیەکی گرت.
– «من... من ئیتر پێغەمبەر نیم ... باشە یانی بە ئیمامیشم نازانی؟ قەیناکا باهەر نەزانی... باشە لەمە بەولاوە تۆ پێغەمبەر بە، منیش ئیمام دەبم... بەو مەرجەی دەستوور بدەی ئەم دەسبەند و پابەندەم بکەنەوە... ئاخەر قوربان خۆ من ئیمام جەعفەری سادق نیم ... من ئیمام غولامم، ئیمام غولام.
ئەفسەری کێشک جگەرەیەکی داگیرساند و ڕۆیشت.
هەوای بەندەکە قورس و پشووبڕ بوو. لە قوژبنە تاریکەکەدا هەستی بە پشووسواری دەکرد. هەموو پێستی لەشی گەرماژۆی دەرکردبوو و ئێستا کە ئارەقەی دەردابوو تەواوی گیانی دەکزایەوە.
کە بوو بە نیوەڕۆ، زیندانییەکان بە ڕیز و لەدوای یەک بەنێو دالانە سەرداپۆشراوەکەدا وەڕێ کەوتن تاکو بچن بۆ بەر چێشتخانەکە و خواردن وەرگرن.
غولام ڕوومەتی بە دەرگا ئاسنینەکەوە نووساندبوو و لەگەڵ ئەو بەندییانە قسەی دەکرد، کە بەدوای یەکدا ڕیزیان بەستبوو:
– «ئەهۆی... هۆی... خالید قاچاقچی... بە ڕۆستەم بڵێ بیژەن لەنێو بیردا خنکا. هۆی بوویە... هێی عەربە... بە ڕۆستەم بڵێ، بیژەن دەڵێ ئەگەر نەیەت ڕزگارم بکات بە ئیسفەندیار دەڵێم هەڵی قلێشێنێ. هۆی قازی لەگەڵ تۆمە... قازی... بەم ئاژانە بڵێ زۆر کەرە... پێی بڵێ هەتا ڕۆستەم نەهاتووە با کلکی لە گەڵۆز بگرێ و تێی تەقێنێ.»
پاسەوانی بەندە تاکە کەسییەکان، لەو سەری دالانەکە ڕاوەستا بوو و ئاگای لە زیندانییەکان بوو، کە ڕیزەکە نەشێوێن، غولام دیسان گوتی:
– «هۆی عەباس وەرە بۆ ئێرە.»
عەباس قەساب دەستی کرد بە پسکەپسک:
– «کارت پێمە؟»
عەباس قەساب ئاو بە چاویدا دەهاتە خوارێ. دوو ڕۆژ بوو شیرەی نەبوو بیخوات بە جارێ تێک چوو بوو.
– «ئەرێ ئیتر...کارم بە تۆیە...وەرە پێشێ بزانم چێشتی چییان پێداوی؟»
دوو برۆ و دوو چاوی سوور و زەق و لووتێکی قەپۆزبەرانی و نێو چاوانی غولام لە کونی بەندەکەوە دیار بوو.
– «شۆرباویان پێداوم، شۆرباوی باینجان.»
– «باشە دابیهێنە پێشێ با بۆنی پێوەکەم... سێ ڕۆژە خواردنیان پێ نەداوم.»

لەسەر ئاوی زەق و زەرنووقی بنی قاپەکەدا، لەتێک باینجانە ڕەشە دەجوولایەوە.
- «مەترسە کاکە... بیهێنە پێشێ... خۆ نایخۆم... تەنیا دەمەوێ بۆنی پێوەبکەم.
عەباس قەساب قاپە شۆرباوەکەی لەبەر کونەکە ڕاگرت. غولام بۆنی پێوە کرد:
- «بەه»، «بەه»، زۆر بەتامە، زۆر...
پاشان، کتوپڕ ئاوی دەمی کۆکردەوە و تفی کردە نێو قاپەکەوە. عەباس دەستی بە جنێودان کرد:
- «دایک قەحبە. جا وەرە بەزەییشت پێیدا بێ.»
پاسەوان لەو سەری دالانەکە هات و پالی بە عەباس قەسابەوە نا:
- «ولاغ مەگین نازانی قسەکردن لەگەڵ بەندییە تاکە کەسییەکان قەدەغەیە.»
ئێوارەی ڕۆژی سێیەم، ئەفسەری کێشک دەستووری دا دەست و لاقی عەباس بکەنەوە. پاشان خۆی هات و گوتی:
- «هەتا خۆت لەشێتی دەی و نالەباری بکەی جێگات هەر ئێرەیە و دەبێ برسییەتی بچێژی.»
غولام چاوی چەپوچیر کرد. زمانی دەرکێشا و لاسایی کردەوە.
ئەفسەری کێشک گوتی:
- «تەنیا لاقی ببەستن.»

**

ڕۆژی چوارەم کە خواردنیان بە غولام دا، چێشتەکەی لەگەڵ پیسی تێکەڵ کرد و لەسەر و چاوی خۆی هەڵساوی.
دکتۆری زیندان گوتی: «...مەترسیدارە...مەترسیدار. ئەگەر لەو بەندە بێتە دەرێ دەردەسەری بۆ هەموومان ساز دەکا. دەبێ بینێرین بۆ شێتخانە. حەتمەن دەبێ بینێرین.» شۆڕای پزیشکیش بەو ئاکامە گەیشت کە: «هەرچی زووتر دەبێ بیبەین بۆ شێتخانە.»
ڕۆژێک لای ئێوارە، سەعات حەوتی دوانیوەڕۆ، دوو ئاژانی چەکدار هاتن بۆ بەندیخانەکە و غولامیان قۆڵبەست کرد، پاشان گیرفانەکانی گەڕان. کاتی پشکنینی گیرفانی دەنگی نەکرد. چاوی لەسەر ئەفسەری کێشک و ئاژانەکان و سەرۆکی نووسینگەکە دەگەڕا. کە کاروبارەکەیان تەواو بوو یەکێک لە ئاژانەکان گوتی:
- «دەی، وەپێشمان کەوە.»
غولام ملی هەڵێنا و خێرا پرسی:
- «بۆ کوێ؟»
سەرۆکی بەندیخانە بە ئارامی گوتی:
- «تۆ ئازاد کراوی غولام... تۆ لە بەندیخانە دەچییە دەرێ.»
غولام لاقی چەقاند و هەر بەو لەبزە شێتانەیەی خۆیەوە گوتی:
- «ناڕۆم.»
ئاژانی قەڵەو و تێک سمڕاو، چاوەڕەشەکانی زیت کردەوە:
- «نایەی؟ ...مەگین ماڵی پووری گیانتە نایەی؟ زووکە پێشم کەوە هەتا بە قۆنداخە تفەنگ وەرت نەگەڕاومێ... زووکە پێشم کەوە.
غولام بە خوێنساردییەوە گوتی:
- «نایەم... ئێوە دەمبەن دەمکوژن. دوێشەو خەونم دی. خودام لە خەونمدا دی. گوتی دوو ئاژانی کێوی دێن. یەکیان زگی دەڵێی ڕەشکەکایە و چاوی ڕەشە. ئەوەی دیکەشیان دەڵێی ژەنگە سوورەیە. خودا گوتی ئەو دوو ئاژانە دەتبەنە سەر گردێکی زەرد و هەر لەوێ تەتەق تەق تەق... نا... نایەم.
چوو بۆ لای سەرۆکی بەندیخانە و دەستی کرد بە پاڕانەوە:
- «جەنابی سەرۆک تۆ گیانی ژنەکەت، بیکە بۆ خاتری ئەو دەرەجەیەی سەر شانەت مەهێڵە ببەن.»
سەرۆکی بەندیخانە قۆڵی غولامی گرت و لە نووسینگەکە بردییە دەرێ و بە ئارامی لەگەڵی دوا:
- «هیچ کارێکیان بە تۆ نییە... دەتبەن بۆ شێتخانە... تۆ لە زیندان ئازاد دەبی... گوێت لێیە؟ دادستان نووسیویەتی.»
هەروا کە قسەی دەکرد ئەوی لە دەرگا گەورەکەی زیندان کردە دەرێ. بردیان بۆ وێستگە و سواری شەمەندەفەریان کرد. کە شەمەندەفەرەکە وەڕێکەوت، غولام لە گۆمی خەیاڵدا نوقم بووبوو، ڕوومەتی بە شووشەی پەنجەرەکەوە نووساند و سەرنجی لە تاریکی شەودا بزر بوو.
کاتێک شەمەندەفەرەکە لە وێستگەی شەشەم تێپەڕی، غولام دەستی کرد بە پاڕانەوە:
- «تۆ گیانی مندالەکانتان، تۆ گیانی پوورەکانتان... دەستم بکەنەوە... ئاخەر منیش مرۆڤم.»
ئاژانەکان بە خەمساردییەوە چاویان لێ دەکرد، زەردەیان دەگرت و مژیان لە جگەرەکەیان دەدا.
- «ئاخەر لامەسەبانە... ئەمڕۆ، دە ڕۆژە، پەنجا ڕۆژە، حەوت ڕۆژە پشتم دەخورێ...»
ئاژانی ورگن، دووکەڵی جگەرەکەی کرد بە سەروچاوی غولامدا و گوتی:
- «قسەی قۆڕ دەکەی.»
- «بەخودا دانێکە هیچم نەخواردووە. دەزانن چل ڕۆژ

یانی چی؟... ئەگەر ئێوە پیاون ساڵێک هیچ مەخۆن...
تەنیا ساڵێک!»

ئاژانی سوورهوول پرسی:

- «پارەومارەت پێیە؟»

غولاّم گوتی:

- «ئەو جگەرەیەم دەیە با مژێکی لێدەم.»

ئاژان گوتی:

- «سندانت دەدەمێ.»

غولاّم تفێکی خەستی لە دەمیدا کۆکردەوە و دای بە ناوچاوانی ئاژانە سوورهوولەکەدا و دای لە قاقای پێکەنین و دوای چەند ساتێک دەستی کرد بە گۆرانی گوتن.

شەمەندەفەرەکە کە لە وێستگەی شووش تێپەڕی، غولاّم لە جێی خۆی ڕاپەری و دەنگی بەرز کردەوە:

- «میزم دێ... میز...»

ئاژان گوتی:

- «دانیشە چەقە چەق مەکە.»

غولاّم زیاتر دەنگی هەڵێنا:

- «من دەمەوێ بچم بۆ عەدەب... عەدەب.»

ئاژانی قەڵەوەی چاو ڕەش هەستا، شانی غولاّمی گرت و لەجێی خۆی داینیشاندەوە.

یەکێک لە مسافیرەکان کە مێزەرێکی بەسەرەوە بوو وەدەنگ هات:

- «بابم خۆ ئەوە دیل نییە، بۆ ئاوا دلّڕەقن؟»

ئاژانی سوورهوول گوتی:

- «ئەوە پێوەندیی بە خۆمانەوە هەیە.»

موسافیرێکی تر کە ڕواڵەتێکی ڕێکوپێک و بۆشناخی هەبوو خۆی تێوەردا:

- «هەموو ئەو قسانە وایە، بەلاّم هەرچی بێ ئەمەش مرۆڤە.»

ئاژانی قەڵەو بەخۆگنخاندنەوە گوتی:

- «پەلەمەکە با لە وێستگە تێپەڕین.»

غولاّم دیسان لە جێی خۆی هەستا و هاواری کرد:

- «ئێستا هەر لێرە عەدەب دەکەم... عەدەب... وەی وەی عەدەب.»

پاشان دەستی کرد بە هەڵبەزین.

... کە گەیشتنە بەر دەرگای ئاودەستەکە، غولاّم ملی خوار کردەوە و پاڕایەوە:

- «ئاخەر بەو دەستبەندەوە خۆ ناکرێ جەنابی ڕائید... لانی کەم یەکیان بکەوە.»

ئاژانی سوورهوول بۆڵەیەکی لێوە هات و تایەکی دەستبەندەکەی کردەوە و دەستبەندەکە بە دەستی ڕاستییەوە هەڵواسرا.

غولاّم چووە ژوورێ و دەرگاکەی داخست. کە دەرگاکەی داخست، پاڵی بە دیواری ئاودەستەکەوە دا. چاوی لەسەر یەک دانا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پاشان کە پشووی هاتەوە بەر خۆی لەژێر لێوەوە گوتی: «نەجاتم بوو، ئاخری ڕزگاریم هات.» لە ئاوێنەکەدا چاوی لە ڕوخساری خۆی کرد: «ترسناکە... زۆر ترسناک!...» گیرفانی پاتۆڵەکەی گەڕا و قوونچکە جگەرەیەک و چەند لقە شەمچە و قاوغەکەی لە گیرفانیدا گرمۆڵە بووبوو، دەریهێنان. نیوە جگەرەکەی داگیرساند و تامەزرۆیانە مژێکی قووڵی لێدا و دووکەڵەکەی هەڵمژی.

چێژێکی خۆش سەرتاپای داگرت و بەنێو دەمارەکانی لەشیدا گەڕا. دیسان پاڵی بە دیواری ئاودەستەکەوە دا و چاوی قووچاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: «لە لێرەواری شووشەوە هەتا سەر سنوور...» لە ناکاو داچڵەکی:- «ئێستا کاتی ئەو کارانە نییە گەمژە»

جگەرەکەی فڕێ دا و تای دەستبەندەکە کە بە مەچەکییەوە هەڵواسرابوو، بە دەستی گرتی و بە توندی کێشای بە شووشەی پەنجەرەی ئاودەستەکەدا. بایەکی گەرم هاتە ژوورێ و وردەخیز ڕوومەتی غولاّمی وەک پزیسک کزاندەوە. «خەریکە ڕەشەبای لم هەڵیدەکات... چاکتر... زۆر چاکتر دەبێ...» بە دەستبەندەکە، پاشماوەی شووشەکەی ورد کرد: «... بەلاّم لەو هەوایەدا، دۆزینەوەی لێرەواری شووش...» لێواری پەنجێرەکەی گرت و بە پارێزەوە خۆی پێداکرد... کاتێک شەمەندەفەرەکە خێراییەکەی زۆر کرد، چاوی قووچاند و خۆی فڕێدا.

**سەرچاوە:**

**کتێبی زائری زیر باران. مجموعە داستان، احمد محمود، چاپ ششم، انتشارات معین، تهران.**

# کوشتن و پێکەنین



**نەجیب مەحفووز**
**لە عەرەبییەوە: محێدین مەحموود**
**(سلێمانی)**

لە ئاستی زۆرینەی ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە، هەر کە تارماییەکانیان بە یادگەمدا گوزەر دەکەن، سەرسام و دۆش داماو دەبم. هۆکاری جۆراوجۆر، جیاواز و هەندێک ناکۆک، بەڵام بە تاقە کۆتاییەک دەگەن و تاقە خەونێکی نەگۆڕ ڕاوم دەنێت، لە کاتی بێ ئیشییەکاندا- ئای کە درێژخایەنن- خەونێک تەنگم پێ هەڵدەچنێت، کە شایستەی خاوەن تۆڵەیەکە و دەستی لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی هەڵگرتووە. خەونێکە لەو خانووە چۆڵەوانییەش کە ڕۆژێکیان بەمەبەستی کاتژمێرێک، یان کەمتر بیرچوونەوە ڕێککەوتم کردبوو، لێم ناگەڕێت. لە تەنیشت ژنەی وەستاوەوە دانیشتم کە چوار مەشقی لەسەر قەنەفەیەکی تورکی وەک سەکۆی پەیکەرێک- لەنێو میوانەکاندا دانیشتووە، بەوردی لە شوێن و نمایش کراوەکانی دەڕوانم، چاو بە ڕوخسارە سپی و ئەسمەر و ڕەشەکان، قەڵەو و گۆشتن و لاوازەکاندا دەگێڕم و هەر هەموویان بە تەواوەتی ئامادەن و بەپێی نەریتی باو- شەراب دەگێڕن و ژنەی وەستا دەگەشێتەوە و ستایشی نەجیبزادەیی دەکات و دەڵێت ئاساییە کە هەموو مشتەرییەکانی لە هەڵبژاردەکانن و پیاو بۆ خوا بڵێت شوێنەکە ڕێکوپێکە و درەوشاوەیە و بۆنی بوخوردەکە سرکەر و پیرۆزە. خانمی گۆشتنیش بەر لە هەموو شتێک شانازی بە بێوەیی و ئاسایشییەکەی دەکات و خەونی دێرین بە باڵێک کە خوێنی لێ دەچۆڕێت و بەگەلێک چپە کە دوعای چاکە و سەرکەوتنم بۆ دەخوازن بوو بەسێبەرم.

سپیکەلانەیەکی لاواز و بێ دەسەڵاتم هەڵبژارد و بە ژنەی وەستام وت: (سوورەکەیان) واتە کراس سوورەکە: ئەوەندەی پێ نەچوو بە تەنیا لە ژوورە چکۆلانە تەواوەکەدا بووین و خۆی لە کراس و ژێرکراسەکەی ڕووت کردەوە و بە خۆ دانە دەست و بێوەییەکەیەوە پاڵکەوت، بە تەواوی جلەکانم لەجێگاکە نزیک بوومەوە و خەونە دێرینەکە جلەوکێشم بوو، یاری بە ڕوومەت و گەردنی دەکەم و لەساتە یەکلاکەرەوەکەدا شۆڕدەبمەوە و خێرا دەوری گەردنە ناسک و درێژەکە بە چنگ دەگرم و بە هەموو هێزێکمەوە توند دەیگوشم، بەرگری دەستەکانی و لنگەفرتێیەکانی هاواری فریادڕەسێکیان دەکرد و چاوە زەق و نائومێدەکانی کە هەڵپەی ڕزگاربوونیانە، کارم تێ ناکەن، چنگم لێ بەرنەدا تا هەموو شتێک لە خامۆشی مەرگدا خامۆش بوو، ڕادەوەستم و دڵم لەسەر یەک خێرا خێرا لێدەدا و دەبینم مەرگ ماسکی خۆی دەخاتە سەر بوونی تیاچووەوە و نیشانەی دووری و بێ باکی لەسەر ڕووبەریدا دەنەخشێنێت و بیر لە ڕزگاربوون دەکەمەوە و هەموو شتێک جگە لەو دوا دەخەم، پەلە ناکەم تاکو پرسیارەکان نەوروژێنم. لە ئاوێنە بچکۆلانەکەوە- کە لە شوێنێکدا بوو جێگەکە و تەرمەکەی نیشان دەدایەوە- تەماشای خۆم دەکەم، مووچڕکێکم لەباربرد کە بەهێزێکی ناپەسند جەستەی داگرتبووم بۆ دڵدانەوە و ورە بەرزکردنەوە، بە خۆمم وت: ئەوەی دەبوو ئەنجامی بدەم کردم، ئەوەتانێ بەرەو دەرگەکە دەڕۆم، دەیکەمەوە، پێوەدراو بەجێی دەهێڵم تاکو گومانەکان پتر دووربخەمەوە.

لەسەرخۆ بەرەو دەرگەی دەرەوە دەڕۆم و خۆم لە شوێن ئامادەبوونەکاندا نەزان دەکەم و کاتێک بە ڕێگەکە دەگەم کە لە شەوی هاویندا نووستووە، بە ئارەزوویەکی کتوپڕانە بۆ هەڵاتن بەرەو شەقامە سەرەکییەکە خێراتر هەنگاو دەنێم، لەدوا ساتەکانی شەودا بە (پانسیۆن)ی (لیدا)ی کە لە ناوەڕاستی شارە دەگەم، دەنکە حەبێکی خەولێخەر دەخۆم، کە ئاسایی بوو تەنیا لەکاتی تەنگانەدا نەبێت بەکاری ناهێنم، بەر لە نیوەڕۆ سەر داگیرساو بە تەمبەڵی و بیرەوەریدا لە خەو هەستام، داوای بەرچاییم کرد، بەڵام تەنیا چاییەکەم خواردەوە و بەخۆمم وت: لە ئێستا بەولاوە تۆ بکوژێکیت، بە دوویدا دەگەڕێن، ئایا بەهێزی ویست کێشەکەم چارەسەر بکەم، یان لەخراپەوە بۆ خراپتر بڕۆم؟ ئەی لە بارەی ژیانم کە لەم ساتە یەکلاکەرەوە خوێناوییەدا شایستەی تێڕامانە چی هەیە؟ تاکێکە خۆی بۆ ئەندێشە ئامادە کردووە، بە دەلالّی دەژی، ناسیاوەکانی لەژمارە نایەن و برادەرێکی نییە، ڕقی لە بیرۆکەی هاوسەرێتی و منداڵبوون دەبێتەوە، بۆ (لیڤیدیر) کە لە (هەردەم)ـە ڕۆیشتم، تاکو بە تەنیا بم و بیربکەمەوە، کەشوهەوایەکی خۆشی کۆتاییەکانی بەهارە و دانیشتنی ناو باخچەی دارخورما و ئینجانەی مێخەک دڵگیرە، بە زۆری لەوە دەچوو کە هیچ کەس لە مشتەرییە کەمەکان منیان نەدەناسییەوە، لەوێ لە پێناسەی کەس ناپرسن، بەڵام هەر دەبێت تاوانبارییەکە لەتاوانێکدا بهێڵرێتەوە، کە هەر هەموو دەیانەوێت نغرۆ بێت و دیار نەمێنێت.

پەرداخی بیرەکە بەرزدەکەمەوە، ئەوەی ڕووی دابوو دەیهێنمەوە بەرچاوی خۆم، ژنەی وەستا دەپرسێت: چی ئەو کچەی لە گەڕانەوەی بۆ ناو هۆڵەکە دواخست، بە دوویدا دەنێرێت، یان قیژەی تۆقین تاوانەکە ئاشکرا دەکات، یان ترس و تۆقینەکە لەسنگەکاندا بەند دەکات و نهێنییەکە لەبیرێکدا دەنێژرێت.

لە باری یەکەمدا مشتەری بە پەلەپرووزێ و پەشۆکاوییەوە ڕادەپەڕن و هەرکەسە بەرەو ڕێگەی خۆی هەڵدێت و لەباری دووەمیاندا بەبێوەیی بەردەوام دەبێت و لەهەردوو بارەکەدا ژنەی وەستا بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن تەرمەکە بشارێتەوە و خۆی و کارەکە لە چنگی یاسا بپارێزێت. هەنووکە هەمووان بۆ دڵنیابوون لەبێوەیی و نێوبانگی خۆیان خۆزگەی بێوەییم بۆ دەخوازن.

دەتوانم هەڕەشەیان لێ بکەم و ئەوان ناتوانن، بەڵام ئایا ژنەی وەستا لە شاردنەوەی نیشانەکانی تاوانەکە سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا مەترسی لە کەلێنێکەوە دزە ناکات کە بەخەیاڵی هۆشیاری کەسدا نەهاتبێت؟ نانی نیوەڕۆم لە (بلیفدێر)دا لەگەڵ بیرەو مەستییەکی پتر خوارد، کە تاریک داهات بە تاکسییەک بۆ شەقامەکە ڕۆیشتم و بەدەم ڕۆیشتنەوەم بەلای ماڵەکەدا لێی ورد دەبوومەوە، بینیم هێمنی خۆی پۆشیوە و لەدوو پەنجەرەدا تریفەی ڕووناکیم بینی و وەک ئەوەبوو کە لە پێشکەشکردنی خزمەتی ڕۆژانەیدا بەردەوام بێت، لەشەوی داهاتوودا هیچ شتێک نەبوو ئاسوودەییم تێک بدات، بەڵام لە خەومدا هاواری فریادڕەسی کچە کڵۆڵەکەم بینی کە لەشکانەوەی نێوان چنگمدا نوقم دەبوو، بەڵام ئەمە ئاسانترین شت بوو کە پێشبینیم کردبوو، دەربارەی دوا ئارامگەیم دەپرسی: ئایا بنی (نیل) بێت، یان ونگەیەکی ناو بیابان، یان لە نێژگەیەکدا بێت کە لە باخچەی پشتەوەی ماڵەکەدایە؟

هەر هەموو بە هۆی پاڵنەری ئارەزووی ڕزگاربوون و بەرگری لەپارووە نانی ژیان، لەتاوانی شاردنەوەکەدا بەشداری دەکەن و لەوە دزێوتریش ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتتر لەوە، لەبیردەچێتەوە، بە ئاگادارییەوە چاوێک بە ڕۆژنامەکاندا دەخشێنم بەبێ ئەوەی شتێک بدۆزمەوە کە ئاسوودەییم لێڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ڕووی دابوو بۆ تاقە خولەکێک لە ویژدانم ون نەبوو، هەر هەمووی لەوێ بەورد و درشتییەوە زیندووە و زۆر زۆریش پەست و بێزارم دەکات، لەبەر ئەمە بیرۆکەی شێتانە بەمێشکمدا دێت، نەک بۆ مەبەستی جێبەجێ کردن، بەڵکو هەر بۆ خۆشی نمایش کردنیانە، وەک ئەوەیان کە نامەیەک لە نەناسراوێکەوە بۆ پۆلیس بنێرم، بەڵام هەر بۆ بار سووک کردنی دڵ و دەروون، هۆیەکی بێ وەیانە لە چایخانەی (خێزانەکان)م دۆزییەوە، لەوێ ئێواران لەگەڵ هەندێک لە برادەران یەک دەگرینەوە، بەو پێیەی کە زادەی ئەندێشەی خۆمە ورد و درشتی تاوانەکەم بۆ ئەوان گێڕایەوە و هەوڵم دا بزانم چۆن وێنای ئەوە دەکەن کە لەوانەیە ڕووی دابێت. هەموویان لەوەدا یەکیان گرتووە کە بەرژەوەندی هەموو لایەک شاردنەوەی شوێنەواری تاوانەکە دەخوازێت، بەڵام یەکێکیان وتی:

– ئەگەرچی پاش ماوەیەکیش بێت، تەرمەکە هەر دەدۆزرێتەوە و لەوانەیە بە ڕێکەوتێک بێت کە بە خەیاڵدا نەیەت، پاش ئەوە بکوژەکە لە حەشارگە ئارامەکەی دەردەهێنرێت.

بێ گومان ئەمەیانم ناخۆشبوو، لەوەش ترسام کە لە ئەنجامی تاوانێک لە ژیانێکی ناهەموارتردا ئومێد بڕاو بم. جا دەسەڵاتم چییە کە هەر پیاوێک ببینم بۆ لای من بڕوانێت وابزانم لەو شەوەدا لەوێ بووە؟ یان هەرچەندە گوێم لە ترپەی پێیەک بێت لەدوامەوە، وێنای ئەوە دەکەم کە کەسێکیان دوام کەوتووە؟ برادەرەکەم زیاتر پەستی کردم کە وتی:

– تاوانە ئەندێشەییەکەتم لەبیرە؟ بۆ برادەرێکم گێڕایەوە کە دەرهێنەری تەلەفزیۆنییە، خەیاڵی ورووژاند و بڕیاری دا ببێتە تۆوی فیلمە داهاتووەکەی. ئەمەیان پەستی کردم و بەشێوەیەکی یەکجارەکی لەبیرچوونەوەی ئومێدبڕاوی کردم.

ئەوەی زیاتر پەستی کردم ئەوەیە کە ئێوارەیەکیان دەرهێنەرەکە لەگەڵ برادەرەکەمدا بۆ گفتوگۆ هاتبوو، وتی:

– تۆ خاوەنی بیرۆکەکەیت و خەلاتێکی سومبولیت پێ ڕەوایە، ئایا دەتوانیت لە چیرۆکێکدا دایبڕێژیتەوە؟

سەرم بە (نەرێ) یەک باداو ئەو وتی:

– بێ گومان بەم شێوەیەی ئێستا مەحاڵە.

– مەحاڵ؟

– دەبێت پاڵنەرێک بۆ تاوانەکە هەبێت، بۆ نموونە خۆشەویستی و ناپاکی، یان بکوژەکە مێشکی لاسەنگ بوو بێت، بۆ نموونە لە خەیاڵی خۆیدا بەکوشتنی ژنێک لەم جۆرە، ئەو لەدژی بەرەڵڵایی دەجەنگێت.

لە هەردوو شانم جووڵەیەکی بە کەم دانانیان کردو.. ئەو وتی:

– تاوانی بێ هۆکار نییە، دەبێت بکوژەکەش سزای خۆی وەربگرێت.

بەدەم توورەیی شاردنەوەوە وتم:

– ئەمە یاسای تاوانە ئەندێشەییەکانە، مەبەستم ناو ڕۆژنامەکانە..

– دەبێت کارەکەی عەقڵ گرتە و ئاکاریی بێت.

هەردوو شانم جووڵەی بە کەم دانانیان کرد و ئەو بە پێکەنینەوە وتی:

– دیارە تۆ بەکەڵکی ئەوە نایەیت دانەربیت؟

بە گاڵتە پێ هاتنێکەوە وتم:

– بەڵام بە کەڵکی ئەوە دێم پیاوکوژ بم..

دایە قاقای پێکەنین و دۆستانە لە دەموچاوم ورد بووەوەوە وتی:

– بەهەر بارێکدا بێت، بیرۆکەکە بەڵێنی چیرۆکێکی باش دەدات، ئەگەر بە هۆکارێکی ورووژێنەر و سەلمێنەر گەیشتین، پێشنیاری پلانێکی ڕێکوپێک بۆ دۆزینەوەی تەرمەکە و گرتنی بکوژەکەمان دادەنا.

بە خەمۆکییەکی شاراوەوە وتم:

– وەک چی؟

– پلانی ڕێکوپێک بەسەرپێییەوە دانانرێت، بەڵکو پێشتر تێرامان و بیرکردنەوە و پێداچوونەوەی ئەو فیلمانە دەبێت کە لەو چەشنەن، بەڵام بۆ نموونە دەکرێت وێنای ئەوە بکەین کە قوربانییەکە عاشقێکی دڵسۆزی هەبێت و دیار نەمابێت، هانی کارکردنی دەدات، یان تەرمەکە بە ڕێکەوت و لەڕێگەی باخەوانی باخچەکەوە، یان ماسیگرێکی ناو (نیل)ەوە بدۆزێتەوە، لێرەدا گریمانەکان لە ژمارە نایەن.. گفتوگۆ تەواوبوو، دیدارەکەش کۆتایی هات و کەوتمە گێژاوی گومانەوە، مەیلێکی سەرکێش بۆ تێبینی کردنی خەڵکی و شتەکان بەسەرمدا زاڵبوو، هەرچەندە ئاپۆرەیە، بەڵام هێدی هێدی دەڕۆم، یان لە نزیک ڕێگەکە دادەنیشم تاکو لە ڕوخسار و جووڵە و هۆکارەکانی هاتوچۆ و کاڵاکان و جامخانەی کۆگاکان و لە بیناکان بڕوانم، بە ئاگاداری زانایەک لێیان دەڕوانم، کە ئەرکی وەسف کردن و شی کردنەوەیان پێ سپێردراوە.

ڕووبەڕوو لە بەرانبەر ژنەی وەستا لە بەقاڵی (بەختەوەری)دا، کە لە شەقامی (باخەکە)دا بوو خۆمم بینییەوە، هەرچەندە سەرەوەرو شارەزاو زۆرزان بوو، بەڵام ڕەنگی تێکچوو و لەبەردەم ترسێکی چەسپاودا شکستی هێنا، پەشۆکاوی دەستی بڕی، بەڵام کەس هەستی بەو شکستییەی ئەو نەکردبوو، خۆم نەبێت. کاتێک لە بازارکردنەوەکەمان بووینەوە، لەبەردەم دوکانەکە و لەنزیکی یەکدی وەستاین، بە چپە وتی:

– ئەوەتانێ خۆتی بەڕاستی نەک بەخەیاڵ..

وەک نەناسێک تەماشام کرد و ئەو پرسی:

– بۆچی ئەم کەتنە دزێوەت کرد؟

وەک سەرسامێک پرسیم:

– جەنابت لەگەڵ منتە؟

لێم دووورکەوتەوە و وتی:

– هەواڵەی خوا بێت!

خەریک بوو پێ بکەنم و هەستێک بە بێوەیی دایگرتم، بەڵکو بیرم لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکەم لەماڵێکی تازەدا کردەوە، بەڵام ئەمەیان هەستێکی ڕاگوزەر بوو، بۆ تێبینی کردن و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی شتەکان گەڕامەوە و لە کاتی بێ ئیشیدا وتەی دەرهێنەرەکە و ئەو گریمانانەم بیردەکەوێتەوە کە لە ژمارە نایەن، ئەمە ڕاستییەکە تێبینیم نەکردبوو، بەڵام شەو و ڕۆژ لە ئەقڵێکدا پتر ناکۆک دەبن، بکەرێکی بنەڕەتی هەیە کە منم و بەشداربووەکان هەن کە ژنەی وەستایە و ئەوانەی بۆ شاردنەوەی تاوانەکە یارمەتییان داوە و قوربانییەکەش هەیە.. ناکرێ ئەم پارچانە بۆ هەتا هەتا پەرت و بڵاو بن. ئەگەری ئەوەش نییە بەبێ کۆتایی هەر بەتاقی تەنیا بمێنمەوە و سەردانێکی چاوەڕوان نەکراوی دەرهێنەرەکەم لە نووسینگەکەی کرد، بەڕوویەکی خۆش و بزەیەک پێشوازیی لێ کردم و وتی:

– تا ئاستێک هەموو کێشەکان چارەسەرکران، ڕەزامەندیم ڕاگەیاند و بە ورتە ورتێکەوە وتم:

– پیرۆزە..

– پلانە ڕێکوپێکەکەمان دۆزییەوە، تەرمەکە دۆزرایەوە و ژنەی وەستا گیراو بکوژەکە بەسەرهاتەکەی وەک هەواڵێک لە ڕۆژنامەکاندا خوێندەوە و بڕیاری خۆکوشتنی دا. بە بۆچوونی تۆ باشترین شێواز بۆ خۆکوشتن چییە؟

موچڕکێک بە لەشمدا هات و پرسیم:

– مەبەستت لەچییە؟

– ئێمە چەند ڕێگەیەکمان لەبەردەمدایە، خۆت لە جێگەی ئەو دابنێ، چی هەڵدەبژێریت؟

تفم قووت داو وتم:

– ئەوەیان کە ئازاری کەمترە!

بەپێکەنینەوە وتی:

– تۆ بیر لە خۆت دەکەیتەوە، بەڵام من خۆم بیر لە دوو شت دەکەمەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە پتر کار لە جەماوەر دەکات و دووەمیان ئەوەیانە کە لەلایەنی جوانکارییەوە بۆ کامێراکە بەکەڵکترە.

بەخۆمم وت:

– چەند پیاوێکی بەختەوەرە!

**سەرچاوە: لەکۆمەڵە چیرۆکی (التنظیم السري)یەوە وەرگێڕراوە، کە لە ساڵی (١٩٨٤)دا چاپ کراوە.**

# بەیاننامەی (ڕوانگە)
# هەقیقەت و پەیام و شوێنەوارەکانی

د. ئیدریس عەبدوڵڵا
(کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین)

**پێشەکی**

لە (٢٥/٤/١٩٧٠) لە ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بەیاننامەیەکی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی بە ناوونیشانی (بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێی کوردیمانەوە)، لە لایەن شەش لە شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیبانی هاوچەرخی کورد بڵاوکرایەوە، کە بریتی بوون لە (شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکە مەم فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلال میرزا کەریم، کەمال ڕەئووف)، بەڵام لای (د. عەلی تاهیر بەرزنجی) لە لایەن پێنج نووسەرەکەی یەکەم و بەبێ ناوی (کەمال ڕەئووف) ئەو بەیاننامەیە دەرکراوە، بۆ ئەو جیاوازییە پێوەندیم بە بەڕێز (د. عەلی تاهیر بەرزنجی)یەوە کرد، کە نامەی ماستەرەکەی تایبەتە بە ڕوانگە، گوتی: من پرسیاری ئەوەم لە برادەرانی تری ئەو گرووپە کردووە، گوتوویانە: سەرەتا ئێمە هەر ئەو پێنجانە بووینە و (کەمال ڕەئووف)مان لەگەڵ نەبووە، بەڵام دواتر کە بردوومانە بۆ بڵاوکردنەوە، ئەو لە ڕۆژنامەنووسیدا کاری کردووە و بینیویەتی، حەزی کردووە، ئەویش لەگەڵمان بەشدار بێ، ئێمەش ڕێگەمان داوە.

دوای ئەو بەیاننامەیە مشتومڕی زۆر دروستبوو، هەبوو بە توندی ڕەتی کردەوە و هەبوو پاڵپشتی لێکرد، ئیدی گرووپێک دروستبوو، لەو نووسەرانەی ئیمزاکەری ئەو بەیاننامەیە و خەڵکێکی دیکەش، کە چوونە پاڵیان، پێیان گوترا (ڕوانگەییەکان).

ئەم بابەتە لە هەقیقەت و پەیام و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دۆست و نەیاران و شوێنەوارەکانی ئەو گرووپە لە واقیعی ئێستای ڕۆشنبیری کوردیدا دەکۆڵێتەوە.

**پوختەی بەیاننامەی ڕوانگە**

لێرەدا پوختەی ئەو بەیاننامەیەی ڕوانگە دەخەینە بەر دەست، کە وەکو جارِی بزاڤێکی نوێ لە ئەدەبی کوردی وەکو ئاماژەی پێکرا، لە (٢٥/٤/١٩٧٠) بڵاوکرایەوە.. ئەوەی لە دەقی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە، ئەوەیە: «... لە بەرەبەیانی مێژووی نەتەوایەتیمانەوە تا ئەمڕۆ، وە لەو کاتەوەی، کە ئادەمیزادی ئەم کوردستانە کەوتە بزووتنەوە و جێهێشتنی یەک لە دوای یەکی قۆناغەکانی تاریکی و ونی وشەی شۆڕشگێڕ و بەهرەی



**جەمال شارباژێڕی**

تازەکردنەوەی لەبن نەهاتووی، هەردەم جەنگاوەرێکی ئازاو نەبەرد بووە و دەنگی زولاڵی سەربەستی و ئازادیی دوژمن کەرکەری نەتەوەکەمانی وەها بەرزکردۆتەوە، کە لە پێشا خۆمان و ئینجا دونیای دەرەوەی لە هەر یەکێک لەو قۆناغانەدا پێناسیوین، بۆیە هەر ڕاپەڕینێک لە مێژوومانا تەقیبێتەوە، هەر زوو لە کوانووی ئەدەبیمانا ناوی تاوی سەندووە و بیر و هۆشی ڕۆڵە هوشیار و شۆڕشخوازەکانمانی بە جۆرێک جۆشداوە، کە هەردەم ڕاپەڕین لە ناو ڕاپەڕیندا بکەنە سەرەنجامی کار و نەیەڵن لە سنووری ئەو قۆناغەدا گیر بخوا و بپووکێتەوە.

سەدەی تازە، هەزاران سنووری داڕێژراوی لەوە بەری بە تەوژمی بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی نەترس و ئازا ڕامالّی و شوێنەواری زۆریشی سڕینەوە. ئەو سەدەیەی کە لە هەموو ڕێبازێکا گیانێکی تازەکردنەوەی بزواند و لە گشت گوڕبەستنەوەیەکی چوونەپێشەوەیدا، ئەوەی سەلماندووە، کە مانەوە و ژیان هەر بۆ ئەو ڕێچکەی کاروانە شەوقکەرانەیە، کە بە ناو دۆزەخی ئازار و بەربەستدا ڕێگەی ئاوات ئەگرنە بەر.

بەڵێ، ئەو سەدەیەیە، کە مرۆڤ تیایا دەستەویەخە ڕووبەڕووی ئەو گورگی مردنانە دەجەنگێت، کە ئەیانەوێ ژیانی لێ بکەنە شانۆیەکی نائومێدی و ورەبەردان و دەستەوسانی، تا وەک هەر نێچیرێکی لاواز و بەستەزمان دەم بنێنە لاکی!

کاروان لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لە ڕۆیشتنایە و هەر پلەیەکی سەرکەوتنیشی سیمایەکی تازەتری تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە و پێشکەوتنێکی نوێتری هێناوەتە کایەوە، تا گەیشتووەتە سەر ئەوەی ئێمە، خۆ بە درێژایی گشت ئەو قۆناغانەی ڕابردووش، مەشخەڵی ئەدەبمان هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نەکوژاوەتەوە و ئەم دەستاودەستکردنە نەیفەوتاندووە، ئەگەرچی گەلێک جار ڕەشەبای ناحەزی داگیرکەران زۆر و کەم پرتە پرتی پێخستووە و خورپەی داوە لە دڵی، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر جاریتریش بە فوولێکردنی ناکۆکی و لێکدابڕینی ناوخۆمان، مەترسی کوژانەوە ڕووی تێکردووە و جەزرەبەی لێداوە، بەڵام دیسانەوە هەر شەوقی خۆی لە نەتەوەمان نەشاردۆتەوە و نەیهێشتووە تاریکی بەیەکجاری خاکەکەمان تاپۆ بکات.

بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبیمانەوە درابێت بە گوێی کوڕوکاڵانی نەتەوەکەماندا، تاقیکردنەوەیەک نییە، کە دەستپێشکەری تیایا بۆ نەوەی ئێمە بگەڕێتەوە، هەروەکو ڕێگایەکیش نییە هەر بە تەنها ئێمە پیا ڕۆیشتبین، بەڵکو ئەم دەنگ و خواست و مەبەستانە، کەم و زۆر هەر هەبوون، ئەگەرچی بانگەوازێک لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەڵبدرێت، دیارە ئەبێ جیاوازی زۆر و ماوەی لێکجیابوونەوەیان لەگەڵ ئەوەکانی ڕابردوودا بە ئاشکرا دیار بن.

بانگەوازی ئەدەبی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و کارزان و سەدەی هەڵگێڕانەوە و یاخیبوونە، بەرامبەری سەراپای مەیدانەکانی ژیان. بانگەوازی ئەو وشە و هەست و بیرانەیە، کە سنوورێک نییە بۆ ئەوەی بە زۆر بیپانبەستێتەوە و بە دۆشداماوی ڕاگیریان بکات، وە بەری چوونە پێشەوە و چاونەترسییان لێبگرێت.

بانگەوازی ئێمە نە ئەچێتەوە سەر ئارەزووی خۆسەپاندن و زۆرە ملێ و نە لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەری درووستکراوی دەستە و تاقمێکدا شەتەک ئەدرێت، چونکە نە ئەمانەوێت دەست بنێینە بینی بەهرەی سەربەستی دەربڕین و نە ئەشمانەوێت وشەی کوردی لە دروشمەکانی سیاسەت و ڕاستەوخۆ دەربڕینی وشکی کلاسیکیدا گیر بخوات.

ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبی ئەم سەردەمەیەمان، کوتومت لەگەڵ ڕێڕەوی سەدەی تازە و بابەتەکانی ئەستاتیکی و هونەریدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئازار و ئاواتێکی کۆمەڵگای کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگای گشت مرۆڤایەتی بێت.

ئەمانەوێت ئەو تەوقە ڕزیوانە بشکێنین، کە شێوە و ناوەرۆکی ئەدەب ئەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی لەش ساردوسڕ، ئەمانەوێت لەو تاقیکردنەوانەدا بژین، کە لەناو جەرگەی کارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژرابن و خۆمان لەو سنوورانە بهاوێینە دەرەوە، کە دەوری پێشوویان لەگەڵ سەردەمی ڕابردوویان بەسەرچوو.

کۆن بە لای ئێمەوە لە پێناوی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوە نییە، کوێرانە یاخیبوونێکی دژ بەرپاکەین، تەنها لەبەر ئەوەی کۆنە، ئێمە بڕوامان وایە، کە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان، هەمیشە پاڵپشتێک بوون بۆ ڕێڕەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لە ڕەحمی ئەوان لەدایکبوون و لە باوەشی ئەوان کەوتوونەتە گڕوگاڵ، بەڵام قوتابخانەی ئێمە، قوتابخانەی (نەتەوە و ژیانە)، قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانەیە، قوتابخانەی ڕانەوەستانە لە بزووتن و پێشکەوتن، قوتابخانەی هەڵچوون و یاخیبوونە لە ڕووی هەر کۆت و زنجیرێکدا، کە بیەوێت بەر لە تەقینی کانی ئاواتی لەبن نەهاتووی ئەدەبیمان بگرێت، نە گریان و دۆشدامان و فرمێسک ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکان، وە نە گرفتی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزووتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیش.

نهێنی پاشەڕۆژی ڕووناک و سەرکەوتن و زاڵبوونی ئەدەبی تازە و بیری نەوەی نوێ، لە تەنها ڕازانەوە و ئارایشت کردنی دیوی دەرەوەدا نییە، بەڵکو لە چوونە خوارەوەشدایە، بە بنج و بێخی هەست و نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستەمدا، هەموو وشەیێک ئەیەوێت بژی و بجووڵێت و جێگەی خۆی بکاتەوە، بەلای ئێمەوە شێوە و ناوەرۆک لە یەکتری جیاناکرێنەوە، هەردوو هەر لە یەک بۆتەدا قاڵ ئەبن و پێکیشەوە لە دایک ئەبن، جا لەبەر ئەوە، کە ئەڵێین: شێوە و ناواخنی ئەدەبی، تێکڕا ئەبێت لە کوڕی ژیان و بزووتنەوە و تازەکردنەوەدا پەلبهاون و نەشونما بکەن و بدرەوشێنەوە، لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە، کە هونەری ناوەرۆک ئەکەن بە ژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و داروپەردووی وشەی وشکوبرینگی ڕەق و بێ گیانەوە.

ئەو بابەتە ئەدەبییانە، هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لە ئازار و ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتوون، وە لە تاقیکردنەوەکانیدا دوو پێیان هەڵنەهێناوەتەوە، سەردەمی بەرهەمی دروستکراوی بێ بۆنە و ستایشی درۆ و هەجووی بێ پێز بەسەرچووە و ئەدەبیش لەو قەڵەمڕەوەی دەربەگایەتییە ڕزگاری بووە، کە بکرێت بە تاجێکی گەوهەر و مرواری و بە بڕیاری چەند کەسێک بکرێتە سەری یەکێکەوە.

نووسەر و شاعیری ئەمڕۆمان، پێویستە ئەو قاوغی ویقار و فیز و لە خۆباییبوونە کلاسیکییانە بشکێنێ، کە دوورەپەرێز و لە سووچێکەوە دابنیشێت، وە تەنها بۆ حەز و ئارەزووی خۆ بهۆنێتەوە و بنووسێت! نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ، شانبەشانی پیشەی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە، شۆڕشگێڕیشە، جەنگاوەریشە، ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی و لە کورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات، هەر تەنها ئەو تاقیکردنەوانەن، ڕێگەی پوختەترین و باڵاترین بەرهەمی داهاتووی بۆ خۆش ئەکەن.

دواجار بانگەوازی ئێمە، کە لە گەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەر هەڵئەدات و بە کەژاوەی ڕازاوە و نەخشینی تازەکردنەوە ڕێگای سەرفرازی و پێشکەوتن ئەگرێتە بەر، دیارە ئەبێتە مەڵبەندی گشت ئەو ڕێباز و بیرە نوێیانەی، کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکیش لە نێوانیاندا (لە ڕووی فەلسەفەی تایبەتیی قاڵبووی ناو مێشک و ناخی دەروونی خۆیانەوە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان)، لە (ڕوانگەی ئەدەبی نوێ)ماندا یەک ئەگرنەوە و لەوێدا هەر یەکەیان چاو ئەبڕێتە ئاسۆی تایبەتی خۆی و بۆ لە باوەشگرتنی ڕۆژی تایبەتی خۆی، ئەندێشەی شەونخوونی ئەچێژێت).

ئێمە لە ئێستەدا وا هەست پێئەکەین، کە گشتمان گڕوگڵپەیەک لە ناخمانا پەنگ ئەخواتەوە و لەمێژەوە جۆرە هەست و نەست و هیوا و ئاواتێکی تایبەتیمان لە بۆتەی خۆیدا جۆش ئەدات و ئامادەی تەقینەوەی ئەکات.

سەبارەت بەمە، ئێمە ئێستا هەرگیز دەربەستی ئەوە نین و خۆمان لەو گێژاوەدا گیرنادەین، کە ئەو تەقینەوەیە



**شێرکۆ بێکەس**

ئەبێ بە تەنها ڕوو لە ئەو هەوراز و یا ئەم دۆڵ و یا ئەو بیابان بکات. بانگەوازی ئێمە تەقینەوەکەی مەبەستە و لەو پێناوەدا دەنگی زولاڵی خۆی بەرز ئەکاتەوە، برووسکە و چەخماخەی خۆی ئەدات و ئەچێتە کۆڕی جەنگێکی پیرۆزەوە، ئێمە وەها بە ئاواتەوەین، کە بتوانین لە کۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا سەدان بەهرەی ڕۆشن لە دەم گورگی چەقین و کپبوون بسێنینەوە، سەدان ئەستێرەی گەش لەژێر باڵی تاریکی دەرکێشینە دەرەوە، سەدان خونچەی هیوا لە سیسبوون و بگرە سەدان گوڵی بۆنخۆشیش لە هەڵوەرین ڕزگار بکەین، کە ئەمانە هەموو لەم ساتانەی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمەی ئێستای ئەدەبەکەماندا متوخامۆشن و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕەنگاوڕەنگی بەختیان ئەکەن.

لە کۆتاییدا ئەگەر بمانەوێت پوختەی بانگەوازەکەمان لە چەند وتەیەکی ورشەداردا کۆ بکەینەوە، ئەڵێین:

ئێمە نووسینمان:

**قاڵبووی ئازارە، بۆیە دژی ئازار ئەجەنگین.**

**جوانی پەرستە، بۆیە ناشرینی ناگرێتە خۆی.**

**نوێخوازە، بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت.**

**سەربەست و ئازادە، بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک ئەپچڕێنێت.**

**شۆڕشگێڕە، بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسییەکدا سڵ ناکاتەوە.**

**مرۆڤی کورد ئەینووسێت، بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.**

جا گشت ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە ناخدا وەک ئێمە هەست ئەکەن، وەک ئێمە بیرئەکەنەوە، وەک ئێمە کردار ئەکەن، با خۆیان بە خاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن.

## تارمایی مۆدێرنەی ئەوروپی لە نێو بەیاننامەی گرووپی ڕوانگەدا

( ١ ) «بانگەوازی ئەدەبی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و کارزان و سەدەی هەڵگێڕانەوە و یاخیبوونە، بەرامبەری سەراپای مەیدانەکانی ژیان».. . لەم بڕگەیەی بەیاننامەکەدا، ئەو نووسەرانە بانگەشە بۆ یاخیبوونێکی فراوان دەکەن، بۆ سەراپای بوارەکانی ژیان، ئەمەش ڕەتکردنەوەی واقیعە و مەبەست گۆڕینی واقیعەکەیە بە واقیعێکی دیکە، کە هیچ ڕواڵەت و ئاسۆیەکی دیار نییە، ئەوەش ڕوحی فەلسەفەی مۆدێرنەی ئەوروپی پێکدەهێنێت و لاساییکردنەوەی بێ پاساوی بیری ئەوروپییە لە کوردستان، چونکە ئەگەر مۆدێرنە ئەوروپییەکان یاخیبوون و واقیعیان ڕەتکردەوە، پاساویان هەبوو، واقیع ستەمی لە خەڵکەکانی چینی خوارەوە لە هەژار و ڕەشوڕووتەکان دەکرد و بە بێ هیچ پاساوێک دەیکردنە سووتەمەنی شەڕی سەرمایە و شەڕی یەکەمی جیهانی، بۆیە ئەوان پاساویان هەبوو لەو واقیعەی وڵاتی خۆیان وەڕس بن و ڕەتی بکەنەوە، بەڵام واقیعی وڵاتی کوردی لە ساڵی ١٩٧٠ کە ئەو بەیاننامەیەی تێدا دەرچوو، خەڵکی کوردستان لە هەموو لایەکەوە پێی دڵخۆش و ئاسوودە بوون، لە ڕووی سیاسی کورد، ڕێکەوتننامەی ئازاری بەدەست هێنابوو و وەکو هێزێکی گەورەی بە مافی خۆی گەیشتوو، هەناسەی خۆشی و ئازادی و ئاسوودەیی هەڵدەمژی و لە ئاهەنگەکانی شادومانی و دڵخۆشیدا بوو.. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەخۆی کورد، لەو کاتی گەلێک بەهێز و جێی شانازی بوو.. لە ڕووی ئابوورییەوە ژیان ئاسان بوو و ڕێژەی بێکاری لە وڵاتدا سفر بوو، یان لە نزیک سفرەوە بوو، کەس لەم ڕووەوە کێشەیەکی نەبوو.. لە ڕووی ئایینییەوە کورد

باشترین ئایینی هەبوو و بێ بەرنامە و سەرگەردان نەبوو، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینی ژیانە و ئایینی زانست و بەرەوپێشچوون و دادگری و مافەکانی ئادەمیزاد و تەواوی بوونەوەرانە.. لە رووی زانستییەوە ڕێژەی خوێندەواری لە نێو کوردی ئەو پارچەیە یەکجار گەورە بوو و نەخوێندەورای بەرەو قەلاچووبوون دەچوو.. ئەدی روانگە لە چی سەخڵەت ببوو و چیی ڕەت دەکردەوە و لێی یاخی دەبوو؟!

(٢) لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، بانگەوازی روانگە: «بانگەوازی ئەو وشە و هەست و بیرانەیە، کە سنوورێک نییە بۆ ئەوەی بە زۆر بیبیانبەستێتەوە».. لێرەدا بوونی سنوورەکان بۆ پێکەوە کۆبوونەوە، جا هەر سنوورێک بێ، تۆمەتبارکراوە و ئەمە بە کوت و زنجیرێکی ناڕەوا لە قەڵەم دراوە، ئەوەش داوای بێ بەرنامەییە و داواکردنی ڕەتکردنەوەی هەموو سنوورێکە بۆ کارکردن، جا سنوورەکان سیاسی بن، یان ئایینی بن، یان کۆمەڵایەتی بن، یان سنووری تیورە ئەدەبییەکان، یان هەر سنوورێکی دیکەی یاسایی بن، کەوابێ ئەوەش بانگەشەیە بۆ کارکردن بە بێ بەرنامەیی و فەوزا و جاڕدانی کارە، جا هەر جۆرە کارێک بێ، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا بگونجێ، یان نەگونجێ، بەوپەڕی ئازادی و بێ ئەوەی چ ڕەواو ناڕەوایەک هەبێ لە پێشیان، ئەوەش واتە: ئازادی ڕەها، ئەمەش ئازادی بێ سنووری مۆدێرنەی ئەورووپییە و تەنانەت لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکانیش ئەوە ڕەت کرایەوە و یاسا سەروەری جێگەی گرتەوە.

(٣) زمانی ئەو بەیاننامەیە لە هەندێ دەربڕینی زۆر ناڕۆشن و نادیارە، ئەوەش زمانی مۆدێرنەیە، کە شتەکان بە نادیاری و بە شێوەیەکی وەها پێشکەش دەکات، خەڵک بە ڕوونی لێی حاڵی نەبێ و سەری لێ تێک بچێ.

(٤) لەو بەیاننامەیەدا تۆمەتی ناڕەوا دەدرێتە پاڵ ئەدەبی کلاسیک و نوێی کورد، ئەوانەی پێشی روانگە نووسراون، بەوەی کەوا لە خزمەت دەرەبەگەکان بوونە و دەرەبەگەکان بە ئارەزووی خۆیان ئەو ئەدەبەیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاراستە کردووە، بۆیە شانازییان بە بەرهەمی خۆیانەوە کردووە، کە وەها کۆیلەی دەرەبەگان نەماوە و نووسیویانە: «ئەدەبیش لەو قەڵەمڕەوەی دەرەبەگایەتییە ڕزگاری بووە، کە بکرێت بە تاجێکی گەوهەر و مرواری و بە بڕیاری چەند کەسێک بکرێتە سەری یەکێکەوە»!!

لە ڕاستیدا ئەمە ڕێک تۆمەتی ڕێبازە ئەورووپی و مۆدێرنەکانی دیکەی ئەورووپایە بۆ ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەورووپی، کە لە ڕاستیدا وەها بووە، دەنا ئەدەبی کوردی قەت وەها نەبووە و قەت خزمەتی بیری دەرەبەگایەتی نەکردووە، تەنانەت دەرەبەگیش لە کوردستان قەت دەسەڵاتی دەرەبەگ (أقطاع)ی هەرێمە ئەورووپییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی نەبووە، کە خاوەنی هەموو شتێک بێ و هەموو شتێک لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو و بۆ ئەو پێشکەش بکرێن، ئەوەش یەکێکە لە شانازییە گەورەکان بۆ ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبیاتی نوێی کوردیش، کە ئەو مۆرکەی نەبووە، ئەدی خێرە ئەو برادەرە بەرێزانە کتومت بابەتەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنەی ئەورووپی بۆ کورد وەردەگێڕن و دەیانکەنە پاساوی قۆناغێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردی؟!

ئاخر دەرەبەگایەتی، یان ئەقتاعیەتی ئەورووپی (مانیورالیزم) سیستمێکی ئابووری و سەربازی بووە، هەر لە کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە تاوەکو سەدەی سێزدە لە ئەورووپادا باوبووە، ئەم سیستمە لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە زەوی پارچە پارچە بکرێت و هەر پارچەی بدرێتە دەرەبەگێکی گەورە، تێیدا ژمارەیەکی زۆری جووتیار بە نان و زگ ئیش بکەن، لە ناو ئەو پارچە زەوییەدا دەرەبەگەکە کۆشکێکی گەورەی بۆ خۆی بینا دەکرد، لە تەک کۆشکەکەی خۆی، کەنیسەیەک و ئاشێک و کارگەیەکی شەرابیشی دروست دەکرد، واتە: هەموو دەسەڵاتێکی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕابواردنی تەواو بۆ دەرەبەگەکە بوو، جووتیارەکانیش وەکو کۆیلە و کالایەکی سووک تەماشا دەکران و قەت حیسابی ئادەمیزاد و خەڵکی خاوەن ویست و ئارەزوویان بۆ نەدەکرا، چونکە بە بەشێک لە موڵکەکانی دەرەبەگەکە دەژمێردران، تەنانەت کاتێک دەرەبەگەکە موڵکەکەی دەفرۆشت، جووتیارەکانیشی لەگەڵ دەفرۆشت، ئەم سیستمە لە دوای سەدەی سێزدە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا وردە وردە هەڵوەشایەوە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا تا سەدەی نۆزدەم هەر مایەوە.. ئێستاکە دەپرسین: ئایا ئەو دەرەبەگ و ئەو سیستمە دەرەبەگایەتییە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کوردستانی



**جەلالی میرزا کەریم**

خـۆمـاندا هەبووە؟! ئەدی بۆچی بە زۆر کـولتـووری کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی وڵاتەکـەمـان وەها ناشـیـرین بکەین؟! بۆچی وای پیـشـان بدەین کـوردسـتـانیش لە هەموو قۆناغێکدا وەکو قۆناغە تاریک و ناخۆشەکانی وڵاتانی دوور و نزیک ژیاوە؟! لە کـاتێکدا نابێ لەوە غافڵ بین، کە کوردستان زۆر لە مێژەوە لە گەلێک وڵاتی دنیا پێشکەوتووتر بووە، بەڵام ئەگەر ئێستا خەڵکی تر لە کوردستان پێشکەوتووترە، ئەوە هۆیەکەی دیارە، لەبەر ئەوەیە، جـیـهـان لەو دوو سـەدەیەی دواییـدا زۆر پێـشکەوت، کـوردسـتـانیش لەو دوو سـەدەیە، لەبەر ستەمی یاسا نێودەوڵەتییە نادادگەرەکان و لەبەر ستەمی ئەو حکوومـەتانەی بە ناڕەوا کـوردسـتـانیـان بەسـەردا دابەشکرا، خەڵکەکەی کێشەی جۆراوجۆریان بۆ دروست کراو بەو هۆیەوە لە کاروانی داهێنانی نوێی تەکنۆلۆژیای شارسـتـانی و جەنگی دواکەوتن، دەنا کـوردیش وەکـو مـیللەتانی تر خـاوەن توانایی ئەقـڵی و زانسـتـیـیـە گەورەکـان نەبێ، لەوان کـەمـتـر نییـە و هێندەی غـەیری خۆی هەر پێدەکرێت.

(٥) لەو بەیاننامـەیەدا تێکەڵاوی بیـر دروست کراوە و وشـە لە جـێـی خـۆی بەکـارنەهێنراوە، بۆ نموونە: وشـەی پەرستن تایبـەتە بە خـودا، کـەچی لێـرەدا دراوەتە پاڵ (جوانی) و لە بارەی پەیامی خۆیان نووسیویانە: (جوانی پەرستە، بۆیە ناشرینی ناگرێتە خۆی)!

### ئەو هۆکارانەی وایان کرد جاڕ بۆ (ڕوانگە) بدرێت

دیارە بە خـوێندنەوەمـان بـۆ ئەو هەلومـەرجـەی ڕوانگەی تێـدا دەرکـەوت، چەند هۆکـارێکمـان بـۆ دەردەکـەوێت، لە چوار خاڵیان کورت دەکەینەوە، ئەوانیش:

(١) فراوانبوونی باری ڕۆشنبیری کوردی لەسەر هەموو ئاسـتـەکـانی ڕۆژنامـەنووسی و ڕاگـەیاندن و ئەدەبیـات و دەزگـاکـانی نووسـەرانی کـورد و کـۆڕی زانیـاری و هی دیکە، کـە لە ئازاری سـاڵی ١٩٧٠و دوای دەرکـردنی ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەمـوو ئەوانە بە فراوانی دەرکەوتن.

(٢) نوێبـوونەوە و فـراوانبـوونی ڕەوتە ئەدەبیـیـە نوێگەرەکـان لە جـیـهـان و لە وڵاتانی دەوروبەریش، بە تایبـەت لای عـەرەب و کـوردەکـان، کـە لە ڕاسـتـیـدا ئەو بەیاننامـەیە لە زۆر شـتـیـدا لاساییکردنەوە و کـۆپی بەیاننامەی ڕێبازە مۆدێرنیستەکانی ئەوروپا و نووسەرانی مۆدێرنی عەرەبە.

(٣) دروستـبـوونی حەزی گـۆڕانهێنان بەسەر حاڵەتی ئەدەبی و داڕشـتـنەوەی ئەدەب بە شـێـواز و تەکنیک و ڕوخسـار و ناوەڕۆکـێکی نوێوە، لە لای نووسـەرانی ئەو بەیاننامـەیە، کـە ئەوە ئاسـاییـە لە هەر قـۆناغ و کـات و شـوێنێکی وەکـو ئەوەی شەست و حـەفـتـاکـانی سـەدەی بیستەمی کوردستان، سەرهەڵبدات.

(٤) جیابوونەوەی خوێندنەوە و جۆری بیر و ڕۆشنبیری ئەو نووسـەر و شـاعـیـرانە، لە شـاعـیـرانی کـلاسـیـک و ئەدەبیـاتی نوێی پێش قـۆناغی خـۆیان، هەروەها دروسـتـبـوونی زەوق و جـیـهـانبـینییـەکی دیکە بۆ ئەرک و پەیام و شێوازی کاری مرۆیی لە کوردستاندا بە گشتی و ئەرک و پەیام و شێوازی داهێنانی ئەدەبی بە شێوەیەکی تایبـەت، هەمـوو ئەوانە هۆکـاری دیکەی گـرنگن بۆ سەرهەڵدانی ڕوانگەییەکان بە بیر و بۆچوونێکی نوێ بۆ ژیان و بۆ داهێنانی ئەدەبیش.

### چەند تێبینییەکی گشتی لەسەر ئەو بەیاننامەیە

(١) لە دەسـتـپـێـکی ئەو بەیاننامـەیەدا هاتووە: «لە بەرەبەیانی مێـژووی نەتەوایەتیمـانەوە تا ئەمڕۆ، وە لەو

کاتەوەی، کە ئادەمیزادی ئەم کوردستانە کەوتە بزووتنەوە و جێهێشتنی یەک لە دوای یەکی قۆناغەکانی تاریکی و ونی وشەی شۆڕشگێڕ و بەهرەی تازەکردنەوەی لەبن نەهاتووی، هەردەم جەنگاوەرێکی ئازاو نەبەردبووە و دەنگی زوڵاڵی سەربەستی و ئازادیی دوژمن کەرکەری نەتەوەکەمانی وەها بەرزکردۆتەوە، کە لە پێشا خۆمان و ئینجا دونیای دەرەوەی لە هەر یەکێک لەو قۆناغانەدا پێناسیوبن، بۆیە هەر ڕاپەڕینێک لە مێژوومانا تەقیبێتەوە، هەر زوو لە کوانووی ئەدەبیمانا ناوی تاوی سەندووە و بیروهۆشی ڕۆڵە هوشیار و شۆڕشخوازەکانمانی بە جۆرێک جۆشداوە، کە هەردەم لە ڕاپەڕین لە ناو ڕاپەڕیندا، بکەنە سەرەنجامی کار و نەیەڵن لە سنووری ئەو قۆناغەدا گیربخوا و بپووکێتەوە».

ئەوەی لەو پەڕەگرافە سەرنج ڕادەکێشێ و بە زێدەڕۆیی ئەدەبی ناوزەد دەکرێ، زیاتر لە شتێکە، لەوانە:

(أ) بە پێی ئەو بەیاننامەیە، کورد لە زیاتر لە قۆناغێک لە شۆڕش و ڕاپەڕین بووە!! بەڵام ئەوە زێدەڕۆییە، چونکە لە وەتەی کورد موسڵمان بووە، لە چواردەسەدە لەمەوبەر، تا سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی، کوا شۆڕش و ڕاپەڕینی کورد!!

(ب) دەی ئەگەر بە پێی ئەو بەیاننامەیە کورد لە قۆناغەکانی پێشوو شۆڕش و ڕاپەڕینی زۆری هەبووبێ و هەر ڕاپەڕینێکیش لە مێژوومانا تەقیبێتەوە، هەر زوو لە کوانووی ئەدەبیمانا تاوی سەندبێ و بیروهۆشی ڕۆڵە هۆشیار و شۆڕشخوازەکانمانی بە جۆرێک جۆشدابێ، کە هەردەم لە ڕاپەڕین لە ناو ڕاپەڕیندا، بگەنە سەرەنجامی کار و نەیەڵن لە سنووری ئەو قۆناغەدا گیربخوا و بپووکێتەوە!!.. ئەگەر ئەمە وایە، ئەدی کوا ئەدەبی شۆڕشگێڕی کوردی، ئەو قۆناغە کۆنانەی ئەو بەیاننامەیە باسیان لێوە دەکات!!

لە ڕاستیدا تا بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم و پاشتر کە لوتکەکەی گەیشتە شەست و حەفتا و هەشتاکان، بیری بەرگری و شۆڕشگێڕی لە ئەدەبیاتی کوردستاندا بەدی ناکرێت، ئیتر بۆچی بە زۆر شتی نەبوو، دروست بکرێت، خۆ ئەگەر وا نییە، با پارچە شیعرێکی شۆڕشگێڕی بڕواپێکراوی شاعیرێکی کورد، لە سەدەکانی یازدە و دوازدە و سێزدە و چواردە و... هەر سەدەیەکی دی لە سەدەکانی پێشوو بهێنرێتەوە، تا بزانین چی بوونە و باسی چییان کردووە!!

(٢) لەو بەیاننامەیەدا هەڵەی مێژوویی و ژیاری دەرهەق بە کورد کراوە و ناوی خەڵکی دیکە بەسەر کورد براوە، بۆ نموونە: باسی قۆناغە تاریکەکانی ژیانی کورد کراوە!! کە ئەمە سەرسوڕمان دروست دەکات!! بۆیە خوێنەری کورد هەقی خۆیەتی بپرسێت: ئایا مەبەست لە قۆناغەکانی تاریکی کامەیە؟ کە لەم پەرەگرافەدا ئاماژەی بۆکراوە!! ئەوە دیار نییە، لە کاتێکدا گەلێکیش نارەوایە، چونکە کوردستان لانەی یەکەمی شارستانییەتی مرۆییە و یەکەم گوندی نیشتەجێبوون لە (زاوی چەمی) نزیک چیای برادۆست و یەکەم گوندی کشتوکاڵی پێشکەوتوو لە (چەرمۆ)ی نزیک چەمچەماڵ لە هەزارەکانی یازدەی پێش زایین و حەوتەمی پێش زایین دروست کران و بوونە مەشخەڵی بیری ئاوەدانکردنەوە و بینای شارستانی بۆ هەموو دنیا و هەموو ئەو خەڵکانەی دواتر هاتن و چوون و ئێرەو ئەوێیان ئاوەدان کردەوە، دواتریش شوێنەوارە زۆرەکان و نەتەوەکانی زنجیرەی زاگرۆس لە هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین و دوای هەمووشیان موسڵمان بوونی کورد لە ساڵانی نێوان (١٦تا ٢٥کۆچی)، کە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بە شانازییەوە لەسەر ئەو ئایین و شارستانیەتەی ماوەتەوە، ئایا هەموو ئەوانە بەڵگەی پێشکەوتن و لە ڕووناکی ژیانی کوردن، یان بەڵگەی ژیان لە تاریکی کوردا!! ئیدی ئاشکرایە و هەموو ڕۆشنبیرێکی ناوەوە و دەرەوە دەزانێ، کوردستان چەرخی تاریکی نەبووە؟ بەڵگەنەویستیشە قۆناغە تاریکەکان، تایبەتن بە ئەوروپا، کە سەدەکانی ناوەڕاستی مێژووی نەتەوەکانی ئەوروپا دەگرێتەوە، بۆیەش ناویان نا سەدە تاریکەکان، چونکە کەنیسە ببووە داردەستی پاشا نەزانەکان و ببووە کۆسپ لە پێش هەر پێشکەوتنێکی زانستی، بەڵام لە کوردستان قەت قۆناغێکی وەها نەهاتۆتە پێش و ئەوەی هەیە جێی شانازییە، ئیدی بۆچی ئەم بەیاننامەیە بەناهەق شتەکان تێکەڵ بکات و مێژووی گەشی پڕ لە ژیار و شارستانی نەتەوەیی کورد ناشیرین بکات؟

(٣) ئەو بەیاننامەیە هێندەی فیکری بوو، هێندە گرنگی بە تیورەکانی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبی نەدابوو، بۆیە شاعیر و نووسەری ئازاد کردبوو لەوەی چی دەنووسن

و چۆنی دەنووسن، لەبەر ئەوەش نەیارانی بە بەیاننامەیەکی سیاسییان دەزانی، کە بە کارتێکراوبوونی نووسەر و شاعیرەکانی بە بیرە مارکسی و لینینییەنە شوورەوییەکان و بیری هەندێک لە نووسەر و فەیلەسووفانی ئەوروپای وەکو سارتر و کۆلن ولسن و کامو و مۆرافیا و نووسەرانی سوریالیزم، هاتوونە ئەفکاری بەدەر لە بیری نەتەوەیان هێناوەتە ناو و نوێکەیان لەوەدا زەق دەبێتەوە، ئەوەش مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە و هەم دۆست و هەم نەیاری زۆریشی بۆ دروستبوو.

(٤) زمانی ئەم بەیاننامەیە شیعرییەتی بەسەردا زاڵە و ئەوەندەی دەربڕینی ئەدەبی و شیعری تێدا هاتووە، ئەوەندە ناوەرۆک و واتای مەبەستی بە ڕوونی پێشکەشی خوێنەر نەکردووە، بۆیە خوێنەر بە سەرسامی دەهێڵێتەوە، نازانێت ئەوە پەخشانێکی ئەدەبی سیاسی خاوەن دەربڕینی ناسکی ئەدەبی و ناواخنی شۆڕشگێڕی سیاسی دەخوێنێتەوە، یان ئەوە بەیاننەمەیەکە هەڵوێستی ڕوونی بۆ پیشان دەدات و بۆ شتی تازە ئاراستەی دەکات، کە بەیاننامە هەمیشە دەبێ ئەوەی دووەم بێت و شتی نوێ پێشکەش بکات و سەرنجی خوێنەر بۆ شتی نوێ ڕابکێشێت و جیهانبینی و دید و فەلسەفەیەکی تازەی بۆ دەستنیشان بکات، بە زمانێکی ڕوون و دیاریش، نەک بە زمانێکی ئەدەبی و فەلسەفی، بەڵام ئەو بەیاننامەیە بەو شێوەیەی هەیە، هیچی لە بەیاننامە ناچێت و چەند کورتە خاڵێکی پاشکۆکەی نەبێت، ئەوەی تری هەمووی پەخشانێکی سیاسی شۆڕشگێڕی حەماسییە و بە زمانێکی ئەدەبی نادیار و ناڕوون و پڕ هێما نووسراوە، بۆیە زۆری قسەی زیادەیە و هی نێو بەیاننامە نییە.

(٥) لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا سەبارەت بە پەیامیان بۆ داهێنانی ئەدەبی، دەنووسن: «ئەمانەوێت ئەو تەوقە ڕزیوانە بشکێنین، کە شێوە و ناوەرۆکی ئەدەب ئەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزوتنەوەی مردووی لەش ساردوسڕ، ئەمانەوێت لەو تاقیکردنەوانەدا بژین، کە لەناو جەرگەی کارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژرابن و خۆمان لەو سنوورانە بهاوێینە دەرەوە، کە دەوری پێشوویان لەگەڵ سەردەمی ڕابردوویان بەسەرچوو».. ئەم بڕیارەشیان لە ڕاستیدا بڕیارێکی بە ناڕەوا گشتگیرە و کولتووری ئەدەبی کوردی پێشە خۆیان بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، ئاخر باشە ئەوە ڕەوای هەقە تێکستی پڕ دوڕ و گەوهەری بیر و پەیامی (مەم و زین)ی بیرمەند و زانا و فەیلەسووف و ڕۆشنبیرێکی گەورەی کوردی وەک (ئەحمەدی خانی)، وەکو (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) بەو پەسنانە ناوی دەبات، لەشێکی ساردوسڕ و مۆمیاکراوی بێ نرخ و بەها بێت؟! بەرهەمێک کە هەتا ئێستاش تورکە کەمالییە شۆڤێنییەکان تا سەر ئێسقان ڕقییان لێیە و هەر کاتێ کورد ڕاپەڕینێکی لە کوردستانی باکوور کردبێت، گوتوویانە: ئاخ ئێستا ئەحمەدی خانی لێرە بووایە لە سێدارەمان بدابایە، ئینجا دڵمان ئاوی دەخواردەوە، چونکە ئەوە مەم و زین و ئەوە ئەحمەدی خانییە ئەو خەڵکەیان فێری خەبات و کۆشش لە پێناوی ئازادی کوردستان کردووە و ئێستاش دانامرکێنەوە!! دەی ئەگەر (ئەحمەدی خانی)یەک، لە ڕێگەی شاکاری بەناوبانگی (مەم و زین)ی تا ئێستاش بیری کوردایەتی و مرۆیی بەهێز پێشکەشی ڕۆڵەکانی کورد بکات، ئەوە ناڕەوا نییە بەرهەمەکەی بە لەشێکی مۆمیاکراوی بێ بایەخ لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە تەماشا بکرێت؟!

ئەدی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی (حاجی قادری کۆیی)، ئەو شیعرانەی لێوانلێون لە بیر و فەلسەفە و هاندانی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، ئایا ئەوانەش بێ گیانن و بێ نرخ و بەهان، وەکو ڕوانگەییەکان دەڵێن؟! ئایا ئەوە ناهەقییەکی گەورە نییە بە هەقی ئەو شاعیرە بلیمەت و گەورانەی پێشوومان؟! بێ گومان با.

(٦) ئەو بەیاننامەیە گەلێک دەربڕینی ناڕوون و نادیاری لەخۆگرتووە، ئەوەش بۆ بەیاننامەی ئەدەبی، یان غەیرە ئەدەبیش ڕەوا نییە.. بۆ نموونە:

(أ) لەو بەیاننامەیەدا هاتووە: «سەدەی تازە، هەزاران سنووری داڕێژراوی لەوە بەری بە تەوژمی بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی نەترس و ئازا ڕامالێ و شوێنەواری زۆریشی سڕینەوە».. لێرەدا خوێنەر دەپرسێت: ئایا سنووری داڕێژراوی لەوە بەر چییە!! تەوژمی بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی چ بیروباوەڕێکە، فەلسەفەکەی لە کوێ هەڵێنجاوە، خۆ دەیان بیروباوەڕ شۆڕش دەکات و لە کوردستانیش لەو سەد ساڵەی ڕابردوو چەندین ئایدیۆلۆژیا خەبات و شۆڕشی کردووە؟! بۆچی بە ڕوونی

ئەو شــتــانە نەخــراونەتە ڕوو!! ئەمــە لایەنی لاوازی بەیاننامەکەیە!!
(ب) لە شـوێنێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: «بەڵێ، ئەو سەدەیەیە، کە مـرۆڤ تیـایا دەسـتـەویەخە ڕووبەڕووی ئەو گورگی مردنانە دەجەنگێت، کە ئەیانەوێ ژیانی لێ بکەنە شـانۆیەکی نائومـێـدی و وڕەبەردان و دەستـەوسانی، تا وەک هەر نێچیـرێکی لاواز و بەسـتە زمان دەم بنێنە لاکی!».. باشە ئەم گورگی مردنانە کێن؟ یان کـێنە ئەوانەی هەندێک سـیـسـتـم و بەرنامــە و حکوومەت و سەرانیان بە گورگ دەزانن؟ خۆ بێ گومان ئەوەی لای هەندێک کەس و هەروەها لای ئەو بەڕێزانەی لەسەر ئەو بەیاننامەیەشیان ئیمزا کردووە و بە نادیاری وەکو گوتمان هەندێک کەس و بەرنامە و سیستمیان بە گورگ داناوە، مەرج نییە ڕێککەوتنی تەواوی لەسەر بێ و مەرج نییە خوێنەر هەموو بە هەمان ئەو تێگەیشتنانەی ئەو بەڕێزانە ڕازی بن، چونکە بیـر و ئایدیۆلۆژیا و هەر بەرنامە و فەلسەفەیەکی شۆڕشگێڕی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئایینی، یان ئەدەبی، دەبێت بە دەستـەواژەی ڕوون و ئاشکرا بنووسرێت، نەک بە گشـتی بنووسرێت، چونکە دەشـــێت ئەوەی بە نادیاری خـــراوەتە ڕوو، لە لایەن بنووسـانییەوە واتایەک و لە لایەن خوێنەریش واتایەکی دی وەربگرێت، بەوەش چەواشەکاری بەرهەم دێت.
(٧) وەکو لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، ئەو گرووپە پێیان وایە ئەدەبی باش ئەو ئەدەبەیە، کـە: شـۆڕشگێڕ بێت؟! سـەربەست و ئازاد بێت، جـوانی پەرست بێت، کـورد بینووسێت و بۆ مرۆڤی کورد بێت؟!
بەڵام لە ڕاستیدا چەمک و بەرنامەی شۆڕش چەسپـاو نییـە، ڕاسـتـە ئەوەی چەسپـاوە شـۆڕش و گـۆڕانهـێنانە بەسەر واقیعە خراپەکان، بەڵام شۆڕشەکە بە چ بەرنامە و پەیامێکەوە بێ، ئەوە نەچەسپاوە و هەمیشە لە گۆڕاندایە و هەر ڕۆژگـارەی چی لە مەترسیدا بێت، ئەدەب شـۆڕش بۆ ئەو شـــتــە دەکـــات، ئەوە لە زیندوویەتی ئەدەبە و هەمیشە چەسپاوە، بە پێچەوانەوە ئەدەبی باش ئەدەبێک نییـە بێ بەرنامـە بێت و شـۆڕش نەکـات، کـەوابێت لەو خـاڵەدا ئەو برادەرانە زۆر ورد نین و بە ناڕەوا بێـجگەی خۆیان ناشرین دەکەن و تەنیا شایەدی گرنگی بۆ ئەدەبی خـۆیان ئەدەن، ئەوەتا خـەڵک دەپرسـێت: بۆچی خـانی و حاجی (وەکو لەسەرەوە باسمان کردن)، کە باس لە مافی کورد و خەباتی یەکبوونی کورد و دەوڵەت و پاشا و دراو و ئاڵای تایبـەتی کـورد دەکـەن، شـۆڕشگێڕ نینە؟! شـێخ نووری کە باس لە مەدەنییـەت دەکات و خـەڵکی بۆ هان دەدات، بۆچی ئەوە شۆڕش نییە؟! ئایا کە پیرەمێرد شیعر بۆ نیـشـتـمـان دەنووسێ و ڕەخنە لە دیاردە کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیـیـە چەوتەکـان دەگـرێت و هەوڵی چاککردنیـان دەدات، ئایا ئەوە شـۆڕش نییـە؟! کە بێکەس پەنجـەی لە نێو چاوی نوێنەری ئینگلیز دەنا و (بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم)ی بە گلەییەکی زۆرەوە ئاراستە دەکرد و داوای مـافی کـوردی دەکـرد، ئایا ئەوە شـۆڕش نەبوو؟! کـە گـۆران و بەخـتـیـار زێوەر و عـەونی و دڵدار و دڵزار شـیـعـر بۆ کـوردسـتـان و جـوانی کـوردسـتـان و مـافی هاووڵاتیانی کورد و خەبات لە دژی سەرمایەدار و شۆڕش بەسەر کەمـوکوڕییەکان دەنووسن، ئایا ئەوانە لە خزمەت شـۆڕش و بەرەوپێشـبـردنی کـوردسـتـان نەبوونە و تەنیـا ئەوەی ڕوانگە لەمــەولاو دوای بەیاننامــەکـەیان دەیکەن شۆڕشە؟! ئەدی خۆیان ناڵێن: لە هەموو قۆناغێک ئەدەب تۆماری ماف و خەباتی نەتەوە بووە؟!
لە لایەکی ترەوە، ئەدەبی گـەورە و پێـشـکەوتوو ئەو ئەدەبە نییـە، هەر تەنیـا لە سنووری نەتەوەدا بمێنێتـەوە، بەڵکو ئەدەبی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ ئەو ئەدەبەیە، لە سنووری نەتەوە سـەرهەڵبـدات و سنوورەکـانی نەتەوە ببـڕێت، بگاتە قـووڵایی نەتەوە دوورونزیکەکـان و وەکـو شـاکـارێکی جیـهـانی خـۆی فـەرز بکات، لێـرەوەیە: (بێنەوایان)ی (ڤیکتۆر هیگۆ) و (ژنە نانفرۆشەکە)ی (کزافیە دی مونتابین) و (دایک)ی (گۆرکی) و دەیانی تر بوونە ئەستێرەی بریسکەداری ئەدەبیاتی جیهانی و بۆ هەموو زمانانی دنیا وەرگێڕران، بەڵام ئایا بەرهەمەکانی ڕوانگەییەکـان هیـچیـان گـەیشـتـنە ئاسـتی ئەوانە؟! بێ گومـان نەخـێـر، کـەوابێ لەو بەیاننامـەیەدا سفـرکـردنی پێـشـینان و خـۆزەقکردنەوە و سـتـایشی خـۆ، خـاڵێکی دیکەی جێی ڕەخنە و سەرسوڕمـانە و نابێت بەیاننامەی ئەدەبی وەها بێت.

## نەیارانی ڕوانگە

دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامـــەی ڕوانگە، لەبەر ئەو ناڕوونی و زێدەڕۆیی و پەلەکردنەی لە پەرەگرافەکانی ئەو بەیاننامەیدا خوێنرایەوە، لە لایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانی

کوردستان گلەیی و ناڕەزایی و ڕەخنەی زۆر دروستبوو، ئەوانە زۆریان ڕەخنەکانیان هەر لە سنووری ئاخاوتن بەجێ نەهێشت و بە قەڵەمەکانیان بیروڕاکانیان لە بارەی ئەو بەیاننامەیەوە خستە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان، لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر بیروڕاکانی ژمارەیەک لەو نەیارانەی ڕوانگەیان ڕەت کردەوە و ڕەخنەی توندیان لە ڕستە و پەرەگراف و بیروڕاکانی گرت.. لەوانە:

**یەکەم: (عەبدولڕەزاق بیمار)**

ئەم بەڕێزە لە ژمارە (١٧)ی ٩/٥/١٩٧٠ی ڕۆژنامەی هاوکاری و لە ژێر ناونیشانی (بانگەوازی ڕوانگە» ڕەخنەیەکی هێمنانەی لە بیروڕاکانیان گرتووە و نووسیویەتی: «یاخیبوون... بەڵام لە چی؟! لە کێ؟! لە کام بۆتە و زنجیری ئەستووری ئسلوب؟! لە کام نەریت و قەمچی ئایینە کۆنەکانی ئەدەبی کورد؟! لە کام کۆمەڵی وشکی چەقیوی زۆردار؟! لە کام دەستەی خاوەن دەسەڵاتی عەمارکەری بیرو بەهرە و هونەر؟! خۆ لە گەزدان و بێزاری لە کام هەوای خنکێنەری ئاسمانی دووکەڵگرتووی پیشەسازی و کۆمپانیا و کارخانەکانی وڵات؟! لە کام دیوی ئالەت و مۆتەکەی کات و خێرایی نارەوا» ؟!

بەم شێوەیە بیمار هەموو ڕێگەکان لە ڕوانگەییەکان دەگرێت و دەیانخاتە بەرانبەر پرسیاری جددی، کە ئەوان نەیانویستووە بیڵێن و بە شاراوەیی شتە جوان و تەنانەت پیرۆزەکانی نەتەوەشیان ناشرین کردووە و وەکو گوترا نەیانهێشتووە کەس بە ئاشکراو ڕوونی تێیان بگات مەبەستیان چییە؟!

بیمار بەم پێشەکییەی مەبەستی ئەوەیە پێیان بڵێت: ئەگەر مەبەستتان ئەوە بێت: لە بەها ئایینییەکان، یاخی بن، ئەوە هەڵەن، چونکە ئەوانە جێی شانازین و شیاوی یاخیبوون نین، ئەگەریش بتانەوێت بڵێن: لە شێوازی نووسین یاخین، لەوەش هەڵەن، چونکە شێوازی ئەدەبی پێشوومان بە کلاسیک و نوێشەوە بەهێزە، دواتر لە شێوازی نووسین بۆ یاخی دەبن، کۆنەکە جێی ڕێزە و ئەدەبیاتێکی گەورەی بەرهەم هێناوە، فەرموون ئێوەش بە شێوازێکی دیکە و تازە بەرهەمێکی دیکەی گەورەمان بۆ بەرهەم بێنن، ئیدی خۆ شەرت نییە، ئەوەی ئەمڕۆ ئەگەر تازەتر بێت، لە هی دوێنێ، دژایەتی ئەوی دوێنێ بکات!! هەروەها مەبەستییەتی بڵێت: ئەگەریش دەتانەوێت بڵێن نووسینمان چەقبەستووە، ئەوە وانییە، ئەگەر دەتانەوێت بڵێن: لە فڵانە دەستە یاخینە، چونکە بیرو بەهرەیان عەمارکردووە و شاردۆتەوە لە خوێنەر، ئەگەر بڵێن: یاخین لە باڵکێشانی پیشەسازی ئادەمیزاد بە ئامێرکەر، یان بێزار و یاخین لەو سەردەمەی تێیدا دەژین بە هەموو ئەو بەها و یاساو بیر و ڕابردوو و مێژوو و هەموو ئەو شتانەی کولتووریکیان لەم سەردەمەدا پێکهێناوە، لەوەشدا هەڵەن و ئەوەی دەیڵێن لە کوردستان بوونی نییە و ئەو لاساییکردنەوەیەشتان بۆ ڕێبازە ئەوروپییەکان و بە زۆر ساغکردنەوەی بەسەر کوردستان و واقیعی کورداندا کارێکی هەڵەیە و بەجێ نییە، بۆیە یاخیبوونەکەتان قەبووڵی بۆ نانووسرێت!

بیمار دوای ئەوە، ئینجا دێت توندتر لەو پێشەکییەی دەنووسێت، بەڵام دیسانەوە بە شێوازێکی لەسەرخۆ و هێمن، ئەم جارە بیرۆکەی یاخی بوون لای ئەو نووسەرانەی ڕوانگە هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە، کە یاخیبوون کەسایەتییەکی مەعنەوی خراپی هەیە و ئەوە نییە ئومێد و هیوایەکی لێ بخوێنرێتەوە، ڕوویان تێدەکات و پێیان دەڵێت: «برا یاخییەکان بۆچی یاخی بوون؟! کە وابزانم یاخی بوون کردەوەی تاکە کردەوەی تاکیش پێچدان و ئاڵۆزی ئارەزووی دەروونە و لە زەوی بووندا ڕەگی داکوتراوی نییە، بە پێچەوانەی شۆڕشەوە، کە دەنگدانەوەی هەقی ماندووبوونی کۆمەڵێکە و سروشتی شت و ناکۆکیی ژیان ڕەگی هەمیشەیی لە زەوی واقیعدا چەسپاندووە، شۆڕش ژیان و گەرموگوڕێتییە، هاوکارییە، هاوبەشی و هاوئەنجامە، پێویستییەکە لە پێویستییەکانی سروشت، بەڵام یاخیبوون، سروشتێکی ڕۆمانسییەت و میتافیزیک پەرستەکانە».

لە لایەکی دیکەوە بیمار دێت سەرنج بۆ ڕاستییەکی دیکە دەبات و دەنووسێت: «بانگەوازەکەیان بەپەلە و لەناکاو بوو، چونکە تا ئێستا لە مەیدانی نموونە کارییەوە، (ئەو شەش نووسەرە) نموونەیەکی لە خەڵک بەدەریان پێ نەداوین، قەڵایەکی تازەیان نەگرتووە، تا پێویست بە دەرکردنی بەلاغێکی مارش ئامێز بکات، ئەگەر شێرکۆ چەند هاوارێکی کاریگەری وەک (ملیۆنەهاین و ٢٥٠٠ ساڵە)ی کردبێ، ئەگەر لەوە

نەترسین، کە دەنگدانەوەی هەڵبەستی پاش کۆستی پێنجی حوزەیرانی عەرەب بێت، شۆڕشێک نییە بەرپابووبێت، دەنگێکە لە دەنگەکان و وێنەیێکە لە حاجی قادرەوە تا ئێستا شاعیرە نەتەوەپەروەرەکانی تر ڕەنگ و هێڵیان لێ کێشاوە، ئەگەرچی وا گورچکبڕ و بەجەرگ و تەواویان نەکردووە». لەوەشدا بیمار دەیەوێت بڵێت:

(١) لە بواری شیعردا شاعیرانی ئەو گرووپە بە کردەوە تا ئێستا هیچێکی نوێتریان لەوەی پێشووی شیعری کوردیدا پێشکەش نەکردووە، بێجگە لەو دوو پارچە شیعرەی شێرکۆ بێکەس: (ملیۆنەهاین) و (٢٥٠٠ ساڵە)، بەڵام بیمار دەڵێت، ئەوانەش درێژەپێدەری مۆدێلی شیعری حاجی قادری کۆیی و شاعیرە نەتەوەپەروەرەکانی دوای حاجی قادرن و شتێکی نوێ و هێندە تازە و گرنگ نینە، ئەمە ئەگەر بێتو لاساییکەرەوەی شیعری هاوچەرخی عەرەب نەبن، کە باری شکستخواردووی نەتەوەیی عەرەب بە هۆی سیستمە شۆڤێنییە نوێکانیان لە حوزەیرانی ١٩٦٧ واقیعێکی تاڵی بەسەر عەرەبدا هێنا و هیوا و ئومێدەکانی نەتەوەی عەرەبی زیندە بەچاڵکرد، لەبەر ئەوە هەندێک لە شاعیرانی عەرەب ئەو ڕێچکە نەتەوەییە نوێیەیان لە شیعردا داهێنا و توندوتیژ دژی کولتوور و سیاسەت و کۆی سیستمە کۆن و نوێکانیان وەستان، ئەوەی شێرکۆش ئەگەر لاسایی ئەوان نەبێت، درێژە پێدەری ڕێبازی حاجی قادرە لە داهێنانی شیعردا، بەوەش چ شتێکی تازەی نەکردووە، تا بانگەوازی بۆ بکات و داوا بکات نووسەر و شاعیرانی تر وەکو ئەو و هاوڕێکانی بیربکەنەوە.

(٢) لە بواری فۆرمە ئەدەبیەکانی تریشدا بیمار دەنووسێت: «خۆ لە مەیدانی چیرۆکدا، کە هەموو ئەیزانین، چیرۆکنووسی تازە لە کوردەواریدا ئێجگار ساوایە و تا ئێستا هەر هەوڵدانی بێ چەسپاندنە، لەو مەیدانەدا، ئیتر نازانم ئەبێ چی بڕووخێنین و چی تازە بنیات بنێینەوە؟! گەلی کورد تا ئێستا هۆڵێکی شانۆ و مۆسیقای نییە و کەرەستەی چاپ و بڵاوکردنەوەی نییە، بە دەگمەن چیرۆکێکی شانۆیی جیهانی و شانۆگەرییەکی نابینی، ئیتر کام دامودەزگای هەڵتەکێنین و لە کام لاوە، لە ڕووی شێوەی، یا ناوەڕۆکی بووەستین» ؟!

لێرەدا بیمار گومانەکە گەورەتر دەکات لەسەر بانگەوازی ڕوانگە و دەریدەخات، کە چ پاساوێکی نییە، چونکە کە چیرۆک و شانۆگەری و ڕۆمان و فۆرمە پەخشانییەکانی دیکەمان هەر نەبێت، یان ئەوەی هەبێ زۆر لاواز و کەم و بچووک بێت و لە خانەیەکی هێندە زەق و بەرچاو نەبێ، کولتوورێکی دروستکردبێت، تا بکرێت قسەی لەسەر بکرێت، پێی ڕازی بین، یان ڕەتی بکەینەوە، ئیدی لە چی یاخی بین و کوودەتا بەسەر چیدا بکەین؟

ئەگەر ئەوەش ڕاستییەکەی واقیعی ئەدەبی کوردیمان بێت، هەروەها ڕاستی واقیعی داهێنانی ئەو شاعیر و چیرۆکنووسانەی گرووپی ڕوانگە بێت، ئیدی ئەو هەموو ماندووبوون و ئەو بانگەوازە پڕ لە تووڕەیی و نادیارییە بۆ؟ بۆیە بە هەموو ئەو ڕەخنانە، کە لەو بەیاننامەیە دەگیرێت و لە زیاتر لە لایەنێکەوە لە بایەخی کەم دەکاتەوە، بیمار گورزێکی گەورە لە بیری ڕوانگە دەدات و هەر گرنگییەکی ئەو بەیاننامەیە ڕەت دەکاتەوە.

**دووەم: (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی)**

لە ژمارە (٢٢)ی ١٣/٦/١٩٧٠ی ڕۆژنامەی هاوکاری، لە ژێر ناوونیشانی (یاخیبووەکان.. هەمدیس لە بارەی بانگەوازەکەی ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێ) بابەتێکی ڕەخنەئامێزی نووسیوە و پوختەی بیروڕای ئەو بەیاننامەیەی گرووپی ڕوانگەی شی کردۆتەوە و ڕەخنەی توندی لێگرتوون، لەو بابەتەی ئەم نووسەرەدا هاتووە: «ئەو برایانە هاتوون بە شێوەیێکی نادیار و شاراوە و دووروودرێژ لە ڕێگا و مەبەستەکەیان دوواون، ئێمەش بۆ پوختەی قسەمان، وا ئەو ڕووەی کە نیشانەی ترسناکی و تارمایی و گومان لێکراوی تیا بەدی ئەکرێ، لەو بارەیەوە ئەدوێین، کە مەبەستمانە».

لەم نووسینەی سەید عەلی بەرزنجی دوو شت دەردەکەون، ئەوانیش:

**یەکەم:** زمانی ئەو بەیاننامەیە، وەکو ئێمەش ئاماژەمان بۆی کرد، زمانێکی شاراوەی نادیارە و گەلێ پرسیاری جددی لە دژدا دروست دەبێت؟! زمانی بەیاننامە قەت نابێت وابێت!

**دووەم:** ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی پێی وایە ئەم شێواز و بیرەی نێو ئەو بەیاننامەی ڕوانگەیە، ترسناکە و

جێگەی گومان و ناڕەحەتییە.

دوای ئەوە نووسەر دێت چەند بڕگەیەک لە بڕگەکانی بیری پوختکراوی کۆتایی بەیاننامەکە دەخاتە بەر نەشتەری ڕەخنە و بۆ نموونە لە بارەی یەکێکیانەوە دەڵێت: ئەوان دەڵێن نووسینمان: «سەربەست و ئازادە، بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک ئەپچڕێنێت».. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ڕەخنەی توند لەو خاڵەش دەگرێت و دەڵێت: «ئەمە ئامانجێکی تریانە، کە تیایدا داوای سەربەستییەکی وا ئەکەن، کە هەموو کۆت و زنجیرێکی دەوریان بپچڕێنن، مەبەستیان چ کۆت و زنجیرێکە؟! ئایا ئەدەبەکەمان ئەوەندەی بەبەرەوەیە، کە ئێوە یەک لە دوای یەک ئەو زنجیرانەی بترازێنن و لێیان ڕزگار بن؟! ئایا ئەدەبەکەمان گەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە لە هەموو لایەکەوە ئەدیب کۆت و زنجیر بکات» ؟!

دوای ئەوانە هەمووی، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی فەلسەفەی ئەو برادەرانەی ڕوانگە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوان لە لاساییکەرەوەیەکی ڕێبازە دەرەکییەکان زیاتر نینە و دەنووسێت: «ئەم لاساییکردنەوەی ئەو شەش برایە، جگە لە شێواندنی ڕەواڵەتی وێژەییمان و فەحوای ئەدەبەکەمان هیچی تری لێوەدەست نایێت».

**سێیەم: (تەڵعەت سامان)**

لە ژمارە (٤٣)ی ٣١/ ١٠/ ١٩٧٠ی ڕۆژنامەی هاوکاری، لە ژێر ناوونیشانی (دەربارەی ڕوانگە) بابەتێکی ڕەخنەیی نووسیوە و لە هەندی لایەنی بیروڕاکانی ئەو بەیاننامەیەی داوە و ڕەخنەی توندی لێگرتووە، لەوانە:

(١) تەڵعەت سامان زۆر ناڕەحەتە لەو قسەیەی، کە لەو بەیاننامەیەدا هاتووە و گوایە خۆیان بە قوتابخانەی نەتەوە و ژیان داناوە؟! ئەوە گلەیی گەورە لای سامان دروست دەکات و لە میسداقیەتی بەیاننامەکەی ڕوانگە لەلای ئەو کەم دەکاتەوە، چونکە بەو قسەیەیان بێجگە لە خۆیان بە ناپاک و بێگانە پەرست وەسف دەکەن، کە ئەمە ستەمێکی گەورەیە، بۆیە سامان بەداخ و حەسرەتەوە ڕوو لەو نووسەرانەی ڕوانگە دەکات و دەنووسێت: «کە ئێوە دەڵێن: قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە.. نە گریان و دۆشدامان و فرمێسک ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکان، وە نە گرفتی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزووتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیشە» ؟! لەم بارەیەوە هیچ ناڵێم، لەوە زیاتر نەبێت: بەسەزمان هۆگۆ، بەسەزمان گۆرکی!! هەزارویەک داخیش بۆ حاجی و بێکەس و گۆران؟!! ئەم کۆڵەوارانە وا دیارە لە بەسەرهاتی ڕۆژانەدا دوور بووبوون، وێنەگر بوون، کە خەباتیان ئەگێڕا دژی زۆردار و خوێنمژ و بێگانەکان، واتە: ئەی بۆ دەربەدەرکران و تامی تەواوی ئازار و ئەشکەنجەی بەندیخانە و دوورولاتییان چێشت؟! دیارە قوتابخانەی وان قوتابخانەی بێگانە و مردن بووە» ؟!

بەم نووسینەی سامان ڕوانگەییەکان شەرمەزار دەکات، کە تەجاوزیان لەسەر مافی نووسەر و شاعیرە گەورەکانی سەر ئاستەکانی جیهانی و نەتەوەیی کردووە و سەروەرییان لە هەموو ئەوانەی پێشە خۆیان داماڵیوە و هەموو سەروەری و دڵسۆزی و باشییەکییان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە.

(٢) سامان لە لایەکی دیکەوە، دەیەوێت بە نووسەرانی ڕوانگە بڵێت: ئێوە تێکدەر و عەبەسین، چونکە ئەوەی هەیە ڕەتی دەکەنەوە و دەیڕووخێنن و ناشمانخەنە سەر بەدیلێکی تر، دەنووسێت: «پێم ئەڵێن مێژوو و شارستانییەت لابەرە! باشە، بەڵام بە چی لایبەرم؟! پاشان کە لایانم برد، چی بکەم؟! پێویستە وەڵامێکتان هەبێت؟! چونکە من لە کەلێن و سووچەکانی بانگەوازەکەتان هیچم بەرچاو نەکەوت»!!

(٣) سەرەنجام لەبەر ئەو بیروڕا سادە ناهەقانەی ئەو گرووپە بەو ئاسانییە لە بەیاننامەکەیاندا خستیانە ڕوو، تەڵعەت سامان ئەو کۆمەڵە شاعیر و نووسەرە بە هەرزەکار و کاڵفام دەناسێنێت و لە کۆتایی بابەتەکەیدا دەنووسێت: «ئەوان لە قۆناغێکی بیری دان، ئەتوانین بڵێین: قۆناغی هەرزەکاری بیرە»!

**چوارەم: ئەحمەد تاقانە**

بە ناوونیشانی (ڕوواڵەتی هەڵبەستی نوێ)، لە ژمارە (٣٥)ی ڕۆژی ٢/ ١٠/ ١٩٧١ی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕەخنەیەکی ناسکی ئاراستەی ئەو گرووپەی ڕوانگە و نووسەرانی کردووە و گوتوویەتی: «بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە مامۆستا نوری شێخ ساڵح و مامۆستا گۆران و برادەرانیانەوە دەستی پێکرد»، بەو وتەیەشی نەفی ئەوە دەکات، نووسەرانی ڕوانگە

یەکەم دەستە بن لە نوێکەرەوانی شیعری کوردی و روونتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو نووسەرانەی ڕوانگە بێ ئومێدیان کردین لە ئومێدێک، کە بە بەیاننامەکەیان بۆیان دروست کردبووین، دەنووسێت: «لەم دواییەدا چەند کەسێک کەوتبوونە هاتوهاوار و بە ناوی نوێخوازییەوە دەستیان بە قسەی زل کردبوو.. ئێمەی لاوانی وێژە دۆست، گەشەیەکی تازەمان کەوتە دڵەوە، بە هیوای ئەوەوە، کە ڕێبازێکی تازە لە ئەدەبی کوردیدا سەر هەڵبدا، کەچی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو دەنگە دەنگ و مقۆ مقۆیەدا تێپەری، بێ ئەوەی شتێکی نوێ لە بڵاوکراوەکانی ئەو کۆمەڵانە بەدی بکەین، ئەگەرچی تاقمێک لەو تاقمانە توانیبێتیان، چەند کەسێک لە دەوروبەری خۆیاندا کۆبکەنەوە و خۆیان و کەمایەتییەک بەوە هەڵخەڵەتێنن، کە گوایە پێشەوایەتی تازەکردنەوە و داهێنان دەکەن و دامەزرێنەرانی ڕێبازێکی تازەن لە وێژەدا».

**پێنجەم: لەتیف هەڵمەت**

لە چاوپێکەوتنێکدا، کە ژمارە (٤٤)ی ڕۆژنامەی هاوکاری لە (٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧١) لە گەڵیدا ئەنجامی داوە، بە توندی ڕەخنەی لە ڕوانگە گرتووە و بەیاننامە و نووسەرەکانیشی سفر کردووە، سەبارەت بە ڕوانگە گوتوویەتی: «ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو، هیچی هەڵنەهێنا»!! سەبارەت بە نووسەرانی ڕوانگەش نووسیویەتی: «پێشڕەوانی ڕوانگە ئەیانگوت: ئێمە یاخین.. لەگەڵ ئەوەشا یاخی نەبوون.. من نازانم ئەوان لەچی یاخی ئەبن؟! لە سامانی کۆن یاخی نابن.. لە ئێستا یاخی نابن.. لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یاخی نابن.. لە دروشمە ڕامیارییەکان یاخی نابن.. لە شێوە و دارشتنی هۆنراوە و چیرۆکی کۆن یاخی نابن.. ئەی لە چی یاخی ئەبن؟!

بۆیە لەتیف هەڵمەت وەکو شاعیرێکی بە توانا و دیاری ئەو ڕۆژگارە و ئێستاش نەچووە پاڵ ئەو گرووپەی ڕوانگە و بەرنامە و بیروبۆچوونی ئەوان تینووەتییان نەشکاند، بۆیە خۆی و ئەنوەر شاکەلی جارێ بیرێکی دیکەیان دا بۆ داهێنانی ئەدەبی، کە خۆیان بە گرووپی (کفری ـ کەرکووک) پیشان دا و لە بەشێکی دیکەی کارەکانمان تیشک دەخەینە سەر بەرنامە و پرۆژەی ئەوانیش.

**شەشەم: بەکر حسێن**

بە ناوونیشانی (چەند تێبینی و سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لەسەر ڕوانگە و هەندێ لە بەرهەمەکانی)، بابەتێکی ڕەخنەیی درێژی لە ژمارە (١٠٧)ی ڕۆژی (١٩٧٢/٣/١١)ی ڕۆژنامەی هاکاری نووسیوە، تێیدا ڕەخنە لە ڕوانگە و بابەتێکی حسێن عارف دەگرێت، کە لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری نووسەری کورد، بە ناوونیشانی (وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ) بڵاوی کردۆتەوە، تێیدا لە چەند برگەیەکی ئەو بابەتەیدا دەنووسێت: «ئەو نووسینە بەلای منەوە بەرهەمێکی بێ بایەخە و ئەوەی نەئەهێنا، کە بخرێتە سەر دەزگای باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، بەڵام چونکە ئەم جۆرە نووسینە بەردەوام بوونە لەسەر ڕێبازێکی ناڕاست و سەرلێشێواوانە، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠ەوە بە ناوی ڕوانگە پەیرەوی لێ ئەکرێت، بۆیە بە پێویستم زانی، کە هاوبەشی بکەم لە ڕەخنەلێگرتنی».. کەوابێ: لێرەدا ڕێبازی ڕوانگە بە ڕێبازی ناڕاست و سەرلێشێواو وەسف دەکات.. سەبارەت بە نووسەرانی ڕوانگەش هەر هەمان ڕای هەیە و تۆختر لەوەی پێشوو دەنووسێت: «ئەم نووسەرانە لە گێژاوێکی فکریدان، سەرلێشێواون».

**حەوتەم: ئەحمەد شەریف**

لە ژمارە ١٢٣ی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١ بابەتێکی ڕەخنەیی توندی لە دژی ڕوانگە و وەک وەڵامی (سامی شۆڕش) نووسیوە، تێیدا نووسەر و شاعیرانی ڕوانگە زۆر ناشیرین دەکات، دەنووسێت: «شتێکی ئاشکرایە ڕوانگەخوازان چەند لاوێکی تازەپێگەیشتووی سەرلێشێواون و پەیرەوی هیچ بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازی زانستی ناکەن، لاسایی خەتێکی ڕاسترەوی بۆرژوازی ئەورووپی گومانلێکراو دەکەنەوە، جا با هی ئەمانە لە نەزانی و دڵسۆزیشەوە بێ، ئەمانە گوێ بۆ هۆش و زانست و ڕاستی ناگرن و یاخین لە کەلەپووری نەتەوایەتی و ڕاپەڕینە مێژووییەکانی میللەتەکەمان».

**هەشتەم: فازیل مەلا مەحموود**

بە ناوونیشانی (ڕوانگە، یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست) لە ژمارە (١٢٥)ی ڕۆژی

(١٩٧٢/٧/١٥)ی وتارێکی ڕەخنەیی درێژی لە ڕۆژنامەی هاوکاری نووسیوە، تێیدا ڕەخنەی توند لە ڕوانگە و نووسەرانی ڕوانگە دەگرێت، لە هەندێک برگەی ئەو وتارەیدا هاتووە:

– «کاک عەبدوڵڵا پەشێو لە (وانەی منداڵەکان)یدا، کوردایەتی ئەم سەردەمە بە درۆی پەتی لە قەڵەم ئەدات و دەربارەی خەباتی گەلی کورد ئەڵێ: (هەرچیمان وت، هەرچیمان کرد، نووسینی سەر دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان بوو)!! نووسەرانی ڕوانگە (بەم شێوەیە) بەردەوامن لەسەر ئەم ڕەشبینی و سووککردنی کوردە، لەسەر ئەم بێ باوەڕییە بە گەل، لەسەر هەوڵدان بۆ شکاندنی عەزمی خەڵک و ورە پێبەردانیان.. هەرگیز بە شێوەیێکی عیلمی سەیری مێژوو ناکەن و لایەنە ڕووناکەکەی دەرناخەن و هیوای دواڕۆژ نانێنە بەر خەڵک، لە ڕاستیشدا ئەمجۆرە بەرهەمە ڕەشبین و ناهومێدانە ئاوێنەی واقیع و ڕاستی نین و تەنیا تەعبیر لە بەزیوی و ڕووخاوی نووسەرەکان خۆیان ئەکات».

– «نووسەرانی ڕوانگە باسی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی هەموو مرۆڤ ئەکەن، کە ئاشکرایە ئەمە دروشمی بورژوازییەکانە، بۆ شاردنەوەی ناکۆکییەکانی کۆمەڵ و پەردەکێشان بەسەر خەباتی چینایەتیدا».

– «هەندێ کەسی (ڕوانگە) کە شانازی بە سەقافەت و شارەزایی خۆیانەوە دەکەن، دەڵێن: هەموو کتێبەکانی (کۆڵن ولسن)مان خوێندۆتەوە».. نووسەر دەیەوێ بڵێ: ئاخر بەرهەمەکانی ولسن چ پێوەندی بە کولتوور و واقیع و بیر و شۆڕش و داهێنانی ئەدەبی نوێی کوردییەوە هەیە!!

لە لایەکی دیکەوە نووسەر ڕەخنەی توند لە ڕوانگەییەکان لەسەر ئەو فیکرەیان دەگرێ، کە ئەوان دژایەتی خۆیان بۆ ئیسلام و مێژووی موسڵمانان و صەحابەکان دەردەبڕن و هیچ حورمەتێک بۆ ئەو ئایین و مێژووە پڕ سەروەرییە و شعووری نەتەوەکەیان دانانێن، کە زۆربەیان موسڵمانن، ئەوەتا دەنووسێت: «لە مەیدانی ئاییندا ڕوانگەییەکان زۆر بە ڕەقی و هەرزەکارانە هەستی ئایینی خەڵک بریندار ئەکەن و ئەیوروژێنن، کەچی دێن بە چرای ئەفسانە و خەیاڵ بە دوای ڕاستی پەیامە ونبووەکەی زەردەشتا ئەگەڕێن، وەک شاعیرێکیان دەڵێ: (چاوی زەردەشت بە بەهەشتی بەڵێنی دۆزەخییان بشۆن)! ئەیانەوێ مەبدەئەکانی ئاوێستا ڕاست بکەنەوە بەرانبەر مەبدەئەکانی ئیسلام، کە ئەمەش هەر ئەنجامی پێوانە شێواوە ئاوەژووەکەی بیری ئاڵۆزیانە و پڕە لە گیانی ڕەگەزپەرستی و دوژمنایەتی عەرەب، ئەگینا ئایینی زەردەشتی کۆنەپەرستانەترە لە ئیسلام، یاساکانی ئیسلام نوێنەری قۆناغێکی پێشکەوتووترن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە هاتنی ئیسلامەتی بۆ کوردستان و چەسپاندنی یاساکانی هەنگاوێکی بەرەو پێش بوو، بە تایبەتی ئەوسا هەستی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی نە کورد و نە عەرەب هێشتا لە ئارادا نەبوون، لەبەرئەوە هاتنی ئیسلامەکان بۆ کوردستان دوورە لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتییەوە، کەچی هەندێک لە ڕوانگەییەکان بەوەشەوە ناوەستن و لەگەڵ عەرەبدا شەڕ بە کۆنە قین دەکەن، وەک شاعیرێکیان لە نامیلکەی ژمارە سێی ڕوانگەدا ئەڵێ:

– با حاجی قادر گۆڕستانی ئەبا ئەییوبی ئەنساری هەڵتەکێنێ!

کە ئەبو ئەییوبی ئەنساری بە نموونەی ئەو ئەسحابانە دێنێتەوە، کە لە هاتنیانا بۆ کوردستان کوژراون، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ئیسلامەتیدا!! هەروەکو شەڕی ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ عەرەب و سەقافەتی عەرەبدا بێ، چارەسەریش بەوە بکرێت، کە بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی زەردەشت، کە ئەوەش هەوڵدانە بۆ ئەوەی گەلی کورد تووشی شەڕی لابەلاو ناڕەوا بکرێت و دوژمنە ڕاستەقینەکانی خۆی لەبیر بچێتەوە».. بەڵام «بە گژداچوونی باوەڕی ئایینی خەڵک و ئەو شتانەی هێشتا لای زۆربەی زۆری خەڵک پیرۆزن، لە هەمان بیرکردنەوەی بەرەڵڵاوە هاتووە، کە بە لای منەوە ناڕاستە و فڕی بەسەر پێشکەوتنخوازییەوە نییە، وە ئەدەبی نوێی کورد دەخاتە شەڕێکی دۆڕاوەوە لەگەڵ خەڵکی کورد خۆیا، لەگەڵ کرێکار و جووتیارەکاندا، نەک لەگەڵ دوژمنەکانیدا».

– «لە مەسەلەی ئافرەتیشدا نووسەرانی ڕوانگە نموونەی نووسەری بۆرژوازی بچووکی ڕاکردوو لە ئیلتیزامن».. بۆ نموونە: «... (یاسای خۆڵ و دۆ)کەی کاک حسێن عارف، نموونەی هەڵوێستی بەرەڵڵایە لە جنس، کە بە شێوەیەکی ناشیرین باسی پەیوەندییەکی جنسی حەرام ئەکات و ئەیکاتە نموونەی لە دایکبوونی

نەوەیەک، گوایە: ئەمە ئازایەتی ڕاستی وتنە»!!

– فازیل مەلا مەحموودی نووسەر ئەم بیروبۆچوونانەی ڕوانگەییەکان سەبارەت بە ناشیرین کردنی ئایینی ئیسلام و ڕەتکردنەوەی، لەگەڵ تێڕوانینیان بۆ ئافرەت و بانگەشەیان بۆ ڕەهاکردنی لایەنی جنسی، بە ناوی ئازادییەوە، مەحکووم و ناشیرین دەکات و بە لاساییکردنەوەی بێ بنەمای ئەدەبیات و فەلسەفەی نوێی ئەورووپییان دەزانێت، دەنووسێت: «بیرکردنەوەی وەها بێبەری نییە لە ئەدەبی (دادا)ییەکانی ئەورووپا و قوتابخانەی سوریالی و وجوودییەکان، هەر لە هەمان کاتدا دێت، کە شاڵاوی فیلمە جنسییەکانی ڕۆژئاوا، بە ناوی سەراحەتەوە وڵاتی ئێمەی گرتۆتەوە، کە تەنیا ئەنجامی بیرتێکدانی لاوان و سەر لێشێواندنیان و لادانیانە لە ڕێی خەبات و خەریک کردنیانە بە شەڕی ئایین و جنسەوە، ئەمەش هەمووی بە ناوی یاخێتی و نوێخوازی و نوێکردنەوە».

## نۆیەم: ساڵح عەلی گوللی

لە ژمارە (٩٧٢)ی ڕۆژنامەی (التآخي) وتارێک لەسەر ڕوانگە دەنووسێت، بە ناوونیشانی (جماعة روانگه وحديث عن الشعر الكوردي)، لەو وتارەیدا دەنووسێت: «بزاڤی ئەدەبی ڕوانگە، تێکدەری شیعری کوردییە و ڕوحی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری تێدا ونبووە».

هەر لەو وتارەیدا ساڵح گوللی سەرنج بۆ ئەوە دەبات، کە ڕوانگە و بەرهەمەکانی لاساییکەرەوەی شیعری مۆدێرنی ڕۆژئاوایی و عەرەبین، بۆیە شیعرەکانیان ڕووکەشن و بە بایەخ نین.

لە شوێنێکی دیکەش نووسەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە، وەکو ڕوانگەییەکان دەیڵێن، کە ڕێبازەکەیان درێژەپێدەری ڕێبازی گۆرانی شاعیرە، ساڵح گوللی گاڵتەی بەوە دێت و دەڵێت: ئەوانە شتێکی دیکەن و بە هیچ شێوەیەک پێوەندییان بە گۆرانەوە نییە.

## دۆستانی ڕوانگە

**یەکەم:** عەبدوڵڵا عەباس لە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٧٠ی گۆڤاری (بەیان)دا لە ژێر ناوونیشانی (سەبارەت بانگەوازی ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێ) پشتگیری لەو بەیاننامەیە دەکات و دەڵێت: «لە ڕاستیدا زۆر پێویست بوو ئەم بانگەوازە بدرێت»، ئەمەش لەبەرچی؟ لە ڕوانگەی (عەبدوڵڵا عەباس)ەوە لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە گرنگترینیان: «تا سەرەتای ئەم کاروانە دەرکەوێت، کە نووسەر و شاعیری شۆڕش و ڕاستی و چاونەترسی لە پێشەوە بێ و ئەم تەمومژە ڕامالێکات، کە چەندان ساڵە بە ڕووی ئاسمانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی نەتەوەکەمانەوەیە».

**دووەم:** تەها سەعید لە ژمارە (٢١)ی ڕۆژی (١٩٧١/٦/٢٦)ی ڕۆژنامەی هاوکاری، بابەتێکی ڕەخنەیی گەلی ناسک و سۆزئامێزی نووسیوە، تێیدا بە بڕوابوونێکی سادانەی تەواو بە بۆچوونەکانی ڕوانگە، ڕەخنەی لە نەیارانی ڕوانگە گرتووە و نووسیویەتی: «نازانم هۆی چی بوو هەندێ لە نووسەرەکانمان دژی ڕوانگە و بانگەوازەکەی ڕاوەستان؟! ئایا هەموومان ئەدەبێکی کوردی شۆڕشگێڕمان ناوێ؟! سەربەست و ئازاد، جوانی پەرست، کورد بینووسێ وە بۆ مرۆڤی کورد بێ» ؟!

واتە بە لای (تەها سەعید)ەوە ئەدەب شۆڕشگێڕی بێ و کورد بینووسێت و ئەو مەرجانەی تری تێدابێت، ئەوە باشترین ئەدەبە، ئیدی خەڵک بۆ ڕازی نابن؟! بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونانەی ئەو نووسەرە بەڕێزە، زۆر عاتیفیانەیە، دەنا ئەوە حاشاهەڵنەگرە ئەدەبیاتی نەتەوەیی هەموو نەتەوەیەک کوڕوکچانی نەتەوەکە خۆیان دەینووسن، ئینجا بۆ نەتەوەش بێت، یان بۆ بێجگەی ئەوانیش ئەوە زۆر خراپ نییە، بێ گومان هەموو ئودەبای دنیا ئەو تێکستە ئەدەبییەیان بەلاوە گرنگترە، کە سنووری نەتەوە دەبڕێت و لەسەر ئاستی جیهان خزمەت دەکات، وەکو پێشتر تیشکمان خستۆتە سەر، بۆیە لێرەشدا لەوە زیاتر درێژی ناکەینەوە.

## وەڵامی ڕوانگەییەکان بۆ ئەوانەی ڕەخنەیان لێگرتووون

ڕوانگەییەکان وەکو بەیاننامەکەیان بە بەیاننامەی ئەدەبی شۆڕشگێڕ ناوزەد دەکرد، خۆشیان لە وەڵامیان بۆ ئەوانەی وەکو خۆیان بیریان نەدەکردەوە و ڕەخنەیان لێدەگرتن، توندوتیژ و شۆڕشگێڕانە بوون، بەوپەڕی توندی ڕەدیان دەدانەوە و ناشیرین و قێزەونیان دەکردن، وەک ئەوەی بڵێی پەڕۆی بێ نوێژ وەسف دەکەن.. لە

خـوارەوە هەندێک وەڵامـە ڕەخنەییـەکـانی نووسـەرانی ڕوانگە لەسەر نووسەرانی پێچەوانەیان دەخەینە بەر چاو:

(١) شێرکۆ بێکەس لە ژمارەکانی (١٢٩ بۆ ١٣٤)ی ڕۆژنامـەی هاوکـاری، واتە بە شـەش ئەڵقـە وەڵامـێکی دوورودرێژ بە ناوونیـشـانی (ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە) بۆ فازیلی مەلا مەحموود و زۆربەی ئەوانەی تر دەنووسێت، کـە ڕەخنەیان لێگرتـوون و لە هەندێک بڕگـەیدا دەنووسێت:

– «ڕەخنـەی ئـەو ڕۆژانـە زۆربـەیـان بـۆ ئـەوەیـە، سەروگوێلاکی ئەدیبی تێدا بشکێنرێ و لە زنجیرە نمایش و ڕەخنەییێکی کـوێرانەدا بکەونە داپلۆخـاندنی پشـتی ڕاسـتی و ئازاردانی هەر وشـەیەکی سـەربەست، کـە لە دەمی هەر یاخیبـوویەکی شۆڕشگێـڕ و نەترسەوە بێتـە دەرێ».

– «فازیل مەحموود نووسینێکی بڵاوکردبۆوە، کە نەک تەنیا نەیویستووە، عیلمیانە و لەسەرخۆ لە بەرهەمەکانی ڕوانگەی ئەدەبیـمـان بکۆڵێـتـەوە و وەک پێـویست تێکستەکانی ئەو بەرهەمانە شیبکاتەوە و ببێتە هۆیەک لە نێـوانی ئەو نـووسـینانە و خـوێنەرانا بۆ دەستنیشانکردنی مەوزوعیانە، بەڵکو کورتبینییەکی وا بەرچاوی گرتووە، کە تەنانەت خوێنەری ئاساییش دەرک بەوە ئەکات، کە دوورە لە ڕەخنەی ئەدەبی و سیاسی».

– «لە کۆتاییدا ئێمە ڕووی دەممان دەکەینە هەمـوو ئەو مـامـۆسـتای کـوێرە ڕەخنانەی، کـە هەقـیـقـەتی ئەدەبی و هونەریمان لنگەوقوچ هەڵئەواسن»!!

لێرەدا شـێـرکـۆ بێکەس فـازیلی مـەلا مـەحـمـوود بە کەسێکی ناعیلمی و ناحاڵی و کورتبین وەسف دەکات و غـەیری ئەویش، هەمـوو ئەوانەی ڕەخنەیان لە ڕوانگە گرتووە، ڕەخنەی هەموویان بە کوێرە ڕەخنە دادەنێت!! کە شیـاوی ئەوە نەبن، وەکـو نووسـەرانی ڕوانگە سـوود لەو ڕەخنانە وەربگرن و خـۆیانی پێ بەرەوپێش ببـەن، هەرچەندە زۆر ئاساییە، کەسی سەرکەوتوو لە دوژمنیش وانە وەربگرێت و بە هۆیەوە خۆی بەرەوپێش ببات.

(٢) (کـاوە) ناوێک لە ژمـارە ٤٦ی ڕۆژی ١٨ی کـانونی یەکـەمی ١٩٧١ وتارێکی توندوتیـژی لە دژی ڕەخنەکانی لەتیف هەڵمەت لە ڕوانگە نووسیوە، تێیدا دەڵێت: «لەتیف هەڵـمـەت یەکـێکە لەو شـاعـیـرە مـوراهیـقـانەی، کـە لە دونیـای هۆنراوەی نوێدا، تووشی هەڵامەتێکی کوشندە بووە، ئەو جۆرە هەڵامەتانەی، کە بە دەم لەرزوتایەکی سەختەوە، ڕستەی شێواوی هەڵبزڕکاندن ئەکا بە پەتێکی قرچۆکەوە، کە دەنگی وشەکانی هەر لە یەکـەم پێـوەکـردنەوە، پچـڕاونەتەوە، بگرە یەکـێکە لەو سـوارە چوار پەل شکاوانەی، کـە لە پاشـاگـەردانییـەکـەی ئەمـڕۆی زمـانی کـوردیدا لۆقـە دەکـات، بەڵام لەمـانە هەمووی سەیروسەمەرەتر ئەوەیە، کاتێ قسە ئەکات، پلە و بەهرە و تاقـیکردنەوەی خـۆی بە جـۆرێک لەبیـر ئەچێتـەوە، کـە هەر وەکـو (سـان جـۆن پێـرس) و (بابلۆ نیرۆدا) و (هنری میشـۆ)ی ئێـمە وابێ، وا ڕووی دەممان تێ ئەکـا و ئەدوێ، هەر بەبێ ئەوەی ئاوڕێ لە شـیـعـرە قوماتکراوەکانی خۆی بداتەوە، کە تا ئێستاش وەک ئاو لە هێلەکدا بدا بە خۆی و خوێنەرانی وەهایە!! چونکە تا ئێستا ئەوەی لەتیف وتوونی، تێکڕا بریتین لە جوونەوەی چەند وێنەیەکی سـوا و ژەنگگرتووی پاشـماوەی خوانەکانی هەندی لە شاعیرە نوێخوازەکانی عەرەب و ئەو ڕستە ئاڵۆزکاوانەی، کە ئەم بە ئاوەژووی تێگەیشتن لە هەندێ شاعیری جیهانییەوە وەریگرتوون».

## ڕوانگە وەکو کولتوورێک لە بیری نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆی کوردستان

گـۆڤـاری وێران لە ژمـارە (٢)یدا لە بارەی ڕوانگەوە پرسیاری ئاراستەی ژمارەیەک شاعیر و نووسەر کردووە، سەراپایان ڕەخنەی توندیان لێگرتووە، لەوانە:

**عـەبدوڵڵا تاهیـر بەرزنجی:** ڕوانگە لە بەیاننامـەیەکی سیاسی دەچێت، تایبەتمەندی هونەری پێوە دیار نییە.

**ئەنوەر مـەسـیـفی:** ڕوانگە تەنها کەفـوکـوڵی بەیانی حوکمی زاتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو.

**کـەژاڵ ئەحـمـەد:** ڕوانگە ساڵانێکە مـردووە، بەڵام تا ئێستا پرسەی بۆ دانەنراوە.

**فـەرهاد پیـرباڵ:** ڕوانگە مـرد تەرمـەکەشی ئێـسـتـا لە ستۆکهۆڵمە.

**جەلال بەرزنجی:** ڕوانگە شتێکی ئەوتۆی جێنەهێشت، بچینەوە سەری.

**مـحـەمـەد باوەکـر:** ڕوانگە هەورە کـۆچەرێکی بەهاری بوو.

**سەباح ڕەنجدەر:** ڕوانگەییەکان لە داواکانیان نوێخواز بوون، لە نووسینەکانیان نەخێر.

**ئازاد حەمەشەریف:** ڕوانگە ڕوانینێک بوو بەرەو دواوە نەک بەرەو داهاتوو.

**محەمەد ڕەنجاو:** ئەگەر ڕوانگە تا ئێستا مابێ، ئێمە هەموومان تاوانبارین.

**هاشم سەراج:** ڕوانگە شەپۆلێکی کینایەئامێز بوو، هەرگیز تونخی جیهانی خوازە نەکەوت.

**ئیسماعیل بەرزنجی:** ڕوانگە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی شیعری ٦٩ ی کۆمەڵە شاعیرێکی عەرەب بوو.

**سالار عوسمان:** ڕوانگە کۆمەڵە دەنگێکی بێ پەیڕەو و پرۆگرام بوو.

بەڵام لە هەمان کاتدا (دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی) لە نامەی ماستەرەکەی خۆیدا (کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردی)دا، کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا نووسیویەتی و پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، بە پێرستێکی تێروتەسەل باس لە ڕوانگە و بەیاننامەکەی و هۆکارەکانی دەرکەوتن و بەیاننامەی هاوشێوەی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و دۆست و نەیارانی ڕوانگە و هەموو ئەوانە دەکات، تای تەرازوو بەلای دۆستانی ڕوانگەدا دەشکێنێتەوە و پێچەوانەی ئەو نووسەرانەی پێشوو، زۆر بە بایەخەوە باس لە ڕوانگە و ڕوانگەییەکان دەکات، بۆ نموونە لە لاپەرەکانی (١١٤ و ١١٥ و ١١٦ و ١١٧)ی ئەو نامەیەیدا، بەرگرییەکی گەورە لە ڕوانگە و بەیاننامە و بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی ڕوانگە دەکات، وەڵامی یەکە یەکەی ئەو نووسەر و شاعیرانە دەداتەوە، کە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری وێران، ڕەخنەی توندیان لە ڕوانگە و ڕوانگەییەکان گرتبوو، ڕای هەموویان ڕەتدەکاتەوە و وای پیشان دەدات، هەموویان لە بیروڕاکانیان لە بارەی ڕوانگەوە، یان ورد نینە، یان زانستیانە و بە ئینسافەوە نین، ئەگینا ڕوانگە شەپۆلێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پڕ بەرهەم و خاوەن بەرنامە و تا ئێستا زیندوو بووە و شتی زۆری پێشکەشی کتێبخانەی ئەدەبی کوردی کردووە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینەی دکتۆر عەلی سەیرە، بە تایبەت کە لە کارێکی ئەکادیمی و لە ناوەندێکی ئەکادیمی وەکو زانکۆی سلێمانی پێشکەشی کردووە!! ئاخر دەبێ لە نامەیەکی ماستەری وەهادا، ئەوەی لە بارەی ڕوانگەوە نووسراوە، هەمووی هەر مەدح و سەنای ڕوانگە و بیر و بەرهەمی ڕوانگە بێت و بە پێچەوانەوە هێرشێکی توندی بەرپەرچدانەوە بکرێتە سەر هەموو ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی ڕای تایبەت و پێچەوانەیان لە بارەی ڕوانگەوە هەیە و لە ئەنجامی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی خۆیان بۆ ڕوانگە پێی گەیشتوون؟! ئاخر دەبێ کاری ئادەمیزاد تا ئەو ڕادەیە بە پیرۆز بۆی بڕوانرێ و ببرێتە ئەو پایەیەی نەک ڕەخنەیەکی لێ نەگیرێت، بەڵکو هەموو ڕەخنەیەکیش دەمکوت بکرێت، کە لە بارەوەی نووسرابێت؟!

لە ڕاستیدا من پێم وایە، ڕوانگە ئەو هەموو بەرگرییەی ناوێت و پێویستی بەو هەموو پێداهەڵگوتنە نییە، چونکە نابێت فرسەت لە بەردەم ڕۆشنبیرانی تر بفەوتێنرێت، نەهێڵرێت کەس ڕەخنەیەک بگرێت و نەهێڵرێت کەس بیرێکی پێچەوانەی ئەوان پێشکەش بکات!! ڕوانگەییەکان لە کاتێکی دیاریکراودا کاری خۆیان کردووە، نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانیش مافی خۆیانە ڕای خۆیان لە بارەی ئەو کارەی ئەوان هەبێت، ئاخر ژیان وەها دەچێتە پێش و ژیار و شارستانییەت بەوە بەردەوامییان دەبێت.

## ئەوانەی ڕایان گۆڕی

فوئاد قەرەداغی یەکێکە لەو نووسەرانەی زیاتر لە بابەتێکی لەسەر ڕوانگە نووسیوە، لە هەمووشیان هەمان هەڵوێستی لە بەرانبەر ڕوانگەوە نییە، ئەوەتا لە کاتێکدا، لە وتاری (ڕێگای ئەدەبی کوردایەتی، یا ڕێگەی ڕوانگە)، کە لە ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١ی ڕۆژنامەی هاوکاری نووسیویەتی، دەڵێت: «کورد تا ئێستاش بۆیان ساغ نەبۆتەوە، کە ئەو ئیتیجاهە ئەدەبییەی بە ڕوانگە ناویان دەرکردووە چین و چییان ئەوێت؟! هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شتێکی دیاریکراو نییە کە ڕاو بیر و هەڵوێست و ئامانجی ئەو ئیتیجاهە دەستنیشان بکات بە تەواوی، تەنها سەرچاوەیەک کە هەبێت بانگەوازەکە و ئەو نووسین و چیرۆک و شیعرانەیە، کە لە لایەن ئەو ئەدیب و شاعیرانەی ڕوانگە خۆیان لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانا نووسراون، کە لە توێی ئەو نووسینانەدا گەلێک ناکۆکی (تناقض) هەیە... تەنانەت هەندێجار یەکێکیان ئەوی تر دەسڕێتەوە».

هەروەها لە وتاری دووەمیدا (ئەدەب بۆ کێ ئەنووسین)، کە لە ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٦/٢/ ١٩٧١ی هەمان ڕۆژنامەی هاوکاری نووسیویەتی دەڵێت: «دیارە لەم وتارەشدا مەبەستم ڕوونکردنەوەی هەندێ لە کەموکوڕییەکانی ئەم کۆمەڵە ئەدیب و شاعیرانەیە لە کایەی نووسین و مەبەستی بەرهەمەکانیاندا». ئیتر لە شوێنێ بە پەرتەوازەیی بیر گلەییان لێدەکات و دەنووسێت: «ئەدیب و شاعیرەکانی سەر بە ڕوانگە، کە چەند شتێکی ئەدەبی یەکی خستوون، لە زۆر مەسەلەی ئەدەبیدا هێشتا ڕایان یەک نییە، خۆشیان ئەمە ناشارنەوە و ئەیلێن.. لە ڕووی سیاسیشەوە هەندێکیان هەر هیچ پێوەندییەکی سیاسی مەبەستم لێرەدا پێوەندی پارتایەتییە، چونکە سیاسی و پارتایەتی لای ئێمە تێکەڵاو بە یەکتر بووە نییە، هەندێکی تر سەر بە هەندێ لایەنی جیا جیا و بگرە دوژمن بە یەکن، هەروەک لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە، خاوەنی یەک ئایدیۆلۆژی پێشکەوتوو نین و لەبەر تیشکی تیورییەکی زانراودا هەڵوێستی ئەدەبی وەرناگرن».. هەروەها دەنووسێت:

– «ئەم ئەدیب و شاعیرانە سەبارەت بەوەی خۆیان لە شوێنی چینایەتی وردەبۆرژوازی دان، ئەدەبەکەیان ئاراستەی ژمارەیەکی کەم لە ڕۆشنبیرانی وردە بۆرژوازی ئەکەن، وە بە کردەوە ئەدەبەکەیان لە خزمەتی بەشێکی کەم لە وردە بۆرژووازییەکانە، ئەمەش هەڵوێستێکی خۆپەرستییانەیە، کە یەکێکە لە سیفەتەکانی وردە بۆرژوازی»... «هەر لەبەر ئەو هۆیەش کە بۆرژوازینە، بە سووکی تەماشای ئاستی کۆمەڵانی خەڵکی لە جووتیاران و کرێکاران دەکەن، تێکەڵاو بە کۆمەڵانی خەڵکی نابن و هاوبەشی ژیانی کرێکاران و جووتیاران ناکەن و لە ناخی ئاوات و ئامانجەکانی ئەوانەوە، لە قووڵایی گیروگرفت و چەرمەسەرییەکانی ژیانی ئەوانەوە ناتوانن بنووسن، ئەمەش بە ناچاری هەر ئەدەبەکەیان لە چوارچێوەی ژیانی ئەو شوێنانەدا ئەهێڵێتەوە، کە تیای ئەژین، کە بریتییە لە شارەکان و هەندێ کۆڕ و شوێن، کە لە شارەکانیشدا بریتییە لە وردە بۆرژوازی».

– لە شوێنێکی تر قەرەداغی، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، ئەو نووسەرانەی ڕوانگە لەبەر ئەوەی وردە بۆرژوازن، تاکپەرستن و گیانی بیستنی ڕای پێچەوانەیان تێدا نییە و یەکێک شتێکی پێچەوانەی ئەوان بڵێ، قەبووڵی ناکەن و بە قسەی توند و ناشیرین وەڵامی دەدەنەوە، دەنووسێت: «ڕەخنەگرتن دوژمنی سەرسەختی گیانی تاکایەتی و خۆخۆیی وردە بۆرژوایە، چونکە وردە بۆرژوازی کە تەنها خۆی بە ڕاست ئەزانێت و ئەیەوێت لە هەمموو کایەیەکدا چینەکانی تر دوای بکەون، هەرگیز گوێڕایەڵ نابێت بۆ ڕەخنە، چ جای ئەوەی ڕەخنە لە خۆی بگرێت و ئەو شتەی هەڵەی تیا ئەکات، یا بڵێین کەموکوڕی تیا ئەبینێ، خۆی دانی پیا بنێت و هەوڵ بدات باشتر بەرهەمەکانی بێنێتە کایەوە.. ئەم سیفەتە وردە بۆرژووازییانە گەلێک جار هەستی پێ ئەکرێت لەو نووسینانەدا، کە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانە ئەنووسرێت، کە ڕەخنەیەک لە ئیتیجاهی ڕوانگە ئەگرن، یا ڕایەکی بە پێچەوانە دەرئەبڕن، ئەوەتا هەرکە یەکێک ڕەخنەیەک ئەگرێت، یان ڕایەک دەرئەبڕێت، تەنها بەوەش وازناهێنرێت، کە چەند کەسێک دای ئەگرنەوە، بەڵکو لە ناوەڕۆکی وەڵامەکانیشا هەڵئەچن و نیمچە شەڕێکی تیا ئەکەن و گەلێک تۆمەتی ترسی دووفاقیی ئەدەنە پاڵ، یا هیچ نەبێ بە گێل و گەوج و ئاست نزم و یا کۆنەپەرستی دائەنێن، کە ئەم ئسلوبە لە واقیعدا خزمەتی ڕوانگە ناکات وەگەر پێی بزانن بەڵگەیەکی کەموکورتییە لە ئیتیجاهەکەدا».

بەڵام هەر فوئاد قەرەداغی، هاتووە لە ژمارە (٥٢)ی ڕۆژی (١٩٧١/١/٢)ی ڕۆژنامەی هاوکاری بە ناونیشانی (ڕوانگە و مەسەلەی کۆن و نوێ لە ئەدەبدا) وتارێکی دۆستانەی بۆ ڕوانگە نووسیوە، تێیدا دەڵێ: «سەرهەڵدانی تەیارێکی وا، شایانی ستایش و پیاهەڵوتنە، گەرچی لە سەرەتای ژیان و ساوایی و ناکامڵیشیدا بێت».

## ئەوەی ڕوانگە کردی

بۆ ئەوەی بابەتەکەی ئێمە وەها نەکەوێتە بەرچاو، کە ئەمە نەیاری ڕوانگەیە و بە تەواوەتی ڕەتی دەکاتەوە، پێویستی زانستی وا دەخوازێت، تیشک بخەینە سەر خاڵە ئەرێنییەکانی (ڕوانگە)ش، وەکو بزاڤ و ڕەوتێکی نوێ لە ئەدەبی کوردی، لەوانە:

(١) ئەوەی ڕوانگە کردی، بۆ یەکەم جار بوو بەیاننامە بۆ کاری ئەدەبی و ئەدای نووسەران و ئاراستەی بیری داهێنانی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا دەربکرێت.

(٢) ئەو بەیاننامـــەیە بووە هۆی دروســـتـــبـــوونی موجادەلەیەکی فیکری زۆر لە نێوان شاعیر و نووسەران، بەوەی کەوا هەندێکیان پاڵپشتییان لە ڕوانگە کرد و هەندێکی دیکە بە توندی لە دژی وەستانەوە، بۆ نموونە چەندین وتار لە لایەن فازیل مەلا مەحموود و محەمەدی مەلا کەریم، یان لە نێوان سامی شۆڕش و ئەحمەد شەریف، یان لە نێوان کاوە و لەتیف هەڵمەت و نووسەرانی دیکەش، لە بارەی ڕوانگە و سیاسەت کردن بە ئەدەب و ئەفکارەکانی ڕوانگە گۆڕدرایەوە و هەریەکە و تێڕوانین و بیروڕای خۆی لەسەر ئەو گرووپە دەخستە ڕوو، ئەمە جگە لەوەی حسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و کاکە مەم بۆتانی و غەیری ئەوانەش لە نووسەرانی ڕوانگە بە توندی وەڵامی هەر ڕەخنەیەکیان دەدایەوە، کە لەسەریان دەنووسرا.

(٣) بە هۆی ڕوانگەوە دەرگای نووسین بەبێ ترس بۆ هەموو ئەو نووسەر و شاعیرانە خرایە سەر پشت، کە بە فیکری مۆدێرنەی ئەورووپییەوە کارتێکراوبوون و واقیع و ئایین و یاسا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تیورەکانی نووسینیان ڕەت دەکردەوە، لەمەولا بە ئارەزووی خۆیان بنووسن و لە هیچ شتێک نەسڵەمێنەوە، بەوەش ئاراستەیەکی نوێ لە کەلەپووری فیکری و ئەدەبی کوردی هاتەپێش، کە پێشتر شتی وەها نەدەکرا.

(٤) لەبەر ئەو فیکر و هەڵوێستەی هەیانبوو، نووسەران و شاعیرانی ڕوانگە دژە هەڵوێستییان لە لایەن گەلێک نووسەر و ڕۆشنبیری کوردی هاوزمان و هاووڵاتی خۆیان بۆ درووستبوو، هەندێک لە بیر و بەرهەمەکانیان ڕەتکرانەوە و ڕەخنەی توندیان ئاراستە کرا، لە لای هەندێکی دیکەشەوە کارەکانیان نرخێنراو لایەنگیرییان بۆ دروستبوو.

(٥) نووسەرانی ڕوانگە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو شتێکیاندا قەبووڵی جەماوەرێکی زۆری ڕۆشنبیران نەبووبن، بەڵام چ خۆیان و چ شوێنکەوتەکانیشیان، توانییان گەلێک فۆرمی ئەدەبی گرنگی وەکو چیرۆکە شیعر و ڕۆمانە شیعر و پەخشانە شیعر و شیعری ئازادی نوێی زۆرجار خاڵی لە تەواوی یاساکانی کێش و سەروا بەرهەم بێنن.

(٦) ڕوانگە ئاراستەیەک بوو، توانی دەنگ بەرز بکاتەوە بڵێ هەم و بە لانی کەم چەند ساڵێک لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردستان ئامادەیی ببێ، کە تا ئێستاش گەلێک مشتومڕ لەسەر بەرهەم و بیر و هەڵوێستەکانی دروست دەبێت.

**سەرچاوەکان:**

**(١) حسێن عارف، ڕوانگە و یاران و نەیارانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.. کە شایانی باسە: هەموو بابەتەکانی دۆست و نەیارانی ڕوانگە، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری و التآخي نووسیویانە و لێرە سوودمان لێوەرگرتوون، لەو کتێبە وەرگیراون.**

**(٢) دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردی، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨.**

# دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی دیلان-دا
## (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەییە)

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی**

مرۆڤی کۆن و هاوچەرخ هەندێ جار دووبارەکاری لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خۆیدا بۆ جەختکردن، یان وەبیرهێنانەوە بەکاردەهێنێت، دووبارەکاریش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێک،یان وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک بۆ مەبەستێکی تایبەت.

هەرچەندە بایەخدان بەم جۆرە دیاردەیە لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لەنێو شیعردا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام سەرچاوەی ئەم جۆرە بایەخدانە زیاتر بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی لەنێو قورئانی پیرۆزدا دەگەڕێتەوە، کەوا لە چەند سورەتێکی وەک (الفاتحة- الناس- الأخلاص) جۆرە دووبارەکردنەوەیەکی دەنگی دەکەوێتە بەرچاومان، وەک دووبارەکردنەوەی دەنگی (ن) لە سورەتی (الفاتحة) و دەنگی (س) لە سورەتی (الناس) و دەنگی (د) لە سورەتی (الأخلاص)، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەی (الرحمن) و دەستەواژەی (فبأي آلاء ربكما تكذبان) لە سورەتی (الرحمن)، هەروەها دووبارەکاری لە هەردوو سورەتی (المرسلات) و (الشعراء) بەرچاو دەکەوێت. واتە بایەخدان بەم جۆرە دووبارەکارییەی نێو قورئانی پیرۆز بووە دەروازەیەکی کاریگەر بۆ بایەخدان بەسەرهەڵدانی دیاردەی دووبارەکاری لەنێو شیعردا.

هەندێ جار دیاردەی دووبارەکاری شیعری لە هەندێ هۆنراوە دەکەوێتە بەرچاومان، لەبەر هەندێ مەبەست و هۆکار هۆنیار بەکاری دەهێنێ. دووبارەکاری تەنیا لە بواری شیعردا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو لە چەندین بواری دیکەیش بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە دووبارەکاری لە شیعردا چێژێکی هونەریی خۆی هەیە، چونکە بەهێزیی دارشتە شیعرییەکە لە رووی کێش و سەروا دەخاتەڕوو، هەروەها ڕۆڵی خۆی لە بنیادی ڕیتمی مۆسیقای شیعریی هۆنراوەکەدا هەیە.

لە کاروانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەندێ دەنگی شیعری هەیە، ناوبانگی تایبەتی خۆیان هەیە، وەک ئەستێرە لە ئاسمانی شیعری کوردیی هاوچەرخدا دەدرەوشێنەوە، (حەمە ساڵح دیلان)یش یەکێکە لەو دەنگە شیعریانەی بە کۆششی تایبەتی خۆی و لە ئەنجامی ئەزموونی شیعری خۆیدا توانیویەتی ببێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و ڕەخنەگرانی شیعری هاوچەرخی کوردی، هەر ئەم لایەنە هۆکارێکی گرنگ بوو لە هەڵبژاردنی بۆ ئەم هۆنیارە لەم لێکۆڵینەوەدا، کەوا لە بارەی تەکنیکی دووبارەکاری لەنێو هۆنراوەکانیدا. بەڕاستی (دیلان)، وەک نەوەی پاش گۆران، لە ساڵانی ئەزموونی ئەدەبی و شیعری خۆیدا توانیویەتی

کەسایەتییەکی شیعری تایبەت بەخۆی دروست بکات، بۆیە ئێمەیش بە پێویستمان زانی لە گۆشەنیگای دووبارەکارییەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بارەیەوە پێشکەش بکەین بەو هیوایەی خزمەتێکی ڕەخنەی نوێی کوردیمان بکەین. ئەوەی جێی سەرنجە بەلامانەوە دیوانە شیعرییەکەی دیلان تەنیا ئەو هۆنراوانەی گرتۆتە خۆ کەوا تا ساڵی ١٩٨٢ نووسراون، واتە هۆنراوەکانی پاش ئەو ساڵە تا کۆچکردنی کۆنەکراونەتەوە و دیار نییە و لەم حاڵەتەدا پێویستە سەرلەنوێ دیوانەکەی چاپ بکرێتەوە. هەروەها هۆنراوەی (شەپۆل) لەنێو دیوانەکەدا بە سێ شێوەی دارشتن بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا ئەگەر هەر پاساوێک هەبێت، ئەوە دەبێ بۆ هۆنراوەکانی دیکەیشی ئەم کارە بکرابایە و ئەوسا جۆرە فەوزایەک دروست دەبێت حەز ناکەین لەچاپکردنی تازەی ئەم دیوانەدا ئەم جۆرە دیاردەیە ببینێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەر لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بۆ باسکردنی بەهای دووبارەکاری لە زمانی شیعری تەرخان کراوە، تەوەری دووەم بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی دووبارەکاری نێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە تەرخان کراوە. هیواداریـن ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێک بێ بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە جیهانی شیعریی ئەم هۆنیارە و تەکنیکی دووبارەکاری نێو هۆنراوەکانی.

## تەوەری یەکەم:
## بەهای دووبارەکاری لە شێوازی شیعریدا

سادەترین پێناسەی دووبارەکاری ئەوەیە: «قسەکەر واژەیەک (لەفزێک) بهێنێت پاشان وەک خۆی دووبارەی بکاتەوە چ واژەکە هاوواتا بێت، یان جیاواز بێت، یان واتایەک بهێنێت پاشان دووبارەی بکاتەوە. ئەمەش لە مەرجی ڕێکەوتنی واتای یەکەم و دووەمە، جا ئەگەر یەکگرتنەوەی واژەکان و واتاکان بێت سوودەکەی لە سەلماندنی دووپاتکردنەوەی ئەو بارەیە لە دەروونـدا، هەروەها ئەگەر واتاکان یەکگرتوو بێت، هەرچەندە واژەکان ڕێکەوتوو بێت و واتاکان جیاواز بێت سوودەکەی بۆ هێنانەوەیەتی وەک هێمایەک بێت بۆ دوو واتا جیاوازەکان» (١). دووبارەکاری شیعری لایەنێکی هونەریی شێوازی شیعرییە، کەوا بەهۆیەوە تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبیمان بۆ فەراهەم دەکات، چونکە دووبارەکاری



**حەمەساڵح دیلان**

هەر بۆ دووبارەکردنەوە نییە، بەڵکو کەرەسەیەکی گرنگی شێوازی شیعرە بۆ دەرخستنی کاریگەری دووبارەکراوەکە بەسەر هزر و دەروونی خوێنەر، هەروەها دووبارەکاری بنەمایەکی گرنگی بنیادی هونەریی شیعرە، چونکە «دووبارەکاری بناغەی ڕیتمە بە هەموو جۆرەکانی کەوا لە مۆسیقا دەبینرێت، هەروەها بناغەیەکە بۆ تیوری سەروا لە شیعردا» (٢). دووبارەکاری لایەنێکی گرنگە لە مۆسیقای شیعری بەهۆی ئەو ڕیتمە دووبارەکردنەوەکە دروستی دەکات، بە تایبەتی لە مۆسیقای دەرەوەی شیعری، بە تایبەتیش لە بواری سەروای شیعری، هەروەها دووبارەکاری لە بواری کێشی شیعری کلاسیکی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە دەریای ڕەجەز بریتییە لە چوار جار دووبارەکردنەوەی هەنگاوی (مستفعلن)، هەنگاوەکانی بریتییە لە دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێک جۆرە ڕیتمێک دروست دەکەن، مۆسیقای شیعریی هۆنراوەکە دروست دەکەن.

وشەی دووبارەکاری لە زمانی عەرەبیدا (تکرار)ە کەوا لە وشەی چوارینی (کرر) وەرگیراوە، بەڵام ئەم وشەیە (Repetition) وشەیەکی لاتینییە بە واتای جارێکی دیکە هەوڵ دەدات و ئەم وشەیە لە وشەی (Petere) بە واتای دەگەڕێ وەرگیراوە. ئەم جۆرە کار و کردەوەیە نەک تەنیا لە بواری شیعر، بەڵکو لە بوارەکانی مۆسیقا و نیگارکێشانیشدا بەکاردەهێنرێت (٣). زمان لە خودی

خۆیدا کەرەستەیەکی دەربڕینە بەلای ئادەمیزادەوە بەهۆیەوە بیروبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، یان پێشکەش دەکات، هۆنیاریش وەک کەسێکی خاوەن هەستێکی ناسک و خاوەن توانایییەکی هۆنینەوە و داڕشتنی شیعری جۆرە زمانێکی بالآ لەنێو هۆنراوەکانی بەکاردەهێنێ بۆ بەخشینی جۆرە چێژێکی هونەری بەخوێنەری هۆنراوەکەی. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ تەکنیکی زمانەوانی بەکاردەهێنێت، تەکنیکی دووبارەکاری جۆرە گەمەیەکی شیعریی ئاراستەکراوە لەلایەن هۆنیارەوە بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. زۆرجار جۆرە لێکچوونێک لەنێو وشە، یان فرێز، یان ڕستە دووبارەکراوەکان لەنێو هۆنراوەکەدا بەرچاومان دەکەوێت لە حاڵەتی هاوتەریبی بەکارهێنایان، ئەگەر دووبارکراوەکە وەکو خۆی دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەگەر هۆنیار وشەی بۆ زیاد کرد، یان وشەی لێ لابرد، ئەوسا حاڵەتی هاوتەریبی دروست نابێت، بەڵکو جۆرە وەک یەکی ناتەواو دەکەوێتە بەرچاومان، چونکە «لێکچوون لە دووبارەکاری فراوانترە لە وەک یەکی، هەرچەندە هەموو وەک یەکییەک بە لێکچوون دادەنرێت، بەڵام هەموو لێکچوونێک بە وەک یەکی دانانرێت، هەروەها هەموو دووبارەکارییەک و هاوتەریبی، یەک شت نییە، بەڵکو دووبارەکاری یەکێکە لە دەرکەوتنە زۆرەکانی هاوتەریبی، چونکە لێکچوون خاڵی هاوبەشیانە» (٤).

زاراوەی دووبارەکاری (التكرار - REPETITION) لە ڕووی فەرهەنگییەوە بە واتای بۆ دووجار، یان زیاتر بەکارهێنان بۆ مەبەستێکی تایبەت دێت، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە دووبارەکاری وەک ورياكردنەوەيەكە لە مەڕ دووبارەکراوەکەوە. ئەم زاراوەیە هەندێ لێکۆڵەر بەشێوەی دووبارەکردنەوە بەکاری دەهێنێ، هەندێکی دیکە بەشێوەی (گەڕانەوە) بەکاری دەهێنێ. بەلامانەوە زاراوەی دووبارەکاری دروستە نەک دووبارەکردنەوە، چونکە ئەگەر وشەکە بۆ زیاتر لە دووجار بەکارهات ئەوسا دەبێ بەپێی ژمارەی بەکارهێنانەکە زاراوەکە داڕێژرێت وەکو (سێبارە، دەبارە..تاد)، هەروەها گەڕانەوە زیاتر لە دەرەوەی ڕەخنەی شیعری بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت، چونکە هۆنیار لەنێو هۆنراوەکەیدا ناگەڕێتەوە بۆ وشەیەک، بەڵکو بۆ مەبەستێک دووبارەی دەکاتەوە.

## تەوەری دووەم:

## جۆرەکانی دووبارەکاریی نێو شیعری دیلان

### ١- دووبارەکردنەوەی بەندی:

دووبارەکردنەوەی بەندی (لازمە) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Refreindre) کەوا لە وشەی لاتینی (Refirgere) وەرگیراوە بە واتای دووبارە دەکاتەوە، دووبارەکردنەوەی بەندی بریتییە لەوەی دێڕێک لە چەند شوێنێکی نێو هۆنراوەکە وەکو خۆی دووبارە دەکرێتەوە بە مەبەستی جەختکردن و وەبیرهێنانەوە، چونکە دووبارەکراوەکە هەڵگری جۆرە مەبەستێکە، بۆیە هۆنیار لەڕێی ئەو دووبارەکردنەوەیە مەبەست و جەختکردنەکەی بۆ خوێنەرەکەی ڕادەگەیەنێت. دووبارەکاری بەندی دوو جۆرە: یەکەمیان پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی پێشەوە، ئەم جۆرەیان لەنێو شیعری دیلاندا بەرچاو ناکەوێت. دووەمیان پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی پاشکۆیی، ئەم جۆرەیان هەندێ جار لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارەدا بەکارهێنراوە. بۆ نموونە دیلان لە هۆنراوەی (پاییزی جاران) لە دوو شوێنی نێو هۆنراوەکەیدا ئەم دێرەی خوارەوەی کردووەتە دووبارەکاری لازمە، یان بەندی:

**بەستە ئەڵێن ئەوەی ئەیڵێن نایجوونەوە** (دیوانی دیلان/ ل٣٠٠-٣٠١)

### ٢- دووبارەکردنەوەی جەختی:

ئەم جۆرە دووبارەکارییە پێی دەوترێت جەختی، یان شێوازی، ئەگەر بەدوای یەکتردا وشە دووبارەکراوەکە نەهات، ئەوە پێی دەوترێت دووبارەکاریی ئاسۆیی، دووبارەکاریی جەختی بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دوو وشە بەدوای یەکتردا لەنێو دێرە شیعرییەکەدا، ئەمەش بە مەبەستی جەختکردن دەبێت بەسەر وشەی پێشوو بۆ ئەوە سەرنجی خوێنەر بۆ وشە دووبارەکراوەکە دەبێت. بۆ نموونە دیلان لە هۆنراوەی (کەی)دا جۆرە دووبارەکارییەکی جەختی بەهێزی بەکارهێناوە کاتێک فرێزی (ئەزانی کەی) لەهەمان ڕستەدا بەدوای یەک هاتوودا بەشێوەی ئاسۆیی دووبارە کردووەتەوە:

**ئەزانی کەی... ئەزانی کەی؟**

**هەناو و دڵ ئەڵێ ئۆخەی..؟** (دیوانی دیلان/ ل٢٦)

هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (ڕەز)دا جۆرە جەختێکی بەهێزی بەکارهێناوە کاتێک فرێزی (لە کوییە شەراب) لە هەمان دێر و لەدوای یەک دووبارەی کردووەتەوە:

**لە کوێیە شەراب لە کوێیە شەراب**

**بۆ لە ئێمــە بـوو بە ڕچکەی سـەراب...؟!** (دیوانی دیلان/ ل٢٦٦)

هەروەها لە هۆنراوەی (چیـرۆکێ) وشـەکـانی (ورد) و (پەسـتـا) و (ڕیشـە) دووبارە دەکـاتەوە بە مـەبەسـتی جەختکردن:

**وورد وورد تیرۆکی ئەوەشان**

**پەستا پەستا خۆی لێئەدا** (دیوانی دیلان/ ل٣١٠)

هەروەها لە هۆنراوەی (شەپۆل)دا دەڵێت:

**شەپۆل شەپۆل لەگەڵ دەریای ژیانا** (دیوانی دیلان/ ل٣٦٠)

لەم دێرە شـیـعـرەدا وشـەی شـەپۆل دووجـار بەدوای یەکتردا دووبارە کراوەتەوە و وشەی دووەمی شەپۆل جۆرە جەختکردنێکە بەسەر وشەی شەپۆلی یەکەم، کەوا هەردوو وشەی شەپۆل جۆری هاتنەکە لەگەڵ دەریاکە دەردەخات، هەروەها لە هۆنراوەی (سێبەری پەرت) وشەی ئامان دووجار لە دوای یەکتردا دووبارە دەکاتەوە:

**ئامان ئامانێ بۆ چارەم ئەڵێ**

**گیان بیباتەوە** (دیوانی دیلان/ ل٣٨٦)

**٣- دووبارەکردنەوەی بەرایی:**

بریتییە لەوەی وشە دووبارەکراوەکە لە سەرەتای دێرە شیعرییەکان دەبێت، پێشی دەوترێت دووبارەکاری سەرەتایی، یان ئەستوونی (التكرار العمودي)، چونکە وشە دووبارەکراوەکە لە سەرەتای دێرە بەدوا یەکترەکان دەبێت. ئەم جۆرە دووبارەکارییە زۆر باوە لەنێو شیعری نوێ و هاوچەرخدا و «ئامانجی سەرەکیی دووبارەکاری بەرایی گوشار خستنە سەر یەک حاڵەتی زمانی و دووپاتکردنەوەی بۆ چەند جارێک بە چەند شێوەیەکی هاوچەشن، یان جیاواز لەپێناو گەیشتن بە دۆخێکی شیعریی تایبەت لەسەر دوو بنەمای ڕیتمی و هێمایی وەستاوە»(٥).

کاریگەریی ئەم جۆرە دووبارەکارییە پابەندە بەتوانایی و هێزی شێوازی شیعریی هۆنیارەوە، ئەگینا بەکار و کردەوەیەکی شیعریی زۆر سادە دادەنرێت. ئەم جۆرە دووبارەکارییە لە شیعری ئەم شیعرە دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام هەندێ جار بەشێوەیەکی لاواز دێتە بەرچاو، چونکە نەیکردووەتە دەستپێکێکی کاریگەر بۆ خوێنەر بۆ نێو جیهانی هۆنراوەکە کاتێک لە دوو سێ دێرێکی هۆنراوەکە بەکاری دەهێنێت. بەلای د. ئازاد ئەحمەد مەحموودەوە «ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە گەڕانەوە، بۆ مەبەستی گەیشتن بە بوارێکی شیعریی دیاریکراو، لە چەند داڕشتنێکی هاوشێوە، یان جیاوازدا، لەسەر ئاستی ڕیتمی و دەلالی، جەخت لەسەر ورووژاندنی حاڵەتێکی زمان دەکاتەوە»(٦). بۆ نموونە دیلان، مۆرفێمی (تا) لە سەرەتای کۆپلەی (پێویستییەکانی وەرزی تازە)ی نێو هۆنراوەی (وەرزی تازە) وەک دووبارەکارییەکی بەرایی بەکارهێناوە:

**تا... نەسووتایە پاوەن بە پاییز**

**بەهار... کەماو لێی نەبوو مام پاییز**

**تا... نەبڕایە پەلکی ڕەز و مێو**

**تەرزی نوێی نەبوو (باخووسی) ناو کێو**

**تا... نەگریایە فریشتەی زستان**

**پێکەنین نەبوو، بۆ کوڕپەی بیستان**

**تا... چەخماخەی خوێن نەیدایە لە هەرد**

**لەیلاخ بێ دەماخ، چارە کز و زەرد** (دیوانی دیلان/ ل٣٢٩)

**٤- دووبارەکردنەوەی کۆتایی:**

ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە «چڕکردنەوەیەکی هێمایی و ڕیتمییە لە کۆتایی هۆنراوەکە چەقبەست دەبێت»(٧) و ئەم جۆرە دووبارەکارییە بریتییە لەوەی هۆنیار لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا ئەم جۆرە دووبارەکارییە بەکاردەهێنێ، هەرچەندە لەم حاڵەتەدا ژمارەی دووبارەکراوەکە کەم دەبێت بە حوکمی ئەوەی هۆنیار لە دوا هەنگاوەکانی نووسینی هۆنراوەکەیە، بەڵام لە ڕێی ئەم دووبارەکردنەوەیەدا هۆنیار دەیەوێت شتێک بە خوێنەرەکەی ڕابگەیەنێت. بەلای د. ئازاد ئەحمەد مەحموودەوە «گەڕانەوەی کۆتایی هەروەک گەڕانەوەی بەرایی، پانتایی کاریگەربوونی لە چوارچێوەی پێکهاتنی بنیادی قەسیدەدا ڕۆڵ دەبینێت لەناوەندی خاسیەتی زمانی شیعر و دەستوورەکانی زمانەوانی، چەقی دەلالی و ڕیتمی، لە کۆتایی قەسیدە دیاری دەکات و بەربڵاوی ئاسۆکانی واتای دەلالەت و واتای ڕیتمی خەست دەکاتەوە»(٨) بۆ نموونە دیلان لەکۆتایی هۆنراوەی (پەڵکەزێڕین)دا وشەی (کەین) بە واتای (بکەین) لە کۆتایی دوو دێرە دووبارە دەکاتەوە:

**هۆی دەرد و دووری بەهاری پێ دیار کەین**
**سـەیرانەکـەی بەهارەکـەی جـار جـار کـەین** (دیوانی دیلان/ ل ٢٨٠

هەروەها دیلان لە کۆتایی هۆنراوەی (ساخوات لەگەڵ) وشەی (ئەگری) لە کۆتایی چوار دێر دووبارە دەکاتەوە:

**ئەکورکێنێ... بەسەر خۆیا... ورد ئەگری**
**بۆ تۆ ئەگری... بۆ ئێمە... بۆ کورد ئەگری..!**
**تاو تاو ئەگری... بە کوڵ ئەگری.. پڕ ئەگری**
**بۆ ئەنجـام بۆ قـسـەی سـارد و پڕ ئەگـری** (دیوانی دیلان/ ل٣٠٩)

لە هۆنراوەی (برسیمە)دا دیلان مۆرفێمی (بۆ)ی وەک ئامرازی پرسیـار لە سـەرەتای هەردوو دوو دێری کـۆتایی کۆتاییش دووبارە کردووەتەوە:

**بۆ نالەبار بەجێیە لەوەڕ لە هەردوو جێدا**
**بۆ ئێـــمـــەیش ئاو لە دەم چووت لە ڕێگای نەهاتا**
(دیوانی دیلان/ ل٣٣٧)

هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (لـەگـەڵ تۆمــە) وشــەی (ئیـمــســاڵ) وەک سـەروا لە کـۆتایی بەیتی کـۆتاییش دووبارەکردووەتەوە:

**وەرە پێشێ... کزی چاو و نەخۆشم**
**نزیکت (دارە) هەم گۆچانە... ئیمساڵ..!**
**وەکـو ئاوات و (ئاوی مـانە)... ئیـمـسـاڵ** (دیوانی دیلان/ ل٣٤٥)

**٥- دووبارەکردنەوەی ئاسۆیی:**

بریتـییـە لەوەی وشـەکـە بۆ چەند جـارێک بەبێ پچڕان لەنێـو هەمـان بـەیت، یان دێرە شـیـعـرییـەکـە دووبارە بکرێتـەوە بە مـەبەسـتی سەرنجـڕاکـێشـانی خـوێنەر بۆ دووبارەکراوەکە. ئەم جۆرە دووبارەکارییـە لەنێـو سەرجەم هۆنراوەکـانی دیلان زۆرجـار بەرچاومـان دەکـەوێت، بۆ نموونە دیلان لە دێرە ســـەرەتاییـــەکـــانی هۆنراوەی (پەڵکەزێڕین)دا بە جـوانی دووبارەکـاریی ئاسـۆیی بەکارهێناوە:

**بەهار بێ ئاو بێ بارانی نیسانە**
**شەونم زادەی قوولی پرمەی گریانە**
**وەنەوشەی شین بەرگی شینی پۆشیوە**
**نێرگس خشڵی زەردی خەمی کڕیوە**
**پۆلی مەلان بێ جیوە جیو بێ قاژەن** (دیوانی دیلان/ ل٢٧٩)

لە دێرەکـانی یەک و پێنج و شـەش وشـەی (بێ) بە شێوە ئاسۆیی دووبارە کراوەتەوە، هەروەها لە دێری سێدا وشەی (شین) بەشێوەی ئاسۆیی دووبارە کراوەتەوە.

هەروەها دیلان لە دێری سێیەمی هۆنراوەی (شەپۆل)دا دەڵێت:

**هەندێ خـەیاڵ هەندێ ڕاسـتی و دروسـتی** (دیوانی دیلان/ ل ٣٦٠)

لەم دێرەدا دووجار وشەی (هەندێ) بە شێوەی ئاسۆیی دووبارە کـراوەتەوە، هەروەها لە دوو شـوێنی دیکەی ئەم هۆنراوەیەدا ئەم جۆرە دووبارەکارییەی بەکارهێناوە:

**هێــرۆ زەرد بوو زۆر زەردتر بوو لە پاییــز** (دیوانی دیلان/ ل٣٦١)

**دار ئەنێژین گوڵ ئەنێژین گوڵاڵە**
**کـام ئەچێـژین کـامی هەنگوین هەڵاڵە..** (دیوانی دیلان/ ل٣٦١)

**٦- دووبارەکردنەوەی ئەستوونی:**

بریتـییـە لەوەی بۆ چەند جارێک لەنێـو بەیت، یان دێرە بەدوای یەکتـر هاتووەکـانی هۆنراوەکە دووبارە کراوەتەوە، بۆ نموونە دیلان لە هۆنراوەی (چواردەی تەمموز)دا جـۆرە دووبارەکارییـەکی ئەستوونی بەهێزی بەکارهێناوە کاتێک فرێزی (پەستەی کاتێ) لە سەرەتای چوار ڕستە بەشێوەی ئەستوونی دووبارە کردووەتەوە.

**کام چاو برسی گەشەی گوڵە؟**
**کام گیان سەودای ورشەی چڵە؟**
**کام گوێ قوڵاغی ئاوازە؟** (دیوانی دیلان/ ل٣٤٦)

هەروەها لە هۆنراوەی (ڕەشـەبا)دا ئامرازی نەفی (نە) لە سەرەتای چواردێری بەدوای یەک هاتوودا بەشێوەیەکی ئەستوونی دووبارە کراونەتەوە:

**نە ورشە.. نە لووتکەی خاڵ خاڵ**
**نە پەڵەی گوڵاڵەی قەد پاڵ**
**نە نێرگسی مەستی چاوکاڵ**
**نە سۆزی دەروونی شمشاڵ** (دیوانی دیلان/ل٢٥٣)

هـەروەهـا دیـلان لـە هـۆنـراوەی (ڕەز)دا جـــــــــۆرە دووبارەکارییەکی ئەستوونی بەهێزی بەکارهێناوە کاتێک فــرێزی (بە وێنەی تۆز.ی با بردوو) لە دوو ڕســتــەی بەدوای یەک هاتوو بەشـێـــوەی ئەســـتـــوونی دووبارە کردووەتەوە:

**وونن... بە وێنەی تۆزی با بردوو**

**تەفـــــــرن... بە وێنەی تۆزی با بردوو** (دیوانی دیلان/ل٢٦٧)

هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (لەگەڵ تۆمە)دا فریزی (لەبەر تۆمە) و مۆرفیمی (کە) لە سەرەتای حەوت بەیتی شیعریی بەشێوەی ئەستوونی دووبارە کردووەتەوە:

**لەبەر ئێسک و لەبەر پەترۆی ئەوانە**
**کە ئاهەنگ بۆ قەڵایی (سۆرانە) ئیمساڵ**
**لەبەر سووری دڵۆپی ئەشکی (زێیە)**
**کە شایی وا لە (سوور قاوشانە) ئمیساڵ**
**لەبەر تیژی هەتاوی (ڕووتی) دوکان**
**کە هاوار بۆ (قەڵا چوالانە) ئیمساڵ**
**لەبەر بێ ئاوییە... سەیران دوورم**
**کە نیازی حەوزەکەی (بۆکانە) ئمیساڵ**
**لەبەر پشکۆی کوژاوەی باخەکەی شێخە**
**کە (مەیدان) وا لە کانێسکانە ئیمساڵ..!!**
**بەزیوم من لە ئاستی (پیرە) (ڕێکەوت)**
**کە ڕێکەوت زێڕی ژێر (فنجانە) ئیمساڵ**
**تەڵاشی بێ (تەڵا) هەروەک تەڵاشە..!**
**کە (ئایەت) (ئایەتی گیرفانە) ئیمساڵ** (دیوانی دیلان/ل٣٤٣-٣٤٥)

هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (سێبەری پەرت) ئامرازی پرسیارکردن (کێ) لە سەرەتای (١٠) دێری شیعری بە شێوەی موستەزاد دارێژراو و ئەستوونی لە دوای یەکتر هاتوو دووبارەکردووە:

**کێ ئەگاتە پاڵ جەستەی شکستەم    لەم ڕێگا کوورە**
**کێ لەگەڵما یە بۆم ئەڵێ بەستەم؟    لە مەرگ توورە**
**کێ لایە لە گڕ با لە دووکەڵێ؟    سووک ئەکاتەوە**
**ئامان ئامانێ بۆ چارەم ئەڵێ    گیان بیباتەوە**
**کێ باوەش ئەکا بە سێ درنجا؟    بە شەوی باران**
**کێ دەرئەکێشێ ستەم لە بنجا؟    وەک دێوی جاران**
**کێ فوویەکی قووڵ ئەکا بە سنگما؟    هەناسەم سوارە**
**کێ باڵی ئەکا بە باڵ و چنگما؟    ساڵم نەیارە**
**کێ دەست ئەکاتە گەردنی چیا؟    ڕەش هەڵگەڕاوە**
**کێ دەم ئەخاتە کانیاوی سیام؟    وەی نێژراوە**
**کێ ئەگــاتە پاڵ چاڵی ئاواتم؟**    ...... (دیوانی دیلان/ل٣٨٦)

هەروەها لە هۆنراوەی (نەوبەهاری) وشەی (بۆیە) لە سەرەتای دوو دێری نێو هۆنراوەکە بەشێوەی ئەستوونی دووبارە دەکاتەوە:

**بۆیە ئێستا شاخێ سامانم هەیە**
**بۆیە ســــــەرووم لاپەسندە و زیندووە** (دیوانی دیلان/ل٣٨٦)

**٧- دووبارەکردنەوەی تێکەڵ:**

ئەم جۆرە دووبارەکارییە بەلامەوە باشترین جۆرەکانی دووبارەکارییە، چونکە لایەنێکی جوانکاری تێدایە لەلایەک، هەروەها جۆرە هێزێک دەبەخشێتە شێوازی شیعریی هۆنراوەکە. ئەم جۆرە دووبارەکارییە لەنێو دیوانەکەی دیلاندا زۆر بەرچاومان دەکەوێت. بۆ نموونە دیلان لە کۆتایی هۆنراوەی (پەڵکە زێڕین)دا هەردوو جۆری دووبارەکاری ئەستوونی و کۆتایی بەشێوەیەکی جوان تێکەڵ دەکات:

**هۆی دەرد و دووری بەهاری پێ دیار کەین**
**سەیرانەکەی بەهارەکەی جار جار کەین** (دیوانی دیلان/ل٢٨٠)

لەم دوو دێرەدا وشەی (بەهار) بە شێوەیەکی ئەستوونی دووبارە کراوەتەوە و وشەی (کەین) بە واتای (بکەین) بەشێوەی کۆتایی دووبارە کراوەتەوە، چونکە لە کۆتایی هۆنراوەکە دووبارە کراوەتەوە.

هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (ساخوات لەگەڵ) هەر سێ جۆری دووبارەکاری ئاسۆیی و جەخت و کۆتایی لە دوا دێرەکانی هۆنراوەکە بەکارهێناوە:

**بۆ تۆ ئەگری... بۆ ئێمە.. بۆ کورد ئەگری..!**
**تاو تاو ئەگری.. بە کوڵ ئەگری.. پڕ ئەگری**
**بۆ ئەنجام بۆ قسەی سارد و پڕ ئەگری** (دیوانی دیلان/ل٣٠٩)

هەروەها لە (وەرزی جاران)دا هەردوو جۆری ئەستوونی و ئاسۆیی بەشێوەیەکی جوان تێکەڵ کردووە:

**وەکو لێوی بە لێوی چۆن ئەمژێ**
**وەکو (خوێنێ) بە (خوێنێ) چۆن ئەکوژرێ..!** (دیوانی دیلان/ل٣٣٩)

لەم دوو دێرەدا وشەی (وەکو) بۆ دووجار بەشێوەی ئەستوونی دووبارە کراوەتەوە، وشەی (خوێنێ) بۆ دووجار بەشێوەی ئاسۆیی دووبارە کراوەتەوە، هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (لەگەڵ تۆمە)دا هەردوو جۆری ئەستوونی و جەختی بەشێوەیەکی جوان تێکەڵ کردووە:

**تەڵاشی بێ (تەڵا) هەروەک تەڵاشە...!**
**کە (ئایەت) (ئایەتی گیرفانە) ئیمساڵ** (دیوانی

دیلان/ل٣٤٥)

لەم دوو دێرەدا وشەی (تەلاش) بەشێوەی ئاسۆیی بۆ دوو واتای جیاواز دووبارە کراوەتەوە، هەروەها وشەی (ئایەت)یش بۆ دووجار بەشێوەیەکی جەختی دووبارەکراوەتەوە.

هەروەها دیلان لە هۆنراوەی (شەپۆل)دا هەردوو جۆری ئەستوونی و جەختی بەشێوەیەکی جوان تێکەڵ کردووە:

**گرێی دڵە وەک برینی شێرپەنجە**

**گرێی چاوە تاکە تاکەی نیگاری**

لەم دوو دێرە وشەی (گرێی) بەشێوەیەکی ئەستوونی دووبارە کراوەتەوە، بەڵام وشەی (تاکە) بەشێوەی جەختی دووبارە کراوەتە، هەروەها لە هۆنراوەی (بەستەی بێ دەرەتان) دەڵێت:

**نە چڵ دیارە، نە بێخێ دەستی بەرمێ**

**نە جێ دیارە، نە شوێن بۆ دار و تەرمێ** (دیوانی دیلان/ل٣٧٤)

لەم دوو دێرە ئامرازی نەرێ (نە) چوار جار دووبارەکراوەتەوە، چوار جاری بەشێوەی ئەستوونی و دووجاریش بەشێوەی ئاسۆیی، واتە هۆنیار جۆری دووبارەکاری تێکەڵی بەکارهێناوە.

**ئەنجام**

١- دووبارەکاری شیعری بنەمای سەرەکی بنیادی هونەری هۆنراوەکانی دیلانە، کەوا بە هۆنیارێکی ناوداری نەوەی پاش گۆران دادەنرێت.

٢- لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارەدا چەندین جۆری دووبارەکاری شیعری بەرچاو دەکەوێت.

٣- ئەم هۆنیارە زۆر بە جوانی دووبارەکردنەوەی شیعری بە چەشنێک لەنێو هەندێ لە هۆنراوەکانی بەکارهێناوە لەپێناو بەخشینی جۆرە کاریگەرییەک بە بەکارهێنانی دووبارەکردنەوە لەنێو دارشتنی شیعریدا.

٤- ئەم هۆنیارە لە بەکارهێنانی دووبارەکاری تێکەڵ، زۆر سەرکەوتوو بووە.

**پەراوێزەکان:**

**١- احمد مطلوب- معجم النقد الادبي، ج/١، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩، ص٣٧٠.**

**٢- د. محمد صابر عبيد- القصيدة العربية الحديثة.. حساسية الانبثاقة الشعرية الاولى.. جيل الرواد والستينات، ط/٢، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن، ٢٠١٠، ص٢٠٠.**

**٣- محمد عبدالمطلب- بناء الاسلوب في شعر الحداثة، القاهرة، ١٩٨٨، ص٣٩٠.**

**٤- د. عشتار داود محمد تقنية التوازي في الشعر الحديث، لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە.**

**٥- د. محمد صابر عبيد- القصيدة العربية الحديثة.. حساسية الانبثاقة الشعرية الاولى.. جيل الرواد والستينات، ط/٢، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن، ٢٠١٠، ص٢٠٠.**

**٦- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود- بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥- ٢٠٠٥، ل١٧٢.**

**٧- د. محمد صابر عبيد- القصيدة العربية الحديثة، ص٢٠٨.**

**٨- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود- بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥- ٢٠٠٥، ل١٧٦.**

**سەرچاوەکان:**

**کتێبەکان**

**١- احمد مطلوب- معجم النقد الادبي، ج/١، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩.**

**٢- د. محمد صابر عبيد- القصيدة العربية الحديثة.. حساسية الانبثاقة الشعرية الاولى.. جيل الرواد والستينات، ط/٢، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن، ٢٠١٠.**

**٣- محمد عبدالمطلب- بناء الاسلوب في شعر الحداثة، القاهرة، ١٩٨٨.**

**٤- د. عشتار داود محمد تقنيه التوازي في الشعر الحديث، لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە.**

**٥- د. محمد صابر عبيد- القصيدة العربية الحديثة.. حساسية الانبثاقة الشعرية الاولى.. جيل الرواد والستينات، ط/٢، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن، ٢٠١٠.**

**٦- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود- بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥- ٢٠٠٥، ل١٧٢.**

**٧- د. محمد صابر عبيد- القصيدة العربية الحديثة.**

**٨- دیوانی دیلان، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا ئاگرین، ١٩٨٦.**

# وێنەدانەوەی غەزەلی (الا یا ایها الساقی...) له خەیاڵی شاعیرانی کورددا

ڕزگار جەباری
(کەرکووک)

خواجە (شەمسەددین محەمەد) حافزی شیرازی، ناسراو بە لسان الغیب (١٣٢٥-١٣٨٨ز) یەکێکە لە دەنگە هەرە دیارەکانی شیعری عیرفانی و سۆفیگەری و ئەوینی لاهووتی لە نێو ئەدەبیاتی فارسی و ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت جیهانیشدا، کە چەندین وێنە و چەمک و دەستەواژە و گوزارشتی تازەی خستووەتە نێو شیعری عیرفانی فارسییەوە. بە داهێنانە جوانەکانی، دەکرێت بە هونەرمەندی نەخشو نیگارسازیی خانەقای شیعری عیرفانی و سۆفیزمی فارسی دابنرێت کە (سەنایی) و (عەتتار) و ...تاد، بنەمایان بۆ داڕشت و (مەولانا) و (سەعدی) و چەندین شاعیری دیکە، دیواریان لەسەر هەڵچنی.

بەو پلەوپایە ڕوحی و وێژەیی و زانستییەی کە هەیبووە، بەردەوام جێگای ڕێز و خۆشەویستی هەموو لایەک، بەتایبەتی پاشایانی ئال موزەفەر و تەیموری بووە.

حافز خاوەن دیوانێکی شیعرییە و پتر لە ٥٠٠ غەزەل و ژمارەیەک چامە و چوارینە لە خۆدەگرێت، کە (محەمەد گوڵەندام)ی هاوڕێی خۆی بۆی کۆکردووەتەوە. ئەم دیوانە خۆشەویست و دڵپەسەندی کۆمەڵی عاریفان و شاعیران و ئەدیبان و ئەدەب دۆستان بووە. هەمیشە کۆڕوکۆبوونەوەکانی حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان و دەربار و دیوەخانی دەسەڵاتداران و دانیشتنە ئەدەبییەکانی پێ گەرم کراوە و ڕازاوەتەوە. ئەم دیوانە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٩١ لەلایەن پیاوێکی بیانی بە ناوی (ئاب جان)ەوە، لە (کەلکەتە) بە سەرپەرشتی (ئەبو تالیب خان) کە ئەدیبێکی هیندی بوو، چاپ کراوە. لەئەمڕۆشدا، ساڵانە دامودەزگا چاپەمەنی و بڵاوکارەکانی ئێران، بە چەندین دیزاینی جیاوازەوە لە قەبارە و خۆشنووسی و نەخشو نیگاردا چاپی دەکەنەوە و دەیخەنەوە بەر دیدی شەیدایانی حافز. لە ڕەفەدا هاوشانی قورئانی پیرۆز لە زۆربەی ماڵانی ئێرانیدا دەبینرێت، تەنانەت هێندە پیرۆز تەماشای کراوە، کە خەڵکی بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی کار و پرۆژەیەکی گرینگ، یان بۆ دۆزینەوەی شتێکی نادیاردا، پەنای بردووەتە بەر و فاڵی پێ گرتووەتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە بە (فاڵنامەی حافز)یش ناسراوە، ئەمەش چەندین حیکایەتی سەیر و سەرنجڕاکێشی بەدوادا هاتووە. یەکێک لە حیکایەتەکان بەم جۆرەیە: ڕۆژێک کەریم خانی زەند سەردانی مەزاری حافز دەکات، بە هەڵی دەزانێت فاڵێک بگرێتەوە بۆ ئاکامی ئەو هێرشەی ماوەیەک بە خەیاڵیدا دێت و دەچێت، کە مەبەستی بوو،



حافز

بۆ سەر یەکێک لە شارەکانی دەوروبەر ئەنجامی بدات. بەڵام دوودڵی و دوڕدۆنگی بەرۆکی بەرنەدەدا، تاکو دیوانەکەی کردەوە و سەرەتای غەزەلەکە بەم دێرە دەست پێدەکات:

**ساقی به نور باده بر افروز جام ما**
**مطرب بگو که کار جهان شد به کام ما**

واتە: مەیگێڕ بە ڕۆشنایی شەراب هەڵبکە بەرداخی ئێمە...بەزم ساز بچڕە کە کاری جیهان بەگوێرەی بەختی ئێمە بوو.

دەگێڕنەوە کە کەریم خان لەو دوودڵییە ڕزگاری دەبێت و پاش چەند ڕۆژێک زۆر بە ئاسانی توانی ئەو شارە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. شاعیری هەست ناسکی کوردیش، بێسارانی بەم جۆرە پەنا دەباتە بەر حافز و فاڵنامەکەی و داوای فاڵی لێ دەکات، پاش ئەوەی بەو فاڵە دڵی ڕۆشن دەبێتەوە، نزای بۆ دەکات:

**حافز باجەتی شاخ نەباتت**
**بە نوشیدەی نۆش جورعەی مەماتت**
**بە تەمای گوڵگەشت سەیر موسەللات**
**بە ئاو ڕوکناباد سەرچەشمەی حەیات**
**بە لسان الغیب سینەی پڕ جە دوڕ**
**سینەی پڕ جە دوڕ بەحر مەعنا پوڕ**
**فاڵێ وەسفولحال باوەرە پەرێم**
**موناسب بە حاڵ جەستەی خەستەی وێم**
**حافز تۆ کە فاڵ پەرێم ئاوەردی**
**موناسب بە حاڵ دڵ ڕۆشن کەردی**
**هەر شەو جە ئاسمان قەبرت پڕ نوور بۆ**
**دیدەی بەد جە شاخ نەباتت دوور بۆ**

شیعرەکانی حافز لەمێژە جێگای بایەخی ڕۆژهەڵاتناسان و ڕۆشنبیرانی بیانی بووە. گوتێی ئەڵمانی ١٧٤٩-١٨٣٢ز خوێندنەوە و لێکدانەوەی لەسەر ئەنجام داوە، تاکو خوێنەرانی ئەڵمانی بێ بەش نەبن لە تاموچێژی شیعرەکان و نهێنی و جوانی خەیاڵە بەرفراوانەکەی حافز. نیتشە و ئینگڵس پەسنیان کردووە و تاگوور خۆی بە قوتابی ئەو زانیوە و سەردانی ئارامگاکەی کردووە. بۆ ٣٠ زمانی زیندوو تەرجوومە کراوە. خاتوو (گرترودیل) باشترین وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بۆ کردووە. لەلایەن د.ئیبراهیم ئەمینەوە تەرجوومەی عەرەبیش کراوە. سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی کورد، شاعیران و عاریفان و خوێندەوارانی کوردزمان، وێڕای هاوڕەگەزی، بەو پێیەی بە درێژایی مێژوو هاوسێی فارس بوونە، لە مێژە ئاشنای ئەدەبیاتی فارسین، بە تایبەتی بە شیعرەکانی حافز و داهێنانە هونەرییەکانی زۆر سەرسام بوونە، بۆیە ئەم سەرسامییە کاری تێکردوون و لای ژمارەیەک لە شاعیرە مەزنەکانی کورد مایەی هەوێن و سرووشی داهێنانی شیعری بووە. مەلا و فەقێ و قوتابیانی حوجرەکان و قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستان لە پاڵ وانە ئایینییەکاندا کە بە گشتی بە زمانی عەرەبی بوونە، هاوکات لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکە وەکو شێخی سەعدی، خەریکی ڕاڤە و لێکدانەوە و لەبەرکردنی شیعرەکانی بوونە، هەروەها شێخ و سۆفی و مورید و پیرانی تەریقەت لە تەکیە و خانەقاکاندا زەمزەمەیان پێ کردووە. شاعیرانیش کە لەو دوو توێژەوە هەڵدەقوڵان، زیاتر بایەخیان پێ داوە و سرووشیان لێوەرگرتووە، ئەمەش لە دووتوێی دیوانەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. پێنج خشتەکی و چوار خشتەکیان لەسەر نووسیوەتەوە، یان تێهەڵکێشیان کردووە، زۆرجاریش واتا و چەمک و وێنە و فیگەر و گوزارشتیان لێ وەرگرتووە. هێندە حافزیان لا مەزن بووە، هەر کاتێ ویستبێتیان شاعیرێتی و پلەی شاعیرێتی

خۆیان، یان شاعیرێکی دیکە دەربخەن و هەڵسەنگێنن ، لێکچوون و بەراوردیان لەگەڵ حافزدا کردووە. وەک مەلای جزیری دەڵێت:

**ژ حافز قوتبێ شیرازی (مەلا) فەهم ئەر بکی رازی**
**ب ئاوازێ نەی و سازێ بیێ بەر چەرخێ پەروازێ**

(مەحوی)ش بە ناحەزانی دەڵێ:

**بڵێ بە ئەهلی حەسەد (مەحویا) وەکو (حافز)**
**قبول خاطر لطف سخن خدا داد است**

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**(نالی)ی و خاکی بەبە (حاجی) و کۆیە بە مەسەل**
**هەروەکو (حافز) و شیرازە (کەلیم) و هەمەدان**

مەلا ڕەنجووریش لە نامە شیعرییەکدا بۆ وەلی دێوانەی دۆست و هاوڕێی خۆی بەم جۆرە پەسنی دەکات:

**(سەعدی) سوخەن دان بەحر مەعانی**
**(حافز) شیراز (سائب) سانی**

وەک دەبینین چۆن ئەم شاعیرانە پلە و توانایی شاعیرێتی خۆیان و ئەوانی دی بە بەراورد لەگەڵ حافزدا دەخەنە ڕوو؟ بێ گومان ئەمە نیشانەی ئوستادی حافزە، لای شاعیرانی کورد.

لەو شاعیرە کوردانەی کە دیوانەکەیانیان جێگای وێنەدانەوەی غەزەلەکانی حافز بووە، دەتوانین ئاماژە بۆ چەند کەسێکیان بکەین لەوانەش: (مەلای جزیری، سالم، ئەحمەدی کۆر، مەحوی، مەلا ڕەنجووری زەنگنە: پێنج خشتەکییەک بە زاراوەی سۆرانی، ئەم هەوڵەش زۆر گرینگە، چونکە دەکەوێتە پێش نالی و شاعیرانی دیکەی بابان، شێخ نورەدین بریفکانی، میهری مزووری ئامێدی، شێخ ڕەزا، ناری، حاجی قادری کۆیی، گروسی، وەداعی: شاعیریکی کلاسیکی کرمانجی ژووروو، ئەسیری، قانیع: پێنج تێهەڵکێشی هەیە، مەلا وەسمان: کوچکەی چوارەمی بابان، ئیمامی، ئەفخەمی، حیشمەت: شاعیرێکی نەناسراو، و...تاد)، هەروەها کەشکۆڵ نووسانی کورد بایەخێکی باشیان بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی شیعرەکانی حافز داوە، کە لەسەر شێوەی بەیاز لە کەشکۆڵدا تۆماریان کردووە. لێرەدا دەتوانین ناوی هەندێ لەو کەشکۆڵانە بنووسین کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە کتێبەکانی خۆیدا بە خوێنەرانی ناساندوون، لەو کەشکۆڵانەش: (کەشکۆڵێکی شیعری کرمانجی ژووروو، کەشکۆڵی حاجی موراد، مەولانا حەمزە، مەلا عەبدوڵڵا مەریوانی، محەمەد مەسیحا، جزیری، عەبدولقادر، مەلا ئەحمەدی دەککە، سەید محەمەد)، هەروەها لێرە و لەوێ چەند شاعیرێکی کورد، لە هەڵبەستێکدا لیستێکیان بۆ ناوی شاعیران کردووەتەوە. بۆ نموونە میرزا خەلیلی منەوەر، لە دەفتەرێکدا کە لیستی ناوی ٣٧ شاعیری کورد و فارس ڕیز دەکات و بەو جۆرە ئاماژە بە ناوی حافز دەکات:

**(زەن شا)ی ئێران (مەلا ئەحمەد کۆر)**
**(شێخ سەعدی) شیراز (حافز) مەشهووری**

شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد تەنیا بەوەندەوە ڕانەوەستاون، بەڵکو لێرە و لەوێ کاری وەرگێڕان و ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کردووە. یەکێکی وەک موشفیق زەنگنە کرماشانی (١٢٣٧-؟ کۆچی) ڕاڤەیەکی لەسەر نووسیوە کە جێگای پەسەندی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بووە، هەروەها مامۆستا عەباسی حەقیقی (١٩٠٢-١٩٩٦ز) کە شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە (١٠٠) غەزەل وەک گوڵبژێرێک لە دیوانەکەی حافزی بە ناوی (شەونم) بە شیعرەوەی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. مامۆستا د.ئەمین موتابچی ٣٦ غەزەلی تێهەڵکێش کردووە و لە نامیلکەیەکدا چاپی کردووە. ڕۆژنامەنووس (سلێمان چیرە) یەک یەک لە شیعرەکانی وەردەگێڕا و لە وەرزنامەی گزینگ چاپی سوێد، هەروەها لە سایتەکەی خۆی بڵاوی دەکردەوە. ناسری حیسامی کاری وەرگێڕانی لەسەر کردووە. مامۆستا محەمەد محەمەد ئەمین (ساری) ٨٧ غەزەلی وەک گوڵبژێرێکی لێ وەرگێڕاوە و بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام یەکێک لە هەوڵە باشەکان، کارە نایابەکەی مامۆستای بەهەشتی ئەکرەم عەنەبی بوو کە تا ڕادەیەک ڕاڤەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بەشێکی هەرە زۆری دیوانەکە کردووە و لە سێ بەرگدا بە ناوی (مەحرەمی ڕاز) بڵاوی کردووەتەوە، کە مەخابن مەرگ مەودای نەدا ئەو پرۆژەیە تەواو بکات. شایانی باسە چی لە ڕابردوو و چی لە ئەمڕۆدا ریسالە ئەدەبی و عیرفانییەکان لە ڕاڤەی شیعردا بە نموونەی شیعریی حافز ڕازاوەتەوە و بەڵگەکاریی تێدا کراوە. بۆ نموونە مەلا جەرجیسی کوڕی محەمەدی ئەربیلی لە دووتوێی ریسالەی فەتحییەدا کە ڕاڤەی غەزەلێکی مەلای جزیرییە، بۆ دەوڵەمەند کردن و پشت ڕاست کردنەوە و

بەڵگەکاری ڕاوبۆچوونەکانی، گەلێ دێری لە دیوانەکەی حافز هێناوەتەوە، هەروەها لە ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆشدا، بە گشتی حافز پشکی شێری بەرکەوتووە، لە توێژینەوەی زانستی و نامەی ماستەر و دکتۆراکاندا، بە تایبەتی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا.

لێرەدا ئێمە لە چەند دێرێکدا ناتوانین جێ پەنجەی حافز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دیاری بکەین، چونکە زۆر بەرفراوانە، بۆیە ویستمان تەنیا لە کلاوڕۆژنەی غەزەلی (الا یا ایها الساقی....) باس لەو تیشکە بکەین، کە چووەتە نێو خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیرانی کوردەوە.

بەرلەوەی بێینە سەر باسی وێنەدانەوەی ئەم غەزەلە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە وەنەبێت تەنیا شاعیرانی کورد بایەخیان پێ دابێت، بەڵکو شاعیرانی فارسیش بەهرەیان لێ وەرگرتووە. لەوانە شێخی ناوداری نەقشبەندی واتە مەولانا جامی (٨١٧-٨٩٨ کۆچی مانگی) سرووشی شیعرێکی لێ وەردەگرێت و دەڵێت:

**شراب لعل باشد قوت جانها قوت دلها**
**الا یا ایها الساقی ادر كأسا و ناولها**

لە هاوچەرخەکانیشدا، ئایەتوڵڵا خومەینی کە دیوانە شیعرێکی لە پاش بە جێماوە، لە یەکێک لە غەزەلەکانیدا جێ پێی حافز هەڵدەگرێت و دەڵێت:

**الا یا ایها الساقی برون بر حسرت دلها**
**که جامت حل نماید یکسره اسرار مشکلها**

ئەم غەزەلەی حافز حەوت دێرە و بە پێی ڕیزبەندی پیتەکانی ئەبجەدی بۆ سەروا کە دیوانەکەی لەسەر ڕێک خراوە، دەکەوێتە سەرەتای بە شی «غەزەلیات»ـەوە و کێشەکەی لەسەر بەحری هەزەجی هەشتی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) و ئەمەش غەزەلەکەیە:

**الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها**
**که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها**
**به بوی نافه کاخر صبا زان طره بگشاید**
**ز تاب جعد مشکینش چه خون آفتاد در دلها**
**مرا در منزل جانان چه آمن عیش چون هر دم**
**جرس فریاد میدارد که بر بندید محملها**
**شب تاریک و بیم موج و گردابی چنین هایل**
**کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها**
**همه کارم ز خود کامی به بد نامی کشید اخر**
**نهان کی ماند آن رازی که زو سازند محفلها**
**حضوری گر همی خواهی ازو غائب مشو حافظ**
**متی ما تلق من تهوی دع الدنیا و اهملها**

خەتمی لاهووری ( خاوەنی لێکدانەوەی عیرفانی غەزەلیاتی حافز) ئەم نیوە دێرە بە هی شاعیری گەورەی عەرەب (لبید: لوبەید) دەزانێت، بەڵام مامۆستا محەمەد ئەفەندی (سوودی بۆسنەیی) کە لێکدانەوەیەکی زمانەوانی و ئەدەبیانەی تورکی بۆ غەزەلەکانی حافز کردووە، دەڵێت: نیوە دێری یەکەمی ئەم غەزەلە، هی یەزیدی کوڕی موعاویەی ئەمەوییە (٦٤٦-٦٨٣ز) و لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە بووە:

**انا السموم ما عندی بتریاق و لا راقی**
**ادر كأسا و ناولها الا یا ایها الساقی**

بە وتەی موتەهەری لە موحازەرەکانی خۆیدا لەسەر حافز: یەزید یەکەمین شاعیری عەرەبە کە لە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام، وەک شاعیرانی سەردەمی جاهیلی شیعری بەسەر مەی و شەراب و ڕابواردن و خۆشی ئەم دنیایە هەڵداوە و قسەی هەرزەیی و بێ باکانەی گوتووە و ڕووی لە کۆڕی مەی و گۆرانی و خۆشگوزەرانی گێتییانە کردووە و چەشنی ئەپیکۆریستەکان جەوهەری بوون و ژیانی گەڕاندووەتەوە بۆ چێژی جەستەیی، بەمەش یەزید بووەتە خاوەن ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی لە شیعری عەرەبیدا کە یەزیدگەریی پێ دەڵێن.

سەبارەت بەم وتانە موتەهەری زۆر بەڵگەی شیعری لە دیوانەکەی یەزیدەوە بە دەستەوە دەدات، کە باسی ئێرە نییە. شیاوی باسە یەزید دیوانە شیعرێکی لە پاش بەجێ ماوە کە ڕووناکی چاپی پێ گەیشتووە، سەبارەت بەم تاک دێرە (عەللامە قەزوینی) و (دکتۆر غەنی) بە هی یەزیدی نازانن. هەر وەها مامۆستا (مینەوی) لە پەراوێزی دیوانی حافزدا نووسیویەتی: ئەمیر خوسرەوی دەهلەوی (لەساڵی ٧٢٥ کۆچی مانگیدا - ١٣٨٨زایینی - مردووە و دەکاتە ساڵی لەدایک بوونی حافز) ئەم نیودێرەی لە شیعرێکی خۆیدا هێناوەتەوە، نیودێرەکەش ئەوەیە کە ئێمە لەسەر زاری مامۆستا سەید تاهیری هاشمییەوە لەسەرەوە دامانە پاڵ مەولانا جامی. هەڵبەتە هاشمی هەموو غەزەلەکەی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوەتەوە. بەهەر حاڵ هی دەهلەوی بێت، یان جامی

هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە مینەوی ئەوەی یەکالا نەکردووەتەوە کە تاک دێرە عەرەبییەکە هی خودی دەهلەوییە، یان نا؟ کەواتە ئەگەر غەزەلەکە هی ئەویش بێت، دوور نییە تاک دێرە عەرەبییەکەی تێهەڵکێش کردبێت، هەروەها دکتۆر (هروی) لە شەرحەکەی خۆیدا بۆ دیوانەکەی حافز دەڵێت: ئەم تاک دێرەم لە دیوانە چاپکراوەکەی یەزیددا بەرچاو نەکەوتووە کە هەم شیعرەکانی خۆی و هەم ئەو شیعرانەی دراونەتە پالی، لەخۆی دەگرێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وا باوە کە هی یەزیدە و نموونە بۆ ئەمەش:

(ئەهلی شیرازی) پاساوی بۆ ئەم تێهەڵکێشەی حافز هێناوەتەوە، بە پارچە شیعرێک کە زیاتر بۆنی مەزهەبگەری لێ دێت لەو گۆڕەی فتوا دەخاتە سەر زاری حافز و دەڵێت:

**خواجه حافز را شبی دیدم به خواب**
**گفتم ای در دانش بی همال**
**از چه بستی بر خود این شعر یزید**
**با وجود این همه فضل و کمال**
**گفت واقف نیستی زین مسئله**
**مال کافر هست بر مؤمن حلال**

واتە: «شەوێک خواجە حافزم لە خەوندا دیت، گوتم: ئەی ئەو کەسەی لە زانستدا بێ هاوتای، لەبەر چی، بەو هەموو فەزڵ و کەمالەوە کە تۆ هەتە ئەم شیعرەی یەزیدت لە خۆ بەستووە، گوتی: لەم پرسە تێناگەیت کە ماڵ و سامانی بێباوەڕان بۆ باوەڕداران حەلالە.»

لە لایەکی دیکەوە «کاتبی نەیشابووری» ئەم قسەیە ڕەت دەکاتەوە و بە شێوازێکی دیکە ڕەخنەی لە حافز گرتووە و دەڵێت:

**عجب در حیرتم از خواجه حافز**
**به نوعی کش خرد زان عاجز اید**
**چه حکمت دید در شعر یزید او**
**که در دیوان نخست از وی سراید**
**اگر چه مال کافر بر مسلمان**
**حلال است و در او قیلی نشاید**
**ولی از شیر عیبی بس عزیم است**
**که لقمه از دهان سگ رباید**

واتە: «سەرم سوڕماوە لە خواجە حافز، بە جۆرێک کە هزر لێی دۆش دادەمێنێ، چی حیکمەتێکی بینی لە شیعری یەزیددا، کە لە دیوانەکەیدا، سەرەتا لەوەوە دەهۆنێتەوە، ئەگەرچی سامانی بێ باوەڕان بۆ موسلمان حەلالە...بەلام بۆ شێر زۆر شوورەییە کە پاروو لە دەمی سەگ بڕفێنێ...»

وەک ئاشکرایە ئەمانە لە ڕوانگەی مەزهەبگەرییەوە دەڕواننە مەسەلەکە، تا لە ڕوانگەیەکی ئەدەبی و زانستییەوە، بەلام هەر لە سۆنگەی ئەم دێرە شیعرەوە، هەندێ لە توێژەران لەو باوەڕەدان کە حافز لە شیعردا خەریکی یەزیدگەری بووە، نەک سۆفیگەری و جیهانی ڕوحانی و ئەوینی لاهووتی. دوا شت لەسەر ئەم پرسە کە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەم تاک دێرە ئەگەر هی یەزیدیش نەبێت، هی لوبەیدیش نییە وەک لاهووری دەڵێت، چونکە من بە خۆم سەرتاسەری دیوانی لوبەیدم پشکنی، بەلام بە هیچ جۆرێ بەرچاوم نەکەوت.

لێرەوە دەچینە سەر دەنگدانەوە و وێنەدانەوەی غەزەلەکە لەلای شاعیرانی کورد. باسەکەمان وەنەبێت توێژینەوە، یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەکادیمی بێت، بەڵکو زیاتر بیبلۆگرافیای ئەم غەزەلەیە لە لای شاعیران و نووسەرانی کورد و زیاتر کارێکی ئینسکلۆپیدیاییە، چونکە دەنگدانەوە و زایەڵەی ئەم غەزەلە لای ژمارەیەک شاعیری کورد دەبینرێت. ئێمە لێرەدا بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی ئاماژەیان پێدەکەین، بەلام لەبەر ئەوەی باسەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، هەوڵ دەدەین تەنیا کۆپلەکانی سەرەتا و کۆتایی بخەینە بەرچاو.

*** شێخ ئەحمەد جزیری (١٥٦٧-١٦٤٠ز):**

ڕەنگە یەکەم زایەڵەی ئەم غەزەلە لە لای مەلای جزیری بەرچاو بکەوێت، چونکە نموونەی کۆنتر لەومان لەبەردەستدا نییە. مەلای جزیری چوارخشتەکییەکی لەسەر نووسیوە کە ژمارەیان هەشت چوارخشتەکییە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگێ**
**وەرە ساقی هەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژ ڤێ ژەنگێ**
**حەیاتا دل مەیا باقی بنووشین دا ب موشتاق**
**«الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها»**

مەلای جزیری لەسەر دێری یەکەم، دوو چوار خشتەکی دارشتووە. ئەوانی دیکەی لەسەر نیوەدێری دووەم دارشتووە. دێری یەکەم یەک سەروایان هەیە و لە

ناوەڕاستیشدا بە هەمان سەرواوە پشوو هەیە، کەچی نیوەدێری سێیەم لەسەر پشووی نیوەدێری چوارەم سەروای بۆ داناوە و پشووەکەشی هەمان سەروای هەیە. دەتوانین بڵێین مەلای جزیری، فۆرمێکی زۆر جوانی مۆزاییکی بە شیعرەکە بەخشیوە و لە هەندێ دێریشدا هەست دەکەین پەیڤەکانی حافزی تەرجوومە کردووە. بە گشتی لە چوارخشتەکی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا دێری سێیەمی بەزمانی فارسی داڕشتووە و سەرواکانیان لەسەر پشووی ناوەڕاستی دێری چوارەم داناوە، کە هی حافزە وتێهەڵکێشی کردووە. دێری سێیەمی لە چوارخشتەکی کۆتاییدا بە زمانی عەرەبی داڕشتووە. بەم جۆرە کارێکی ڕەنگینی بەرهەم هێناوە کە چێژێکی زۆر بە خوێنەر دەبەخشێت.

سەبارەت بە ناوەڕۆک هەمان ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەسەرە کە حافز دەگرێتەوە. هەندێ پێیانوایە واتایەکی ئەوینی مەجازی هەیە و ئەو چەمک و گوزارشتانەی بەکاری هێناون، هیچ نهێنییەکی تێدا نییە و سیمبۆل و ئاماژەیەکی مەعنەوی لەخۆناگرن، بەڵام وەک لە سەرتاسەری دیوانەکەدا ئاشکرایە، کە مەلای جزیری نەک تەنیا خەریکی بەها و فێرکاری و تیۆرییەکانی تەسەوف و عیرفانی بووە وەک زات، تەنانەت ویستوویەتی عیرفان بکاتە بەرنامە و کولتووری ڕۆژانەی ژیانی دەوروبەریشی. وەک بەڵگە دەتوانین بڵێین کارکردنی جزیری لە شێوازی عیراقی و کاریگەرییە تایبەتییەکەشی بە دوو نوێنەری خاوەن دەنگی ئەم شێوازە، واتە حافز و سەعدی و بابەتی سەرەکی شێوازی عیراقی کە تەسەوف و عیرفانە، جزیری دەخاتە ڕیزی سۆفی و عاریفەکانەوە، بۆیە لەو بارەوە مشتومڕی زۆر هەڵناگرێ.

*** گەروسی (١٥٩٦-؟ز):**

گەروسی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی گۆرانزمان، کە لە سەردەمی شاعەباسی گەورە و هەڵۆخانی والی کوردستان (سنە) ژیاوە. ژیانی ئەو هاوکاتە بە سەرەتاکانی سەدەی یازدەمی کۆچی مانگی. لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٦ بۆ ١٥٩٧ز لە دایک بووە. هۆنراوەیەکی (ملمع) تێهەڵکێشی لەسەر غەزەلەکەی حافز هەیە. مامۆستا (محیەددین سالحی) دەڵێت: لە کتێبخانەی بنەماڵەی ئێمەدا، ئەو شیعرە مێژووی ١١١٣ کۆچی مانگی (بەرانبەر بە ١٦٩٩ز) لەسەرە. دێری یەکەمی شیعرەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

**جە عشق و دەرد دورینان ورونم سۆچیا و گریا**
**الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها**

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

**«گروسی» ئارەزوویش هەن ئەگەر ئێد بوو موراد و دڵ**
**متی ما تلق من تهوی دع الدنیا و اهملها**

شایانی باسە ئەم شیعرە یەکێکە لەو شیعرە دەگمەنانەی شیعری گۆرانی (هەورامی) کە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە، چونکە شیعری گۆرانی بەدرێژایی مێژوو لەسەر کێشی پەنجە (کێشی خۆماڵی کە دە برگەییە) هۆنراوەتەوە. هەر لە ئەدەبیاتی یارسان و شیعرەکانی مەلای پەرێشان و داستانە شیعرییەکان و شانامەی کوردی تاکو دوا نوێنەری هەرە دیاریان مەولەوی لەسەر ئەو کێشە ڕۆیشتوون. جگە لە چەند شاعیرێک نەبێ کە شیعریان لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی نووسیوە. ئەم حاڵەتە دەگمەنەش ئاشکرایە کە تێهەڵکێش کردن لەم شیعرەدا وای کردووە، شاعیر ناچار بکات، لە کێشی خۆماڵی لا بدات.

*** شێخ ئەحمەدی کۆر (؟-١٨٣٣ز):**

ئەم شاعیرەمان بە شێوەزاری موکریانی پێنج خشتەکییەکی نایابی لەسەر نووسیوە کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

**شەو و ڕۆژ بێ قەرارم ئەز لە عیشقی ڕوویی نەو گولها**
**دەکەم تەی چۆڵ و بەید و بەڕ بە ناڵین شیبهی بولبولها**
**لە قەیدی زوڵفی تۆ ئەیەن نییە مەجنون و عاقلها**
**الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها**
**کە عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها**

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

**ئەلا ئەی ( ئەحمەدی کۆر)ی زەلیل و خەستە تەن عاجز**
**لە داخ و حەسرەتی جانان مەلول و مات و گەردن کز**
**دڵت چون خانەی زەنبوور عەقاربیان لەسەر ناچز**
**حضوری گر همی خواهی ازو غائب مشو حافز**
**متی ما تلق من تهوی دع الدنیا و اهملها**

وەک دیارە ئەحمەدی کۆر، بۆ ڕێکخستنی سەرواکان ناچار بووە لە سەروا کوردییەکانیشدا نیشانەی کۆی فارسی بەکار بهێنێت، هەروەها ئەوەی جێگای باسە، لە

ڕووی ناوەرۆکەوە شیعرەکە لە واتا عیرفانییەکەی دوور کەوتووەتەوە و واتایەکی تەواو ئایینی پێ دەبەخشێت، کە شاعیر لە کۆپلەکانی دیکەدا بە ڕوونی وەسفی پێغەمبەر (د.خ) دەکات.

*** سالم (١٨٠٠-١٨٦٦ز):**

یەکێکە لە شاعیرەکانی سێ کوچکەی بابان و دامەزرێنەرانی ئەو بزاوتە ئەدەبییە کە بە (حافز)ی کورد ناسراوە، ئەم غەزەلەی تێهەڵکێش کردووە و لەسەرەتاوە دەڵێت:

**بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی غوباری میحنەتی دونیا**
**الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها**

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

**ویساڵی دڵبەری (سالم) موعەزەم تر لە هەر مەطلەب**
**متی ما تلق من تهوی دع الدنیا و اهملها**

کارکردن لەسەر شیعری حافز و ئەم غەزەلە، ئەوە دەگەیەنێ، نوێنەرانی شیعری بزاوتی بابان کە زاراوەی کرمانجی خواروویان کرد بە زمانی نووسین و ئەدەبیات کە پاشتر و لە سەدەی بیستەمدا بووە زمانی دەسەڵات و بڵاوکردنەوە و پرۆگرامی خوێندن و...تاد، لەگەڵ ئەو نوێگەرییەدا نەیانتوانیوە لە ژێر کاریگەری حافز دەرباز بن، لە کاتێکدا هاوسەردەمی ئەوان و کەمێ دواتر، شیعری فارسی لەمێژ بوو مەودای لە شیعری حافز و ئەو شێوازە وەرگرتبوو. ئەوان خەریک بوون لە شیعری ئازاد نزیک و نزیکتر دەبوونەوە.

*** حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧ز):**

حاجی لە غەزەلێکی تەڕ و ناسکدا سرووشی لە حافز وەرگرتووە. لەم شیعرەیدا لە ناوەڕاستی دێرەکان بە دواوە، ئوستادانە غەزەلەکەی تێهەڵکێش کردووە و زۆریش شاعیرانە واتاکانی لەگەڵ یەکدا گونجاندووە. لە سەرەتادا دەڵێت:

**دەخیلت بم وەرە ساقی «ادر کأسا و ناولها»**
**غەم و غوسسەی دڵم کەم بوو «ولی افتاد مشکلها»**

لە دوا دێریشدا دەڵێت:

**ئەگەر موخلیسی عیشقی « ازو غائب مشو حافز»**
**کە حاجی بۆ سەفەر بڕوا «دع الدنیا و امهلها»**

لەتەکانی حاجی لە نیوەدێرەکانی یەکەم و سێیەم و نیوەدێری چوارەم و پێنجەم و شەشەم تاڕادەیەک وەرگێڕانی وشەکانی دەقە فارسییەکەن. وەک دەبینین حاجی لەم دێرانەدا وەک وەرگێڕ کاری کردووە، ئەمەش دەچێتە هەوڵێکی بچووکی هونەری وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کە دەشێت سەرەتاکەی بۆ خانای قوبادی بگەڕێتەوە لە هۆنینەوەی خوسرەو و شیرینەکەی خۆیدا، لەوێ جێ پێی نیزامی گەنجەوی هەڵگرتووە. ئەمە لە لای شاعیرانی گۆرانی بە ڕوونی دیارە لە دارشتنەوەی داستانە کۆنەکانی وەکو ڕۆستەم و زۆراب و ...تاد. بەهەمان شێوەی دیوانەکەی مەلای جزیری کە هەژار ڕاڤەی لەسەر نووسیوە، لە دیوانەکەی حاجیشدا لە بری (اهملها)، نووسراوە امهلها. جیاوازی لەم گێڕانەوانەدا، بۆ دەستنووسە جیاوازەکانی دیوانی حافز دەگەڕێتەوە.

*** مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤ز):**

یەکێکە لەو شاعیرە گەورانەی کورد کە لە کاریگەری حافز دەربازی نەبووە، لە دیوانەکەیدا بەڕوونی و بە تێهەڵکێش پێنج جار پەنای بردووەتە بەر. جگە لەو شوێنانەی کە لە ڕووی ناوەرۆک و ڕوخسارەوە لەگەڵ حافزدا یەک دەگرێتەوە.

ئەوەی پێوەندی بە باسەکەوە هەبێت ئەوەیە کە مەحوی لە دێرێکدا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی لە غەزەلەکەوە وەرگرتووە و دەڵێت:

**دەزانی ڕۆژە ئەو، من شەو، کەچی پێشم دەڵێ «مەحوی»**
**حضوری گر همی خواهی مشو «حافز» از او غائب**

سەرەوای شیعرەکەی حافز لەسەر ئاوازی وشەی (غائب) دێتە خوارەوە، بۆیە دەبینین لەبەر پێویستی سەروا، دەستکارییەکی بچووکی ئەو دێرەی کردووە و هەر دوو وشەی (غائب) و (حافز)ی پاش و پێش کردووە. لەم نموونەی خوارەوەشدا لێکچوونێکی ڕوخساری لە نێوان دێرە شیعرێکی مەحوی و حافزدا هەیە.

حافز دەڵێت:

**به می سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید**
**که سالک بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها**

واتە: «بە مەی بەرماڵەکەت ڕەنگ بکە ئەگەر پیری موغان پێت بڵێ...کە ڕێبەر بێ هەواڵ و بێ زانیاری نییە، لە ڕێوشوێن و ئادابی ماڵاندا...»

مەحوی دەڵێت:

**سەججادە مەی پیا ڕژاوم و عوریان و لەش بە خوون**
**نوێژ مەزەننە وایە لەمەولا بکەن قوبوول**

دێرە فارسییەکە، دێری سێیەمی غەزەلەکەیە و هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە کە هەڵەیەک لە نیوەدێری دووەم ڕووی داوە و دەبێت بەم شێوەیە بووبێت (کە سالک بی خبر بود ز راه و رسم منزلها)، واتە (بود) ڕاستە نەک (نبود). سالک بە واتای ڕێبوار لە فەرهەنگی عیرفانیدا ئەو کەسەیە ڕێگای تەریقەتی گرتووەتەبەر بۆ گەیشتن بە ئەوینەکەی. ئەگەر سالک بۆ (پیری موغان) بگەڕێتەوە ئەوە (نبود) ڕاستە، چونکە پیر شارەزای ڕێگایە، بەڵام ئەگەر مەبەستی شاعیر لە سالک (خۆی واتە مورید) بێت، ئەوە (بود) ڕاستە و خۆی بە ڕێبوارێکی تازە دەزانێت و شارەزای ڕێگا نییە.

*** پیری قەرەچێوار:**

شێخ حەسەن کوڕی شێخ عەبدولکەیم (١٨٤٧-١٩٠٧ز) ناسراو بە پیری قەرەچێوار، ئەم پیرە، شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی کوردی (زاری گۆرانی) و زمانی فارسی هەبووە. زۆربەی شیعرەکانی حافزی لەبەر بووە، بە جۆرێک کە لە کۆڕوکۆبوونەوەکانیدا بەڵگەی شیعریی پێ هێناوەتەوە. لەبەرئەوەی بەخۆی سەلیقەی شیعریی هەبووە، بۆیە لەو سۆنگەوە سرووشی لێ وەرگرتووە و چوار خشتەکییەکی لەسەر نووسیوە، ئەگەرچی بە زمانی فارسییە و ناچێتە ڕیزی ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەڵام دواجار ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم شیعرە چەندە مایەی سەرنج بووە. چوارخشتەکییەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**ز حالات شب هجران نمانده شادی از دلها**
**نیاید شرح مهجوری به تحریر اناملها**
**که مه به زودی سراید تا رود درد هایلها**
**«الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها»**

واتە: «لە باری شەوی دووری نەماوە شادی لە دڵاندا...شرۆڤەی دووری بە پەنجەکان نایەنە نووسین...کە مانگ بە زوویی هەڵبێ تاکو ئەم دەردە ترسناکە برەوێتەوە...تاد.»

شایانی باسە لە شیعرەکەی پیری قەرەچێواردا واتای چەند وشەیەک ڕوون نییە کە دەشێ بە هەڵە نووسرابێتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە ناوچەکە (قادر کەرەم) بەهۆی شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال و سووتاندنی دێهاتەکانەوە هاتە ئاراوە و بووە هۆی لەناوچوون و تێکچوونی چەندین دەستنووس و بەیاز و کەشکۆڵ و کتێب و بەڵگنامە و...تاد.

*** ئەبولوەفا:**

حاجی شێخ (عەبدولڕەحمان)ی نەقشبەندی موجەدیدی (ئەبولوەفا، یان وەفا) (١٨٣٦-١٨٦٠ز) یەکێکە لە شێخەکانی تەوێڵە، وەک سەید تاهیری هاشمی دەڵێت: وەڵامی یەکەمین شیعری دیوانی حافزی داوەتەوە، ئەگەرچی لەو شیعرەدا بە پلە و پایەی خواجە نەگەیشتووە، بەڵام لێی وەرگیراوە، چونکە بەر لەخۆی شێخی ناوداری نەقشبەندی، واتە مەولانا عەبدولڕەحمانی جامی بەو هەموو تواناییەی خۆیەوە لە بواری شیعر و ئەدەبدا، لە سێ پێشبڕکێی شیعریی لەگەڵ حافزدا دۆڕاوە. (وەک پێشتر تیشکمان خستە سەر) مەولانا جامی، سرووشی لەم شیعرە وەرگرتووە و غەزەلێکی لەسەر هەمان بەحر هۆنیوەتەوە. شیعرەکەی وەفاش بە هەمان شێوەی شیعرەکەی پیری قەرەچێوار ناچێتە ڕیزی ئەدەبیاتی کوردییەوە، چونکە بە زمانی فارسییە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**آز آن شد جعد گیسویت کمند گردن دلها**
**بر اسانید تا دلها ز بیم بعد منزلها**

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

**وفا عین صفای می شده است و باز گوید**
**الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها**

وەفا وەکو حاجی لە دێرێکدا لەتێکی حافزی تێهەڵکێش کردووە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، دێرەکەی یەزیدی لە کۆتاییەوە هێناوەتەوە. بە کورتی وەفا لە شیعردا لاسایی ڕێچکەی حافز و هیلالی و فەغانی و...تاد کردووەتەوە.

*** هەژار موکریانی (١٩٢١-١٩٩١ز):**

هەژار لە دوای هەموانەوە سەبارەت بەم غەزەلە کە ڕۆڵێکی بەرزی گێڕاوە، لە داهێنانی شیعری ئەوینی و عیرفانیدا، هەوێنی تەنزە شیعرێکی لێ وەرگرتووە و لە

ڕێگای ئەو شـیـعـرەوە کـە بە درێژایی چەندین سـاڵە مشتومڕی جیاوازی هەڵگرتووە، زەردەخەنە دەخاتە سەر لێـوان و وەک ئەوەی بیـەوێ بڵـێت، گـەلۆ ئەوەندە هەڵناگرێ و ئیتر بەسە و کۆتایی پێ بهێنن. یەکەم دێری تەنزە شیعرەکەی هەژار بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

**لە نسکێنە و لە ساوار پڕ کرا زگها هەتا ملها**
**برنج ئەوەڵ هەرزان ببوو وەلی ئوفتاد موشکلها**

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

**لە سەر یاپراخ زگیشت هەڵدڕن سنگ بێنە پێش حافز**
**متی ما تلق من تهوی دع الدنیا و اهملها**

**سەرچاوەکان:**


**(١) دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کوڕ(موکریانی)، عەزیز موحەمەدپوور (دانشبەندی)، لەگەڵ پێداچوونەوەی: مامۆستا (هەژار)دا، چاپی یەکەم ١٣٧٨کۆچی.**

**(٢) دیوانی عارفی ڕەبانی شێخ ئەحمەدی جزیری، مەشهور بە مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، چاپی یەکەم ١٣٦١کۆچی.**

**(٣) مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، نووسینی سەید تاهیر هاشمی، وەرگێڕانی دلێر میرزا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ - سلێمانی.**

**(٤) دیوانی بێسارانی، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی صدیق صفی زادە، چاپی یەکەم ١٣٨١کۆچی، چاپخانە: رۆستەمخان، بلاوکار: انتشارات کردستان.**

**(٥) دیوانی حاجی قادر کۆیی، لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی: مامۆستا مەسعود محەمەد، بلاوکردنەوەی سنە، شارە کتێبی میدیا، سنە، ٢٧٠٧ کوردی.**

**(٦) گۆڤاری هاواری کەرکووک ژمارە(٣)، قادرکەرەم، تێڕوانینێکی هەمەلایەنە، شاهۆ ئیسماعیل بەرزنجی، مستەفا زەنگنە.**

**(٧) مەحرەمی ڕاز، شەرحی غەزەلیاتی حافز، ئەکرەم عەنەبی، هەولێر ٢٠٠٧، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، ل٥.**

**(٨) شەونم، وەرگێڕاوی سەد غەزەل لە دیوانی حافزی شیرازی، وەرگێر: عەبباسی حەقیقی، انتشارات کردستان، سنە- ١٣٨٧کۆچی.**

**(٩) سۆفیگەری، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوانی.**

**(١٠) عرفان حافظ، استاد شهید مرتضی مطهری، چاپ بیست و هفتم، خرداد ١٣٨٨-جمادی الثاني ١٤٣٠.**

**(١١) دیوان خواجه شمس الدین محمد حافظ شیرازی، تصحیح و مقدمه، محمد بهشتی، ناشر: انتشارات سعدی.**


**(١٢) سرود بادیه، در احوال و اثار شعرای کرد و لک و لر، استاد ملا محی الدین صالحی.**

# ڕۆمانی ڕیالیزمی لە ئەوروپا (١)

**ف. و. ج. همینگز(٢)**
**لە فارسییەوە: هاشم عەلی وەیسی**
**(کرماشان - جوانڕۆ)**

زاراوەی ڕیالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی زایینی لە کیشوەری ئەوروپا پەرەی سەند بۆ ئاماژەکردن بە گۆڕانکارییەکی تازە لە ڕەوتی بەرەو پێشچووی ئەدەبی چیرۆکی پەخشانئامێزدا خۆی دەرخست کە لە دوو دەیە پێشتر، واتا لە نزیکەی ساڵی ١٨٣٠ زایینی ئاشکرا بوو. ڕیالیزم لەو سەردەمەدا پێچەوانەی ڕۆمانتیزم(٣)، بزووتنەوەیەکی ناسراو نەبوو، هەروەها لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئەم جۆرە بەرهەمە ڕیالیستیانە لە لایەن نووسەرانی ئەم ڕەوتە بوو کە ڕەخنەگران توانییان مانایەکی دیاریکراو بۆ زاراوەی ڕیالیزم داڕێژن. بەو شێوەیەی کە ڕیالیزم تاڕادەیەک تەواوی لایەنەکانی ئەدەبی چیرۆکی پەخشانئامێزی خستە ژێر کاریگەرییەوە، تەنانەت هەنووکەش زۆر زەحمەتە بتوانین لەسەر فۆرمۆڵێکی سادە و هەمەکی کۆی بکەینەوە. بە کورتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین ڕۆمانی ڕیالیستی سەرەتا لە فەڕەنسا و ڕووسیا، دواتر لە ئەڵمان و دوورگەی ئیبری و ئیتاڵیا بە چ شێوەیەک قاڵبی تایبەت بە خۆی وەرگرت و لەو ڕەوتەی جیا بوویەوە کە هاوکات لە کولتوورەکانی ئەنگلۆساکسۆن(٤) خەریک بوو ساز دەبوو. دەبێ ئاگادار بین هەموو ڕیالیستە ڕەسەنەکانی ئەوروپا پابەندی خاڵی بەخاڵی یاسا و ڕێسا سەرەکییەکان نەبوون و ئەو دەستوورانەی کە بتوانن لە زەرفی یاسا و ڕێسایەکی گشتی کۆی بکەنەوە، هیچ کات نەبووە هۆی بەرنامەیەکی تایبەت، تا دەستەیەک لە نووسەران بەکاری بێنن، بەڵام ئەگەر هەنووکە چاوێک بە ڕابردوودا بخشێنین، ئەوەمان بەشێوەی گشتی بۆ ڕوون دەبێتەوە ڕیالیستەکانی ئەوروپا بە شوێن چەند ئامانجێکەوە بوون، ئەم ئامانجانەش لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ئامانجی هاوسەردەمانیان لە ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان جیاوازی هەبووە.

گرنگترین شتی هاوبەشیان حەزێکی زۆر بوو کە بەرانبەر بە گۆڕانکارییە گەورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوکات پیشانیان دەدا. یەکەم ئەم تایبەتمەندییە و دووەم بەلزاک(٦) ئاشکرا بوو کە دەشێت ئەم دوو هۆکارە بە هۆکارگەلێکی تۆکمە و پتەو ، لە «بیچمدانی» ڕیالیزمی سەدەی نۆزدەم ناو ببەین. فەڕەنسا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر لە ئەوروپا، لە ساڵی ١٧٨٩ زایینی تووشی کۆمەڵێک ئاشۆ و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوویەوە کە کاریگەرییەکانی لە ساڵی ١٨٣٠ زایینی هێشتاکە بە تەواوەتی دەرنەکەوتبوو، ئەو ڕۆماننووسەی کە بتوانێت پشکنینێکی سەلمێنەرانە لە دۆخی کۆمەڵگەی سەردەم و زەمانەی خۆی بە دەستەوە بدات و ئەو ڕەوتە گرنگانەی کە دەبنە هۆی گۆڕان لە داهاتوودا دەستنیشان بکات، لانی کەم دەتوانێ لەوە



**فلوبێر**

دڵنیا بێت لەناو ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگە، خوێنەرێکی زۆری دەبێت. ستاندال کە لە کۆتاییەکانی ژیانی ڕووی لە ڕۆمان نووسین کرد (لەبەر ئەوەی لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا بوو کە شاکارێکی بەناوی سوورورەش(٧) لە ساڵی ١٨٣٠ زایینی خوڵقاند)، لە ساڵی ١٨٢٢ زایینی بەولاوە، وەکو ڕۆژنامەنووسێکی سیاسی، بە نووسینی کۆمەڵە وتارێک لەژێر ناوونیشانی «نامەگەلێک لە پاریس» (٨) کە لە بلاڤۆکە جۆراوجۆرەکانی لەندەن چاپ دەکرا، خەریکی فێرکاری بوو، تەنانەت ئەگەر ئەم ئەزموونەی ستاندال لەبەرچاو نەگرین، بەم حاڵەشەوە، ئەو لە تەواوی ژیانیدا، ئەو گوشارە نهێنییە شەڕانگێزانەیە کە توێ ناسکەکەی کۆمەڵگە سەقامگرتووەکەی فەرەنسای لە تەقینەوەی شۆڕشی ١٨٣٠ کردەوە، لە سەرەتاوە، بە وردەکارییەکی زۆرەوە و لە نزیکەوە دەکەوتە شوێنی. ڕۆمانی سوورورەش، کە کەمێک بەر لەم ڕووداوە نووسرابوو، تەواوی ڕەوتەکانی ئەو سەردەمەی باس کردبوو: ململانێی دەرەبەگەکانی فەرتووت بۆ سەپاندنی دووبارەی دەسەڵاتی خۆیان لە دوای ڕووداوە مەینەتبارەکانی شۆڕشی پێشوو (لە ساڵی ١٧٨٩)؛ گەشەسەندنی دووبارەی بنەڕەتخوازی دینی بە پێشەنگی ژزوئیتەکان(٩)؛ و هەڕەشەی نوێ لە ئارامی کۆمەڵایەتی لە لایەن نەوەی نوێی لاوانی خوێندکاری بەرزە فڕ، بەڵام هەژاری وڵات، کە لە قارەمانی ڕۆمانی ستاندال بەناوی ژولین سورل(١٠) دەرکەوتووە. بەلزاک کە بە بەراورد لەگەڵ ستاندال سەر بە نەوەیەکی نوێتر بوو، تاڕادەیەک هەر لەو سەردەمەدا، دەستی بە ڕۆماننووسی کرد و سەرسوڕهێنەر نییە کە کۆمەڵێک لەو ناوەرۆکە باسکراوانە لە بەرهەمەکانیدا، لەگەڵ ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی ستاندال یەکسانە، بە تایبەت، ناوەرۆکی پیاوێکی لاو و بەرزەفڕی شارستانی کە دەڕوات بۆ پایتەخت و پێداگرە کە «یان سەرکەوێت، یان بمرێت» وەکو کەسایەتی ئۆژن دۆ ڕاستینیاک(١١) لە ڕۆمانی خەونە بابردووەکاندا(١٤) (١٨٣٧- ١٨٤٣). بەلزاک کە بە بەراورد لەگەڵ ستاندال ڕۆمانگەلێکی زۆرتر و ئامانجگەلی ڕەنگاڵەتری هەبوو هەر لە دەسپێکەوە بەڵێنی دابوو وەها چوارچێوە و ناوەرۆکێک بداتە چیرۆکەکانی کە مێژووییەکی تەواوی ئەو سەردەمە بە دەستەوە بدات، ئەو مێژووەی تا ئەو سەردەمە هیچ ڕۆماننووسێکی تر باسی نەکردبوو. بەم هۆیەوە، تەواوی بزاف و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە، تەواوی پیشە و کارەکان، هەم لە شارستانەکان و هەمیش لە پایتەخت، لەناو کارەکانی ئەو جێی خۆی دەکردەوە.

بەم پێیە ڕۆمانەکانی ئەودا گرفتانەی، سەرچاوەکەی بۆ مانەوەی سەربازە کۆنەکارە بەجێ ماوەکانی سوپای ناپلیۆن دەگەڕایەوە، یاساکانی بەرکەوتنی میرات، مارەیی، پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و پێوەندی ناشەرعی، سەرکەوتن و دۆڕاندنە کارییەکانی پیشان دەدا. تەنیا ڕەنجەکانی چینی نوێخوازی کرێکار نەبوو کە سەرنجی بەلزاکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئەو ناوە هەمەکییەی ئەو لە ڕۆمانەکانی دەنا کۆمیدی ئینسانی(١٥)، دووپاتکردنەوەی بەئەمەگانەی ناوی حەماسەی دانتی(١٦)، بەڵام بەلزاک زۆر زوو ماڵاوایی لە ژیان کرد و نەیتوانی هەموو ئەو شتەی بەرنامەڕێژی بۆ کردبوو لە ڕۆمانەکانی بیگونجێنێ. هەر بۆیە گەڵاڵە گەورەکەی ئەو، جێگرەکەی ئەمیلی گەیاندە ئەو قەناعەتە، تا خەریکی پێداچوونەوەی بەرهەمەکانی بێت. Les Rougon-Macquart ناوی کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی ئەمیل زۆلایە کە بە شێوەیەکی لۆژیکی، بیست ڕۆمانی لەخۆ گرتووە و گرێدراوە بە دەورەیەک پاش مێژووی فەرەنسا، واتا دەکەوێتە باس کردن لە ئیمپراتۆرییەتی دووەمەوە (١٨٥٢-١٨٧٠).

له مه‌ودای نێـوان بەلزاک و زۆلا، فلوبێـر سەری هەڵدا کـــه رۆمـــانه درێژ و دژوارەکـــەی بەناوی پەروەردەی سۆزاویانە(١٩) (١٨٦٩)، هەوڵێک بوو بۆ ناساندنی هەمان مێژووی کۆمەڵایەتی - سیاسی سەردەمی خۆی، کە بۆ خۆی مەودای نێوان ساڵەکانی ١٨٤٠ و ١٨٥٢ زایینییە و بەشی سەرەکی ئەم رۆمانە لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ پێکهاتووە. فلوبێر خۆی گرێدابووە رووداوەکانی پایتەختەوە کە لەو بینین و روانینانەی لە لایەن قارەمانە دڵ ناسکەکەی بە ناوی فردریک مورو(٢٠) دەخرێتە روو کە تا رادەیەکیش تێگەیشتنی ئەستەمە بەرجەستە دەبێتەوە، فـردریک کە ژیان بەبێ ئامـانج دەباتە سەر، هاوپۆلی پێشووی خۆی دسلوریر(٢١) پاڵپشتیەتی، کە لەم کـەسـایەتییـەوە دەتوانین هەمـان ئەو حـاڵەتە سەرکەوتووە جەسوورانەیەی کە ستاندال لە ژولین سورل و بەلزاک لە ئۆژن دوو راسـتـینیـاک خـولـقـاندبووی بە شـێـوەیەکی تر دەردەبردرێت، هەرچەند سـەرکـەوتنی دسلوریر لە عـەشـقـدا کـەمـتـر لە ژولینە، لە کـار و پیشەکەشی، کەمتر لە ئۆژنە.

دووەمین بنەمای هەمەکی رۆماننووسە ریالیستەکانی ئەوروپا، بە تایبەت لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە، کەم نرخی گـەلاڵەی چیـرۆک بوو. ئەمـە بەو مـانایە کـە تۆلستـۆی(٢٣) (١٨٦٣-١٨٦٩) لە لایەن زۆر شارەزا و خوێنەرەوە شاکارگەلی گەورەی ریالیزمی خولقاندووە و رۆمـانەکـانی هەڵگری پوخـتـترین ناوەرۆکن: شـەڕ و ئاشـتی، بەدەر لەو دوو جـەمـسـەرەی لە دێرزەمـانەوە لەنێـوان نەتەوەکـان لە هەڵبـەز و دابەز دایە، دەتوانێ چ شـتـێکی دیکە بێت؟ بەدەر لە چاوپۆشی کـردن لە لەشکرکێشییەکان، سەرکەوتن و شکستەکان کە مێژوو دانی پێـدا ناون، ئەو رووداوانەی کـەسایەتییـەکـانی تۆلستۆی دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە نائاسایی نییە: بە ســاڵاچـوان دەمـــرن، لاوان عــاشـق دەبن، یان لە خۆشەویستی دەیدۆڕێنن و ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن و منداڵیان دەبێت، ئەوەی کە تێگەیشتووە، لە ماناکانی ژیان ورد دەبێتەوە ئەو کەسانەش کە بایەخ بە وردبوونەوە لە مـاناکـانی ژیان نادەن و گـیـرۆدەی چێـژپەرستی دەبن، هەموویان پێ دەنێنە سنح و بە تێپەڕ بوونی کات سوورتر و هێورتر دەبنەوە. گەلاڵەی چیرۆکی شەڕ و ئاشتی، هیچ جـۆرە تایبـەتمەندییـەکی بێ وێنەی لەخـۆ نەگـرتووە. تۆلستۆی بە هونەری خۆی بنچینە و پایەی ئەم چیرۆکە حەمـاسـییـەی لە رووداوەکـانی ژیانی دەیان کـەسایەتی بەرهەم هێناوە کە هەموویان زەق و سەرنجڕاکێشن، لەبەر ئەوەی هەر کـام لەم مـرۆڤـانە بە شـێـوەیەکی تایبـەت بە خۆیان هەڵسوکەوتێکی بە تەواوەتی ئینسانیانەیان هەیە. تۆلستۆی بەم شێوەیە رۆمانێکی خولقاند کە زیاتر لە هەر ژیاننامەیەک لە حەقیقەتەوە نزیکە.

زۆرینەی نووسـەرە ریالیـسـتـەکـان ژیانی کـەسێـکیـان دەستنیشان دەکرد و ئەوەیان دەکردە بابەتی رۆمانەکەیان و چیرۆکێکی یەک دەستیـان پێشکەشی خوێنەر دەکرد کە تەواوی رووداوەکـانی بێ ئەم لاو لا بەرەو کـۆتاییـەکی پێـشـبـینی کـراو دەڕۆیشت. یەکـەمین ناوێـک کـە زۆلا هەڵبـژارد ژیانی سـادەی ژروز مـاکـار، (Macquart La Simple Vie de Gervaese) بـوو. ئـەم کتێبە لە شانسێکی باش و بێ وێنەی کە هەیبوو، کەوتە ریزی پڕ فرۆشترین کـتێبەکان، لە حـاڵێکدا چیرۆکـەکە هەڵگری هیچ جۆرە تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی جیاواز نەبوو. لە دەسپێکی چیرۆکەکەدا کچێکی لادێی بەناوی ژروز دەبینین کــە تازە هاتووەتە ناو شــاری پاریس و خوێندەوارییەکی وەهای نییە و بەدەر لە کـاری سەرەکی کە جل شۆردنە، شتێکی دیکە نازانێت. خۆشەویستەکەی پیـاوێکی بێ عـار و هیچ نەزانە، ژروز و دوو منداڵەکەی بەجێ دەهێـڵـێت و پارەکـەیان دەبات و هەڵدێت، بەڵام ژروز ئیـشـێـک دەدۆزێتـەوە و رێز و حـورمـەتێک بۆ خـۆی بەیەکـەوە دەنێت، کـرێکارێکی بە حـورمـەت دەچێـتـە خوازبێنی، ئەویش ئەم خوازبێنییە قەبووڵ دەکات و ژیانی هاوســەرێتی پێک دەهێنن. بۆ چەندین ســاڵ، خـێـزانە بچووکەکـەیان بە خۆشحاڵییـەوە ژیان دەبەنە سەر. ژروز منداڵێکی تری دەبێت ئاوات و هیـوا ســادەکـەی کـە رێکخستنی جل شۆرییەک بوو بەدی دێنێت تا هاوسەری کـوپر(٢٤) کـە سـەقـفـسـازە لە کـاتی ئیش کـردندا بەردەبێتەوە و توانایی کارکردنی نامێنێت. خانەنشینی و نەخۆشییەکەی کوپر ماوەیەکی زۆری خایاند ژروزیش بە تەواوەتی خەریکی چاودێری کردنی بوو، بەڵام کوپر لەو ماوەیەدا بە تەمەڵی و بێکاری رادێت و دەست دەکات بە خواردنی ئەلکول. گوزەرانی کاری ژروز تا مـاوەیەک هەر بەردەوامە، بەڵام هاوسەرە بێ غیرەت و کەمتەرخەمەکەی دەسی دوا ئاخر گیـرۆدەی ئەلکول دەبێت، هەرچی پووڵ و پارە کـە ژروز پاشـەکـەوتی کـردبوو دەیدات بە ئاودا و کەسایەتی دادەبەزێنی بۆ ژنێکی هەرزە و نەدار. کوپر کە ئەلکول لە هەپەی خـسـتـووە، ژیانی کـۆتایی پێـدێت و ژروزیش کە منداڵەکانی بەجێیان هێشتووە و خزم و قەوم



**بەلزاك**

و کەسوکاریشی لێی دوورە پەرێزن، لە دوا لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا لە برسێتی و هەژاریدا دەمرێ.

ئەم چیرۆکە لە هەر بارێکەوە ژیانێکی سادەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە هیچ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو، سەرسووڕهێنەر، یان ئەو جۆرە ڕووداوانەی لە تاهاردیدا (٢٧) هەبوو، نەدەبینرا. زۆلا بۆ گەیشتن بە ڕیالیزم هەر لە سەرەتاوە بڕیاری خۆی دابوو تا لە هەر ڕووداوێکی نەشیاو (ناممکن) دوورەپەرێز بێت نە لە ڕێگەی سەرسووڕمان کردنی خوێنەر، یان فریودانی، بەڵکو بە نووسین لەسەر حەقیقەتێکی سادە، بەبێ پێداهەڵگوتنی زیادە، خوێنەر بباتە ناو قووڵاییەکانی چیرۆکەکەوە. هەڵبەت کەسانێک لەپێش زۆلاوە هەبوون. ئەو گوستاف فلوبێری کە بیست ساڵ پێش نموونەی «ژیانی سادەی» لە ڕۆمانی مادام بۆڤاری(٢٨) (١٨٧٥) پیشان دابوو. لەم بوارەوە بە مامۆستای خۆی دەزانی. قارەمانی چیرۆکی مادام بۆڤاری کە هەر لە کاتی منداڵییەوە تەواوی ژیانی لە قوتابخانە بردبووە سەر، تا ئەو کاتەیش کە ببووە عازەوە کچێک، لە کێڵگە دوورەدەستەکەی باوکی ژیانی بەسەر دەبرد بۆ دەربازبوون لەم ژیانە بێ ڕەونەق و دووپاتییە، یەکەمین پیاوێک کە هاتە خوازبێنی، قەبووڵی کرد. ئەو شتەی ئەو لەم ژیان و دۆخە تازەیەدا چاوەڕوانی دەکرد، جۆرە ژیانێکی تازە و جیاواز و ڕووداوگەلێکی سەرخۆشکەر بوو کە تەنانەت بیرکردنەوە لێیشی بۆی ئەستەمە، بەڵام هاوسەری شارل بۆڤاری(٢٩) پیاوێکی حاڵگیر بوو کە ماندوونەناسە بە بێ هیچ بەرزەفڕییەک، لە لادێیەکی بچووکی نورماندی(٣٠) خەریکی کارێکی بێ نرخ و هیوا نەبەخشە. ئەما (٣١) کە لەم دۆخە ناڕەزایە خۆشەویستێکی کوتاڵفرۆش هەڵدەبژێرێت، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەما خۆشەویستێکە کە هیچ شتێکی زیادەی لە خۆشەویستەکانی پێشووتری نییە، بۆیە هەرکە دەسبەرداری ئەما دەبێت ئەما خۆشەویستێکی تر دەدۆزێتەوە کە تەنانەت کەمتر لەوەی پێشوو دڵخۆشکەرە، لەبەر ئەوە ئەما بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سۆزاوییەکانی پێشووی ژیانی، دەست دەکات بە هەڵە خەرجی، تا ئەو شوێنەی قەرزدار دەبێت و بۆ ئەوەی مەجبوور نەبێ لە بەرانبەر هاوسەرەکەیدا دان بەم قەرزارییەدا بنێت کە ئەو تاقانە منداڵەکەیانی تا سنووری تێشکان و هەژاری بردووە، بە خواردنی ئارستیک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت.

دووبارە لەو سەری (ڕۆژهەڵاتی) ئەورووپاشەوە، تۆلستۆی، جۆرێکی تر لەم بابەتەی لە ڕۆمانی ئاناکارنینا (٣٢) (١٨٧٣-١٨٧٧) خوڵقاندووە. ئەم ڕۆمانەش ژنێکی سەرنجڕاکێش بە خوێنەر دەناسێنێ، کە دەبێتە هاوسەری پیاوێک کە بە دڵی خۆی نەبووە، ئەوەش وا دەکات حەز و خولیا و کەڵکەڵە بۆ خۆشەویستی لە دەروونی بمێنێتەوە. ئانا وادەزانێ گەیشتووەتە خۆشەویستی، لە پێوەندییەکی ناشەرعی تووشی شکست دەبێت و دەستی دوائاخر، بە تاقانە ڕێگەی دەربازبوون لەو دۆخە خەریک دەبێت (خۆی دەکاتە ژێری شەمەندەفەرێکەوە). لە خۆڕا نییە ئەم دوو ڕۆمانە، هەروەها (١٨٧٨) Cousin بەرهەمی ئسادۆ کوئەئیرۆس (٣٣) لە پۆرتوغاڵ، (١٨٨٤-١٨٨٥)La Regenata بەرهەمی ئالاس (٣٤) لە ئسپانیا و (١٨٩٥) Briest Effi بەرهەمی فونتان(٣٥) لە ئەڵمان، هەموو ئەو ژنانەی لەم بەرهەمانەدان، ژیانیان پێ ناخۆشە، ئەویش ئەو ژنانەی کە تەنیا تاوانیان (بێ تواناییە لە هەڵبژاردن و لێک جیاکردنەوە) و لە ئەنجامدا مەحکوومن بە تەنیایی و کەوتنە پەراوێزەوە، یان بە شێوەیەکی توندڕەوانە دەستیان داوەتە خۆکوشتن. وا مەزەندە دەکرێت ڕیالیستەکانی ئەورووپا، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبن بکەونە شرۆڤەکردنی ژیانی ژنانی چینی

مامناوەندی کۆمەڵگە و سەرنەکەوتنیان لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی و ئەم بابەتە بە ئاشکرا بکەنە پایەی تراژیدی چاخی نۆزدەم. لە ئینگلتەرا و ئەمریکا، تارادەیەک باسکردن لەسەر وەها ناوەرۆکێک نەشیاو و نەکردە بوو، مەگەر ئەوەی کە هاردی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی جودی گومناو(٣٦) لە ساڵی ١٨٩٥، پەی بەم بابەتە برد و بە هۆی هەڵسوکەوتێکی نەشیاوانە کە لەگەڵ ئەم کتێبەدا کرا نائومێد بوو و بڕیاریدا ئیدی ڕۆمان نەنووسێت.

ئەو لەمپەرەی لە بەردەم ڕیالیستەکاندا بوو، دروستکردنی جۆرێک سەرنجڕاکێشان بۆ ئەم بابەتە یەک دەس و ورکەرانە بوو، ئەویش بەبێ پەنابردنە بەر ئامادەکارییە دەسکردەکانی وەکو تەعلیق(٣٧)، ڕەمز و ڕاز و شەوق و زەوق بوو، واتە هەر ئەو ئامادەکارییانەی پێشرەوانی ئەوان، بەبێ هیچ دوودڵییەک، کەڵکیان لێ وەرگرتبوو. بۆ نموونە، ئسکات (٣٨) بە شاردنەوەی ئازادانەی هەندێک لە کەسایەتی ڕۆمانەکانی - وەکو کەسایەتی ڕابرتن(٣٩) یاخی و پۆپۆلیست لە ڕۆمانی Heart of Midlothian the (١٨١٨) کە لە دوائەنجام بە میراتگری سامانەکانی ئاستانتون(٤٠) لە ئاو دەردێت - چوارچێوەیەک دادەڕێژێت تا خوێنەرە ئاماتۆرەکان هەوڵی خوێندنەوەی تا دوا لاپەڕە بدەن و حەقیقەتی بابەتەکە هەست پێ بکەن، هەروەها لە ڕۆمانەکانی ئسکات، «پێداگری» یەکی تر هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ باووباپیران و ژیانی ڕابردووی ئەم، یان ئەو کەسایەتی، تەواوی ئەم پێداگرییانە، بەر لەوەی بە وردەکارییەوە لە ڕێگەی ئامادەکاری جۆراوجۆرەوە لە ڕوانینی خوێنەر شاردرابوویەوە ئاشکرا بوو. ئسکات یەکێک لەو ڕۆماننووسە دەگمەنانەی سەدەی نۆزدەم بوو کە بەرهەمەکانیان بە تامووچێژەوە دەخوێندەوە، تەنانەت لە تەواوی ئەورووپا، هەندێ کات ڕۆمانتیکەکان و ڕیالیستە تازەکارەکانی وەکو بەلزاک، لاساییان دەکردەوە. لە بەرهەمە دەسپێکەکانی بەلزاک نموونەگەلێکی جۆراوجۆر لە یاری ئاگایانە بە هەستی هەڵهاوردنی خوێنەر، بوونی هەیە کە لە ڕێگەی شاردنەوەیەکی هونەرمەندانەی زانیارییە گرنگەکان تا ئەو جێگەیەی کە ڕێی هەبووە ئەنجام دراوە، بۆیە دەبینین باباگۆریو ناسراوترین ڕۆمانی بەلزاک، بە وەسفێکی لێکدانەوەیی- کە وێدەچی لە ڕێگەی خەوێکی دەسکردەوە هانی خوێنەر دەدات - سەبارەت بە پانسیونێکی (شوقەیەکی) تایبەت لە پاریس، بە ناوی «پانسیون وکر» (٤١) و دانیشتووانی جۆراوجۆری ئەم پانسیونە، دەست پێدەکات. هەڵبەت وەسفکردنی دانیشتوانی ئەم پانسیونە سنووردارە بەوەی چاودێرێکی تیژبین، کە هەڵگری زانیارییەکی دەروونی بێت پەی پێ دەبات، تەنانەت لەم قۆناغە لە چیرۆکەکە، سرگەلێکی بچووک بوونی هەیە: لەبەرچی گۆریو کە چەند ساڵ پێش هاتنە ناو پانسیونەوە و باشترین ژوورەکانی هەڵبژارد و شێوەی جل پۆشین و خواردەمەنییەکانی بەڵگەی سامانداری و دەوڵەمەندی ئەو بوون، هەنووکە ئەوندە دەست کورت و هەژار بووە کە لە بچووکترین و نەپۆڕترین ژووری ئەم پانسیونە جێیان کردووتەوە؟ لەبەرچی پیری و پەککەوتەیی وەها زوو ڕووی تێکرد و لەبەرچی هێشتاکە ژن و کچانی شیک پۆش و قیت و قۆز کە لە هەر بارێکەوە ڕێکوپێک و بێ عەیبن سەردانی گۆریو دەکەن؟ گۆریو لە وەڵام بە پرسیارە بێ هەڵهێنانی و لێکدانەوەییەکانی دانیشتوانی تری پانسیونەکە، تەنیا دەڵێ کە ئەوانە کچی ئەون، بەڵام کەس بڕوا بەو قسەیەی ناکات و یەکێکی تر لە دانیشتوانی پانسیونەکە، کە پیاوێکی پێ لە سنج و هەیکەلییە بەناوی وترن(٤٢) ئەم گریمانە عەقڵانییە دێنێتە ئاراوە کە گۆریو، پیرەپیاوێکی خۆش گوزەرانە کە خۆی لە هەمبەر ژنە جوانخاس و بێ ڕەحمەکان پێ ناگیرێ و تەواوی سامانی خۆی خەرجی ئەوە کردووە سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بۆ ئەوەی بەهای پێ بدەن. بە هەرحاڵ، گریمانەی وترن بە هیچ بارێکدا وەڵامی یەکلایی کەرەوە بەم پرسیارە نییە و ڕاستینیاک کە قوتابی بەشی مافە و سەر بە خێزانێکی خاوەن کەسایەتی و ناودارە و لەم پانسیونە دادەنیشن خەریکی کەشفکردنی سرەکانی گۆریو دەبێت. پێ دەچێ گۆریو ساڵانی پێشوو، لە ڕێگەی دانووستانی دانەوێڵە، سامانێکی زۆری پێکەوە ناوە و لە ڕێگەی تەواوکردن و دەستخستنی جەهیزییەیەکی زۆر بۆ دوو کچەکەی، توانیبووی یەکێک لەوان بدا بە خانزادەیەک و ئەوی تریان بدا بە بانکدارێکی دەوڵەمەند، بەڵام ئاناستازی(٤٣) و دلفین(٤٤) کە هەر لە سەرەتاکانی منداڵییەوە ڕاهاتبوون بە خاڵی کردنی هەوەسە زووتێپەڕەکانیان درێژەیان بە پارە کێشانەوە لە باوکیان دابوو و ئەویان خستبووە ئەو بارە ناڵەبارەوە. ئەم ڕازە تایبەتە، لە دوای تێپەڕبوونی یەک لە سێی چیرۆکەکە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، بەڵام ڕازی وترن بە

سەرپۆشراوی دەمێنێتەوە. ڕابردووی ئەو گێژکەرە و لە ئاخری ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کە زیندانییەکی هەڵاتوو بووە کە پۆلیس هەوڵی داوە بیدۆزێتەوە.

هێلانەوەی خوێنەر لە دڕدۆنگی، بە مەبەستی هەڵخڕانی هەستی کونجکۆڵی، لە دابەکانی ڕیالیزم نییە، هەروەها کە وترا، سەرچاوەکەی لە لاسایی کردنەوەی بەلزاک لە ئێسکاتەوە بووە، یان بە هۆی ملۆدرام(٤٥)ەوەیە کە هەنووکە، تەنانەت لە کاتی نووسینی ڕۆمانی باباگۆریو لەوپەڕی خۆشەویستیدا بوو. بەلزاک لە بەرهەمەکانی دواتری، کەمتر لەم لایەنە کەڵکی وەرگرت و لە باتی ئەو، لە تواناییەکانی خۆی بۆ خوڵقاندنی کەسایەتی بە توانست کە کەوتبوونە داووچنگی هەوا نەفسانییەکانەوە کەڵکی وەرگرت. هەر بەو شێوەیەی گۆریو بەهۆی خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر و کۆنترۆڵ نەکراو کە بەرانبەر بە کچەکانی هەیبوو و بە خەرج کردنی تەواوی سامانەکەی، لە هێز دەکەوێت، کەسایەتییەکانی تری «تاک مەجنوونی» (٤٦) بەلزاک (ئەو سفەتەی لە سەر ئەو کەسایەتیانە دایانناوە) هەر بەو شێوەیە خۆیان دەدەنە دەست هەوا نەفسانییە زاڵەکان، هەواگەلێکی نەفسانی کە قووتیان دەدات و لە دوائەنجام لە ناویان دەبات: وەکو خست سەبارەت بە باوکی ئۆژنی گراندە(٤٧)، لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە ڕۆمانی La Recherche de LI-Absolu، کۆکردنەوەی خەزنە هونەرییەکان لە ڕۆمانی کوڕی پوورە پونز(٤٨) فرەخوازییەکی ڕەگەزی لەڕادەبەدەر کە تا پلەی حەزی جووت بوون لەگەڵ منداڵان بەرەو پێش دەڕوات، یان بە تەواوی دەسەڵاتخوازی لە ڕۆمانی La Rabouilleuse، بەڵام ئەم منداڵانەی خەیاڵی بەلزاک، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بێ هیچ گومانێک لە لایەنی کارتێکەری لەسەر خوێنەر بە توانان، بە دەگمەن دەتوانین کەسایەتییە خوڵقاوەکان لە جۆری ڕیالیستی دابنێین. کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکانی فلوبێر، تۆلستۆی، زۆلا و نووسەرانی تری دوادواکانی سەدەی نۆزدەم، لە هەموو لایەنێکەوە «خەڵکانێکن لە خودی ئێمە» و هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە هەڵسوکەوتەکانی خۆمان لە ڕووی زۆرەملێ وەکو هەڵسوکەوتەکانی ئەوان دەزانین، بەڵکو تەنیا ئەو شتەی دەبێتە هۆی ئەوەی بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەن بە باشی دەرک پێ دەکەین. ئەم کەسایەتیانە هیچ کات دژەباو نین (هۆی ئەوەی ڕەخنەگران لە ناوزەد کردنی دەستۆیڤسکی(٥٠) بە واقیعگەرا، دوودڵن بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە قارەمانەکانی هەر چوار ڕۆمانە گەورەکەی، کەسایەتیگەلێکی ناسروشتین)، هەر بۆیە بە شێوەی گشتی، چارەنووسیان بە هیچ شێوەیەک دژە باو نییە. لە باتی کەسایەتی سورل ستاندال - کە نموونەی خۆی لە ناپلیۆن جێگیر کردووە و لە ڕاستیدا لە کێبڕکێی بۆ گەیشتن بە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵ سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەر لە کۆتایی هێنانی ڕۆمانەکە پێی لە بەڕەی خۆی درێژتر دەکاتەوە، لە کلێسەیەک گوللە دەگرێتە خۆشەویستی پێشووی و بەهۆی ئەم کارەی، سەری بە گیوتین لێ دەکەنەوە - ئێمە بە گریمانەیەکی زۆرترەوە لەگەڵ مرۆڤێکی ڕەزیل و بە بەختی وەکو ژۆرژدوروی(٥١) لە ڕۆمانی کوڕە جوانکیلە(٥٢)ی موپاسان(٥٣) ڕووبەڕوو دەبینەوە کە بە کەڵک وەرگرتن لە جوانکیلەیی سەرنجڕاکێشی، دەروویەک لە جیهانی ڕۆژنامەنووسی دەکاتەوە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا لەگەڵ کچە خاوەن ئیمتیازێکی دەوڵەمەندی یەکێک لە ڕۆژنامەکان ژیانی هاوسەرێتی پێک دێنێت. ڕۆمانی سوورورەشی ستاندال، هاوکات کە لێوان لێوە لە ڕوانگەگەلێکی ڕوون و ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی، گەڵاڵەیەکی خەیاڵاوییە، بەڵام لە هەندێ شوێنی ڕۆمانی کوڕە جوانکیلەی موپاسان، واقیعی دێتە پێش چاو و تاقمێک دووڕوو کە بە کۆناوی «لاوانی دەسەڵاتخوازان» (٥٤) لەسەر ناون، هەنووکە لە دوای تێپەڕاندنی سەدەیەک بوونیان هەیە.

ئەو شتەی بۆ یەکەمین جار فلوبێر، هەروەها جێگرەکانی، وەکو جێگرێک لە باتی ملۆدرام و تەعلیق و کەسایەتیگەلێکی سەرووتر لە ژیان لە ئەدەبیات ناساندنیان، بەرانبەرە لەگەڵ ئەو شتەی، فەیلەسووفەکانی جەبری(٥٥) پێ دەڵێن. هەر هەڵەشەیەک ئما بۆڤاری ئەنجامی دەدا، سەرچاوەکەی لەو دۆخە بوو کە ئەوی لێ بارهاتبوو و ڕوحیەتێک کە سروشت پێی بەخشیبوو. فلوبێر، تەواوی وەرزی شەشەمی ڕۆمانی مادام بۆڤاری بۆ باس کردن لەسەر قۆناغی خوێندنگە و باڵق بوونی ئما تەرخان کردووە و پێداگرە لەسەر ئەوەی بە چ شێوەیەک خوێندنەوەی ڕۆمانگەلی گچکەی ڕۆمانتیک، خەیاڵی ژیانێکی پڕ لە خۆشی و عەوداڵ بوون و شوێنکەوتنی ڕووداوگەلی مەترسیدار و سەرسوڕهێنەر و نامۆی لا ڕوواند بەهۆی خووخدەی خەیاڵپەروەری، چارەنووسی خۆی وەها ڕەقەم

دا. ئما لەگەڵ پزیشکێکی گوندی و ساویلکە ژیانی هاوسەریێتی پێکهێنا، لە حاڵێکدا ئەو بە تەواوی کاتی خۆی بۆ ژیانێکی بەختەوەر لەگەڵ هاوسەرەکەی تەرخان کردبوو نەیدەتوانی هەڵخزانە رەگەزی و حەزە ماددییەکانی کە ئاوات و هیوای ئما بوو بەدی بێنێت، هەر بۆیە ئما بۆ دامرکاندنی ئەو هەڵخزانە رەگەزیانە بەرەو پێوەندی نارەوا پەلکێش کرا و جۆرە ژیانێک لەگەڵ هەڵەخەرجی گرتەبەر و ئێمە لە پێشدا دەمانزانی تەواوی ئەم رووداوانە چۆن کۆتایی پێ دێت. سەبارەت بە ئما و شێوەی ژیانی، دەتوانین هەموو شتێک بە گەرانەوە بۆ رابردووی لێک بدەینەوە و هۆکەیان بۆ روون بێتەوە. وا دەردەکەوێ تەواوی چیرۆکەکە لەپێشدا دارێژراوە، بەو شێوەیەی هاردی لە لایەن «سەرۆکی نەدۆزراوەکان» لە دوایین لاپەرەی رۆمانی تس(٥٧) (١٩٨١) باسی دەکات کە ئەو «یاری» خۆی لەگەڵ قارەمانی ئازارکێشاوی چیرۆکەکە بە کۆتایی گەیاند. ئەو کاتەی ئما بەهۆی ئێش و ئازارێکی زۆرەوە کە لە گیانەڵادا بوو، وا دەزانین ئەم چیرۆکە دەبێ وەها کۆتایی پێ بێت: لە حاڵێکدا چیرۆکی تس ئەوەندە خاڵی گۆڕان و هەڵگەرانی تێدایە کە ئەگەر رووداوەکان بەهۆی بەخت و شانسەوە بەرەو رێگەیەکی تر بچووبایە، ئەو هیچ کات خۆشەویستەکەی خۆی نەدەدایە بەر چەقۆ و بە دڵنیاییەوە پەتی سێدارە کۆتایی بە ژیانی نەدەهێنا.

زۆربەی بابەتە باسکراوەکانی سەرەوە دەتوانن سەبارەت بە کەسایەتی ژرویزیش لە رۆمانی -LI Assommoir یەک بگرنەوە، کەسایەتییەک کە لە واقیعدا هەمان ئما بۆڤارییە، بەڵام لە چینی کرێکار، هەرچەند دەبێ بڵێین کەوتنە خوارەوەی ژروز، نەک بەهۆی شێوازی پەروەردەکردن و کەموکوڕی لە درێژەدان بە خوێندن بوو، بەڵکو هۆکەی لەو ژیانەدا بوو کە لە ناوچە دەست نەرۆیشت و هەژار و پیس و پۆخڵ و فرە نیشتەجێکاندا بەسەریان دەبرد. کە کۆمەڵە خەڵکانێکی نالەبار و ئاژاوەچی کە لە هەندێ جێگەی ئەو ناوچەیە نیشتەجێن. بۆنی گوندی هەرزان - کە کرێکارەکان جەوهەری گۆگردی پێ دەڵێن - بۆنەکەی لە تەواوی ئەم کتێبەدا پەنگی خواردووەتەوە، بەم هۆیەشە کە زۆلا ناوی LIAssommoir لە کتێبەکەی ناوە، لەو سەردەمەدا ئەم زاراوەیە لە ناو خەڵکی برەوی هەبوو، بۆ ئەو شتەی لە ئینگلیزی کۆشکی جینیان پێ دەگوت. بە چاوپۆشی کردن لەوەی هۆگەلی پاڵپێوەنەر، وەکو ژینگە، پەروەردە، یان تێکەڵەیەک لە هەردوویان بێت، ئەم فۆرمۆلە سەبارەت بە ژیاننامەگەلی چیرۆکی لەو تەرزەی کە لە بەرهەمەکانی دوو رۆماننووسی ناوبراوی فەرەنسەوی و رۆماننووسگەلی تر کە پێشتر باسمان لەسەر کردوون، بە تەواوەتی سەلمێنەری ئەم وتەیە بووە، بەڵام تەواوی رۆمانە ریالیستییەکان بەم جۆرە نین.

ژرمینال(٥٨) (١٨٨٥) کە هەنووکە دەشێت بە یەکێک لە شاکارەکانی زۆلا بژمێردرێت، تەنیا یەک دوو ساڵێک لە ژیان و بەسەرهاتی کرێکارەکانی مەعدەنێک لە باکووری فەرەنسای لەخۆ گرتووە و لەسەر رووداوگەلێکە کە لە ئەنجامدا مانگرتنی کرێکارەکانی بە دواوەیە. هۆی مانگرتنیان بەدبەختی و نەهامەتیگەلێکە کە لەوە سەرچاوەی گرت و ئەو توندوتیژییەی کە ئەم مانگرتنە بەر لە دوا پشێوی بووە هۆی رووداني. لێرەدا جەبر رۆڵێکی جیاواز دەگێرێت. زۆلا ئەوەی لەم کارە مەبەستی بووە باسی بکات، هەرا و ئاژاوەگەلێکی کۆمەڵایەتی لەم جۆرە بوو، لە هەلومەرجی پیشەیی و ئابووری ئەوکات، لەسەر هەمان نموونە روو دەدات کە زۆلا دەیخاتە روو. ئەم کتێبە دەیتوانی بابەتێکی ئابووری وشکی لێ بەرهەم بێت، بەڵام زۆلا بە هەڵخرانی هاوخەمی خوێنەر لەگەڵ تاک بە تاکی مەعدەنچییەکان و هاوسەرەکانیان و منداڵەکانیان و بە پیشاندانی دەرکێکی رێژەیی لە دۆخی دژواری بەرێوەبەرایەتی کە لەنێوان هەرا و ئاژاوەی دوولایەنەی کرێکارەکان و خاوەن کارەکان تێی کەوتبوو، لە دوا ئەنجامدا سەرکەوتوو دەبێت تا حەزی ئینسانیانەی خۆی، بۆ خستنە رووی ئەو دۆخەی بووەتە هۆی مانگرتنی کرێکارەکان بخاتە روو، لە کۆتاییدا دەبینین هەردوو چینەکە، قوربانی دەستی رژێمێکن کە کاتی رووخانی، یان لانی کەم چاکسازییەکی بنچینەیی گەیشتووە.

لەوانەیە ژرمینال نموونەیەکی رادیکاڵ بێت لەوەی کە نووسەرانی ریالیستی تا چ رادەیەک دەتوانن لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بپەرژێنە سەر بابەتە زۆر گرینگە کۆمەڵایەتی - ئابوورییەکان. بەبێ ئەوەی لە بازنە و چەقی ئەو شتەی پێیان دەسپێردرێت هەنگاوێک ئەولاتر برۆن و سیمای چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بگرنە خۆیان. بە لەبەرچاوگرتنی (١٨٥٤)، یان ماڵی یاسامەند(٦٠)ی (١٨٥٣) بەرهەمی دیکنز، بۆمان روون دەبێتەوە نووسەرانی رێرەوی ریالیزم لەم رێچکەیە لایان دەدا و لەم لایەنەوە خۆیان بە بەرپرس نەدەزانی کە بابەتێکی زۆر وەستاو هەڵبژێرن، دەبێت ئەوە بڵێین

دوائەنجام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٩٠ زایینی، زۆلا بە ئەنقەست ئەم ڕێڕەوەی هەڵبژارد و بە یارمەتی قەڵەمەکەی، نەک تەنیا لایەنە ناشیرین و کێشەدارەکانی سەردەمی خۆی لێکدایەوە، بەڵکو ڕێگە چارەکەشی دەخستە ڕوو. بەم میتودەی زانایانە دابونەریتی ریالیستی لە ولاتەکەی خۆی وەلا دەنێت کە بە بەردەوامی لەگەڵ دەرکەوتنی ئاشکرای چاکسازی کۆمەلایەتی یەکانگیر نەدەبوون. لێرەدا لەگەڵ بنەماگەلێکی بنچینەیی جیاواز سەبارەت بە هاتنە ئارای بیروباوەڕی نووسەر لە بەرهەمەکانیدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ڕۆماننووسەکانی کیشوەری ئەورووپا و ئینگلتەرا و ئەمریکا کردبوویانە کاکڵی بەرهەمەکانیان. ستاندال لە ڕۆمانی سووروڕەشدا لەو بڕوایەدا بوو ئەوەی خۆی بە «کەسێکی شۆڕشگێڕ» ناوی دەبات، بخاتە ڕوو و سیما و نیگاری بۆ بکێشێت. ژۆلین دەسەلاتخوازێکی لە ڕوو نەچووە کە بۆ لابردنی ئەو لەمپەرانەی بووەتە هۆی جویێ بوونەوەی لە دەوڵەمەندەکان، کە هەم بێزارە لێیان و هەمیش تا ڕادەیەک بەخیلیان پێ دەبات ئامادەی ئەنجامدانی هەر جۆرە کردەیەکی هێڵنج هێنەری ئەخلاقی، یان نا ئەخلاقییە، بەلام ڕای نووسەری ئەم ڕۆمانە بەرانبەر بە ژۆلین شتێکی ئاشکرا و دیار نییە (لە حاڵێکدا لە ڕۆمانی Vanity Fair (61) باوەڕی بێژەر لەسەر بکی شارپ (٦٢) کە کەسایەتی تا ڕادەیەک لە ژۆلین دەچێت - شتێکی ڕۆشنە) و دادوەری کردنی خوێنەر لەسەر ژۆلین تەنیا گرێدراوە بەو شتانەی لای خوێنەر بەهای هەیە. لانی کەم دەتوانین بڵێین ئاماژەکانی خوێنەر لەم بارەیەوە تەماوییە، تەنانەت ئەو کاتەی ستاندال کردەوەی ژۆلین بە ئاشکرا مەحکووم دەکات، خوێنەر هیچ کات ناتوانێت دڵنیا بێت کە ئەم سەختگرییە گاڵتەجارانە نییە. هەر ئەم باسە، لە ڕۆمانەکانی بەلزاکیشدا خۆی دەردەخات. کۆمەڵێکی زۆر کەم لە بەرهەمەکانی دەکرێ بە قاڵبی وتاری کۆمەلایەتی ناو ببردرێت، بەلام لە باشترین ڕۆمانەکانی ئەو، بە پشتگوێ خستنی ئەوەی کە کام بابەت و گرفتگەلی کۆمەلایەتی، یان ئەخلاقی دێتە ئاراوە، هیچ کات خوێنەر بەرەو ڕوانینی نووسەرەکەی پەلکێش ناکرێت. لە ڕاستیدا، بەلزاک بە شێوەی نهێنی، بیرو بڕوا سیاسییە دواکەوتووەکانی خۆی دەر دەخات. ئەوەی لێرەدا سەرسوڕهێنەرە، ئەنگلس(٦٣) و لە دوای ئەویش لۆکاچ(٦٤) کە هەردووکیان مارکسیست بوون، لێکدانەوەی بەلزاک لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی زۆر بە ڕۆشنبیرانەتر لە هەر نووسەرێکی تر لە چاخی نۆزدەم دەزانن، هەرچەند ڕوانینی بەلزاک بە ڕوانینێکی ناڕۆشنبینانە ناو دەبەن.

ئەو ڕۆماننووسەی کە بەرهەمەکانی بە جۆرێکی ئاشکرا و ڕوون پیشاندەری بێ لایەنی ئەخلاقی باو لەناو هەموو ریالیستەکانی فەڕەنسایە، بە بێ دوودڵی کەسێک نییە مەگەر فلوبێر. یەکەمین ڕۆمانی بلاوکراوەی ئەو، یانی مادام بۆڤاری دەشێت بە ڕەخنەگرتن لە دامەزراوەی خێزان، بەو شێوەیەی لەنێوان چینە سەرنەکەوتووەکانی کۆمەڵگە، بە تایبەت لە دەڤەرە شارییە دوورە دەستەکانی فەڕەنسا بوونی هەبوو، بە هەڵە وەربگرین. ئەما شوو دەکات تا لە زەوی و زارە دوورەدەستەکانی باوکی ڕزگاری بێت، بەلام لە دوای شووکردنی بۆی دەردەکەوێت کە هیچ سەرگەرمییەکی نییە. خزمەتکار ئیشەکانی ماڵەوەی بۆ ئەنجام دەدات، منداڵەکەی مایەی دڵشکانی ئەوە و دەیسپێرێتە خزمەتکارێک، هاوسەری تەواوی ڕۆژ لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبات و ئەو کاتەش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، لەسەر مێزی خواردنەکە خەوی لێ دەکەوێت؛ سەرگەرمی گەلێکی وەکو کۆڕی شایی و سەما و شانۆ ئەوەندە نائاساییە کە لە واقیعدا بە دەگمەن ڕوو دەدات و بە گەشتوگوزاری ڕۆژانە ناژمێردرێت. ئەما توانایی بە شێوەیەکی تاقەت پرووکێن لە دەست داوە و ئەو ژیانەی کە بۆی ماوەتەوە وەکو ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و بەردەلان و تەنگەبەر چاوی لێ دەکات کە هیچ کەلگە و کلاوڕۆچنەیەک کە بتوانێ ئەو بەرەو ئەو باخە سیحراوییەی لە زەینی خۆیدا خولقاندبووی ڕێنوێنی بکات لە ئارادا نەبوو. ڕودۆلف(٦٥)، دوکاندارێکی گەڕەکەکەیان، لەوکاتەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەما دەست پێدەکات کە حەز و ئیشتیای ئەما بۆ گەڕاڵی و کونجکۆڵی، تا ڕادەیەک هیوابڕاوی کردووە، هەر بۆیە بەبێ هیچ دوودڵییەک لە هەمبەر خواستەکانی ڕودۆلف کۆڵ دەدات. لە ڕاستیدا ئەما چیژپەرست و کردەخراپ نییە و وا دێتە پێش چاو ئەو دۆخە هێزبڕ و تاقەت پرووکێنە، زەماوەند و ژیانی هاوسەرێتی بەسەریان سەپاندووە و وەها مرۆڤێکیان پێگەیاندووە.

بەم حاڵەشەوە ڕۆمانی مادام بۆڤاری، بە بەراورد لەگەڵ ئاناکارنینا، ڕۆمانێک نییە کە بە ڕۆمانێکی ڕەخنەگر لە ژیانی هاوسەرێتی بزانین، لە حاڵێکدا دامەزراوەی خێزان لە ڕۆمانی ئاناکارنینا لە قاڵب و زەرفی لێتوێژینەوە لە

سێ کەسایەتی جیاواز لێکدراوەتەوە: یەکەم: ئابلۆنسکی(٦٦) کە بەردەوام خیانەت دەکات، بەڵام هاوسەری بۆ مانەوەی سیما و ڕواڵەتی ژیانیان، پێوەندییە ناشەرعییەکانی ئەو لەبەرچاو ناگرێت؛ دووەم، ئانا کە ئەویش پێوەندی ناشەرعی هەیە و جیاوازیشی لەگەڵ ئما لەوەدایە کە هاوسەرەکەی زیاتر لە ئانا بەها بە کارەکەی دەدات ئانا تاقانە منداڵێکی هەیە کە زۆر زۆر خۆشی دەوێت و دەیپەرستێ (سریۆژا(٦٧) کوڕە گچکەکەی ئانا، زیرەک و بەبیر و هۆشە، بەڵام برت(٦٨)، کچەکەی ئما، منداڵێکی نووزن و قووزەقووز کەرە)؛ سێیەم، سەبارەت بە کونستانتین(٦٩) کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەتکردنەوەی خۆشەویستییەک کە بەرانبەر بە کەیتی(٦٧) هەیەتی کۆڵ نادات و لەسەر داواکەی خۆی سوورە و پێداگری دەکات و لە ئەنجامدا کەیتی ئەم خۆشەویستییەی ئەو قەبووڵ دەکات و سەرکەوتنی ئەم هاوسەرێتییە بە ڕادەیەکە، ژن و پیاوێکی ژیر و بە ئاوەز پەسەندیانە و چاوەڕوانییانە. ڕوانگە تەماوییەکانی تۆلستۆی لە هەمبەر دامەزراوەی خێزان دەتوانین بە روونی بەم سێ فاکتە هەڵبسەنگێنین. لە حاڵێکدا ناتوانین بە پەنابردنە بەر ڕۆمانی مادام بۆڤاری ڕوانگەی فلوبێر بخەینە بەر دادوەری و هەڵسەنگاندنەوە. فلوبێر پیشانی دەدات کە ئما بە هیچ خۆشبەختییەکی پایەدار لە پێوەندییەکانی ناگات. لە وتەیەکی بە ناوبانگی، لە بارەی ئماوە، لە دوای دووەمین پێوەندی ناشەرعی، وەها دەڵێت: «ئما لە پێوەندی ناشەرعی، تەواوی بەربادی لە نوێوە دەسکەوت» (بەشی سێیەم، وەرزی شەشەم) لە لایەکی تر، فلوبێر لە دوای یەکەمین ئەزموونی فریودەرانەی ئما، لە دوای گەڕانەوەی لە دارستان و سوارییە بێ ئەنجامەکەی لەگەڵ ڕودۆلف، گۆڕانکاری لە سیما و لەخۆ دەرچوونی ئما وێنە دەکێشێت. ئێمە ئما لە کاتێکدا دەبینین کە لە ئاوێنەکە ماتی خۆی بووە و لە گۆڕانکاریی روومەت و روخساری لە سەرسوڕماندایە و لە ژێری لێوەوە وەها دەڵێت: «من تاقانە خۆشەویستێکم هەیە! تاقانە خۆشەویستێک!» (بەشی دووەم، وەرزی نۆیەم) بە جۆرێک لەم بابەتەوە کەیف خۆشە و شاگەشکە دەیگریت ئێژی بالق بوونێکی دووبارەی بەسەردا تێپەڕ دەبێت. لە حاڵێکدا تۆلستۆی، ئانای لە دوای یەکەمین ئەزموونی هاوشێوە لە گۆشەنیگایەکەوە پێشان دەدا، کە لەبەر شەرم و حەیا، وەمل ئەژنۆکانی کەوتووە و تەنیا شتێک، لێی وەئاگا بێت ئەوەیە کە هەنووکە «ژنێکی تاوانکارە». کام لەم دوو دیمەنە دەتوانین بە ڕیالیستیتر دابنێین؟ هەڵبەت وەڵامدانەوە بەم پرسیارە شتێکی نەشیاوە و نەکردەیە، لە بەر ئەوەی ئانا ژنێکی جیاواز لە ئمایە و ڕۆمانێک نابێتە فاکتێکی پتەو بۆ دادوەرییە ئەخلاقییە هەمەکییەکان، بەڵام هیچ شتێک ناتوانێت ڕۆماننووس لە دەرخستنی شاراوەی دادوەرییەکانی (چ ئەم دادوەرییانە هەڵگری پێکهاتەیەکی ئەخلاقی بێت چ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی) لە کاتی گێڕانەوەدا بێبەری بکات. ڕۆماننووسەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا، ئاشکرا، هەندێکی تر وەکو جین ئاستین(٧١) لە ڕستەی دەسپێکی ڕۆمانی لووتبەرز و لەخۆبایی(٧٢) (١٨١٣)، بە بیری گاڵتەئامێز و زۆر ناسکی خۆی لەسەر ئەم بابەتە دەدوان. لە زۆربەی سەدەی نۆزدەم و دواتریش، ئەو ڕۆماننووسانەی لەسەر بنەمای نەریتی ئینگلتەرا چیرۆکیان دەنووسی، هیچ کات بۆ دەربڕینی ڕایەکی گشتی، یان تایبەت سەبارەت بە دیمەنگەلی جۆراوجۆر، کەسایەتی، یان ئەو ڕووداوەی لە چیرۆکەکانیان وەسفیان دەکرد، گومانێکیان لا دروست نەدەبوو. هەر بەو شێوەیەی ئەندرێ ژید(٧٣) وتوویەتی، ڕۆمان کە «بێ یاساترین» شکڵی ئەدەبییە، هیچ یاسایەک هەڵناگرێت، هەروەها کەسێک ناتوانێت بە پوختی لەم شێوازە گلەیی بکات؛ تەنیا دەکرێت لەو لایەنەوە گلە و گازندەی بکەین کە ئەو کاتەی دەنگی نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا بەرجەستە دەبێتەوە ئەگەر خوێنەر وتەکانی ئەو بە هەڵە، یان بیرکورتی بداتە قەڵەم، لەوانەیە نەتوانیت بە میتودەوە شوێنی ڕەوتی ڕووداوەکان بکەوێت و (لەم بابەتەوە) تەنانەت تووڕەش بێت. لەوانەیە هەر بەو هۆیەوە بێت کە نەریتی ڕیالیزم لە کیشوەری ئەوروپا بە تایبەت وڵاتە لاتین زمانەکانی، بە گشتی لەگەڵ نەریتی ڕیالیزم لە ئینگلتەرا جیاوازی هەیە. لەوانەیە دەست تێوەردانی نووسەر تاڕادەیەک گرێدراو بە ڕەوشتی پرۆتستان بێت کە چیرۆکیان بە شەرتێک کە ئەگەر کات ناکاتێک دەنگی بێژەرەکەی بەرگۆی نەکەوێت، بە سەرگەرمییەکی بێ کەڵک ناوزەدی دەکەن.

لە بەرهەمەکانی ڕیالیستەکانی کیشوەری ئەوروپا، بە تایبەت لە دوای نیوەی چاخی نۆزدەم، تەنیا ڕێگەی ئاگاداربوون لە تێوەگلانی بێژەر، شێوازی نووسینەکەیانە. فلوبێریش ماوەیەک دوای بڵاوکردنەوەی مادام بۆڤاری،

له نامیلکەیەک کە بۆ یەکێ لە هاوڕێکانی نووسیبووی، دەبێژی: «یەکێک لەو بابەتانەی کە من بڕوام پێیەتی ئەوەیە کە نووسەر نابێ خۆی لە بەرهەمەکەی پیشان بدات. هونەرمەند هەر بەو جۆرەی خواوەند بە شێوەی نادیار و لە هەمان کاتدا وەکو توانایییەکی ڕەها لەناو ئەفرێندراوەکان بوونی هەیە لە بەرهەمەکەی بەشداری هەبێت. دەبێ بەشداری هونەرمەند لە هەموو شوێنێکی بەرهەمەکەیدا هەست پێ بکەین، بەڵام هیچ کات نەیبینین.» (وەرگیراو لە کتێبی، Allott ۱۹۵۹، لاپەڕەی ۲۷۱) فلوبێر زۆر بە کەمی لەسەر هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی ڕاستەوخۆ بەم حاڵەوە قسە دەکات، ئەگەر بەرهەمەکەی بەوردی و سەرنجەوە بخوێنینەوە دەتوانین دادوەرییەکانی ئەو لەو لەحنە گاڵتە ئامێزەی هەست پێ بکەین کە بیروهەست و سۆزی کەسایەتییەکانی تێدا تۆمار کردووە. بۆ نموونە لە دوا بڕگەی بەشێکی تاڕادەیەک غەنایی کە خۆشحاڵییەکانی شارل بۆڤاری لە سەرەتاکانی ژیانی هاوسەرێتییان ئەوکاتەی بە سواری ئەسپەوە، لەبەر تیشکی هەتاوی بەرەبەیان کە بەرەو شوێنی کارەکەی دەڕوات وەسف دەکات، بێژەر دەبێژی کە شارل «وەکو ئەو کەسانەی لە دوای خواردنی ئێوارە، هێشتا تامی ئەو کارگەی کە خەریکی هەزم کردنین لەناو دەمیان دایە، تووتنی بەختەوەری خۆی دەجوێت.» تەواوی خۆخوازی ئەم پیاوە هەوەسڕان و بێ مێشکە لە وەها شوبهاندنێکی چاوەڕوان نەکراو پێشان دەدرێت کە سەرخۆشی ڕەگەزی و ناوسکپەرستی لەهەمبەر یەک دادەنرێن؛ بەم حاڵەوە تاوانبارکردنی ئاشکرای شارل لەم شوبهاندنە دەرناکەوێت و نابینرێت. هەندێ کات ئاماژە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە زمانی بەکاربردراو بەیان ناکرێت. بۆ نموونە لە بەشی دواتری ڕۆمانەکەدا، لەو شوێنەی فلوبێر ئەم ژن و پیاوە لە کاتی نووستن، کە لە پاڵی یەکتردان پیشان دەدات، بەڵام ئێما لە بیری هەڵهاتنی خۆی و ڕودۆلف دایە و شارلیش لە بیری ژیانی داهاتووی دایە و لە بیری کچە گچکەکەی دایە کە گەورە دەبێت و کاتی شووکردنی دێت، گەڵاڵەی داهاتوویەکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی و ژیانێکی پڕ لە ئارامی بۆ خێزانەکەی دادەڕێژێت.

هیچ کام لەم دوو کەسە خەیاڵەکەیان بۆ ئەوی دی باس ناکات. بێژەر، کە لەم ڕۆمانەدا «زانای تەواو»ـە، دەزانێت هەر کام لەم کەسایەتییانە بیر لە چی دەکەنەوە و بە خستنە پاڵی دوو زەینی وەها لێکچوودا، سەردەکەوێت بە خوێنەری بیرمەندی ڕۆمان، ناسازگاری دوو مرۆڤ کە بە تەرزێکی لێکنەپچڕاو، پێکەوە گرێیان خواردووە، هەروەها بڕیارێکی ئەخلاقی سەبارەت بە هەرکامەیان بەرجەستە دەکاتەوە: شارل، دڵناسکە، بەڵام تەنانەت ناتوانێت خەمۆکی و دڵنیگەرانییەکانی هاوسەری دەرک پێ بکات، هەر بۆیە خەیاڵ و ئەندێشە ناشیاوەکانی بۆ تامو چێژە شەهوانییەکان لە شوێنە غەریبەکان لە مێشکی پەروەدەستێنێ، خۆخوازێکە، کە هیچ ڕێگەیەک بۆ بەرگری کردن لێی نییە کە هیچ لە بیری هاوسەر و منداڵەکەیدا نییە.

هەر بۆیە بۆمان دەردەکەوێت شوێن پێی فلوبێر لە ڕۆمانەکەیدا هیچ کات ڕەها نییە. لانی کەم لە مادام بۆڤاری، فلوبێر بە هیچ شێوەیەک «بە توانایییەکی ڕەها» و بێ هەست و سۆز نییە کە لە ڕواڵەتدا ویستوویەتی ببێ. ئەمە دەرفەتێک بوو تا قوتابییەکەی زۆلا، لە ڕۆمانی LIAssommoir بگاتە ئەو پلەیە لە سەرکەوتن. ئەم ڕۆمانە هەر بەو شێوەیەی پێشتر لێی دواین، سەبارەت بە دەڤەرێکی کرێکارنشینی پاریسە و لە ڕاستیدا یەکەمین ڕۆمان، لەناو تەواوی زمانەکانی دنیایە کە تەواوی کەسایەتییەکانی سەر بە چینی پیشەکارانن. زۆلا لە بەشی دەسپێکی کتێبەکەیدا، نیگار و دیمەنەکەی بە خستنە ڕوو و کێشانی دۆخی نالەبار و داماوی ژرووز، بە هەمان حاڵەتی بێ لایەنانە دەخاتە ڕوو کە پێشتریش لە شەش ڕۆمانی تری بە کاری هێنابوو، کەمێک پاش ئەمە کوپر کە پاریسەیەکی هەرە ڕەسەن و ڕوودار و چەتوونە دەناسرێنێت. قسەو باسی ئەویندارانە لەگەڵ ژرووز، نەخوازراو، تێکەڵەیەک لە هەموو جۆرە وشە و ڕستەیەکی ناوخەڵک و قسەی ڕۆژانەیە و زۆلا کە ڕیالیستێکی ڕاستگۆیە، ئەو ڕستانە بە هەمان شێوە و بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک دەگێڕێتەوە و ئەو کاتەی بیروبڕوا تاکەکەسییەکەی کوپر دەگێڕێتەوە، هەمان زمانی ناوچەیی و بومی تایبەت بە کرێکارێکی پاریس وەکو نێوانجی سروشتی ئەوان بە خوێنەر بەکاردەهێنێت. لە ئەنجامدا، لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکی سەرسوڕهێنەر، ئەم فەڕەنسەوییە پەست و بێ ئەخلاقە، زمان حاڵەکەی دەبێتە خودی گێڕەرەوەکە. دەتوانین بڵێین کە زۆلا، وەکو ڕۆماننووسێک، ئەم شێوە دەربڕینە هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە حەقیقەت نزیکترە ئەگەر بڵێین زۆلا پێنووسەکەی لێبوردووانە داوەتە دەستی شایەتێکی نەناسراوەوە لەو کۆمەڵە کەسەی لە دەوری

ژروز خڕ ببوونەوە ئەو بێژەرێکی چینی کرێکارە کە بەبۆنەی ئەو دڵ و زاتەی ژروز هەیبووە ستایشی دەکات، خاڵە لاوازەکانی، قەویح پیشان دەدات و کەوتنە خوارەوەی بە بەدبەختی، لە دوائەنجام مردنی بێ بەزەییانە شرۆڤە دەکات. هەلومەرجی ئەو کات ئەو ئیزنەی بە زۆلا نەدا تا ئەم جۆرە ڕۆمانە دووبارە بنووسێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکانی دواتری کات نا کاتێک، کەسایەتیگەلێکی چینی کرێکاری لەخۆ گرتووە (وەکو ژرمینال)، بەڵام لە ناویاندا کەسایەتیگەلێکی چینی ناوەندی کۆمەڵ و خەڵکانێکی «بەڕێز و حورمەت» بەدی دەکرێت کە ڕۆڵە گرنگەکانی چیرۆکەکە بەڕێوەدەبەن و هەر بۆیە ئیدی «شێوازێکی یەک دەست» کە زۆلا لە ڕۆمانی LIAssommoir هەڵیبژاردووە بۆ نووسینی ڕۆمانەکانی دواتری گونجاو نەبوون. بەم حاڵەشەوە وەها کتێبێک ئێستاکەش نموونەیەکی هەرەباشی ڕیالیزم لە قەڵەم دەدرێت، واتا ڕۆمانێکی بێ وەگێڕ، ڕۆمانێک کە گێڕانەوەی بێ نێوانجییە و لە هەمان کاتدا، لە هەندێ جێگەدا سەرنجڕاکێشە، هەروەها وەکو بتێکی بەردین، ڕوخسار و سیمایەکی سروشتی و خواکردی هەیە.

**ئەم وتارە وەرگێڕانی بابەتێکە لە:**

**Encyclopedia of Literature and Criticism, edited by Martin 1990 Routledge (London).**

**پەراوێزەکان:**

**1- The Realist Novel.**

**2- F.W.J. Hemmings.**

**(٣) Romanticism، ئەو بزووتنەوەیەی نزیک بە ساڵانی ١٧٧٠ تا ١٨٤٨ زایینی لە ئینگلتەرا و تەواوی ئەوروپا سەری هەڵدا و تێیدا بە قووڵی بەها بە هەست و سۆزە تاکەکەسییەکان دەدرا.**

**(٤) Anglo-Saxon، شکڵی لاتینی ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بە خەڵک و زمانی نەژادی ساکسۆن دەوترێت کە لە بەشەکانی باکووری بەریتانیا نیشتەجێ بوون (کە لەو بەشەی باکووری بەریتانیا جیاوازە کە ئینگلیزەکان تێیدا نیشتەجێ ببوون)، تا بتوانین ئەوان لە ساکسۆنەکانی شوێن و دەڤەرەکانی تری ئەوروپا بە دەر لە بەریتانیا جوێ بکەینەوە.**

**٥- (١٧٨٣-١٨٤٢) Henri Beyle Stendhal، ڕۆماننووسی فەڕەنسەوی.**

**٦- (١٧٩٩-١٨٥٠) Honore de Balzac، ڕۆماننووسی فەڕەنسەوی.**

**7- Le Rouge et le Noir.**

**٨- "Letters from Paris" یسوعیون، لقی ئایینی بە ناوی «ئەنجوومەنی عیسا» کە بە دەستی «لایولا» لە ساڵی ١٥٣٤ زایینی لە شاری پاریس دامەزراوە.**

**10- Julein Sorel.**

**11- Eugne de Rastignac.**

**12- Le Pre Goriot.**

**13- Lucien de Rubempr.**

**14- Illusions perdues.**

**15- La Comedie humaine.**

**١٦- Alighieri Dante (١٢٦٥- ١٣٢١)، نووسەر و شاعیری ئیتاڵی کە کومێدیای خواوەندی یەکێک لە شاکارەکانێتی.**

**١٧- (١٨٤٠-١٩٠٢) Emile Zola، شوێنگری قوتابخانەی ناتورالیزم لە ئەدەبی فەڕەنسا.**

**١٨- (١٨٢١-١٨٨٠) Gustave Flaubert، ڕۆماننووسی فەڕەنسەوی .**

**19- LIEducation sentimentale.**

**20- Frederic Moreau.**

**21- Deslauriers.**

**22- War andPeace.**

**٢٣- Count Lev Nikolaevich (١٨٢٨-١٩١٠)، نووسەری ڕووسی.**

**24- Coupeau.**

**٢٥- Victorian، دەورەی ڤیکتۆریا، قۆناغی ئەدەبی کە هاوکاتە لەگەڵ سەڵتەنەتی شاژن ڤیکتۆریا (١٨١٩-١٩٠١).**

**٢٦- (١٨١٢-١٨٧٠) Charles John Huffham Dickens، نووسەری بەریتانی.**

**٢٧- (١٨٤٠-١٩٢٨) Thomas Hardy، نووسەر و شاعیری بەریتانی.**

**28- Madame Bovary.**

**29- Charles Bovary.**

**٣٠- Normandy، یەکێک لە دەڤەرەکانی وڵاتی فەڕەنسا.**

**31-Emma.**

**32- Anna Karenina.**

**33- Eca de Queiros.**

**34- Alas.**

**٣٥- Theodor Fontane (١٨١٩- ١٨٩٨)،**

رۆماننووسی ئەڵمانی.

36- Jude the Obscure.

37- Suspension.

٣٨- Sir Walter Scott (١٧٧١- ١٨٣٢)، رۆماننووسی بەریتانی.

39- Robertson.

40- Staunton.

41- Pension Vauquer.

42- Vautrin.

43- Anastasie.

44- Delphine.

٤٥- Melodrama، دیمەنێکی نمایشی کە بەشە زەقەکەی ڕووداوی سۆزاوی و دەستەویەخە بوونێکی بەتوانایە لەگەڵ هەست و سۆزە دەروونییەکان، بەڵام کۆتاییەکی خۆشی هەیە.

46- Monomaniars.

47- Eugenie Grandet.

48- Le Cousin Pons.

49- La Cousine Bette.

٥٠- Fyodor Mikhailovich Dostoev-sky(١٨٢١- ١٨٨١)، نووسەری ڕووس.

51- Georges Duroy.

52- Bel-Ami.

٥٣- Guy de Maupassant (١٨٥٠- ١٨٩٣)، کورتە چیرۆک و رۆماننووسی فەرەنسا.

54- Yuppies.

55- Determinism.

٥٦- Aeschylus، یەکێک لە قارەمانەکانی حەماسەی هۆمەر، شاعیری یۆنانی دێرین، چارەنووسی ئاشیل لەم بابەتە ئاماژەیە بە پێشبینی کوشتنی ئەو لە لایەن یەکێک لە خواوەندەکانەوە.

57- Tess of D|Ubervilles.

58- Germinal.

59- HardTimes.

60- Bleak House.

٦١- رۆمانێک لە(١٨١١-١٨٦٣) William Make-peace Thackeray، رۆماننووسی بەریتانی.

62- Becky Sharp.

٦٣- Friedrich Engels (١٨٢٠- ١٨٩٥)، فەیلەسووفی ئەڵمانی.

٦٤- (١٨٨٥-١٩٧١) Georg Lukacs، فەیلەسووف و رەخنەگری ئەدەبی مەجارستانی .

65- Rodolphe.

66- Oblonsky.

67- Seryozha.

68- Berthe.

69- Konstantin Levin.

70- Kitty.

٧١- Jane Austen (١٧٧٥- ١٨١٧)، رۆماننووسی بەریتانی.

72- Pride andPrejudice.

٧٣- Andre Gide (١٨٦٩- ١٩٥١)، رۆماننووس، وتارنووس، رەخنەگر و نمایشنامەنووسی فەرەنسەوی.

سەرچاوە:

گۆڤاری ئەرغەنوون، ژمارە ١٠، پاییزی ١٣٧٥ (١٩٩٦ز).

فەرهەنگۆک:

ئاشۆ: ئاژاوەگێڕ

سنح: تەمەن

بدێکار: قەرز

ئارستیک: دەرمانێکی ژاراوییە

خست: کچی ئۆژنی گوالیزە

تەماکۆ: تووتن

کارگەی: قارچکی.

# پەیڤین بە ئاراستەی دنیایەکی جوانتر

**کامەران تاهیر**
**(کەرکووک)**

مرۆڤەکان لە هەر گاف و قۆناغ و سەردەم و دەورانێکدا، هەردەم لە هەوڵی بێ وچاندا بوون، بۆ جوانترکردنی ژیان و بەخشینی واتایەکی مەزنتر بە ژیان، کە تێیدا بکارێت لە تەواوی مافەکانی بەهرەمەند بێت و خۆشگوزەرانی و خۆشنوودی بۆ هاوڕەگەزەکانی و خەڵکانی دیکەش فەراهەم بکات، لەپێناو دوورخستنەوەی تارمایی مەرگەسات و وێرانکاری و ململانێیە خوێناوییەکاندا، هەرچەندە ژیانی مرۆڤەکان بریتییە لە ململانێ، ململانێکردن بەئاراستەی جوانترکردنی ژیان و ژیان دۆستی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان و ژینگەپارێزی بەچەمکە فرەوانەکەی، کە جێگەی هەموومانی تێدا ببێتەوە، ئا لێرەدا مرۆڤە هزرمەند و ڕۆشنفکر و ڕووناکبیرەکانی هەر کۆمەڵگەیەک دێنە پێشەوە و دەبنە پێشەنگ و سەرتۆپی ڕیفۆرم و چاکسازییەکان، ئەو سەرچاوانەش خۆیان وێنا دەکەن، کە ئەو مرۆڤانە پشتی پێ ببەستن بۆ کۆنترۆڵکردنی ململانێ خوێناوییەکان، کارەساتبارەکان، وێرانکارییەکان، خۆی لە پەیڤین و دایالۆگدا بەرجەستە دەکات.

کاتێک پەیڤین و دواندن و گفتوگۆکردن بێتە پێشەوە و ببێتە ئامراز و ئەلتەرناتیڤی سەردەم و تەواوی واهیمە چەقبەستووەکانی گرووپ و مرۆڤە دەمارگیر و ڕەگەزپەرست و تەسک بینەکان پاشەکشە دەکەن و لە خەوی بێئاگایی بێدار دەبنەوە و ڕادەچەڵەکێن، کە دید و بینای چاوەکانی ئەو کەسانەی کوێر کردووە، کە کوێرانە بڕواننە شتەکان و خەڵکانی دی نەبینن و پێیان وابێت، ئەوەی ئەوان دەیکەن و دەیڵێن ڕاستە، هەرگیز هەوڵیان نەداوە و ناخوازن هەوڵ بدەن، بەپێوەری سەردەمیانە شتەکان هەڵسەنگێنن، کە دوێنێ چۆن بوونە و ئەمڕۆ چۆنن، ئەو کەس و گرووپ و لایەنانە پێ بزانن، یان نەزانن، بەو گوتار و بانگەشەکردنە ناپەسەند و نەشیاوانەیان، پێیان وایە دەکارن دەروون و سایکۆلۆژیای هاوڕەگەزەکانیان داگیر بکەن، بۆ ئەوەی لەوێوە هەوڵی

بەدیهاتنی خەونە نەزۆک و بزرکاوەکانیان بدەن و بەهۆیەوە بەرژەوەندی و مەرامەکانیان بێنەدی، کە ئەمڕۆ گشت کەسێک باش دەزانێت، ئەو ڕەفتارانە لە دژی هاوڕەگەزەکانیانە، ئەوان بەو کارەیان دەخوازن جارێکی دیکە تارمایی شەڕێک لە بەرانبەر خودەکانی دیکە، پێکهاتەکانی دیکە، نەتەوەکانی دیکە، دنیایەک لە تەنگژە چێ بکەن، پێکهاتەکان هەوڵی سڕینەوەی یەکدی بدەن، ئەو دەروون نەخۆش و ناتەندروستانە لەبری ئەوەی بەزمانی گوڵ، کە زمانی سەردەمە بپەیڤن، دەخوازن زمانێکی زبر بالادەست بێت و ڕەوایەتی پێ ببەخشن، ئەو کەسە غەوارە و گرووپە نامۆیانەی هەڵگری ئەم جۆرە فۆرمەن لە بیرکردنەوە، ئیتر لە کۆمەڵگە جێگەیان نابێتەوە، چونکە ئەوان لە هەوڵی پیسبوونی ژینگەی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەن و دەخوازن لێبوردەیی و یەکدی قەبووڵکردن بوونی نەمێنێت و لە بن و بۆتکەوە هەڵیتەکێنن، لێ ئەو دەنگانەی دەخوازن لە ئاوی لێڵدا ڕاوبکەن، تۆڕەکانیان دڕاوە و قولابەکانیشیان ناکارێت هیچ شتێک ڕاوبکات و بگرێت، ئەو کەسانە لە دەرەوەی مێژوو لە پەراوێزی بوویەرەکان دەمێننەوە، لەوە زیاتر ناکارن کاریگەری چێ بکەن، چونکە ماسک و دەمامکەکانیان لەمە پتر ناتوانێت ڕووی کرێت و قێزەونیان بشارێتەوە. کۆمەڵگەی ئێمە پێی وایە پەیڤین و دیالۆگ لە خەسڵەتە هەرە دیار و جیاکەرەوەکانی ئەم گاڤەن و کرانەوەی ئاوەز بەرجەستە دەکەن، چونکە دیالۆگ سەکۆیەکە بۆ دەست خستنە سەر ئاریشەکان و دەستنیشانکردنی کێماسییەکان و ڕووە نەرێنییەکان، چرایەکە بۆ ئەوەی تەواوی مرۆڤەکان ڕوونتر ڕوخساری یەکدی ببینن، پەیڤین واتایەکی نوێی دیکە و جیاواز دەبەخشێتە ژیان، زۆربەی کاتەکان واهیمەکان لای مرۆڤەکان دەبێتەوە ڕاستی و جێگرەوەی ئاوەز، بەشێوازێکی نادروست ئاراستەی بزاوتنی مرۆڤەکان دەکات، لە پێناو هێنانەدیی چەند ئەنجام و ئامانجێکی دیارکراودا.

کەواتە بۆ نەهێشتن و ڕیشەکێشکردنی تەواوی واهیمە و بێ هوودەییەکانی مرۆڤەکان، پەیڤین و گفتوگۆکردن و دواندن لەتەک ئەوانی دی، باشترین پرۆسەیە، بۆ کۆتایی هێنان بەو هەموو وڕێنەکردنانەی مرۆڤەکان، چونکە زۆربەی کات واهیمەکانی مرۆڤ شوێنکاتەکان دەشێوێنێت، دنیایەک وێناکردنی ئەفسانەیی لەلای تاکەکان چێ دەکات و چیرۆکی فانتازیایی دەکاتە کەتواری کۆمەڵگە و بەشێک لە دیرۆکی خۆی پێ ڕەنگرێژ دەکات.

کەواتە ئەم سەردەمە وا دەخوازێت، پەیڤین و لێکگەیشتن و دایالۆگ لە نێوان تەواوی گرووپ و بیروبۆچوون و کولتوور و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا بێتە پێشەوە، ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان، ئایینییەکان، مەزهەبییەکان، جیاوازییەکان، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ڕەوتی کۆمەڵگە زیاتر بەرەو پێشڤە دەبات و ئاریشە و کێشە و تەنگوچەڵەمەکانیش ئاسانتر و زووتر چارەسەر دەبن، چونکە هەموو کاتەکان بەکارهێنانی زمانی زبر، یان توندیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە جۆربەجۆرەکان و یەکلاییکردنەوەیان ڕەوشەکە بەئاراستەیەکی دیکەدا دەبات و ئاڵۆزتری دەکات، کولتووری هەر میللەتێک و ستایلی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ئەمڕۆ پێدڤییە لە تەک پەرەسەندن و گۆڕانکاری و پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکاندا، هاوتەریب بەرەو پێشڤە تەکان بدات، لەو سۆنگەیەوە، کە نها مرۆڤەکان لە دنیای نوێ و کۆمەڵگە کراوە و پێشکەوتووەکاندا، بانگەشەی کولتوور و ژیارێکی هەمەلایەنەی مرۆییانە دەکەن، بۆ مرۆڤەکان، بۆ تەواوی مرۆڤەکان، لێ ڕەوتە دەمارگیر و توندڕەوەکان، دەخوازن لە ڕێگەی توندوتیژییەوە پرسەکان یەکلایی بکەنەوە و ڕێگە چارەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، ئەو ئاراستانەش لە تەواوی سەردەمەکاندا، جگە لە ماڵوێرانی و ڕک و کینە و دووبەرەکی و گوێڕایەڵبوونی کوێرانە هیچی دیکەیان بۆ کۆمەڵگەکانیان بەرهەم نەهێناوە.

بەم پێیە سەقامگیریی ڕامیاری و بووژانەوەی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و فەراهەمبوونی ئاشتی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی و بالادەستبوونی دیموکراتییەت، کە نها بووەتە پێداویستییەکی تەواوی کۆمەڵگەکان لە دنیادا.

لێرەوە گوتاری ڕۆشنبیری ئێمە وا دەخوازێت، بۆ ئەوەی بکارین بەتەواوی لەگەڵ ڕەوتی دنیای نوێ و سەردەمدا بەرەو پێشڤە پێنگاڤ بنێین، دەبێت گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە هەڵگری تەواوی ئەم چەمکە نوێیانە بن، ئەو پرسانەی کۆمەڵگە بەبوێرییەوە قسەیان لەسەر بکرێت و زیاتریش قووڵ بکرێنەوە، ئەو ئاراستەیەش زیندوویەتی و ئامادەیی کۆمەڵگەی ئێمە بەرجەستە دەکات، بوونی ئاریشە و کێشە و پرسە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە لە تەواوی کایەکاندا قسە لەسەرنەکردنیان وا ناکات ئەو کێشە و ئاریشە و پرسانە بەکۆتا بێن، یان بشاردرێنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەردەپۆشکردن و فەرامۆشکردنیان، وا دەکات لەساتەوەختێکی دیارکراودا بتەقنەوە و سەرهەڵ بدەن، کە ئیتر کۆنترۆڵکردنیان قورس و سەخت دەبێت، یان برێک جار هەر ناتوانرێت کۆنترۆڵیش بکرێن، بۆیە نابێت ئێمە لە باسکردنی

کێماسییەکان و دیاردە نەرێنی و ئاریشەکان بترسین، قسەنەکردن و ڕەخنە نەگرتن، بەمانای هێشتنەوەی شتەکان لە دۆخی خۆی، ئەگەرچی قسەکردن لە گەندەڵکاری و لایەنە نەرێنییەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە، خۆی لە خۆیدا هەستکردنە بە کەموکورتییەکان بەئاراستەی گۆڕانکاری، هەر بەم ئاراستەیەش تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵات نزیک دەکەونەوە و هەوڵی نەهێشتنی کەموکورتییەکان دەدەن وابەستەگییان بۆ داوودەزگەکان پتر و پتر دەبێت، کە تەواوی ئەمانەش بەبێ پرۆسەی دواندن و پەیڤین فەراهەم نابێت، ئەگەر ئەمە سەبارەت بەکایە ئیداری و کارگێڕییەکانی ناو چەندین کایەی دی بەم شێوەیە بێت، ئاخۆ دەبێت سەبارەت بەپێوەندی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی یەک کۆمەڵگە و کولتوور و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان، دەبێت پرۆسەی دیالۆگ چەند گرینگ و زمانێکی چەند کاریگەر و بەتاو بێت، ئاخر کاتێک من ڕێز لە ئەوی دی دەگرم، هەوڵدانە بۆ سەلماندنی بوونی (من)ی نەتەوە، کە بوون و ئامادەییم هەیە، کولتوور و پێکهاتە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، دەکارن لە ڕێگەی بەها ڕۆشنبیرییە کراوەکان بەگیانی لێبوردەیی و لێکگەیشتن سەودایی لەتەک یەکدا بکەن و ڕێز لە تایبەتمەندییە جوگرافییەکان، ئۆلییەکان، جیاوازییەکان بگرن، کە ئەم ئاراستەیەش وا دەکات زەمینەسازی بکات، دیالۆگێکی کراوە لە هەموو ئاست و ئاراستەکاندا بەرپا بێت، دواتر ئەم ستایلە لە بیرکردنەوە، زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە ڕێک دەخات، کە لە دژی توندڕەوان و بیرتەسکانی کۆمەڵگە بوەستن، پەیڤین و دیالۆگ وێناکردنی ڕاستییە شاراوەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگە ئەنجام دەدات، لەوێشەوە جارێکی دی بنیادی پرۆژەی نوێ دادەڕێژێت بۆ تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لەسەر بنەما و پێوەندییەکی تەندروست، کە واتای نوێ، کولتووری نوێ، ئاراستەی نوێ بەرهەم بهێنێت، هەموو توانست و وزە و هەوڵەکانیش، بەئاراستەیەکی شیاو و گونجاو دەبات، کە دواتریش هەر ئەم مۆدێلە لە کارکردن لە ڕاژەی مرۆڤەکاندایە، بۆ سەرخستنی تەواوی ئەو پرۆژانەی لە کایە جیاجیاکاندا ئەنجام دەدرێن، جێکەوتێکی کارا و کاریگەر لەسەر هەموو کۆمەڵگە چێ دەکەن.

هەندێک جاری دیکە دیالۆگ لەگەڵ ئەوەی ونبوونی وەهمی مرۆڤەکانە، ڕەنگە وێرانبوونی نوێی بەدواوە بێت، ئالێرەدا ئەو تەنگژە و ئاستەنگانەی پەیڤین چێی دەکات، ڕەوایەتی دەخاتە ڕوو بۆ دەست نیشانکردنی ئەو هۆکارانەی ئەو تەنگژە و تەنگوچەڵەمەیان هێناوەتە پێشەوە، وایان کردووە وەک ئاریشە و دیاردەیەک لە کۆمەڵگەدا خۆی بەرجەستە بکات. لە هەمان کاتدا دواندن و پەیڤین دەست دەخاتە سەر ئافریدەکاری تەنگژە و ئاریشە هەمەجۆرەکان، وێڕای ئەمەش سروشتی ئەو فەزایەی لە دیالۆگەوە، تەنگژە چێ بێت و ئەو پانتاییەش، کە بەبێ دیالۆگ تەنگژە دروست دەکات، زۆر لە یەکدی جیاوازن، چونکە لە یەکەمیاندا تەنگژە لە پێناوی جۆرێکی دیکە لە دیالۆگدا بێت، لێ دەخوازێت دیالۆگەکان هەڵگری مەرگ بن و لە پشتیانەوە گۆڕ بۆ بەرانبەر هەڵ بکەنرێت.

کۆمەڵگەی ئێمە هەم بۆ ئەوەی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لە بەرانبەر خەڵکانی دیکەدا بەرجەستە بکات و هەم بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شوناسی خۆی بکات، دەبێت دیالۆگ و پەیڤین بکاتە سەرتۆپی کار و ئیشکردنەکانی ئێستە و ئاییندەی خۆی، کە ئەم ئاراستەیەش دەبێت لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە چیتر کۆمەڵگەی ئێمە مافی نەخورێت، دەبێت بەشێوەیەکی تەندروست پرۆسەی دیالۆگ ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و کراوە و پێشکەتوو ڕۆبنێین، دەبێ پرۆسەی دیالۆگ ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی دنیایەکی جوانتر و ئارامتر و ئاسوودەتر بۆ تەواوی تاکەکان فەراهەم بکەین و جێگەی هەموومانی تێدا ببێتەوە.

لە دەسپێکدا دەبێت دیالۆگ لەگەڵ خودی خۆمان و کۆمەڵگەی خۆمان و پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی خۆمان ئەنجام بدەین، دەبێت لە دیالۆگەوە هەوڵی چێکردنی ڕای گشتی و لێک نێزیککردنەوەی ئامانج و بەرژەوەندییە باڵا و هاوبەشەکانی هەموو و کۆمەڵگە بدەین، چونکە پەیڤین ساتە ڕابردووەکانی مێژوو بەپرسیارەکان دەسپێرێت، بەرسڤەکانی ئاییندەش بۆ خواست و داخوازییەکانی تەواوی کۆمەڵگە دەوروژێنێت.

لێرەوە پێویستە کۆمەڵگەی ئێمە، کە گوتاری سەردەم وا دەخوازێت، دیالۆگ و پەیڤین و دواندن بکاتە ئامرازێکی کارا و ئەکتیڤ بۆ بەرز ڕاگرتن و پیشاندانی شوناسی کۆمەڵگە، ئەم پرۆسەیەش ببێتە دەسپێک و پاشخانی پرۆژەکان لە تەواوی کایە و دەلیڤەکانی کۆمەڵگەدا، کە وا بکات واتای نوێ بەرهەم بهێنێت، چونکە هەر لە ڕێگەی پەیڤینەوە دەکارین کۆتایی بەتەواوی ئەو تەوتەم و تابۆ واهیمانەی نێو هەناوی کۆمەڵگە بهێنین، کە کۆسپ و ڕێگری لەبەردەم پێکڤەژیاندا چێ دەکەن و ناهێڵین جیاوازییەکان دەربکەون و مرۆڤەکان بەدادپەروەری و خۆشنوودی و خۆشگوزەرانی لەسایەی یەکدیدا وەک مرۆڤ بژین.

# یادی هێمن

خالید عەسکەری
(بۆکان)

**«دڵی شاعیر وەکو ئاوێنە دەچێ**
**گوڵەکەم تۆ دڵەکەم مەشکێنە**
**ڕاستە زۆر ناسکە ئەمما کە شکا**
**وەکو خەنجەر دەبڕێ ئاوێنە»**

هەر هۆز و نەتەوەیەک مێژووی ڕابردووی خۆی نەزانێ هەڵەی ڕابردوو دووپات دەبنەوە. هێشتا زۆر گەنج بووم گڕوگاڵی فێربوونی زمانی زگماکی سەرانسوێی خانووچکەی مێشکی داگرتم، دەستی کرد بە سەرەتاتکێ و چاوشارکێ لەگەڵم، ئەوەی بە فارسی دەمخوێند، بە کوردی بیرم لێ دەکردەوە، وشەگەلی ساکار و دژوارم بەپێی توانایی خۆم دەکردە کوردی، لێ دەچوومەوە، تێ هەڵدەچوومەوە تا پلەی سەرەتاییم تەواو کرد و پلەی ناوەندیشم خوێند، بەڵام ئەو باوەڕە بۆم بوو بە هەوێن. لەسەردەمانی لاوەتیمدا نامیلکەیەکی بچووکم دەست کەوت کە ڕووبەرگەکەی بە ڕەسمێکی بەرگ و پیتاک شارستانییەت ڕازابۆوە لەسەری نووسرابوو! هێمن هەواری خاڵی، وەک دەستکەوتێکی بە بایەخ بە شانازییەوە زۆر ڕۆژان بە دڵ دەمخوێندەوە، بە تەواوی مایە و چێژی زمانێکی ڕەوانی کوردیم لێوەرگرت، لەگەڵ تاریک و ڕوون ماڵ لە یەک بووین، لەگەڵ بەرهەمە شیعرییەکانی ئەوەندەی بڵێی نێوانم خۆشە، خۆم ڕانانێم بڵێم شاکارێکم کردووە. ئەوە مامۆستای گەورەی زەمان، هێمن بوو کە مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند کرد، ئێستا بە هەزاران کەس لەبەرووبووی بەرهەمەکانییەوە کوردی زانن. کەم وا هەیە یەکێک بەرهەمەکانی هێمنی شاعیری خوێندبێتەوە و نەبووبێتە موریدی ئەو مەکتەبە بە نرخەی ئەو جگە لەوەی



هێمن

شاعیرێکی پایەبەرز و نەتەوە پەروەرێکی بەزەبر بوو، وەرگێڕێکی ئەمین و پەخشاننووسێکی کەم وێنە بوو. ئێستاش چل ساڵ پترە کە دەیناسم قەت وانەبووە یاد و بیرەوەریم لەسەر هەواری خاڵی و ساڵی گرانی شێرەژن و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لاچێ. چونکە ئەوەندە لەگەڵ ژیانم تێکەڵاوە، هەر کاتێ چیرۆکی دڵداری حیماسی نەتەوەیی دەبینم، بێ ئاگا دەکەومەوە بیری ئەو خۆشەویستییە. بەرهەمەکانی هێمن مەکتەبێکی گەورەی ڕاهێنانە لە بواری سیاسی و ئازایەتی و پیاوەتی و مەردایەتی و نیشتمانپەروەری، گەل خۆشەویستی، لەسەر ئەو حاڵەرا ئەو سپاسی ئەمەگی خەڵکەکەی دەکا... بەیت و باوە عیشقی و دڵداری و حیماسییەکان، دیوانە شیعرییەکانی هەموویان داشدارین لە گەلەکەی، ئەو زمانەی ئەو پێی نووسیوە چ لە دیوانە شیعرییەکەیدا چ لە پەخشانەکانیدا بە زمانی زگماکی و ڕەسەنی کوردی ڕاستەوخۆ مۆرکی کوردی پێوە لکاندووە، میدالیای سەرکەوتوویی بە بەرۆکیانەوە دیارە، لام وایە ئەگەر ئەو سەردەمانە پەرەی بە چیرۆک و پەخشانی کوردی بدایە، گەنجینەی ئەدەبی کورد لەوە دەوڵەمەندتر دەبوو. هێمن ودمی دڵنوایی پێ بوو بە تاقە وشەیەک پەخشانێکی دەخوڵقاند وەک دەیفەرموی «لە ساڵی گرانیدا ڕۆژێک لە بن دیوارێکی خواروخێچ خۆم لەبەر بەرۆچکە هەڵخستبوو و چیلکەم لە هەردی دەوەژاند، هێشتا خاکەلێوە بوو و وڵات نەخەملیبوو. بیرم لە حاڵی ئەو خەڵکە هەژارە دەکردەوە، چەند منداڵی دێ هاتنە لام یەکیان گوتی: فلان کەس خەریکە ژن بێنێ. ئەو فلانەکەسە پیرە پیاوێکی دڵڕەش و کۆنە گزیرێکی بەدفەڕ بوو. کەس کچی نەدەدایە و بێ ژن مابۆوە. پێکەنیم و گوتم: ئای لەو درۆیە! منداڵ تێکرا وەجواب هاتن، بە پەلەپەل و سوێند و قورئان خواردن گوتیان درۆ ناکەین. ئەو خەریکە کچی ئەو کابرا حەجەمە بکڕێ و لەخۆی مارە بکا. ماشاڵڵا جوانیشە.

– چی، چی بیکڕێ؟!

– بەڵێ، بەڵێ، بیکڕێ و لەخۆی مارە بکا.

وەک فیشەک لە جێی خۆم دەرپەڕیم و منداڵ کەوتنە شوێنم. کە چوومە حەوشەی کابرا، دیتم بۆ خۆی لەسەر کورسییەک دانیشتووە و لاقی هاویشتۆتە سەر لاق و هەروا بزەی سمێڵانی دێ. پیرە پیاوێکی کەڵەگەت و تەژە و وشک و ڕەقەڵ، بەڵام بەداروبار لەبن دیوار هەڵترووشکاوە و چوار منداڵی ڕەش و ڕووت و کز و لەجەر لە دەوروبەری کەوتوون. کچێکی باڵابەرز و ئەسمەر و چاووبرۆ جوان، بەڵام لەڕولاوازیش پاڵی وە کۆڵەکەی بێڵاکە داوە.

چارەڕەشی و نەگبەت لەو دیمەنە دەباری.

– ها کوێخا ئەوە چییە؟

– قوربان چت لێ وەشارم ئەو کچەم لەو پیرە مەشەدییە کڕیوە.

– کڕیوتە؟ بە چەند؟

– وەڵڵا قوربان بە گران، بە پۆتێک ئارد (زەردە خەنەیەکیشی بۆ کرد).

ئاگرم لە جەرگ بەر بوو، مچوڕکێکم لە بەری پێوە هات و لە تۆقی سەرم دەرچوو، بەری چاوم تاریک بوو. خەریک بووم بە گژ ئەو پیاوە دڵڕەشەدا بێم، بەڵام پیشم خواردەوە، خۆم ڕاگرت و لە مەشەدیم پرسی: ئەو کچە بۆ دەفرۆشی؟ ملی بەلاوە نا، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، ئاوی لەچاوی گەڕا و گوتی: دایکی دوو ڕۆژ پێش لە برسان مرد. بۆ خۆشی کەنەفت بووە هەر بینا سلار بۆوە. دەستی بۆ لای منداڵەکان ڕا داشت و گوتی:

ئەوانەش برسین.

بۆیەی دەفرۆشم تا بۆ خۆی لە برسان نەمرێ و ئەوانیش بژێوی چەند ڕۆژێکیان هەبێ. سەربەسەر بە زێڕم نەدەدا و ئێستا بە ئاردی دەفرۆشم. لە کچەکەم پرسی: تۆ بەو کارە ڕازی؟ مێرد بەو کابرایە دەکەی؟ فرمێسکی بە چاوە جوانەکاندا هاتە خوار، بە شەرمەوە کوتی «نینم ئوشاقلار ئاج دلار».

– چ بکەم منداڵەکان برسین– کوتم ئەگەر خیرۆمەندێک ئەوەندە ئارد بدا بە باوکت هێشتا حازری مێرد بەو کابرا پیرە بکەی؟ بە بێزارییەوە کوتی «یوخ وەڵلا».

– نە بە خودا–.

لەو کەینوبەینەدا ژن و منداڵی ئاوەدانی ئاپۆرەیان لە دەوری من دابوو. لە قسەکانمان نەدەگەیشتن. نەقڵەکەم لە سەرڕا بۆ گێڕانەوە، ژنەکان تێکڕا گوتیان: ئەیەڕۆ، چ خێر بوو بۆ کافرستانییە؟ گزیرە پیرەیان تف باران کرد و هەموویان بەغار چوونەوە ماڵی خۆیان ئینسانییەت گەیشتە ئەوپەڕی، دەوڵەمەند و هەژار کەس بەدەستی بەتاڵ نەگەڕاوە. هەریەکە لە قەدەر خۆیان نان، کولێرە، ئاردی گەنم، جۆ، گەنمە شامی، هەرزن، ماش، نۆک، نیسک، تەنانەت برنج و ڕۆن و جلکە کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو.

زگی منداڵەکانیان تێر کرد و توورەکەی مەشەدییان ئاخنی. ئەو وەختە من لە خۆشیان گریام کە دیم منداڵە قۆشمەکانی دێ کە لەسەر دوو شایی میشێن و جگێن و شێروخەت سەری یەکتریان دەشکاند، بە پەلەپەل و هەلەهەل زارکی کیسە پەڕۆکانیان دەکردەوە و هەرچی قەرەپووڵی هەیانبوو لە مستی پیرە مەشەدییان دەکرد و بۆ خۆیان مافنگی دەمانەوە.

هەستی ئینسانی ئەو کیژ و کوڕانە ئاواتی شەیتانی ئەو دێوەزمە بلەوەزەی کردە بڵقی سەرئاو کە مرخی لەو کچۆڵە بێ دەرەتانە خۆش کردبوو.

باربووی ئەو ئینسانە ساکار و پاکانە چەند ئەوەندەی ئەو نرخە بوو کە ئەو گورگە پیرە دەیویست ئەو بەرخۆڵە بێ ئازارەی پێ بکڕێ. چەند دڵخۆش بووم کە بە هەموان نەمان هێشت لە گوندە خونجیلانەکەماندا ئینسان بە ئارد سەودا بکرێ».

ئەوە یەکێکە لە هەست کردن بە دەردی گەلەکەی و پشتیوانی لە ئافرەت کە نموونەی دیکەشی زۆرن سەرچاوەی ئاوا ڕوون ژیاندنەوەی بەیت و باو واتا فەرهەنگی نەتەوەکەی بەربەرەکانێ، عەشق و دڵداری ئەفسانەکانی کوردی بەسەدان گەوهەری دیکە لە کوڕ و کارخانەی دەدرەوشێتەوە، چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کوردەواری کە پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و پرۆفیسۆر ئۆسکارمان کۆیان کردۆتەوە و هێمن بەوپەڕی شارەزایی و مامۆستایانە کردوویەتییە فارسی. ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ زانینی زمانی فارسی بەوپەڕی ماناوە. منیش وەک قوتابییەکی مەکتەبی هێمنی شاعیر بەکوردی وەرم گێڕاون.

**«شنە نەبزێوێ سەری بسکی ڕەشی**
**کە لەسەر ڕوومەتی ئارامی گرت**
**گوێ مەدە ئەو قسە کۆنە کە دەڵێ؟**
**لەشکری کافرە ئیسلامی گرت»**

# خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی لە کتێبخانەکاندا

موونا کەمال ئەلقازی
ئا: یاسین قادر بەرزنجی

(٢ - ٢)

**ئەزموونی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا**

تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان و کۆمپیووتەر بوونەتە هۆی ئەوەی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و بانکی زانیارییەکان ببنە پێداویستی گرنگ و بایەخدار، هەرچەندە کەسێک ناتوانێت ئەوە دیاری بکات کە چ کاتێک کتێبخانە لەشێوە تەقلیدییەکەیدا (کە بەکتێبخانەی گۆتنبێرگ دەناسرێت) پێویستی بەبوونی نامێنێت، بەڵام ئەوەش دیارە کە تەکنۆلۆجیای نوێ یاریدەدەر دەبێت بۆ کتێبخانە تەقلیدییەکان تاوەکو ئاستیان بەرزبێتەوە و خزمەتگوزاری باشتر لە ئاییندەیاندا پێشکەش بکەن.

هەرچەندە کتێبخانەکان دامەزراوەی وەبەرهێنانی وەک بانکەکان نین، بەڵام لەڕووی ئەرک و فرمانەوە لە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی ڕاگەیاندن و باشترکردنی جۆری خزمەت و فراوانبووندایە، هەربۆیە دەبێ کتێبخانە لەبنەماکانی بازار(بەبازاڕکردن) و شێوەی کێبڕکێدا شارەزابێت و لەگەڵ ڕەوشی نوێدا خۆ بگونجێنێت، هەرچۆن تۆڕی کتێبخانە ئەمریکی و ئەوروپاییەکان لەمڕۆدا توانیویانە ئەوە بکەن و ئامانجەکانیان بهێننە دی و لە هەموو کات زیاتر پێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵگای زانیارییە نوێیەکاندا بەهێزبکەن و ئەویش دوای ئەوەی مەرجە بنەڕەتییەکانی ئەو ئامانجانەیان دابین کردبوو، هەڵبەت ئەرکی هەر نەتەوەیەکە سیاسەتی زانیاریی نیشتمانیی گونجاوی خۆی، لەگەڵ پێوەندیی بەجیهانەوە هەبێت، دەبێ ئەو ئامانجە ڕەچاوبکرێت و هەوڵی فراوانبوونی بەهۆی (CD ROM) و (ڤیدیۆ دیسک)ـەوە بدرێت، لەگەڵ دروستکردنی بوار لەبەردەم کەناڵی کتێبخانە پێکەوە گرێدراوەکاندا، بەهۆی ئامرازە نوێیەکانەوە.



## ئینتەرنێت لە کتێبخانە گشتییەکاندا

پرسی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانە گشتییەکاندا مشتومڕی زۆری لەولاتە پێشکەوتووەکاندا لێ کەوتووەتەوە، ئەویش لەنێوان پشتگیریکەران و ئەوانەی لەو ڕووەوە ڕای ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام ئەوەبوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا ئەوە بووە بڕیار و کاری بۆکراو بەشێوەیەکی خێرا و فراوان جێ بەجێ کرا، تەنانەت ئینتەرنێت برایە کتێبخانەی خوێندنگاکانیانەوە و ئەو دیاردەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەی سەند، ئەویش بەهۆی هاندانی بەرپرسیاران و کۆمەڵەی کتێبخانەکانیان کە پشتگیرییان لەو ئاراستەیە دەکرد، بەڵام لە زۆر وڵاتی ئەوروپاییدا بەسستی کار بۆ ئەو پێشکەوتنە دەکرا، بەڵام دواتر ئەو پێشکەوتنە بینرایەوە و کارێکیان کرد لەگەڵ ڕەوتی هاوچەرخدا بڕۆن بەرێوە و بەباشی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکانیاندا بەکارهێنرا، بەو هۆیەشەوە جیاوازی ئەوتۆ لەنێوان کتێبخانە گەورە و بچووکەکانیان نەهێڵرا، هەروەها لەنێوان کتێبخانەی گوند و شارۆچکەکانیان لەگەڵ کتێبخانەی شارە گەورە و پایتەختەکانیاندا.

تەنانەت لەرێی ئامرازە نوێیەکانیانەوە کتێبخانە گشتییەکان لە خزمەتگوزاریی کتێبخانە گەورەکاندا سوودمەندبوون، ئەویش بەهۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، بەوەش توانایی زۆر بۆ وەڵامی داخوازی سوودمەندان دەستەبەرکرا.

بەڵام هەندێ گرفت هەن لەکاتی بەکارهێنانی ئەو داهێنراوە زانستییەدا لە کتێبخانە گشتییەکاندا کە پێویستیان بەچاودێری و چارەسەرە، ئەوانیش بەندن بەناوەرۆکە پەیوەستەکان بەرەگەزپەرستی و توندوتیژی و لەشفرۆشی و..تاد، هەرچەندە ئەزموونەکان دەریان خستووە کە تائێستا نەتوانراوە ئەو گرفتە بە تەواوی چارەسەر بکرێت، بەڵام بەشێکی زۆری چارەسەر کراوە.

کتێبخانەکان ڕێسای زۆریان وەک مەرج و بنەمای تەکنیکی و یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی داناوە، وەک بەکارهێنانی پرۆگرامی(SURWATCH) لەگەڵ وەرگرتنی بەڵێننامە لە سوودمەندان و باوک و دایکی منداڵان بۆ نەچوونەوە سەر ئەو لاپەڕە زیانبەخشانە، لەگەڵ دانانی چاودێریی وردی کارمەندان و هەندێک لە هامشۆکەران بۆ ئەو دیاردەیە.

پێویستە کتێبخانە پەنابەرێتە بەر کارمەندە وانەبێژەکان بۆ مەشقی سوودمەندان لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە هەردوو لایەنی تەکنیکی و توێژینەوەییدا، چونکە زۆربەی سوودمەندان دەتوانن بگەنە کتێبی ناو دۆلابەکان، بەڵام بۆ ئینتەرنێت بەو شێوەیە نییە و ڕاهێنانی تەواوی پێویستە.

## ئینتەرنێت لە کتێبخانەی زانکۆکاندا

کتێبخانە زانستییەکان لەم سەردەمە ژمارەیی(دیجیتاڵ)ییەدا لەبەردەم گەلێک ئەرکی نوێدایە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو جۆرە کتێبخانانە دەستەبەرداری سەرچاوە چاپکراوەکانیان لەسەر حسێبی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان بن، بەڵکو لەمڕۆدا پێویستیان بە هەردوو جۆرە سەرچاوەکە هەیە بەشێوەیەکی بەرانبەر، ئەویش دوای ئەوەی بابەتە ئەلیکترۆنییەکان لە خزمەتی کارمەندی کتێبخانەکان و سوودمەنداندان بەیەک شێوە، هەرچۆن کتێبخانەی زانکۆکان پێویستیان بەهاوکاریی پتەوی نێوان کتێبخانەکان و سەنتەری توێژینەوەکان هەیە، لەگەڵ مەڵبەندی بەدەستهێنانی نامە زانستییەکان، دەبێ ئەوانە ڕێنمایی سوودمەندان و سەرپەرشتیی گەشەپێدانی تەکنیکی کۆمپیوتەری، لەگەڵ هاندانی ناسەنتەرگیری، هەروەها دەبێ پشتیوانی سەرجەم کۆلێژەکان بەدەست بێت بۆ دامەزراندنی تۆڕی

ناوچەیی و بەرهەمهێنانی بابەتی زانستی و فێرکردن و هاوکاریی توێژەر و زانایان بۆ کارە زانستییەکانیان.

سێ جۆر لە خزمەتگوزاریی سەرەکی ئەلیکترۆنی هەیە کە کتێبخانەی زانکۆکان پێشکەشی بکەن، ئەوانیش:

١- خزمەتگوزاریی بنەمایی بۆ دامەزراندنی تۆڕی ناوچەیی و بەستنەوەی بە تۆڕە جیهانییەکانەوە.

٢- خزمەتگوزاریی کۆمپیووتەری، هێڵ و بەڕێوەبردنی تۆڕ.

٣- خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنانی زانیاریی ئەلیکترۆنی و پێشکەشکردنیان لەتۆڕدا.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە پێویستە زانکۆ بۆ دەوڵەمەندکردنی تۆڕەکەی بڵاوکراوە و زانیاریی زانستیی ئامادە بکات، ئەوانیش بریتین لە تێکست و نامەی زانکۆیی(توێژینەوەی زانستی) وێنە و..تاد، ئامادەکردنی ئەو سەرچاوانە لە دوو ڕێگاوە دەبن، یان ڕاستەوخۆ بخرێنە سەر هێڵ(تۆڕی تایبەتی زانکۆ)، یان بەهاوکاری دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بخرێتە سەر سیدی (CD-ROM)، هەرچۆن دەتوانرێت لەلایەن خودی توێژەر و دانەرەکانەوە ڕاستەوخۆ بخرێنە نێو تۆڕی ئینتەرنێتەوە کە تایبەتە بەزانکۆیەکی دیاریکراو.

مەسەلەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ تۆڕە ناوچەییەکان و بەتایبەت تۆڕە زانکۆییەکان کارێکی هەنووکەیی یەکجار پێویستە، بەڵکو کتێبخانە ناتەقلیدییەکانیش(وەک کتێبخانەی ئەلیکترۆنی) بەهۆی تۆڕەوە(Web) و لەڕێی پێڕست و کۆمەڵەکانیانەوە گەشەدەکەن، بەشێوەیەک سوودمەند هەر کتێبێک، یان بابەتێکی بوێت و هەڵیبژێرێت و بەیەک جووڵە لە کۆمپیووتەرەکەیدا هەڵیبگرێت و ئەویش دوای دانی نرخی دیاریکراو.

هەڵبەت سوودمەند بەر لە کڕینی کتێبێک کورتکراوەکەی دەخوێنێتەوە، هاوکات زانیاری تر سەبارەت بە نووسەرانی تۆڕەکان و بیبلیۆگرافیاکان تا گونجاوترینیان هەڵبژێرێت، چونکە ئێستا ئەوانە لە بانکی زانیارییەکاندا زۆر و لەبەردەستدان.

هەر بەهۆی ئینتەرنێتەوە گەیشتن بە دەروازەی هەر کتێبخانەیەکی زانکۆیی بووەتە کارێکی ئاسان، بەڵام نمایش و دەرخستەکانی بانکی زانیارییەکان لە ئینتەرنێتدا، بێ بەرانبەر تا ئێستا کەمە، بەتایبەت لەو کتێبخانانەدا کە بەستراونەتەوە بە تۆڕە جیهانییەکانەوە (WWW) هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کتێبخانە گەورەکانی جیهان تا ئەمڕۆ ئەم خزمەتگوزارییە لە کتێبخانە گەورەکاندا لەڕێی (OPAC) و بانکی زانیارییەکانەوە (CD ROM)ـەوە پێشکەش بەسوودمەندان دەکرێت.

بەتایبەت کە کۆکراوەی بانکی زانیارییەکان بەژمارەی یەکجار زۆر لە ئینتەرنێتدا هەن، بەڵام بە بەرانبەرن و بەخۆڕایی نین، مەگەر تەنیا بۆ دامەزراوەی تایبەت نەبێ، وەک ئەوەی زانکۆی تۆ نەبێ، وەک کورتکراوەکانی زانستی زیندەوەرزانی و زانستەکانی دەریاناسی و ژینگەناسی و پیسبوون نەبن کەبێ بەرانبەر دەخرێنە بەردەست کارمەندانەوە.

هەرچۆن کورتکراوە لەبانکی زانیارییەکەیدا هەیە سەبارەت بەزانستی زمانەوانی و هونەرەجوانەکان، کە دیسانەوە بێ بەرانبەر لە خزمەتی سوودمەنداندان بەبێ جیاوازی.

لەم جۆرە بانکانەدا نیاز وایە زانیاری زیاتر و بێ بەرانبەر بخرێنە خزمەتی سوودمەندانەوە، بەڵام بەشێک لە بەرپرسانی بانکەکان بایەخیان بەم لایەنە لەو ڕوانگەیەوەیە کە سوودبینین لە دوکیۆمێنتەکانیان بە بەرانبەر بێت و هەر لەپێشەوە پارە لە سوودمەندانیان وەربگیرایە، بەشەکەی تریان بە ئاراستەیەکدا کاردەکەن کە زانیارییە بیبلیۆگرافی و کورتکراوەکانیان بێ بەرانبەر بخەنە بەردەستی سوودمەند، بەو پێیەی زانیاریی بیبلیۆگرافی و کورتکراوەکان و هاوشێوەکانیان دەبنە دەروازە بۆ پێڕستی بەرهەمی نووسەران و دەزگا زانستییەکان و کۆنگرەکان و دەزگاکانی بڵاوکراوە کە لەسەر تۆڕی جیهانی (WWW) دەبینرێنەوە، چونکە ئەوانە هەموویان دەچنە خانەی زانیاریی بیبلیۆگرافییەوە.

پەیمانگا تایبەتەکان بەبوارە زانستییەکان پێگەی تایبەتیان لە تۆڕەکاندا هەیە، ئەویش بۆ بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان کە سوودمەند دەبن لێیان.

پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت لەکتێبخانەکاندا پێویستیان بە بوونی هۆشیارییە بەرانبەر سوودەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ و ناوەرۆک و بایەخیان، لەگەڵ چۆنێتی کاراکردنیان بە ڕەچاوکردنی لایەنی دارایی و تێچوونی ئەو پرۆسەیە، ئەوەش

پێویستی بە هاوکاریی نێوان کارمەندی کتێبخانەکان و لایەنە پرسەکانە لەهەر ولاتێکدا، واتە هاریکاریی نیشتمانی و نێودەولەتی، لەگەڵ بایەخدان بەپێوانە و پێودانی گونجاو و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و ئەزموونەکان، ئەویش لەپێناوی باشترین بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی زانیارییە نوێیەکان.

پێویستە گرنگی بەجۆری ئەو زانیارییانە بدرێت کە لە ڕێی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەوە لەکتێبخانەکاندا پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ پاراستنی مافی موڵکداریی بەرهەمهێنراوە ئەلیکترۆنییەکان (ڕۆژنامە و خولاوەکان لەپۆستی ئەلیکترۆنیدا و بانکی زانیارییەکان.. تاد)، ئەویش لە ڕوانگەی پاراستنی مافی گشتییەوە.

هەڵبەت بەرهەمی کاغەزین و چاپکراو لەئاییندەی گەشەکردوودا پارێزگاری لەبەهای خۆی و واتاکانی وەک گوێزەرەوەی زانیارییەکان دەکات، بەلام ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان و خزمەتگوزارییان لەکتێبخانەکاندا بایەخی بەردەوام و بەکارهێنانی فراوانتریان هەیە و بەهەنگاوی فراوان بەرەوپێشەوە دەچن.

### ئینتەرنێت لەکتێبخانەی خوێندنگاکاندا

پێویستە کتێبخانەی خوێندنگەکان هەلی بەسەرکردنەوەی خێرا بۆ خوێندکارانیان بڕەخسێنن، لەگەڵ هاندانی خوێندکاران بۆ نامە ئاڵوگۆڕکردن و ناسینی هاوڕێیان لەهەمان ئاستی خوێندنی خۆیاندا لەناو ولات و دەرەوەیدا، دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە بەجۆرێک ئاراستە بکرێت کە خوێندکاران سوود لە بابەتە دیاریکراوەکان وەربگرن لەپێناوی بوار ڕەخساندن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری بە سوودی زانستی و کۆمەلایەتی، وەکو بەراوردی پرۆگرامەکانی خوێندن و قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لەو ولاتانەدا کە خوێندکارانیان نامەی بەرانبەر ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەروەها بەشداری لەکۆمەڵە چاپکراوە زانستییەکاندا لەپێناوی هاندانیان بۆ داهێنان، یان کۆمەڵە کۆمەلایەتییەکان لەپێناوی گەشەپێدانی کۆمەڵگە و ژینگە، هەروەها بەکارهێنانی فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیا و ئەتڵەس کە لەسەر تۆڕەکاندا هەن.

ئەمانە بێجگە لەسوودی زانستییان بۆ خوێندنەکانیان، مەشقی خوێندکاریشە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیووتەر و ئینتەرنێت لەهەمان کاتدا.

دیارە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە (کتێبخانە مندالان)یشدا هەمان ئاکامی کتێبخانەی خوێندنگەکانی دەبێت و لەو دامەزراوەدا کە کتێبخانەی منداڵە و خەسڵەتی فێرکردن و ڕۆشنبیری و کات بەسەربردن لەخۆ دەگرێت، کار بۆ ئەوە دەکرێت پەروەردەی دروستی مندالان بکرێت و پەرە بەتوانست و ئارەزووەکانیان بدرێت و لەلایەن خودی خۆیانەوە فێری خۆپەروەردەکردنیش بکرێن.

**سەرچاوە:**

**www.alyaseer.net**

# فەلسەفە لە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانەوە

د. میر عەبدول حسەین نەقیبزادە
لە فارسییەوە: ئیبراهیم ئیسماعیل پوور
(سەقز)

کە دەپرسین فەلسەفە چییە، وەڵامی جۆراوجۆر دەبیستین، وەڵامگەلێک وەکو فرەچەشن بوونی ڕوانگەی فەیلەسووفەکان، هەرچەند هەموو فەیلەسووفەکان ئەم پرسیارەیان نەهێناوەتە ئاراوە، بەڵام دەتوانین لە باسەکانیاندا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە.

کە بۆ سەرەتای فەلسەفە بگەڕێینەوە، دەبینین فەلسەفە حەز و هەوڵ و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە ناسین، بەبێ ئەوەی ئەم حەز و هەوڵ و تێکۆشانە ڕووی لە ئاقارێکی دیاری کراو بووبێت، یان سنوورێکی جیاوازی لەگەڵ ئەو شتەدا بووبێت کە دواتر ناوی عیرفان و دینمان لێ نا. نووسراوەی زانایانی هیند- واتە ئاپانیشادەکان- و قسەکانی لائوتسەی فەیلەسووفی چینی و سرووده ئاسمانییەکانی زەردەشت، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم تێکۆشانەن. هەموو ئەمانە لەو ڕوانگە قووڵەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بە زمانی هەڵبەست و کورتە چیرۆک و ڕەمز و ڕازەوە داڕێژراون و لە چەشنی وتەی کورتدا وێژراون، هەروەکو پێشتریش باسمان کرد، لێرەدا سنوورێکی ڕێکوپێک لە نێوان دین و عیرفان و فەلسەفەدا نابینین.

کە دەگەینە یۆنان، هەرچەندە چۆنیەتییەکان کەم تا کورتێک لە کاردان، بەڵام لەگەڵ جیاوازیشدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەگەر ڕوانینی ڕۆژهەڵات، زیاتر ڕوانینێک بێ بۆ دەروون و ئەوەی کە دەربارەی جیهان دەگوترێ لەسەر بنەمای ڕوانگە و تاقیکاری دەروونی و ئەم ناو و چەمکانەیە کە لەم چۆنیەتییە دەروونیانەوە سەرچاوە دەگرن، ڕوانینی یۆنانی دەرەکییە. هەر ئەو ڕوانینە دەرەکییەی کە وەدەستیان هێناوە، بە سەر هەموو هەستیدا دەکێشێ.



نیتشە

یەکەم کەسێ کە ئەم ڕەوتە دەگۆڕێ، واتە زیاتر لە هزر و بیـــرەکـــان دەپەرژێتــە ســەر چۆنیــەتی تێــڕامــان و ئەندێشەکردن، سوقراتە. بەر لە سوقراتیش هزر و بیری قووڵمان هەیە، ئە و هزر و بیرانەی کە زیاتر ڕوانگەن. لە قاڵبی هەڵبەست و کورتە چیرۆکیشدا دەربڕینی تایبەتمان هەیە، بەڵام لە پرسیاری ڕێکوپێک و فـام کراو بێ بەش بووین و پرسیاری فەلسەفە چییەش لە ئارادا نەبووە.

کـە دەگـەینە سـوقـرات ئاڵوگـۆڕێکی مـەزن دەبینین. سوقرات ڕای خۆی دەرنابڕێ، ئەندێشەش ئاراستە ناکات و بیر و بڕوایەکیش بەدی ناهێنێ، بەڵام پرسیار دەکات، ڕادەمێنێ و پرسیارەکانی بەشێوەیەک ئاراستە دەکات کە فیـردەوسی گوتەنی لە ئەندێشە سەختەکاندا دەگونجێ. ئەوانەی کـە لەسـەر بیـروڕاکـان پێ دادەگرن، بە ئاسـانی ناتوانن سـوقـرات بخـەنە ڕیزی فـەیلەسووفـەکـانەوە. هەر وەک ئاشکرایە سـوقـرات بۆ ئێمە بۆتە مـەتەڵ، چونکە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر وێنا کراوە، خەڵکانێکیش هەن کە بیـروڕایەک دەخـەنە پاڵ سـوقـرات و ئەو ئەندێشـانەی کـە ئەفلاتوون لە زمـانی سوقـراتەوە باسیـان دەکـات بە هی ئەوی دەزانن. هەروەها کەسانێکیش هەن کە پێیـان وایە سـوقـراتێک لە ئارادا نەبووە و سـوقـرات دروسـتکراوی ئەفلاتوونە.

بۆچوونێکی تر- کە بەڕای من دروستـترە- ئەوەیە کـە ئێمە سوقراتێکی مێژووییمان هەیە کە چۆنیەتییەکەی لە کتێبەکانی ئەفلاتوون-کتێبەکانی سەرەتای نووسینی- دا هاتووە، هەروەها سوقراتێکیشمان هەیە کە ئیتر سوقرات نییە و ئەفلاتوونە، کە لە کتێبەکانی دواتری ئەفلاتووندا تووشی دەبین.

ئەو سوقراتەی کە لە کتێبە پێشووەکانی ئەفلاتووندا باسی لێ کــراوە خــۆی خــەڵکی دەهەژێنێ و بیـــریان دەورووژێنێ و وەڵامی پرسیارەکانی خۆی ناداتەوە. ئەگەر بۆچوونی سێیەم قبوول بکەین و بڵێین فەیلەسووف ئەو کەسەیە کە لەسەر کارەکـان و شتەکان بیروباوەڕ و ڕای ڕێکوپێک و تاییـەتی هەیە، ئەوە ناتوانین سـوقـرات بە فـەیلەسـووف لە قـەڵەم بدەین، بەڵام کـە فـەلسـەفـەیان بە سەرنجی ڕێکوپێک و قـووڵ لەسەر کارەکان و شتەکان و ئەندێشـەی قـووڵ و بنەڕەتی پێناسـە کرد، ئەوە سوقـرات فــەیلەســووفــە، فــەیلەســووفــێک کــە لە هەمــوو فەیلەسووفەکانی بەر لە خۆی و پاش خۆی جیاوازە، لەم پێناسـەیەدا، فـەیلەسـووف بوون واتە، هەڵسـانگاندن و ئەندێشــــەی قـــووڵ و لە هەر بنەڕەت و ئاکــامی هەر ئەندێشەیەک ورد بوونەوە. ئەمە وێناکردنێکە لە فەلسەفە کە لەگەڵ سوقرات سەر هەڵدەدات.

کـە بە ئەفـلاتوون دەگـەین، ئەو دوو چۆنیـەتیـیـە-واتە ڕوانین و هەڵسـەنگاندن ئاوێتـە دەبن. شـیـاوی باسـە کـە ئەفـلاتوون هەمـوو کـتێـبـەکـانی خـۆی بەشـێـوەی وتووێژ دەنووسێ و لە کـتێبی سووفیسـتدا دەڵێ: بیـرکردنەوە، وتووێژی بێ دەنگ و خـامۆشی ڕەوانە لەگەڵ خود. ئەمە نیشـانەی ئەوەیە کە وتووێژی سوقـراتیـانە بۆ ئەو، هەمان بیـرکـردنەوەیە و هەمـان ئەندێشـەیە. فـەلسـەفـە لە لای ئەفـلاتوون لە ڕاسـتیـدا دیالکتیکە، واتە دیالکتیک لە هەنگاوی یەکـەمدا بیرکردنەوەیە و پاشـان لە ڕاسـتیـدا فەلسەفەیە. تائێستا زۆر سەرنج نەدراوەتە سەر ئەوەی کە ئەفلاتوون فـەلسـەفـە بە دیالکـتیک ناو دەبات. نەک هەر بەر هەڵســتکارانی ئەفـلاتوون، بەڵکو لایەنگرانیــشی نەپەرژاونەتە ســـەر ئەم ســـەرنجـــە، واتە لایەنگرانی ئەفـلاتوون لە فـەلسـەفـەکـەیدا، ڕاوبۆچوون و ئەندێشـە جـۆراوجـۆرەکـانی دەبینن و وەریدەگرن و بەدوایدا دەچن، بەڵام باس لەوە ناکەن کە ئەو جەختی لەسەر دیالکتیک کردۆتەوە و ئەمە بە گومانی من چاوپۆشییەکی زۆر زەقە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم چاوپۆشییە خەتایە و لە زەمانی ئەرستۆوە دەستی پێکردووە و تا هەنووکەش بەردەوامە. ئێستا بیستنی ناوی ئەفلاتوون بیرۆکەی ئیدەکان و ئەندێشەگەلی ئەخلاقی و سیاسی و هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر میتافیزیک و زانستناسی گووتوبەتی، دێنێتەوە یاد، بەڵام سەرنج نادرێتە ئەو خاڵەی کە فەلسەفەی بە دیالکتیک هێناوەتە ئەژمار.

دیالکتیک بۆ ئەفلاتوون چ واتایەک دەبەخشێ؟ واتە گەڕان و جووڵە. واتە تێپەڕین لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی والاتر. گەڕانێک کە لە هیچ شوێنێک حەجمینی نییە، لەڕێدا مانەوەمان نیشانەی کۆتایی ڕێگا نییە، بەڵکو نیشانەی لەپێ کەوتوویمانە. کاتێ لە کتێبی پولیتیادا دەڕوانینە چیرۆکی ئەشکەوت، دەبینین کە ئەم گەڕانە لە ڕوو وەرگێڕان و ڕووتێکردندایە. ڕوو وەرگێڕان لە قۆناغێک و ڕووکردن لە پلە و پایەیەکی بەرزتر، تا ئەو جێیەی کە لە قۆناغێکدا سەقامگیر بێ. کە ئەم قۆناغە بۆ ئێمە دەبێتە حەقیقەت و بنەما. بەم جۆرە حەقیقەت، هەر وەکو هایدگەر لە ڕاڤەی ئەم چیرۆکەدا دەڵێت: هەر ئەو شتەیە کە لەم قۆناغەدا بەسەرماندا دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەورازتر بچین و لەم قۆناغە بەرزتر ببینەوە، لەو حەقیقەتە پاشگەز دەبینەوە کە پێشتر بە حەقیقەتمان دەزانی. هەر ئەمە دەری دەخات کە بۆچی ئەفلاتوون جاروبار ئەندێشەگەلێکی هێناوەتە ئاراوە، کە لەسەربەک بابەت نەتەنیا جیاوازن، بەڵکو ناکۆکیشن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر بیرۆکەی ئەندێشە سەرەتاییەکانی لە کتێبی فدوندا. لەم کتێبەدا، سوقرات ئەم بیرۆکەیە بە ڕێکوپێکترین شێوە بەیان و جێگیر دەکات.. هەم دژبەران و هەم لایەنگرانی ئەفلاتوون، هەرچی لەسەر بیرۆکەی ئیدەکان دەیڵێن هەر ئەمەیە. واتە، ئەفلاتوون لەم قۆناغەدا چی هەڵسەنگاندووە، کردیانە بنەما و بە تەواویان زانی، بەڵام ئاشکرایە کە ئەفلاتوون لە کتێبەکانی دواتردا پرسیاری تازەتری هێناوەتە ئاراوە. ئەم پرسیار و ڕەخنەگرتنانە بە جۆرێکن کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکەن. لە کتێبی پارمەنیدا بە جۆرێک هێرش دەکاتە سەر بیرۆکەی ئیدەکانی خۆی، وەکو ئەوەی کە کەسێکی تر ئەم بیرۆکانەی هێنابێتە ئاراوە و کۆمەڵێ پرسیار دەورووژێنێ، کە دەبنە مەتەڵ و وەڵامیشیان ناداتەوە.

نموونەیەکی تر، قسەکانی ئەون لەسەر خودا. لەلایەکەوە بە پێی میتۆلۆژی یۆنانی دەجووڵێتەوە و هەموو کات لە خوداکان دەدوێ و تەنانەت هەر لە کتێبی پولیتیادا، هێرش دەکاتە سەر هۆمەر، لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەو، بە قسەکانی خۆی بنەمای دین وێران دەکات. ئەفلاتوون دەڵێ: هۆمەر بەو شتانەی، کە دەیخاتە پاڵ خوداکان، هەوڵ بۆ لە نێو بردنی دین و مۆراڵ دەدات. کە بە سەرنجەوە بۆ چیرۆکی ئەشکەوت بڕوانین و لەو ڕاڤەیە وردبینەوە، کە ئەفلاتوون بۆ ئەو چیرۆکە کردوویەتی، دەبینین بە جۆرێک لە چاکە دواوە، کە لە والاترین واتایدا، هەمان خودایە.

بەم جۆرە لەگەڵ ئەم پرسیارە ڕووبەروو دەبینەوە کە، ئاخۆ بۆچوونی ئەو لەسەر خودا لەو بەشانەدایە، کە لەسەر خودا دەدوێ؟ یان لەو بەشانەدایە کە ئیدەی چاک بەبنەمای هەر جۆرە بوون و زاتێک دەزانێ؟ بەڵام بەسەرنجدان بە زاتی دیالکتیک، دەتوانین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین: ئەفلاتوون لە شوێنێکدا حەقیقەتێک دەبینێ و تێپەڕ دەبێت، لە شوێنێکی باڵاتر ئەو حەقیقەتە ڕووناکتر و بەشێوەیەکی مەزنتر دەبینێ.

بەم جۆرە،لەگەڵ ئەم پرسیارەدا ڕووبە ڕوو دەبینەوە کە، ئاخۆ بۆچوونی ئەو لەسەر خودا لەو بەشانەدایە، کە لە دین و خوداکان دەدوێ؟ یان لەو بەشەدایە، کە ئیدەی چاک بە بنەمای هەر جۆرە بوون و زاتێک دەزانێ ؟بەڵام بەسەرنجدان بە زاتی دیالکتیک دەتوانین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین: ئەفلاتوون لەشوێنێکدا حەقیقەتێک دەبینێ و بەلایدا تێدەپەڕێ و لەشوێنێکی باڵاتردا، هەمان حەقیقەت ڕووناکتر و مەزنتر دەبینێ.

بەم جۆرە، دەتوانێ حاڵەتی یەکەم بە هەڵە بزانێ، بەڵام ئەو کارە ناکات، چونکە مرۆڤەکان دەتوانن لەئاستە جیاوازەکاندا لەسەر یەک ڕێگا بن. هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئەفلاتوون بە بەرزترین لووتکەی فەلسەفی و عیرفانی دەگات، هیچ کات دژ بە ئایینی یۆنان ناوەستێ و تەنانەت وەکو گوتمان ڕێزیشی لێ دەگرێ.

بەم شێوەیە، وەرگرتنی مانای ئەم چۆنیەتییە تەنیا ئەو کاتە مسۆگەر دەبێت، کە سەرنج بدەینە ئەو خاڵەی، کە فەلسەفە بۆ ئەفلاتوون دەزگایەکی داخراو و نەگۆڕ و کۆتایی پێ هاتوو نییە، بەڵکو گەڕان و ڕوانینە،



ئەفلاتوون

گەڕانێک کە نەتەنیا بۆ مرۆڤە جیاوازەکان جیاوازە، بەڵکو بۆ تاکەکەسێکیش لە ساتە جۆراوجۆرەکاندا، جیاواز دەبێت.بە کورتی جەختی ئەفلاتوون لەسەر دیالکتیک بۆ بە فەلسەفە کردنە، نەوەک فەلسەفە. واتە شرۆڤەگەلی جیاواز کە لە دەزگایەکی ئەندێشەدا بەیەکەوە پێوەندییان هەیە. یەکێ لەو نموونانەی کە ئەفلاتوون بۆ دیالکتیک دەیهێنێتەوە، دیالکتیکی جوانییەکە لە کتێبی میوانی، بەشێوەی فێرکردنێکە کە یەکێک لە ژنانی پەرستگەیەک-دیوتیما- بە سوقراتی دەدا. خودی جوانی، چەمک نییە و هەر لەبەر ئەوەیە کە جەختی ئەفلاتوون لەسەر وەرگرتنی جوانی- وەک نموونەیەک لە گەڕانێکی دیالکتیکی خۆی شاهیدی ئەوەیە کە ئەفلاتوون، دیالکتیک بەهاوتای فەلسەفە بە واتای دەزگایەکی تەنیا چەمکی و لۆژیکی نازانێ. بەم جۆرە لە ڕێی نامەی حەوتەمەوە- کە بۆ خزمانی دیونی دەنووسێ و دەڵێ: حەقیقەتی فەلسەفەی من ناگوترێ، ئەوە دەگەیەنێ کە لەگەڵ هەموو ئەو خاڵانەدا بە تەواوی هاوئاهەنگ و سازگارە.

کە دەگەینە ئەرستۆ فەلسەفە بەشێوەیەکی نوێ وێنا دەکەین. ئەرستۆ پیاوێکی لۆژیکییە. ئەو ڕێگایەی کە ئەو دەیگرێتەبەر، ڕێگای لێکدانەوەی چەمکییە. لە هەموو فەلسەفەی ئەفلاتووندا، کە دەڵێی بوونەوەرێکی زیندووە، چەند بەشێکی جیا دەکاتەوە، وەکو ئەوەی کە لە شکاوی (کالبد شکافی) بکات و لەم ڕێگایەوە بەو چەمکە جۆراوجۆرانە لە نەریتی فەلسەفە دەکات کە لە سەردەمی ئەوەوە تا ئێستا لەگەڵیدا ئاشنا بووین. ئەرستۆ پشتی بە بەڵگە هێنانەوە بەستووە، بەڵگەهێنانەوەی تاکی. واتە دیالکتیکێک کە دوو لایەنە و وتووێژە - تەنانەت کەسێک کە بەتەنیایی بیر دەکاتەوە، لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە لەگەڵ خۆیدا وتووێژ دەکات - جێگای خۆی دەدا بە بەڵگەهێنانەوەی تاکەکەسی. ئەرستۆ لە واژەی دیالکتیک، تەنانەت بۆ ناونانی یەکێک لە جۆرەکانی بەڵگەهێنانەوە کەڵک وەردەگرێ. ئەفلاتوون لەهەر جێیەک کە بتوانێ بەزمانی لۆژیکی بدوێ، قسەی لۆژیکی دەکات، لەهەر جێیەک کە بتوانێ وەکو زانایەک بدوێ، وا دەکات. هەر بۆیە کە دەبینین کاتێ پەنا دەباتە بەر متیۆلۆژی، چیرۆک دەڵێ و دەڵێی خەریکی شیعر نووسینەوەیە، دەبێ ئەوە بزانین کە قسەکانی لەسەر بنەمایەکی تر و لەسەر خاڵگەلی جیاوازە.

لەم ڕوانگەیەوە هەر قسەیەک لە هەر ئاستێک، بەهەر زمانێک و بەهەر شێوەیەک ناتوانین بیژین، بەڵام کە بە ئەرستۆ دەگەین، تەنیا لەگەڵ ئاستێکدا ڕووبەڕووین و ئەویش ئاستی فامە. هێندێ جار لەجێی فام، ئاوەز دەگوترێ، بەڵام کە بمانەوەی وردتر بدوێین، بەسەرنجدان بەو جیاکارییەی کە لەسەردەمی کانتدا هاتە ئاراوە و یاسپرێسیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەشێ بڵێین: کاری ئەرستۆ لەنێو سنوورەکانی فامدایە و بەس. ئەو بەو چەمکە جیاجیانەوە سەرقاڵە کە لە ڕێی لێکدانەوەوە بەدەستی هێناون، ئەو چەمکانەی کە لە دەرگایەکی لۆژیکیدا بە یەکیانەوە دەبەستێ.

بەم جۆرە، بە هاتنی ئەرستۆ، فەلسەفە دەچێتە قۆناغێکی تازەوە. قۆناغێک کە بۆ زۆر کەس تەنیا بە قۆناغی فەلسەفە دێتە ئەژمار. لەم ڕوانگەیەوە، فەلسەفە واتە زانستی بەڵگەیی، واتە هەڵسەنگاندنی چەمکی، واتە سیستمی هزری، ئەمەش وێنەیەکە لە فەلسەفە کە ئەرستۆ دەیکێشێ. هەڵبەت ئەرستۆ ئەوەندە پابەندی لێکدانەوەیە کە ناپەرژێتە سەر دامەزراندنی نیزامێکی سیستماتیک، بەڵام بۆ هەموو فەیلەسووفە سیستم

سازەکان ڕچەشکێن بووە. کاریگەری ئەم شێوەیە تا ئەو ڕادەیەیە کە تەنانەت لایەنگرانی ئەفلاتوونیش ڕووی تێ دەکەن. واتە زۆر جار ئەندێشەکانی ئەفلاتوون بە زمان و شێوەی ئەرستۆ بەیان دەکرێن.

کە بە پلووتینوس دەگەین، لەگەڵ فەلسەفەیەک ئاشنا دەبین کە دەیەوێ فەلسەفەی یۆنانی ئاوێتەی ئایین و دینە ڕۆژهەڵاتییەکان بکات. ئەو لە ئەرستۆ و لە ڕەواقییەکان و دینەکانی ڕۆژهەڵات زۆر شتی هەڵگرتووە، بەڵام هەموو کات نیگای ڕوو بە ئەفلاتوون بووە و سەرنجی تایبەتی داوەتە ڕۆشنگەری فەلسەفەی ئەفلاتوون.

ئەندێشەی ئەفلاتوون کە پڕ و هەمەڕەهەندە، لە کاری پلووتینوسدا تەنیا بە ئاقاری عیرفاندا دەڕوات و لەو بوارەدا گەشە دەکات. هەرچەند عیرفان لەبیری ئەفلاتووندا بەزەقی خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە فەیلەسوف نەمێنێتەوە، چونکە نە دەربڕینی ئاوەزمەندانە فەرامۆش دەکات و نە ئاستەنگەکانی مرۆڤ. پلووتینوس وا نییە، لە کاری ئەودا فەلسەفە و عیرفان ئاوێتە دەبن و تەنانەت ئایینیش لەم ئاوێتەبوونە بێ بەش نابێت، چونکە شناسایی بۆ ئەو ڕزگاریدەرە.

لە هەنگاوێکی تردا بە کەسانێک دەگەین کە ئایینیان قەبووڵ کردووە و دەیانەوێ فەلسەفە لەگەڵ ئایینەکەی خۆیاندا سازگار بکەن.

ئاگۆستینی قدیس پێی وایە کە لە نووسراوەکانی ئەفلاتووندا ئایەتەکانی ئینجیلی بەدی کردووە. واتە لەگەڵ ئەوەدا کە جەخت دەکاتەوە سەر ئیمان - ئەو خاڵە نوێ و گرینگەی کە پێشتر و بەتایبەت بۆ یۆنانییەکان لە ئارادا نەبوو - بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێک ئیمان لەگەڵ ڕوانینی ئاوەزمەندانە بە سازگار نازانێ. ئەم تایبەتمەندییە لە کەسانی تریشدا بەدی دەکرێ و هەر ئەم سەرنجە تایبەتەی ئاگۆستین بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون و نوێ ئەفلاتوونییەکان لە تۆماس ئاکوئیناسیشدا بۆ ئەرستۆ دەبینرێ و ئەو گەرەکیەتی باوەڕەئایینییەکان لە دەزگایەکی عەقڵانی سەرچاوەگرتوو لە چەمکەکانی ئەرستۆدا ڕێک بخاتەوە.

بۆ فەیلەسوفە موسڵمانەکانیش هەر وایە، بۆ ئەوانیش ئەو شتەی کە وەک فەلسەفە، یان حیکمەت ناوی لێدەبرێ، تەنیا بە باوەڕە بنەڕەتییەکانی ئایینەوە ناوەستێ و خاڵە گرینگەکانی عیرفانیش لەخۆ دەگرێ.

هەر لەم سۆنگەوەیە کە فەلسەفە بە ڕێگایەک دەزانن کە مرۆڤ بەرەو ناسینی زاتی هەستی و کامڵ بوونی مەعنەوی دەبات، هەر بۆیە ئەفلاتوون بەفەلسەفەکردنی، بەوەکو خودا لێهاتن دێنێتە ئەژمار، ئەمانەش لە وێچوون لە خودا دەدوێن. هەر بەم هۆیەیە کە فەیلەسووفانێکی وەکو فارابی و ئەبوعەلی سینا بە مەشایی واتە ڕێڕەوانی ئەرستۆ ناو دەبرێن، بەڵام کاتێ کە بە وردی دەڕوانین، دەبینین کە ئەم فەیلەسووفانە لەگەڵ ئەرستۆدا جیاوازیان زۆرە. ڕەنگە بنەڕەتی ئەم چۆنیەتییە، جیا لە هۆکارە مێژووییەکان( واتە ئەوەی کە ئەمانە لە چاوی نوێ ئەفلاتوونییەکانەوە دەڕواننە ئەرستۆ، کتێبی ئۆسۆلۆجیا کە چەند بەشێک لە کتێبی ئەنئادپلوتینووسە بە هی ئەرستۆی دەزانن) ئەمەیە کە سروشتی ئەم فەیلەسووفانە لەگەڵ چۆنیەتییەکانی عیرفانی و ڕۆژهەڵاتی کە لە سەرچاوە کارییەکانی پلوتینووسە، لەبنەڕەتدا خزمایەتییان هەیە. ئەم خاڵە لە حیکمەتی ئیشراقدا ئاشکراترە: ئەو حیکمەتەی کە بەوتەی سوهرەوەردی ئاکامێکە لە بەهرەی خوداوەندی و بەهرەی ڕوحی پیرۆز، ئەو بەهرەیەی کە سەرەتا بیری ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆشن کردەوە، ڕۆشنبیرانێکی وەکو زەردەشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە بنەڕەتی ئەندێشەی سوهرەوەردی لەسەر وەرگرتنی زەوقی و ڕوانینی مەعنەوییە، شێوە بەیانی کتێبە سەرەکییەکەی واتە حیکمەتولئەشراق لەسەر هەمان ڕەوتی لۆژیکی ئەرستۆیە.

خاڵێکی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە سەرەڕای نزیکی و وێکچوونی فەلسەفە و کەلام، فەیلەسووفە موسڵمانەکان- لانی کەم تا سەردەمی مەلاسەدرا - لە تێکەڵ کردنیان خۆ دەپارێزن و کەسێکی وەکو خواجە نەسیر کە هەم پسپۆری کەلامە و هەم فەیلەسووفی مەشاییە، لە کتێبی جیادا دەیانهێنێتە گۆڕێ. لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا وا نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە ئەو شتەی کە لەو سەردەمەدا فەلسەفەی ناو لێدەنرا، زیاتر تیئۆلۆژی، یان زانستی کەلام بوو. ئەگەر فەیلەسووفێک، لەگەڵ فەلسەفە، ئەو باوەڕانە هاوئاهەنگ بکات کە لەسەر بنەڕەتی ئیمانن، ئاکامی کارەکەی دەبێتە فەلسەفە، بەڵام ئەگەر تەنیا فەلسەفە بخرێتە خزمەت بیر و بڕوای مەزهەبییەوە و بەرگێکی فەلسەفی بە بەر ئەو بیر و بڕوایانەدا بکات، ئەوە لە

ڕاستیدا فەلسەفە نییە. ئەم چۆنیەتییە کە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زەقی ئاشکرایە، هەر بۆیە ئەوەی کە لەو سەردەمەدا بە ناوی فەلسەفە ناوزەد کرا لە ڕاستیدا فەلسەفە نییە.

سەرنجدان بەم خاڵەیە کە هۆی ناڕازی بوونی کەسانێکی وەکو بیکن و دیکارتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەم فەیلەسووفانە تێدەکۆشن تا فەلسەفە لەسەر بنەڕەتی خۆی، واتە ئاوەز بنیاد بنێنەوە. ئەم کەسانە وێناکردنێکی نوێ لە فەلسەفە بە ئێمە نابەخشن، بەڵکو ئەوەی کە لەبارەی فەلسەفەوە بە ئێمەی دەبەخشن، هەمان شتە کە ئەرستۆ گوتوویەتی. دەزانین کە ئەفلاتوون جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان زانست و فەلسەفەدا دانا. ئەرستۆ ئەم جیاوازییەی سڕییەوە. ئەفلاتوون دەڵێ فەلسەفە لەگەڵ دیالکتیک دەیەوێ پەی بە ناسینی جەوهەری کار و شتەکان بەرێت و خۆ لە هەر جۆرە گریمانە و تێز بنەمایەک ببوێرێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەر زانستێک لەسەر تێزبنەمایەک دامەزراوە. تێزبنەما واتە ئەو شتەی کە قەبووڵمان کردووە بە بێ ئەوەی کە جەوهەرەکەیمان ناسیبێت.

کە وابوو بەوتەی ئەفلاتوون لەنێوان تێکنە techne و دیالکتیک، یان زانست و فەلسەفەدا جیاوازی هەیە، بەڵام ئەرستۆ بەشێوەیەکی گشتی لە زانایی دواو بە بەشەکانی هزری و زانستی و پێکهێنەر دابەشی کرد. زانستی هزریشی بە بەشەکانی زانستی یەکەم (میتافیزیک)، زانستی بیرکاری و زانستی سروشتی دابەش کرد. ئەم چۆنیەتییە پاش ئەویش هەر بەردەوام بوو.

بەم جۆرە کە بە کەسانێکی وەکو دیکارت دەگەین لەگەڵ فەلسەفەیەکدا بەرەوڕوو دەبینەوە کە کەموزۆر لە ژێر نەخشی هەمان وێنەدایە کە ئەرستۆ پێیداوین. واتە پێکهاتەیەکی هزری کە خاوەنی بابەتگەلی جیاوازە، چونکە ئەرستۆ جیاوازی ڕاستییەکان بۆ جیاوازی بابەتەکانیان دەگێڕێتەوە. هەر زانستێک خاوەنی بابەتێکی تایبەتە و گرینگترین بەشی فەلسەفە واتە میتافیزیک (کە خۆی ناوی میتافیزیکی لێ نەنا، بەڵکو ناوی زانستی یەکەم و تەنانەت خواناسی لێنا) تاووتوی بوونە وەکو بوون.

لە قۆناغە تازەکاندا، یەکەم بیچمی نوێی فەلسەفە، لە کاری نوێنەرانی قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەبینین. لە کاری ئەواندا، ئیتر فەلسەفە پێکهاتەیەکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو بنەمای ئاگایی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە ئاگاییەیە کە دەتوانێ پێشکەوتنی مرۆڤ دابین بکات. لەم ڕوانگەوە، بە فام، یان بە وتەی ئەوانە بە ئاوەز پشت دەبەسترێ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە هورمی پێشکەوتن لە فام، لە بیرکردنەوەو ڕووناکبیری دایە. بەم جۆرە، کاری فەلسەفە هەمان ڕۆشنگەرییە. هەر بەم هۆیەوەیە کە نوێنەرانی قۆناغی ڕۆشنگەری بەتایبەت لە فەڕەنسا، ڕەهەندی میتافیزیکی فەلسەفە وەلا دەنێن و فەلسەفە بە وزەیەک دەزانن کە تیشک دەخاتە سەر ئەندێشەی مرۆڤەکان لەژێر نەخشی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

کە دەگەینە کانت، وێنەی فەلسەفە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت، واتە کانتیش لەهەمان چوارچێوەی بەجێماو لە ڕابردوو و سوننەتدا دەڕوانێتە فەلسەفە، بەڵام بە ناتەواوبوونی ئەو هەوڵانە دەزانێ کە لەو بوارەدا دراون. کانت ئەو ناتەواویانەی مرۆڤەکان زەق دەکاتەوە کە بەتەوێڵی دامەزراندنی پێکهاتەکانی خوازەی ناسیاری و بەیانی حەقیقەتەوەیە. هەر بەم هۆیەوەیە کە فەلسەفە بۆ ئەو زیاتر ڕەخنەگرتنە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەگرتن تەنیا ڕەهەندی فەلسەفە نییە و بنەما و دەسپێکی فەلسەفەیە. لەسەر کارەکانی کانت دوو جۆر شرۆڤە هەیە کە لە ڕاست ناچن. یەکێک ئەوەیە کە کانتیان بەدژی میتافیزیک ناساندووە و وێنەیەکیان لە فەلسەفەی ئەو نواندووە کە گوایە ڕوانینێکی پۆزیتیویتی هەیە. وێنەیەکی تر ئەوەیە کە کانت فەلسەفە لە دوو بەشدا تاووتو دەکات، یەکیان ئەو بەشە لە فەلسەفەیە کە لە چوارچێوەی تیوریدایە و ئەوەی تریشی بەشی کردەوە و مۆڕاڵە و ئەوەی کە لە چوارچێوەی تیوریدا بۆی نەگونجاوە و نەیتوانیوە بیسەلمێنێ و حاشای لێ کردووە، لە چوارچێوەی کردەوە و مۆڕاڵدا سەلماندوویەتی، بەڵام هیچ کام لەم بەشانە لە دروست ناچن، چونکە کانت لە لایەکەوە میتافیزیک بە گراوی خۆی دەزانێ- گراوێک کە لوتفێکی پێ نەکردووە- لە لایەکی تریشەوە هەموو کات وەبیرمان دێنێتەوە کە وتەکانی ئەو لەسەر ئەندێشەگەلی وەکو نەمر مانەوەی ڕەوان و خودا لە ڕەخنەی عەقڵی بە کردەوەییدا «سەلماندن» نایەتە ئەژمار. خاڵێکی نوێ کە لە کارەکانی

کانتدا دەبینرێ ئەوەیە کە ئەو دوو چەمکی فەلسەفە لە یەک جیا دەکاتەوە. چەمکی قوتابخانە، یان زانستگایی و چەمکی جیهانی کە لە ڕاستیدا وەکو مرۆڤ لە چارەنووسی مرۆڤ دەڕوانێ. بەبۆچوونی کانت واتای قووڵی فەلسەفە لە چەمکە جیهانییەکەیدایە، چونکە فەلسەفەی زانستگایی پێوەندی پێویستی لەگەڵ جەوهەر و چارەنووسی مرۆڤدا نییە، ئەو بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەم خاڵە دەڵێ، ئەگەر بزانم هەوڵەکانم یارمەتی مرۆڤ نادات تا ڕێگای خۆی باشتر بزانێ و لەم ڕێگایەدا هەنگاوەکانی بە دروستی هەڵبێنێتەوە، هەمووی بە بێهوودە دەزانم. لەم ڕوانگەیەوە، لە دەزگایەکی تۆکمەی عەقڵانی زانستگایی و قوتابخانەیی سارتر دەچێ و لایەنی گشتی بەخۆی دەگرێ، کەموزۆر بە هەمان شێوە کە فەیلەسووفەکانی قۆناغی ڕۆشنگەری وێنایان کردبوو بەم جیاوازییەوە کە ئەوانە ئەم تێڕوانین و وێناکردنەیان سادە گرتبوو و هەر لە ڕووپەڕدا مانەوە، کەچی کانت و ئەندێشەکانی لە قووڵایی ڕۆچوون. کانت زۆرجار کاری خۆی بە دەسپێکی فەلسەفە دێنێتە ئەژمار. ئەو فەیلەسووفانەی کە ئایدیالیزمی ئەڵمانیان وەدی هێنا واتە فیختە، شلینگ و بەتایبەت هیگڵ هاتنە سەر ئەو بڕیارەی کە ئەو فەلسەفە وەدی بێنن کە کانت لەسەریدا بوو. ئەمانە هەر چەند لەسەرەتادا خۆیان بەشوێنکەوتووانی کانت لە قەڵەم دا، بەڵام بنەڕەتیترین خاڵە فیکریەکانی کانتیان خستە پشت گوێ، یان حاشایان لێ کرد. کانت دەیویست ڕادەی توانایی شناسایی مرۆڤ ئاشکرا بکات، بەڵام کە دەڕوانینە هیگڵ، دەبینین ئەو شتەی کە لە پێش شتەکانی تردا دەیخاتە پشتگوێ، هەر ئەم ڕادە و سنووردار کردنەیە. ئەو تاڕادەیەک دەچێتە پێش کە تەنانەت سنوورێک لە نێوان مرۆڤ و خوا دانانێ. بۆ ئەو فەلسەفەناسینی ڕەهایە، زانست ڕەهایە، زانستێک هەیە کە فەیلەسووف دەیگاتێ و زانستێکیش هەیە کە لە خۆی ڕەها دەبێت. خاڵێکی نوێ کە لە هیگڵدا دەبینرێ ڕوانگەی مێژووییە کە لە کانت و پێشینیانی ئەودا نەبوو. بەلای هیگڵەوە هەموو شتێک لەبەر تیشکی گۆڕانکاری مێژوویدا دەبینرێ. خودی ئاوەز و زانست و فەلسەفەش لەبەر تیشکی ئەم گۆڕانکارییەدا دەبینرێن و فەلسەفە کە ماڵی ئەم گۆڕانکارییەیە. فەلسەفە پێکهاتەیەکە کە لەودا، هەمووی«بوون» بە خۆناسینەوە دەگات.

شوێن دانەری هیگل مەزن بوو و دژکردەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر دژکردەوەی مارکس کە دەڵێ هیگڵ ڕاستییەکانی خستۆتە لاوە و تەنیا خۆی بە سیستمێکی چەمکییەوە خەریک کردووە. ئەمە خاڵێکە کە بەر لە مارکس، شلینگ باسی لێ کردووە و گوتوویەتی فەلسەفەی هیگڵ نەرێنییە، چونکە لەگەڵ هەستیدا سەروکاری نییە و تەنیا لە کۆڕی چەمکەکاندا ماوەتەوە. بەلای مارکسەوە فەلسەفە ئەو بەشە لە ئاگاییە کە دەتوانێ بەشێوەی وزەیەکی کۆمەڵایەتی دەربێت. بە وتەی ئەو فەلسەفە وەک سەر وایە و پرۆلیتاریا وەک دڵ. فەلسەفە بە پرۆلیتاریا ڕۆشنگەری دەبەخشێ و لە دروست بوونی پێوەندییەک کە بەم شێوە دروست دەبێت، وزە وەردەگرێ. واتە وزەی فەلسەفە لە خەڵکەوەیە، یان لە زمانی هیگڵەوە لە پرۆلیتاریاوەیە. بەم جۆرە سەرەڕای ئەوەی کە فەلسفە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە مێژووییەکانەوە وەدیهاتووە و لە ژێر نەخشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە سەری هەڵداوە، دەتوانێ لەسەر ئەم ژێرنەخشانەش کاریگەری هەبێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو کە وتە بەناوبانگەکەی گوت کە فەیلەسووفەکان هەمیشە ویستوویانە جیهان بناسن، بەڵام باسەکە لەسەر گۆڕانکاری پێکهێنان لەجیهاندایە. لەم ڕوانگەوە،فەلسەفە واتا بەرینەکەی خۆی لەدەست دەدات و سنووردار دەکرێت کە کەموزۆر هەمان شتی لێ دەردێت کە لە کاری فەیلەسووفانی قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەبینرێ.

لە دژکردنەوەکانی تری کە ڕووبەڕووی پێکهاتەی هیگڵی بوونەوە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر کییرکگارد کە ڕێگایەکی گرتەبەر کە بە فەلسەفەی ئێگزیستانس(فەلسەفەی هەستی) گەیشت و لە لایەکی تریشەوە ئاماژە بە کاری ئەو فەیلەسووفانە بکەین کە کەموزۆر حاشایان لە فەلسەفە، یان بەشێکی زۆری کرد. بۆ وێنە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا پێکهاتەی هیگڵی، شوێنەواری فەیلەسووفە ئینگلیزییەکانی وەکو بوزانکیت و براولی بە خۆیەوە بینی و لە ئینگلستاندا پەرەی سەند و کەسانێکی وەکو موور و ڕاسل لە دژکردەوە بەم جۆرە ئایدیالیزمەدا، بە ئەندێشەیەک گەیشتن کە لە ڕێی تێکدانەوەی چەمکەکانەوە، توانییان زۆر لە لێڵییەکانی

پێکهاتەگەلی ئایدیالیستی و میتافیزیکی بڕەوێننەوە. کەم، یان زۆر ئەم چۆنیەتییە لە کاری پێشڕەوانی پراگماتیزمدا دەبینین، بۆ وێنە پییێرس فەیلەسووفی ئەمەریکی ئەم ڕەوتەی گرتەبەر. بۆ پێناسەی هەر چەمکێک، سەرنجی دایە بەکارهێنانەکانی و گوتی کە دەشێ هەر چەمکێک بگێڕینەوە سەر زمانی کردەوە و تاقیکارییەکانی. سەرەتا پییێرس زۆر ناسراو نەبوو تا ئەوەی کە ویلیام جیمز، تیۆرییەکەی ئەوی بە ناوی پراگماتیزم گشتی کرد و پەرەی پێ دا. جیمز لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە نەتەنیا چەمکەکان بەڵکو تەنانەت ڕاستی ئەندێشەکانیش دەشێ لە تەرازووی کردەوەدا هەڵسەنگێنرێن (پییرس بۆ نیشاندانی جیاوازی لە نێوان بیری خۆی و بیری جیمزدا، ئەندێشەکەی خۆی ناونا پراگماتیسیزم pragmaticismتا لە -prag matism جیا بکرێتەوە). بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئەم چۆنیەتییە لە جۆن دیویدا دەبینین کە لەپشت بەستن بە کردەوە و ڕاستی بەکردەوەدا هەموو شتەکان بە بارودۆخەوە (situation) دەبەستێتەوە، واتە دەڵێ فەیلەسووفەکان لەبارەی چەمکە زۆر گشتییەکانەوە قسەدەکەن، کەچی دەشێ لەسەر مرۆڤی دیاری کراو، کۆمەڵگای دیاری کراو و بارودۆخی دیاری کراو قسە بکرێ. ئێمە هەمیشە لە بارودۆخی تایبەتداین و فەلسەفە دەبێ بتوانێ ژیانی ئێرە و هەنووکەییمان باشتر بکات. واتە پشت بەستنە بە ئێرە و هەنووکە و ئەمە لەو ڕوانینە زۆر گشتییە جیاوازە کە جاروبار بە جێگەیەکمان دەگەیەنێ کە تەنانەت بۆ سارتر لە زەمانمان دەبات و بە ڕاستی نازانین. لە ڕوانگەی دیوییەوە، هزر هەڵقوڵێوی بارودۆخی تایبەتی ئێمەیە، واتە ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخەیە. ئەو هزرەی کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و بەستراوە بەوەوە نەبێ، بە وتەی دیوی لە ڕاستیدا هزر و تێفکرین نییە. ئەم ڕوانگەیە، دروست لە بەرانبەر ڕوانگە و ئەندێشەی کەسانێکی وەکو پارمیند و ئێسپینۆزادا دەوەستێ کە لە بوونی جاویدانی و سارتر لە زەمان دەدوێ. لێرەدا قسە لەسەر بوون نییە، قسە لەسەر پایەدارێکی دیاریکراوە: پایەدارێک کە هەمیشە لە بارودۆخە تایبەتەکاندایە. مرۆڤ هەموو کات لەگەڵ پرسیارگەلێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە، وەڵامیان پێ دەداتەوە، هەروەها سوودمەند بوونە کە بایەخی پرسیارەکانی ئەو دیاری دەکات، ئەگەر توانی کێشەکان چارەسەر بکات، ئەو وەڵام و هزرە دروستە و ئەگەریش نەیتوانی، ئەوە نادروستە. بەم جۆرە ئەو بیروڕایەی کە پییێرس، تەنیا بۆ پێناسەی چەمکەکان بەکاری برد، جیمز پەرەی پێ دا و لە بوارەکانی ئایینی و مۆراڵدا بەکاری برد و دیویش لەژێر نەخشی پەروەردە و فێرکردن و فەلسەفەی سیاسی و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاری هێنا.

لەلایەکی ترەوە، هەر وەکو گوتمان، کاری کەسانێکی وەکو بێرتراند ڕاسل بزاڤێکی نوێی بەدیهێنا و وێنەیەکی تازەی لە فەلسەفە خوڵقاند. ئەمانیش هەر وەکو پییێرس پشتان بە پێناسەی چەمکەکانەوە بەست و هەرچەند لە ڕێی گێڕانەوە، یان بۆ حاڵەتی چۆنیەتییەکانی ئەزموونی ئەو کارەیان کرد، بەڵام هەموویان دژ بە میتافیزیک نین، بەڵکو لەسەر ئەو بڕوایەن کە زۆرجار بیرە میتافیزیکییەکان لە تەمولێڵیدان و ئەم لێڵییەش لە زمانی ناڕێکوپێکەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر ئەمە بوو بە هۆ کە بێرتراندراسل زمانێکی ڕێکوپێک بۆ فەلسەفە و هزر دابین بکات. مووریش هەر هەمان هەوڵی دا، بەڵام ئەو دەیەویست بە لێکدانەوەی زمانی ئاسایی ئەم کارە بکات. ڕاسێل پشت بە زمانێکی وەکو زمانی بیرکاری دەبەستێ. ئەو لە کتێبی بنەمای بیرکاریدا کە بە هاوکاری وایتهێد نووسی، هەوڵی دا وەها زمانێک وەدی بهێنێت. ڕاسل پێی وابوو کە لە ڕێی زمانی ورد و ڕێکوپێکەوە دەتوانین لە بارەی ڕاستەقینەشەوە دادوەری بکەین. واتە لە ڕاستیدا زمان وێنەیەکە لە ڕاستەقینە و تاکە گەلی زمان نیشاندەری تاکەگەلی ڕاستەقینەیە. ئەم هزرە کە بە ئەتۆمیزمی لۆژیکی ناودێر کراوە، بەتایبەت بە بڵاو کردنەوەی نامیلکەی فەلسەفی- لۆژیکی ڤیتگۆنشتاین گرینگییەکی زیاتر بە خۆیەوە دەگرێ و ڤیتگۆنێشتاین زمان بە ئاوێنەی ڕاستەقینە دێنێتە ئەژمار.

لە درێژەدا ئەم جووڵەیە بە پۆزیتڤیزمی لۆژیکی دەگات. پێشڕەوانی پۆزیتیویسمی لۆژیکی سەرەڕای ئەوەی کە دڵ لە دوای ئەندێشەکانی ڕاسل و ڤیتگۆنشتاین بوون، بەڵام بەڕادەی ڕاسل سەرنجی لایەنەکانی تر، تەنانەت میتافیزیکیان نەدا. ئەوانە لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە تەنیا زانست دەتوانێ

ئەندێشەی نوێمان پێ ببەخشێ. فەلسەفە بابەتێکی بۆ بیرلێکردنەوە نییە. کە بابەتێکیشی ببێ، بابەتێکی ڕاستەکی نییە. زانستە کە دەپەرژێتە سەر تاووتوکردنی جیهانی ڕاستەکی و بابەتگەلی ڕاستەکی، ئەگەر فەلسەفە شتێکی بۆ تاووتوکردن ببێ، ئەوە زمانە و بژارەکانی. ئەوانە هەوڵی ئەوەیان دا کە پێوەرێک بدۆزنەوە کە بتوانێ میتافیزیک لە گۆڕەپانی ناسین وەدەربنێ و تەنیا دادوەرییە زانستییەکان بە دادوەری ڕێکوپێک بزانێ. لە ئاکامی ئەو هەوڵەدا بوو کە بەبنەمای هەڵسەنگاندن گەیشتن کە ڕواڵەتە سادەکەی بەم جۆرەیە کە هەر بژارەیەکی واتادار، یان شیکارانەیە، یان دارشتەیی. ئەگەر شیکارانە بێت لە جۆری لۆژیک و بیرکارییە و تەنیا بە پشت بەستن بە بنەماکانی ئەندێشە دەتوانین پەی بە هەڵە، یان دروست بوونی بەرین و ئەگەریش دارشتەیی بێ دەشێ بتوانین لە ڕێی تاووتوی ئەزموونییەوە پەسندی بکەین. بژارەیەک کە لەم دوانە بەدەر بێت، لە ڕوانگەی ئەم فەیلەسووفانەوە بێ واتایە. بەم شێوەیە نەتەنیا میتافیزیک، بەڵکو زۆربەی لایەنەکانی فەرهەنگی ئینسانی، کە لەم ڕوانگەوە سەیری کرا بێ واتا دەبێت. هەڵبەت گۆڕانی ئەم تیورییە و سەرنجی زۆری فەیلەسووفەکان نیشانی دا کە ئەم چۆنیەتییە بەم ساکاریەش نەبوو کە بیری لێ دەکراوە، تەنانەت هەر ئەم بنەمای هەڵسەنگاندنگرە بە بنەمای هەڵسەنگاندنگر هەڵناسەنگێنرێ. بەهەرحاڵ، وێنەیەک کە لێرەدا لە فەلسەفە هەمانە ئەوەیە کە فەلسەفە بوارێکی بۆ ناسین و دادوەری نییە و ئیشی ئەو تەنیا لێکۆڵینەوەی چەمکەکانە و هەڵسەنگاندنی بژارە زانستییەکانە و بەس.

ڕەوتێکی تر کە ڕوخسارێکی جیاوازمان لە فەلسەفە نیشان دەدا، فەلسەفەی هەستییە کە هەر وەکو ئاماژەی پێکرا بە جۆرێک کییرکگارد دەستپێکەری بووە. کییرکگارد پشتی بە تاکەوە دەبەستێ. ئەویش پشتی بە ڕاستەقینەوە بەستووە، بەڵام ئەو ڕاستەقینەیەی کە ئەو سەرنجی داوەتێ، تاکی مرۆڤ و ئەزموونە قووڵەکانی مرۆڤە و ئەمەش شتێکە کە بە وتەی ئەو لە سیستەمدا ناگونجێ. لەم ڕووەوە بوونی خودی کییرکگارد حاشالێکەری لە سیستەمی هیگڵە، چونکە سیستەم وا دەخوازێ کە تاک ببێتە پاژێک لە پاژە گشتییەکان و لە نێویاندا ون و فەنابێت. لە ئەندێشەی کییرکگارددا جیا لەوەی کە پشت بە دەربڕینێکی عەقڵانی نەبەستراوە، بەڵکو پشت بەو شتانە بەستراوە کە بەڕێکوپێکی دەرنابڕدرێن، چونکە ناچنە چوارچێوەی چەمکەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە لە چوارچێوەی چەمکەکاندا جێ ناگرن، تاقیکردنەوەیان لە ژیاندا دەرەخسێ و گرینگترین شتەکان بۆ مرۆڤ لە گرینگترین ساتەکانیدا، هەر ئەم تاقیکردنەوانەن، هەر بۆیە ئەو فەیلەسووفانەی کە پشتیان بە زانستەوە دەبەستن، لە سەر ڕاستەقینە و ئەزموون جەخت دەکەنەوە، لە فەلسەفەی هەستیشدا هەر بەم جۆرەیە، بەڵام بەم جیاوازییە بنەڕەتییەوە کە لێرەدا قسە لە سەر هەرجۆرە ئەزموونێک نییە، بەڵکو لە سەر ئەزموونە قووڵەکانی هەستی شێوەیە. سەرەتا ئەم چۆنیەتییە لە نیتشەدا دەبینین. نیتشە ئەو کەسەیە کە وێنەی فەلسەفە بە یەکجاری دەگۆڕێ، چونکە فەلسەفە وەک لایەنێکی ژیان و وەکو ژیوەر دەبینێ. لەم ڕوانگەیەوە فەلسەفە زۆر لە فێرکردنەکانی قوتابخانە و زانستگا سارتر دەنوێنێ، چونکە پشت بە زانستی گشتی نابەستێ، بەڵکو پشتی بە بابەخەکان وتاک و ژیان دەبەستێ.

هەر بە سەرنجدان بەم خاڵەیە کە دەتوانین تێبگەین چۆن دەکرێ یاسپرێس کەسانێکی وەکو نیتشە و کییرکگارد لە ڕاستاییەکدا ببینێ کە لە ڕوانگەیەکەوە لە بەرانبەر یەکدا وەستاون، واتە ئەو کەسەی کە گوتوویەتی «خودا مردووە» و ئەو کەسەی کە گوتوویەتی من تەنیا ئەوکات بوونم هەیە کە ڕووبەڕووی «ئەویدی ڕەها» واتە خودا ڕاوەستابم.

سەرەڕای ئەم جیاوازییە گەورە و ئاشکرایە، لە ڕوانگەی یاسپرێسەوە دووشتی هاوێرن و وێکچوونیان لەوەدایە کە پشت بە ژیان و تاقیکردنەوە قووڵەکانی مرۆڤی خاوەن هەستییەوە دەبەستن. هەر ئەم پشت بەستنە، خاڵی بنەڕەتی فەلسەفەی هەستییە کە بەڕای من یاسپرێس باشترین نوێنەری ئەم فەلسەفە لە سەدەی بیستەمدایە. ئێمە هایدگەریشمان هەیە، بەڵام هەر وەکو بێردیایۆفیش دەڵێ: هایدگەر لەگەڵ جۆرێک لە بووناسیدا سەر و کاری هەیە – ئەو بوونەی کە هادیگەر بە دوایدا وێڵە، لە ڕوانگەی مرۆڤی خاوەن هەستییەوە دەبینرێ – هەر بۆیە ئەم وتارە بە ئاماژە کردن بە

یاسپرێس کۆتایی پێ دێنین.

بیری یاسپرێس لە لایەکەوە لە بواری کاری کانت-دایە و لە لایەکی تریشەوە لە بواری ڕوانینی دوو فەیلەسووفی هاوێر واتە کییرکگارد و نیتشە-دایە. یاسپرێس لە سێ تاقیکاری قووڵ و بنەڕەتی دەدوێ. ئەو تاقیکارییانەی کە لەواندا بە دوای خۆمان و جیهان و خودادا دەگەڕێین، بەڵام ئاکامی هەموویان شکستە و ئەم خاڵە هەمان شتە کە کانت بە زمانێکی تر لێی دەدوێ: ناسینی خودا و جیهان و خود بۆ ئێمە نالوێ. یاسپرێس دەڵێ: تەنانەت وێناکردنی ئەمانەشمان بۆ نالوێ. ئەم شتانە ناکرێنە بابەت، هەر بۆیە ڕوانینێک کە زانایان و زانستەکان بە ئێمەی دەدەن، زۆرجار سەر لێشێوێنەرن، چونکە زۆر جار دروستکەری ئەم گومانەن کە زانست دەتوانێ هەم لە مەڕ جیهان و هەم لە مەڕ «خود» بە ناسینی تەواو بگات و جەوهەری ئەمانە بناسێ، واتە بەو شتە بگات کە فەیلەسووفە سوننەتییەکان بە میتودی عەقلانی لە دوای وێڵ بوون و ئەمە ئەو شتەیە کە یاسپرێس بە خورافاتی زانستی ناودێری دەکات، واتە شتێک لە زانست خواستن کە لە توانایی ئەو بەدەرە. هەر لە بەر ئەمەیە کە دەڵێ زانینی شتگەلێک لە مەڕ جیهان و خود ناسینی جیهان و خود نییە.

کە دەڕوانینە کانت، فەیلەسووفێک دەبینین کە هێشتا لە چاوی زانستگاوە دەڕوانێتە جیهان، بەڵام کە دەگەینە یاسپرێس لە سۆنگەی کەسگەلێکی وەکو کییرکگارد و نیتشەوە لەگەڵ کەسێکدا ڕووبەڕوو دەبییەوە کە هەموو ئەندێشەکانی لە تاقیکارییەکانی ژیانەوە هەڵدەقوڵێ. ئەو شکستەی کە باسیشی لێدەکات هەر لەم تاقیکارییانەوەیە، تاقیکاری ڕاچڵەکێنەر. هەر کەس لەو تاقیکارییە بێ بەش بێت لە بێ ئاگاییدا بەسەر دەبات، هەر بۆیە تاقیکاری شکست کۆتایی ڕێگا نییە، بەڵکو دەسپێکی لەخەو ڕاپەڕین و بەخۆداهاتنەوەیە. ئەمە تەنیا تایبەت بە شکست نییە، بەڵکو هەموو دۆخە سامانییەکان بەم جۆرەن. دۆخگەلی وەک ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ و ڕەنج و عەشق، لە وەها دۆخێکدایە کە هەستی دەپشکوێی و ئێمە خۆمان دەدۆزینەوە و تێدەگەین کە لە ڕاستیدا کێین.

یاسپرێس لە یەکێک نووسراوەکانیدا بە ناوی ئاوەز و هەستی، کە پشت بە ئاوەز و هەستی دەبەستێ، دەڵێ ئەم دوو چەمکە یەکیان هی کانتە و ئەوی تر هی کییرگاردە. کانت ئاوەزی هەڵسەنگاند و وێڕای ڕەخنە لێ گرتنی، بە بەرزترین توانایی ئێمەی لە قەڵەم داو کییرگاردیش سەرنجی ئێمەی بۆ لای قووڵایی هەستی ڕاکێشا. ئەم دووانە لە بەرانبەرییەکدا نین. ئەو ئاوەزەی کە لە هەستییەوە وزە وەرنەگرێ، خاوەن هێز نییە و ئەو هەستییەش کە بەتیشکی ئاوەز ڕوون نەبێتەوە بەرەو لاڕێ دەچێ، هەر بۆیە مرۆڤی ڕەسەن و فەیلەسووف لە ڕوانگەی یاسپرێسەوە کەسێکە کە لە لایەکەوە سنووری ئاوەز دەناسێ و لە لایەکی تریشەوە حاشای لێ ناکا، بەڵکو دەیکاتە ڕێ پیشاندەری خۆی. ئەو خاڵەی کە یاسپرێس جەختی لە سەر دەکاتەوە ئەوەیە کە دەشێ لە هەستیدا سۆراغی بنەما و هەوڵەکانی ئاوەز بگیرێ، چونکە ئەو وزەیەی کە ئاوەزی لێوە سەرچاوە دەگرێ، هەستییە، ئەمەش واتای ئەم وتەیەی ئەوە کە دەڵێ: کانت ئەو هەمووە لە سەر ئاوەز دوا، بەڵام پەی بەم خاڵە نەبرد کە ئاوەز بە واتایەک ، هەمان عەشقە.

هەر وەک فەیلەسووفەکانی تری هەستی، یاسپرێسیش زیاتر لەوەی کە لەسەر فەلسەفە بدوێ، لە بە فەلسەفەکردن دواوە و فەلسەفە زیاتر لەوەی کە سیستمێکی ئاوەزمەندانە لە زانستی گشتی بێت، لایەن و ڕواڵەتێکە لە ساتەکانی بێداری و تژی بوون. کاری ڕاستەقینەشی هەمان ڕۆشنگەری و لە خەو ڕاپەڕاندنە. بە فەلسەفەکردن لە ڕێدا بوونە و فەلسەفە هەمووکات لە ڕێدایە.

**سەرچاوە:**

**کتێبی «گفتارهایی در فلسفه و فلسفەی تربیت»، د. میر عبدالحسین نقیب زادە – کتابخانەی طهوری – تهران ١٣٧٧.**

# بەخود کردنی سروشت
# لە دوا کارەکانی هونەرمەندێکدا

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

سـروشت وەک ژێدەرێکی گـشـتگیـر و هەمـەکی و هاوکات چەندان ژێدەری بەشەکی، بۆ هونەر بەگشتی بۆ هونەری شـێـوەکـاری بەتایبـەت لە سـەرەتای بوونی مـرۆڤـایەتییـەوە ڕۆڵی خـۆی گـێـڕاوە و لە سـەدەکـانی ناوەڕاستی ئەوروپایدا نەبێت، کە بە هەنجەتی بە ڕوحانی کردنی هونەر، وەک بوونەوەرێکی بێ گیان تەماشا کراوە، دەنا هەردەم کارایی خۆی وەک تواناییەکی ئەو ژێدەرە بە هەژموونە ون نەکردووە.

(کـەریم ئەمین)ی هونەرمـەند سـاڵگارێکە بەرانبـەر و لەتەک سـروشـتـدا ڕادەمـێنێت و کـار دەکـات، بەڵام بە درێژایی ئەو سـاڵانەدا هەرگیز وەک ئامانج و ئەنجامێک ڕوانینی بۆ ئەم ژێدەرە هەستیارە نەکردووە و دوا جاریش بە پێی ئەو ڕوانینە کاری نەکردووە، بەڵکو سروشت لای ئەو بووەتە ئامـرازێک و لە ڕێی توانایی کـارکـردنە ئیستێتیکی و تەکنیکییەکانی خۆیەوە گوتارێکی بینەیی تایبـەتی وای پێ بەخشیوە، کـە لە دواجاردا ڕوانینێکی جیاواز و تایبەتی لای بینەری خۆی پێ بنیادناوە.

ئەو هەمـیـشـە و هەر جـارێک ئێـمـە بە شـەقڵ و شـێـوازێکی تر بە سـروشت دەناسـێنێت، هەرگـیـز دیالۆگـەکـانی ئەو تاکـە ڕێتـمـێکیـان بەرانبـەر بە خـوێندنەوەی سـروشـتی (سـروشت لای) وەرگـردا، وەرنەگرتووە. ئەو نایەوێت دیوە ڕێزاڵبووەکەی سروشتمان پێ بناسێنێت و ئاشنا بکات، بەڵکو (جارێک) بەرانبەر مـاهیـەتی سروشت بەرەوڕوومـان دەکـاتەوە و (جـارێکی دیش) سـروشت دەکـاتە دەقـێکی بەخـود بوو، بە هاوکێشـەیەک، کە تێیدا ساتێک بۆ سروشت دەگەڕێیت هونەرمـەند دەدۆزیتـەوە و ئەو دەمـەش کـە بەدوای خـودی هونەرمـەند و ئامـادەگـیـە سایکۆلۆژییەکـانیـدا لە دەقی بینەییـدا وێڵـیت، ئەو دەمـە سـروشت خـۆی ئامـادە



**کەریم ئەمین**

دەکاتەوە. بە واتایەکی تر بڵێین سروشت ئەوە و لەهەمان ساتدا ئەو سروشتە، ئەو دەمەش گوتاری هونەریی خودی هونەرمەند لە دووتوێی ئەو دنیا بابەتییەوە خۆیمان ئاراستە دەکات، هەر ئەو دەمەش خودی سروشت لە دووتوێی بینین و ڕوانگە چرۆپڕەکانی هونەرمەندەوە هەناسەی خۆی دەدات.

کەواتە سیستمی بنیادی کارکردن لای هونەرمەند بە دوو هەوێڵی لێکدژی دوالیزمیدا ئاراستە دەگرێت، کە تێیدا جارێک لە ناوەوە بۆ دەرەوە و جارێکی تریش لە دەرەوەیە بۆ ناوەوە. ئەزموونی ئەم جارەی هونەرمەندیش لە ئامادەیی کێشەی ئەو دوو ئاراستەیە بەدەر نییە، کە پێشبینی ئەوە دەکرێت ئاراستەی دووەم هەژموونی خۆی بەسەر دوارۆژی کارکردن و ڕوانگەی هونەری هونەرمەنددا بکات.

هەمیشە لەمیانی پەڕینەوە هونەرییەکاندا دوودڵی و دڵەڕاوکێ و سۆز (کە ڕەنگە هەندێک جار بەرجەستە بوونێکیش بێت لە ترس لەو گۆڕانکارییە هونەرییەی کە دادێت) بۆ ڕابردووی کارکردن، یان بنەما و سەرەتاکان، بەدی دەکەین. ئەزموونی کارکردنی ئەم جارەی (کەریم ئەمین)ی هونەرمەندیش لەم دیاردە هونەری و تەکنیکییە بێ بەش نییە، هەر بۆیە لە هەندێک لە کارەکانیدا، کە ڕێژەیەکی هەرچی کەمتر لە سەرجەمی کارە هونەرییەکانی پێکدێنن، سۆزێک و گەڕانەوەیەک بەدی دەکەین بۆ نزیک بوونەوە لە وردەکاری واقیعی بوونی ڕوانین لە سروشت، ئەمە لە چاو ئەو بەجێهێنانە پڕ دەسکارییە خودی و تەکنیکییەی لە سەرجەمی کارەکانی تریدا، ئامادەگی خۆیان وەک ڕێچکەشکێنی بینینی هونەرییانەی هونەرمەند ئاراستەی چێژ وەرگرتنی بینەر دەکەن.

ئەمەش هەر وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێ دا، دیاردەیەکی هاوشانە بەو شەقاوە هونەرییە تەکنیکییانەی هونەرمەند لە قۆناغێکی کارکردنی هونەریی خۆیدا دەیهاوێژێت.

بەرانبەر ئەم جۆرە کارکردنەش، کارکردنێکی ئاراستە پێچەوانەی ئەم دیاردەیە لە هەمان ئەزموونی ماوە کارکردن و نمایشی هونەریی هونەرمەندا ئامادەیە، (هەرچەندە ئەم سەمتەیان لەکارکردنی هونەرمەند تەنیا لە یەک تابلۆدا خۆ دەنوێنێت لە دووتوێی پیشانگەکەیدا، بەڵام تاکیەتی تابلۆیەک ڕێ لە دەرخستنی ئامادەبوونی نا ئامادەی خواستێکی کارکردنی لەو جۆرە لای هونەرمەند ناگرێت) کە ئەویش هەرچی زیاتر





ئاراستەگرتنە بەرەو دوورکەوتنەوەیەکی دیار و ڕاشکاوانە لە واقیع، هەر بۆیە هونەرمەند، تەنانەت وەک بابەتی کارکردنەکەشی (گوڵدان/ستیللایف)ێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم تابلۆیەی هەڵبژاردووە تا لەتەک خواستی بەجێهێنانی ئەو جۆرە تەکنیکی کارکردنەی زیاتر بگونجێت، هەرچەندە ئەم دەسکاری کردنەشی لە فۆرمی گوڵی نێو گوڵدانەکەدا کردووە، واتە لە پارچەیەکی بەشەکی سروشتدا.

ئەوەی وەک ئاماژەیەکی خێرا پێویست بە وتن بکات، هێندەیە لە کەشی گشتی کارەکاندا هەست بە ئامادەبونەوەیەکی دووری (لادێ خەیاڵییەکان)ی (باڵدین)ی هونەرمەند، وەک دەقێکی ون دەکرێت، بە تایبەت لە هەڵبژاردنی خاڵی ڕوانین/بەربینەیی لە ناوەندی ئاوێک/ڕووبارێک و دابەشکردنی بارستە وشکاییەکانی بە هەردوو بەری تابلۆکەدا و جۆری چارەسەری هونەرییانە لە بە فلات کردنی ئەم بارستانەدا، بەڵام لێرەدا هونەرمەند بە پێچەوانەی (باڵدین)ەوە، کە هەندێک لە بارستەکانی (چیا و کێو) بە شەفافی و پەتی کراوە لە وردەکاری و دیاریکراوی چارەسەر دەکات، ئەم سنووری بارستەکانی بە تەکنیکی دیاریکردن دەستنیشان کردووە کەمتر توانابیەکانی قووڵی/ڕەهەندی سێ، وەک بەربینە، کارایی لەسەر دەرکەوتن و کەم دەرکەوتنی بارستە و فۆرمی نێو باکگراوندی کارەکانی هەیە.

هەردوو ئەم دوو ئاراستەیەی دوایی لە کارکردنی ئەم جارەی هونەرمەندندا، توانایی بە لەمپەر بوون و بەرگرتنیان لەو بزاوتی گۆڕانکارییە نییە، کە وەک قۆناغێکی تری پرۆسێسی بەخودکردنی سروشت لای هونەرمەند بەرایی گرتووە، کە دوا هەژموون کردنی کارکردنی هونەریی هونەرمەندیش دواجار ئەم سەمتە کارکردنە دەکاتە جێ وێستگەی کارکردن بۆ قۆناغێکی تری ئەگەری بەردەوام بوونی هونەرمەند. کە لە دووتوێیدا دەقی بینەیی هەر لە سروشت و لە ڕێی سروشتەوە خۆ دەکاتە هەڵگری گوتارێک سەراپا بە دوور لە ئاشنایی و بینراوی، هاوکات تەژی بە جوانییەک، کە لە ڕێی ڕێچکە بڕینی خۆیدا هەموو شت بەخود دەکات.



# زریکەیەک لە بێ دەنگیدا

**«ئامازەیەک بۆ ژیان و بەرهەمەکانی ئەحمەد کایا»**

**کامران جەوهەری**
**(بۆکان)**

**دایکم لێی پرسیم:**
**ئەحمەد خۆ تۆ هەر سی و پێنج ساڵ دەبی**
**ئەو ڕیشەت بۆ سپی کردووە؟**
**پێم گوت:**
**دایە!**
**ئەو بێ شەرەفانە**
**ڕیشی پیاویش سپی دەکەن!**
**(ئەحمەد کایا – کۆنسێرتی ئەستەنبوڵ)**

ئەحمەد کایا (گۆرانیبێژ، موزیکژەن) ساڵی **١٩٥٧** لە شاری مەلاتیای باکووری کوردستان لە دایک بووە. باوکی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنین بووە. دواتر بنەماڵەی کایا بە تەمای ژیانێکی ئاسوودەتر ڕوو دەکەنە شاری ئەستەنبوڵ و لە گەڕەکی هەژارنشینی کوجا مستەفا پاشا نیشتەجێ دەبن. کایا لە تەمەنی **١٥**ساڵیدا لە ژێر کاریگەری بارودۆخی سیاسی ئەوسای تورکیا کە چەند کوودەتای بەسەردا هاتبوو، شیعرە سەرەتاییەکانی خۆی دەنووسێت و هاوکات خەریکی فێر بوونی باغڵەمە دەبێت. دواتر چەند پیشەیەکی تری وەک شوفێری و فرۆشیاری تاقی دەکاتەوە.

ساڵی **١٩٨٥** بە تەمای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێک ڕوو دەکاتە شەقامی ئۆن کاپی کە گەڕەکێکی هونەرییە لە ئەستەنبوڵ، چونکە شێوەی مۆسیقای لە چوارچێوەی هیچ کام لە شێوازە باوەکانی ئەوکاتدا ناگونجێت، کەس پشتگیری لێ ناکات و وەخۆی ناگرێت. لە ئاکامدا بە یارمەتی چەند هەڤاڵێکی ئەلبوومی یەکەمی خۆی بە ناوونیشانی "مەگری بچکۆلە"دا بڵاودەکاتەوە. ئەو ئەلبوومە لە چاوترووکانێکدا لە لایەن حکوومەتەوە



**ئەحمەد کایا**

دەستی بەسەردا دەگیرێت و کۆ دەکرێتەوە. هەواڵ و تەقەللا و سکاڵاکانی کایا هیچی لێ شین نابێت و هەواڵەکە پەل دەکێشێ بۆ ناو ڕۆژنامەکان. دادگا بڕیاری ئازادکرانی ئەلبوومەکەی کایا دەردەکات. پێشوازی یەکجار زۆری خەڵک لەو بەرهەمە دەبێتە هۆی دڵگەرمی کایا و لەسەر ئەو ڕێچکەیەی هەڵیبژاردبوو، مکوڕتر دەبێت. وەک دەڵێن: نەیار دەبێتە هۆی خێر، ئەگەر بەختت بیهێنێت!

لەو ڕێکەوتە بە دواوە ئەحمەد کایا دەبێتە دەنگی نارەزایی خەڵکی لێقەوماوی کۆمەڵگە و کوردە بەشخوراوەکانی ئەو وڵاتە. گورانیبێژیی دەکاتە چەکێک دژی ناعەدالەتی و جەوری سەر نیشتیمانەکەی و زۆر چەلان بەو هۆیەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە و گوڕەشە و گیران و بەتاڵکردنەوەی ئیزنی کۆنسێرتەکانی. هەر کە ئیزنی کۆنسێرتی پێ دەدرێ لە سەرتاسەری تورکیادا پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێ دەکرێت. ئەحمەد کایا وەکو ڕەمزێک هەمیشە بە پێی پەتی دەچێتە سەر سێن و قامکەکانی وەکو هێمای سەرکەوتن بەرز دەکاتەوە و هەستی گوێگرانی دەورووژێنێت و تینوایەتی ڕوحیان دەشکێنێت.

کایا لە ماوەی کاری هونەریدا زۆر شێواز و سەبکی جیاواز تاقی دەکاتەوە، لە مۆسیقای لۆکاڵییەوە بگرە تا ڕەپ و ڕاک. بێجگە لە شیعرەکانی خۆی لە شیعری شاعیرانی ناوداری وەک نازم حیکمەت، ئورهان وەلی، ئەحمەد عارف، ئاتیلا ئیلهان، عەلی چینار و خێزانی خۆی گوڵتن هایاڵ ئوغڵوو کەڵک وەردەگرێ. ئەلبوومەکانی سەردەقی زیاترین ڕێژەی فرۆش لە تورکیادا دەشکێنن. هەر گورانییەکی دەبێتە ڕووداوێک و لە دادگا سکاڵایەکی بەرانبەر تۆمار دەکرێت. بە دەردی خۆی گوتەنی ناوونیشانی دووەمی ئەو ئیدارەی ئەمنی تورکیایە!

سەرەڕای ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشە و تەنگژەیەی حوکمەتی تورکیا، لە ماوەی کاری هونەریدا گەلێک ئەلبووم بڵاودەکاتەوە و دەیان کۆنسێرت لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبات و بەردەوام لەسەر ئامانجەکانی خۆی پێ دادەگرێت. چوونی کایا بۆ هەر بەرنامەیەک ڕێژەی بینەرانی ئەو بەرنامەیە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرز دەکاتەوە و وتووێژی لەگەڵ هەر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکێک دەبێتە پشتیوانی فرۆشرانی ئەو بڵاڤۆکە.

ئەحمەد کایا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی ئەلبووم بە ناوی گاک (G.A.K) دادەمەزرێنێت و دەستی هونەرمەندانی لاو دەگرێت. ناوی گاک لە پیتەکانی یەکەمی ناوی خۆی و خێزانەکەیەوە وەرگیراوە. لەو ساڵانەدا چەندین خەڵاتی فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی پێ دەبەخشرێت. مانگی مارتی ١٩٩٩ کاتێک بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین گۆرانی ساڵ لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا، کە ڕاستەوخۆ لە سەرانسەری تورکیادا بڵاودەبووەوە، بەشدار دەبێت، دەڵێ: "من گۆرانییەکی کوردیم لە ئەلبوومە نوێیەکەمدا گونجاندووە، چونکە گورانیبێژێکی کوردم... تورکیا گرفتێکی بە ناوی کوردستان هەیە و من قەت لە بە گوێدادانی ئەو گرفتە بۆ ئەو کەسانەی حەقیقەت پشتگوێ دەخەن، ماندوو نابم!..."

ئەو ڕستانە دەبنە سەرەتای پشێوییەکی گەورە. کۆمەڵێک هونەرمەندی شۆڤینی دانیشتووی ئەو

بەرنامەیە هێرشی دەکەنە سەر و کایا بە یارمەتی پۆلیس ڕزگاری دەبێ. دادگای ئەمنی تورکیا (D.G.M) لە ٣٠ نیسانی هەمان ساڵدا کۆبوونەوەیەکی بۆ تاوانی ئەحمەد کایا لە ژێر ناوی "خیانەت بە وڵات" ساز کرد. بەر لەوە ڕۆژنامەی حوریەت وتارێکی بە ناوی "ئەوە عادلانە نەبوو هاوڕێم" بڵاوکردەوە و لەوێدا ئەحمەد کایای بە خیانەت بە وڵات تاوانبار کرد. لە وتارەکەیدا وێنەیەکی کایا لە کاتی کۆنسێرتێکی ١٩٩٣ی ئەڵماندا لەبەردەم نەخشەی کوردستان چاپ کرابوو. لە هەموو لاوە دەنگی تاوانباری کایا بەرز دەبێتەوە. ئەحمەد کایا لە دادگایەکدا کە ڕاستەوخۆ لە چەند کەناڵی تورکیاوە بڵاودەبووەوە، بەرگرینامەیەکی دوورودرێژی پێشکەش کرد. کایا ئەم جارەیان گۆرانی نەچڕی، بەڵام وشەکانی بەرگرینامەکەی لە شەپۆلانی ئۆقیانووس دەکەن کە جارجار هێمن و جارجار سەر لە تاشەبەردەکان دەسوون. میلۆنان هۆگر و هەواڵنێر و بینەر چاو دەبڕنە شاشە و گوێ بۆ وتەکانی کایا شل دەکەن. ئەمە بەشێکە لە وتەکانی ئەحمەد کایا:

"من لەسەر هەڵدێرێک وێستاوم! مرۆڤێک کە بۆ گەلەکەی شەڕ دەکات. ئەم بەرگرینامەیەمتان لەبیر بێت... لە ساڵی ١٩٥٨ـەوە گۆرانیبێژێکی پرۆفیشناڵ بووم. ژنم هێناوە و دوو کچی ١٧ و ١٢ ساڵانەم هەیە. سەدان گۆرانیم چڕیوە و شیعرم بۆ تاقمێکی زۆر لە گۆرانیبێژان داناوە. حەڤدە ئەلبوومم بڵاوکردۆتەوە کە میلۆنانیان لێ فرۆشراوە. زۆر کۆنسێرتانم لە سەرتانسەری جیهاندا سازکردووە و زۆر چەلان وەک گۆرانیبێژی ساڵ لە لایەن دەزگا جۆراوجۆرەکانەوە دەسنیشان کراوم....چل و دوو ساڵم تەمەنە و خەڵکی تورکیام. بە تورکی بیرم کردۆتەوە و بە تورکی نووسیومە و بە تورکی گۆرانیم گوتووە. من مۆسیقاژەنم و شارۆمەندێکی جیهانیم کە خۆی بە گرێدراوی هیچ بەشێکی جوگرافی دانانێت و هەستی هەموو مرۆڤەکان بە بەردەنگ وەردەگرێت، نەک کۆمەڵ و نەتەوەیەکی تایبەت. دڵم هێندە فرەوانە جێگای هەموو چاکەکانی سەرجەم زمان و فەرهەنگ و بڕوا و هەموو گۆرانییەکانی جیهانی دەبێتەوە....تاوانێکیان داوەتە پاڵم کە ژیانمی شێواندووە. بوختانی خیانەت. منیان وەک مرۆیەکی شەڕهەڵایسێن، غوڵامێکی ئاڵقەبەگوێ و بێ ئەدەب و بێ ئاوەز ناودێر کردووە. ئەو سیفەتانە لە لایەن کۆمەڵانێکی ناسراوەوە دراونەتە پاڵم. بیرکردنەوە و قسەی مرۆڤێک - کە بنەمای هەموو ئەو بوختانانەیە - لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن یاسا وەک تاوان نایەتە ئەژمار. ... من لە ئەلبوومە نوێیەکەمدا گۆرانییەکی کوردیم گوتووە، تەنیا بەو هۆیە ساکارە کە مرۆڤێکی کوردم. کلیپێکیشم لێ سازکردووە. لەسەر ئەو بڕوایەم کەسانێک هەن لە نێوماندا کە زاتی بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمەیان لە کەناڵەکانیانەوە هەبێت، ئەگەر وا نەکەن دەبێ لە کورد بوون و مرۆڤ بوونیان گومان بکەین. من لەو ساڵۆنەدا بە بیستنی ڕستەی "خاین بڕۆ دەرێ" تووڕە بووم، چونکە ئەم ڕستەیەم لە زمان کەسانێکەوە بیست کە تا وشەی کورد دەبیستن جوێن دەدەن. ئا لێرەوە پێیان دەڵێم من واز ناهێنم، هەتا ئەوان بوونی ڕاستەقینەی کورد نەسەلمێنن. من پێم وایە ڕاست ئەو کەسانە بوون کە دەستەواژەی "برایەتی"یان پێشێل کرد و بوونە هۆی دابڕانێک لە نێوان فەرهەنگی هاوبەشی وڵاتی ئێمە. گەورەترین چەکی گۆرانیبێژ گۆرانییەکەیەتی و من ئیزن نادەم گۆرانییەکانم ئاوەها شرۆڤە بکەن و مانای پێوە بلکێنن....با وای دانێین کە من بمگوتبایە گۆرانییەک بە زمانی ئیتاڵیایی، یان عەرەبی، یان ئینگلیزی دەڵێم، ئاخۆ ئەوکاتیش هەر ئەو هەڵلایە ساز دەبوو؟...من هەمیشە گۆرانیم بۆ خەڵک گوتووە و لەگەڵ هەر شتێک کە لەم وڵاتەدا ڕووی دابێت و هێمای خراپە بووبێت بە ئاشکرا دژایەتیم کردووە. ئەو بوختان و سکاڵایە بە بڕوای من هەوڵی هەندێک کەناڵی تەلەڤیزیۆنییە کە بە شوێن دۆزینەوەی شتێک لە ڕستەکانی مندان تا بیکەنە هەوێنی زنجیرە فیلمێکی تەلەڤیزیۆنی.... مۆسیقا زمانێکی جیهانییە و هیچ گۆرانییەک ناتوانێ خەڵکی دنیا پۆلێنبەندی بکا و لێکیان هەڵاوێرێ، ئەگەر ئەو کەسانەی هێرشیان کردە سەر من، چەند چرکەیەک گوێ بۆ ویژدانی خۆیان شل کەن و دەست لەم دابەشکردنەی مرۆڤەکان بە "ئێمە" و "ئەوان" هەڵگرن، کۆمەڵگەیەکی پاکترمان دەبێت.. من وەک پیاوێکی چل و دوو ساڵەی خاوەن دوو منداڵ کە تەنیا لە ڕێگەی مۆسیقاوە دەژیم لە کاری خۆمدا پرۆفیشناڵم و ماڵیاتیش دەدەم. داهاتی ساڵانەم لە سۆنگەی ئەلبوومێک و چەند کۆنسێرتێکەوە دابین دەکەم و هیچ دەراماتێکی دیکەم نییە. من ئەرکێکی زۆرم لە هەمبەر

داهاتووی منداڵەکانم لەسەرە و قەت ئیزن نادەم کەسێک بێ حورمەتی بە پیشەکەم بکات.... ئەم شێوە ڕوانینانە بۆ هونەر دەبێ نەمێنن. دەبێ بواری هەناسەدان بۆ هونەرمەند بڕەخسێت. من بەو شتانەوە دەنگ هەڵدەبڕم کە خەڵک بە ویرەویر لەبەر خۆیانەوە دەیڵێن. ئێمە لەم وڵاتەدا دەژین و ئەگەر ڕاستییەکان بفامین ژیان و وڵاتێکی ئاسوودە و پێشکەوتووترمان دەبێت. ئەم دادگایە بە بەرپابوونی خۆی مەنتیق و قەزاوەتی عادیلانەی پشتگوێ خستووە و هەموو یاساکانی دنیای پێشێل کردووە. منیش ئەم وڵاتە بەجێ دێڵم کە لەوێدا بە "شەڕهەڵایسێن" و "خاین" ناودێر کراوم..."

پاش کۆتایی هاتنی وتەکانی کایا دادگا نوقمی بێ دەنگی دەبێت. دوای پێنج خولەک پشوودان بڕیاری قەدەغەبوونی چوونەدەرەوەی کایا لە وڵات هەڵدەوەشێتەوە و پاشماوەی دادپرسی بۆ ١٦ی حوزەیرانی هەمان ساڵ دوادەخرێت.

ئەحمەد کایا پاش چەند ڕۆژ لە دادگایی کردنی بە مەبەستی سازدانی چەند کۆنسێرتێک لە ئەوروپا، تورکیا بەجێ دێڵێت. لە تاراوگە سەدان هەزار کوردی لێ کۆ دەبێتەوە و بە جۆشوخرۆشەوە گۆرانی "بیری ئاپۆمان کردووە" دەچڕێت.

دادگای ئەمنی نیشتمانی تورکیا بە شێوەی غیابی حوکمی ١٠ ساڵ زیندان بۆ کایا دەبڕێتەوە. بێ ئاگا لەوەی کە ئەو هونەرمەندە مەزنە ئیتر قەت ناگەڕێتەوە ئەو وڵاتەی کە هەموو حەز و خولیاکانی لەوێندەرێ پشکووتن.

١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ تەرمی ئەحمەد کایا لە ناو ژووری هۆتێلێکی پاریس دۆزرایەوە. هۆی مەرگی کوتوپڕ و گوماناوی کایا وەستانی دڵ ڕاگەیاندرا. تەرمەکەی بردرایە ئارامستانی مەنشووری پێرلاشێز و بوو بە هاوماڵی پۆل ئێلوار و یەڵماز گۆنای و هیدایەت و مارسل پرۆست و دکتۆر قاسملوو و...تاد

پێرلاشێز بوو بە ژوانگەی ژیانی پیاوێک کە گۆرانی وەک بەزم و ڕەزم سەیر نەدەکرد و بە لکێکی بەرپرسیارێتی و ئەفراندنی هونەری و چەکێک بۆ دژایەتی کردنی زوڵم و زۆری لەقەڵەم دا.

کایا سەرجەم ٢١ ئەلبوومی بڵاوکردەوە، کە نۆزدەیان بەر لە مەرگی و دووانیان پاش مەرگی و بە یارمەتی هاوسەرەکەی بڵاوبوونەوە. ناوی هەندێک ئەلبوومەکانی:

مەگری بچکۆلە ١٩٨٥ دڵتەنگی غەمەکان ١٩٨٥ ئاوازی ئەوین ١٩٨٦ ساتێک دادێت ١٩٨٦ دیموکراتی ماندوو ١٩٨٦ (ئەم ئەلبوومە یەکێک لە ناودارترین ئەلبوومەکانی کایایە و هەر بەو هۆیەشەوە دواتر نازناوی دیموکراتی ماندووی لێ نرا) هەستە ڕاپەڕین ١٩٨٧ بەختیار ١٩٩٠ شوورەی ئەوین ١٩٩٠ تووشی دەردی سەر بووم ١٩٩١ لێم نزیک مەبەوە، دەسووتێی ١٩٩١ ئازار چەشتوو ١٩٩٣ گۆرانییەکانم بۆ چیاکان ١٩٩٤ تێم بگە ١٩٩٥ ڕەنگدانەوەی ئەستێرە لە ئاودا ١٩٩٦ بەرانبەر یارونەیار ١٩٩٨ خوایە ماڵئاوا ٢٠٠١ (ئەم ئەلبوومە پاش مەرگی کایا بڵاو بووەوە).

**چەند گۆرانییەکی ئەحمەد کایا:**

١

دەرکەم لێ واڵاکە با هەڵفڕم
لێمگەڕێ با ببمە ڕێبواری ڕێگەی بێ گەڕانەوە
وازم لێ بێنە با وەخۆمەوە...

ڕاوەستان ڕێبازی باڵندەکان نییە
ئەگەر بمێنمەوە پێناکەنم
ئەگەر نەڕۆم
بەهار ـ بە هەنگاوی شکۆفەکانییەوە ـ نایە وەک جاران
ڕۆژێک لە ڕۆژان بە شەققەی باڵ
سەرتاپای نیشتیمانەکەم دەپێوم و
گۆرانییە بێ ناوونیشانەکانم
دەکەونە سەر زاران.

٢

چۆکمان نەنووشتایەوە کاتێک
کەوتە شەپۆلی خوێن هەنگاومان
گریان نەیشوشتۆتەوە هێشتا
بەستێنی وشکی چاومان

گوللەکان ترسان، بەڵام
ئێمە هەرگیز نەترساین
ئاخ، چ بڵێم دایکی گوڵم
هەر لەمبەر و لەوبەر داین

یا مەرهەمێک ئەم جارە
یانیش پەتی سێدارە

چ ڕۆژگارێکی پەستە
منداڵانیش سەردەبڕن
میوە بە کاڵی دەڕنن
نێو دڵمان لە خوێن پڕن

یا مەرهەمێک ئەم جارە
یانیش پەتی سێدارە

٣

نە تۆ تێم گەیشتی، نە دیاربەکر
بەڵام عاشقی هەردووکتانم
هەر کەس ئاوا عاشق بێت
لە ڕۆیشتندا تەواو تێک دەشکێت

دڵم بێ دەنگە خەڵک لە خەودان
حەسرەت دەکێشم تا ئاویلکەدان

نە تۆ تێم گەیشتی، نە دیاربەکر
بەڵام ئێوەم خۆش دەوێت
نە یارم لەگەڵ ما نە بیرەوەرییەکان
هەر خۆم و بژاردنی کۆترە تەڕ و تلیسەکان

با لێو بنێمە سەر چاوت
دڵم بێ دەنگە خەڵک لە خەودان

٤

سەرت دامەخە دیسان ئەی شارە جوانەکەم دیاربەکر
ڕۆژێک منیش دێمەوە لات جارێ شەڕ دەکەم دیاربەکر
لە مەچەکتی مەهاڵێنە بزگوری کەوێ دیاربەکر
ڕۆژێک ئەم ئاورە هەر کپ دەبێ گەر بتەوێ دیاربەکر

مەڵبەندی تۆفان و برووسک، چاوت خەمگینە دیاربەکر
ئاگر دەگرێ لە چیاکانت سبەی ڕەنگینە دیاربەکر
ژاکان گوڵی باغ دایکان دڵیان بریندارە دیاربەکر
دەکەومە سەر کەوشانت مەگری بۆو ئازارە دیاربەکر
(ئەم گۆرانییەی دوایی چەند کۆپلەی تریشی لەگەڵە)

**سەرچاوە:**

**(١) دیوارها سخن نمی گویند، احمد کایا، یغما گلرویی، انتشارات نگاه، ١٣٨٦**

**(2) www.sanandajclub.cloob.com**

**(3) www.shafaaq.com**

# هەزار خۆری درەوشاوە و عیشق و حەسرەت و هۆگری

هاشم سەڕاج




«هەزار خۆری درەوشاوە» ڕۆمانێکی تری نووسەری ئەفغانی «خالید حوسەینی»یە و دوای ڕۆمانی «کۆلارەباز» نووسراوە و «ئازاد بەرزنجی» لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی و پێشەکییەکیشی لەژێر ناوی «خالید حوسەینی و ئەم ڕۆمانە» بۆ نووسیوە، هاوکات دیمانەیەکی درێژی نووسەری ناوبراوی وەرگێڕاوە و بەیەکەوە لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکە بڵاوبۆتەوە، پێم باشە بەرلەوەی لە هەندێ تێمای شاراوەی دەقەکە بدوێم، بڕێ داتا و زانیاری لە پێشەکییەکەی وەرگێڕی کوردی و چەند ڕستەیەک لە دیمانەکەی دانەر بخەمەڕوو.

خالید حوسەینی ساڵی ١٩٦٥ لە «کابول» هاتۆتە دنیاوە و هەزار خۆری درەوشاوە ڕۆمانێکە سەبارەت بە کێشە و ئازار و مەینەتەکانی ژنانی ئەفغانی دەدوێت، ناونیشانی ئەم ڕۆمانە لە شیعرێکی «سائیب تەبریزی» وەرگیراوە کە لە سەدەی حەڤدەدا گەشتێک بۆ کابول دەکات و قەسیدەیەک بۆ جوانی ئەم شارە دەنووسێت، هێزی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا دڵڕفێن و سەرنجڕاکێشە و لە کامێرای سینەمایی دەچێت، خالید حوسەینی لەم تێکستەدا چیرۆکی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٠کانەوە تا یازدەی سێپتەمبەر دەگێڕێتەوە، واتە لە شۆڕشی کۆمۆنیستەکانەوە تا داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێت و پاشانیش ئەو جەنگەی ئەمریکا دژ بە تاڵیبان هەڵیگیرساند، خالید حوسەینی ئەم خاڵانە دەخاتە ڕوو، هەست دەکەم هەزار خۆری درەوشاوە پڕ خەون و خولیاترە لە «کۆلارەباز» و چەند نەوەیەک لەخۆ دەگرێت و پەردە لەسەر ماوەی نزیکەی چل و پێنج ساڵی هەڵدەماڵێت، پاشان ژمارەی کارەکتەرەکانی زیاترە و دەکرێ وەک ڕۆمانێک لە بارەی دایک- کچ سەیری بکرێت، کەچی کۆلارە باز وەک کوڕ- باوک کاری لەسەر کراوە، بەر لەوەی لە چەمکی عیشق و هۆگری بدوێم کە هەمیشە ئاوێتەی هەست و دڵەڕاوکێیەکی بوونگەراییە حەز دەکەم لایەنی هونەری و تەکنیکی نووسینی دەقەکە دیاری بکەم، هەزار خۆری درەوشاوە لە دووتوێی کتێبێکی ٥٧٥ لاپەڕە و بە شێوازی تەرخانکردنی بەشی کورت کورت و مامناوەندی گوزارە لە ڕووداوگەلێکی جۆراوجۆر دەکات و هاوکات کۆمەڵێک تێما و تەوەری

نەگوتراو و شاراوە دەورووژێنێت، تەکنیکی نووسینیش زۆرتر خۆی لە ڕەگەزی گێڕانەوە و دیالۆگ و نوستالیژیا و هونەری نامەگۆڕینەوەدا دەدۆزێتەوە، ڕووداوەکان لە شاری کابول و هەرات و دێی گوڵدامان و ناوچەی مۆری پاکستان ڕوودەدەن، جەلیل خانی دەوڵەمەند و خاوەن سینەما لە کابول سێ ژنی هەیە «خەدیجە و ئەفسوون و نێرگز» چەندین منداڵیش، لە پڕێکا دەست لەگەڵ «نانا»ی کارەکەری تێکەڵ دەکات و بەناشەرعی «مریەم»ی لێ دەبێت، مریەم تا دوایین چرکەی ژیانی مۆری حەرامزادەیی پێوە دەلکێت، دواتر هەمان حاڵەتی حەرامزادەیی لای «عەزیزە»ی کچی «لەیلا» دووبارە دەبێتەوە کە شەیدای «تاریق»ی کەم ئەندامە و تاریق لە کەشێکی خرۆشاوی سێکسیدا بێ بنی دەکات و منداڵ دەکەوێتە سکی و دووگیان دەبێت، دواتر تاریق لەگەڵ دایک و باوکی ڕووە و پاکستان سەرهەڵدەگرن، هەروەها مریەمی یازدە ساڵ لە ڕەشیدی پێڵاو درووی چل و پێنج ساڵ مارە دەکرێت، دوای برینداربوونی لەیلا و کوژرانی دایک و باوکی بە مووشەکی بەرە دژ بەیەکەکانی موجاهدین، ڕەشید لەیلاش مارە دەکات..

لێرە بەولاوە حەز ناکەم سەرلەبەری ڕووداوەکان بگێڕمەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە دەق کاری لەسەر چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی چوار خانەوادەی ئەفغانی کردووە، جەلیلی سینەماچی و ژن و منداڵەکانی وەک خودا پێداوێک، نانا و کولبەکەی مریەم، حەکیم و فریبا و لەیلا، «حەکیم»ی باوکی لەیلا کرمی کتێب بوو، زۆربەی غەزەلەکانی ڕۆمی و حافزی لەبەربوو، دواتر کوڕەکانی ئەحمەد و نوور دەچنە ڕیزی هێزەکانی جیهادەوە دژی یەکێتی سۆڤێت دەجەنگن و شەهید دەبن. فریبای دایکی دوو شەهید حەزی دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوی بە شا مەسعود بکەوێت و باسی کوڕەکانی لەگەڵدا بکات، خانەوادەی تاریق و دایکی و باوکی، سەر بە عەشیرەتی پەشتوون بوون و باوکی دارتاش بوو، تاریق بەر مین کەوتبوو، قاچێکی دەسکردی هەبوو لەیلا تاجیک بوو، کەچی لە منداڵییەوە خووی بە تاریق گرتبوو بە ڕادەی پەرستن خۆشی دەویست، دەتوانم بڵێم ئەوە عیشقی نێوان تاریق و لەیلایە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامی بە ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە دەدات و تادێ ڕووداوەکان بە ڕێکوپێکی یەکتر تەواو دەکەن، لێرەدا چەند کارەکتەر و دیمەن و ڕووداوێک هەیە دەکرێ بڵێم بە شێوەیەک لە شێوەکان دووبارەکردنەوەی دیمەن و کارەکتەری ڕۆمانی «کۆلارەباز»ـە، بەڵام بە شێوە و شێوازێکی جودا هاوکات لە زەینی خوێنەردا جۆرێک لە لێکچوون و هاوشێوەیی دروست دەکەن بۆ نموونە، کەسایەتی «خادیم و هاوڕێکانی» کە لە کووچە و کۆڵانەکانی کابولدا دەخولێنەوە و مانەندی گرووپێک مێردمنداڵ ڕێگە لە منداڵان دەگرن و تەشقەڵەیان پێ دەکەن، خادیم ڕێگا بە لەیلا دەگرێت و لە پای ئەمە تاریق قاچە دەسکردەکەی دادەنێ و هێرشی بۆ دەبات، کەسایەتی خادیم لە کۆلارەبازدا لە کەسایەتی ئاسەف و هاوڕێکانی نزیکە کە ڕێگە بە «ئەمیر»ی کارەکتەری سەرەکی کۆلارەباز و حەسەنی برای دەگرن، یان دووبارەبوونەوەی هەتیوخانەکەی کابول لەم ڕۆمانەدا کە بەڕێوەبەرەکەی «زەمان»ی ناوە، هەمان هەتیوخانەکەی کابولی کۆلارەبازمان بیردەخاتەوە کە پڕیەتی لە منداڵی بێ دایک و باوک کە باوکی زۆربەیان بووەتە سووتەمەنی شەڕی نێوان بەرەکانی موجاهدین، هەروەها خانەوادەی ڕەشیدی پێڵاودروو، ڕەشید ژنی یەکەمی مردووە و یوونسی کوڕی نوقمی دەریاچەی قەرغە بوو، ڕەشید سەرەتا مریەم دەخوازێت و دواتر لەیلاش مارە دەکات، ئیتر زۆربەی کێشە و ڕووداوەکان لە ماڵی ڕەشیدەوە سەرهەڵدەدەن، عەزیزەی کچی لەیلا کە لە تاریقە لە ماڵی ڕەشیددا گەورە دەبێت، بەڵام ڕەشید کوڕێکی لە لەیلا دەبێت ناوی دەنێت «زاڵمای»..

ئەم ڕۆمانە کەسایەتییەکی زۆری لەخۆ گرتووە. وێڕای ئەو کارەکتەرانەی باسم لێوە کردن، کۆمەڵێک کەسایەتی تر لە ڕۆمانەکەدا هەن ڕۆڵیان هەیە و بەشداری لە ڕووداوەکان دەکەن، لەوانە مەلا فەیزوڵڵا، ئەو مەلا پیر و لاوازەی وانەی ئایینی بە مریەم دەگوت، ڕیشی تا سەر ناوکی هاتبوو، مریەمی فێری نوێژ و قورئان خوێندن دەکرد. هەر جارێ سەردانی کولبەکەی مریەمی بکردایە، پێی دەگوت دەنگی سوڕەتەکانی قورئان، ئارامی دەروونی و سوکنایی بە دڵدا دێنن، هەمزەی کوڕی مەلا فەیزوڵڵا، «نانا»ی دایکی مریەم کە فێی دەهاتێ و پاشان لە دارستانەکەدا خۆی هەڵواسێ، موحسین و ڕامین و فەرهادی کوڕەکانی جەلیل، عەرەبانە پڕ زەخیرە و سابوونەکە لە ڕووبارەکە دەپەڕێننەوە بۆ کولبەکەی مریەمی دەهێنن، «سەعیدە و ناهید» کچەکانی جەلیلن و لە هەرات دەچنە قوتابخانەکەی «میهری» بی بی

گیان چەند مریەمی خۆش دەویست، بەردەوام سەردانی کولبەکەی دەکرد و دیاری بۆ دەهێنا، نیلۆفەر و عەتیە زڕ خوشکەکانی مریەم، «وەجمە»ی مامان، شانزای کچە مامۆستایەتی کۆمۆنیست بوو، قوتابیان ناویان نابوو پووره ڕەنگماڵ، گێتی و حەسینە دوو قوتابی دەستە خوشکی لەیلا، نیلا، وەکیل و عەبدولشەریف و زەمان... تاد. حەسینە لە ئامۆزا پیرەکەی مارە دەکرێت و بۆ لاهوور دەبردرێت، گێتی بەر مووشەک دەکەوێت، جەنگ کابولی وێران کرد، حیکمەتیار لە دەڤەرەکانی باشووری شارەوە مووشەکی لە شا مەسعود دەگرت...

دەقی هەزار خۆری درەوشاوە وەک مانا ئاشکرا و لەبەرچاوەکەی بارودۆخ و لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری..تاد ئەفغانستان دەخاتەڕوو، بە تایبەتی دوای لەنێوچوونی حوکمڕانی زاهیر شا.. کە لە ١٩٥٩وە چل ساڵ حوکمڕانی کردووە، کاتێک زاهیر شا بۆ مەبەستی چارەسەر چوو بوو بۆ ئیتاڵیا داود خانی ئامۆزای کودەتای بەسەرداکرد، دەسەڵاتی پاشایەتی گۆڕدرا بۆ دەسەڵاتی کۆماری، دواتر هاتنی لەشکری سۆڤیێتی و دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان و نەجیبوڵڵا، ئەمریکییەکان چەکیان بە حیکمەتیاردا تا لەگەڵ سۆڤێتییەکان بجەنگێ. سۆڤییەت ڕۆیشت، ئێستا چەکدارەکان بەناوی جیهادەوە ڕووی چەکیان کردۆتە خەڵک، موجاهیدەکان لە نیسانی ١٩٩٢دا حوکمڕانیان گرتە دەست و ناوی ئەفغانستان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی گۆڕا و مەلا توندڕەوەکان بە ڕابەرایەتی «ڕەببانی» حوکمیان دەکرد و ژن دەبێ پەچە بپۆشن و بەبێ پیاو نابێ سەفەر بکەن.. شەڕی نێوان باڵە دژ بەیەکەکانی هێزی جیهاد و پیاوانی سەییاف و هێزی هەزارەییەکان و..تاد ئەفغانییەکان باجی ئەو شەڕ و پێکدادانە دەدەن و وڵاتەکەیان تا دێت ڕوو لە وێرانی و دواکەوتوویی دەکات، ساڵی ١٩٩٦ تاڵیبان دێن، کە بریتین لە کۆمەڵێک لاوی پەشتوون و ڕابەرەکەیان «مەلا عومەر»ە و زۆربەیان لە پاکستان وانەی شەریعەتیان خوێندووە و شارەکان لە دەست موجاهدین دەردەهێنن، ئیتر دەست دەکەن بە کاولکاری، موزەخانەکان دەڕووخێنن، لە ناوچەی بامیان پەیکەرەکانی بودا بە دینامێت دەتەقێننەوە و کتێبەکان دەسووتێنن، ئامێری مۆسیقا وردوخاش دەکەن، گۆرانی و مۆسیقا و ماکیاج بەکاربردن قەدەغە دەکەن، سینەماکانی کابول دادەخەن، هەرچی سیدی و ڤیدیۆ و کاسێتی گۆرانی هەیە لە شەقامەکانی کابول دەیشکێنن، گۆڕی «ئەحمەد زاهیر»ی گۆرانیبێژی ئەفغانی گوللەباران دەکەن. پەچە و چارشێو بەسەر ئافرەتاندا دەسەپێنن، نابێ ئافرەت بەبێ پیاوەکەی، واتە بە تەنیا بێتە بازاڕ، یان سەفەر بکات، ئەمە تاڕادەیەک مانا دیار و کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوەیە، تا هێزی هاوپەیمان دێن و تاڵیبان ڕووە و شاخەکانی ئەفغانستان ڕاوەدوو دەنێت و ژیان لە کابولدا تاڕادەیەک دەبووژێتەوە و هەوڵ دەدرێت دامودەزگا و شوێنە گشتییەکان نۆژەن بکرێنەوە و ژیانی ئاسایی بۆ ئەفغانییەکان بگەڕێننەوە، چونکە تاڵیبان کە دەگەنە کابول یەکسەر «نەجیبوڵڵا» دەکوژن و تەرمەکەشی لە شەقامێکی کابولدا بە ستوونی کارەبا هەڵ دەواسن، دەقی هەزار خۆری درەوشاوە لە ڕووی دنیابینییەوە کاری لەسەر ستەم و نادادپەروەری و کوشتوکوشتار کردووە کە دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکان لە ئەفغانستاندا ئەنجامی دەدەن و دەبێتە هۆی خاپوورکردنی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە و تا دێت باری ناهەمواری هەژاری و برسێتی و دواکەوتوویی تەشەنە دەکات و سەرلەبەری کووچە و کۆڵانەکانی ئەفغانستان دەگرێتەوە، ئەمە وەک دنیابینییەکی کۆمەڵایەتی کە تێکست بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارەی لێ دەکات، زۆرتریش لە ڕێگەی ژیان و گوزەران و بەسەرهاتی زانا و مریەم دواتریش لەیلا، کەچی هەندێ حاڵەتی نەگوتراو هەیە کە تێکست بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ جەختی لەسەر نەکردووە، لەوانە ژیانی پڕ نەهامەتی «زاڵمای» منداڵ کە ڕەشیدی باوکی لەلایەن مریەمی زڕ دایکییەوە دەکوژرێت و خۆیشی دەکەوێتە لای تاریقی زڕ باوکی، هاوکات لە بنیادی قووڵی دەقدا دنیابینییەکی لە ڕێگەی «حەکیم»ی باوکی لەیلاوە دەدرکێنرێت کە گرنگ ئەوەیە ئێمەی پەشتوون و تاجیک و ئۆزبەک و هەزارەیی.. تاد

هەر هەموومان ئەفغانین.. پێویستە مرۆڤی ئەفغانی بخوێنێت و دۆستایەتی لەگەڵ کتێب پەیدا بکات، چونکە کتێب مێشکی مرۆڤ دەکاتەوە و زەین و جیهانبینی لەلا فراوان دەکات، لە ڕوویەکی ترەوە دەقی هەزار خۆری درەوشاوە بارستاییەکە لە نوستالیژیا و کارکردنە لەسەر چرکەکانی عیشق و ئولفەت پێگرتن و هۆگری، دەق لە دەسپێکی نووسینەوە ڕەگەزی وەسف و وەسفکاری ئاوێتەی هێزی

گێڕانەوە کردووە. هێندە بە وردی لە شوێن و شتگەل و ڕووداوەکان دەدوێت، خەریکە خوێنەر پەی بە هەست و نەست و حەسرەت و گەرمی دەربڕینی کردەی نووسین دەبات لە هەمان کاتدا تا دێ مۆرکی عیشق و هۆگری و حەسرەت و ئولفەت پێوەگرتن بەشتگەل و شوێنەکان جۆرێک لە هەستی نیهلیستی بەرهەم دێنێت، هەست دەکەی هێدی هێدی شتگەل و جوانییەکان لەنێو دەچن و ئەم حاڵەتەش لە کولبەکەی مریەم و ماڵ و دوکانەکەی ڕەشید و کۆشک و تەلارەکەی جەلیلدا بەدیار دەکەوێت، دەق وێڕای خستنەڕووی مەینەت و ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە گەوهەردا کاری لەسەر هۆگری و عیشق و حەسرەت کردووە، لەبەر ئەمەیشە زۆربەی کارەکتەرەکان هەست بە ڕۆیشتنی چرکە خۆشەکانی زەمەن دەکەن، تاریق لە سروشتی دڵڕفێنی ناوچەی «مۆری»دا دەژی، کەچی بەردەوام بیر لە لەیلا و چرکە ئیرۆتیکییەکەی دەکاتەوە، مریەم لە «زیندانی ویلایەت»دا خەریکە کۆتایی بە ژیانی دێت، کەچی لەگەڵ چرکە خۆشەکانی لەیلا دەژیت، بە تایبەتی ئەو ئێوارانەی لە ماڵی ڕەشیددا لەگەڵ عەزیزە و زاڵمای و لەیلا بەیەکەوە چایان دەخواردەوە و لە مەینەت و چەرمە سەرییەکانی ژیان دەدوان، یان ئەوکاتانەی ڕەشید زاڵمای دەبردە دوکانی پێڵاودرووەکەی و کەرستەکانی کارکردنی پەرشوبڵاو دەکرد و دەستی بۆ چەرمە ڕەنگاوڕەنگەکان دەبرد و ڕەشید چەرخەکەی بۆ دەخستە کار و زاڵمای دڵخۆش دەبوو، ئەی دوای گەڕانەوەی لەیلا بۆ کولبەکەی مریەم و تێڕامانی لەو شتگەل و کەرستانەی کە کاتی خۆی بەکاری بردوون، ئەمێستا کولبەکەی لە وێرانەیەک دەکات کەس بڕوا ناکات ئەم کولبەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان نانا و مریەمی تێدا ژیابن، دواجار ئەم هەستی نیهلیستییە کە ئاوێتەی چرکەکانی عیشق و هۆگرییە لە دیار نەمان و لەنێوچوونی زۆربەی کەسایەتییەکاندا بەرجەستە دەکرێت، بۆ نموونە، نانا لە دارستانەکەدا خۆی هەڵدەواسێت، ڕەشید بەدەستی مریەم دەکوژێت، مریەم لە زیندانی ویلایەتدا حوکمی مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت، جەلیل سەردەنێتەوە و کچێکی لەخۆپیشاندانداندا دەکوژرێت و فەرهادی کوڕیشی لەلایەن لەشکری سۆڤێتییەوە دەکوژرێت، کوڕە گەنجەکەی ڕەشید لە دەریاچەی قەرغە دەخنکێت، حەکیم و فریبای هاوسەری بەرمووشەکی هێزەکانی موجاهدین دەکەون و بە پارچە پارچە کراوی دەدۆزێنەوە و سەرەتا «ئەحمەد و نوور» کە دوو کوڕی حەکیمن لە جەنگدا دژی داگیرکەران دەکوژرێن.

لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی هەزار خۆری درەوشاوە وەک جیهانبینی بڕوای تەواوی بە ئازادی و دیموکراسییەت و پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان هەیە، هەوڵ دەدات کۆمەڵگای ئەفغانی لە دابونەریتە کۆنەکان ڕزگار بکات و کۆمەڵگایەکی کراوە و مۆدێرن بخولقێنێت، خەڵک بە ئازادی و ئاسوودەیی و یەکسانی بژین و مافیان پارێزراو بێت، چونکە تێکستی هەزار خۆری درەوشاوە جار جارە ئاماژە بە کۆمەڵگای ئەفغانی دەدات کە بەرلەوەی ئیسلامی سیاسی تێیدا سەرهەڵ بدات، لە ژیانێکی ئاساییدا دەژیان، شەقامەکانی کابول چەندین چایخانە و کەبابخانە و دوکان و کۆگای جلفرۆشی و سینەما و گەرماوی تێدا بوو، لە ماڵەکان ئامێری ڕەبابە لێ دەدرا و گۆرانی ئەفغانییان دەچڕی، کچە پارێزەر و دکتۆرەکانی ئەفغان بەبێ چارشێو و پەچە لە دادگا و نەخۆشخانەکان کار و پیشەکانیان ئەنجام دەدا و خەڵک لە شەقامەکانی کابول پیاسەیان دەکرد و گوێیان بۆ گۆرانییەکانی «ئەحمەد زاهیر» هەڵ دەخست و ساڵانە لە کابول کۆلارە هەڵدەدرا.

ڕۆمانی «هەزار خۆری درەوشاوە» چەندین تێما و تەوەری جۆراوجۆری وروووژاندووە، دەکرێ هەر بابەتێک خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت لەوانە ژیانی ئافرەتە چارشێوپۆشەکانی ئەفغان، تاڵیبان و وردوخاشکردنی ڤیدیۆ کاسێت و فیلم و شریتی مۆسیقا و سووتاندنی کتێب و تابلۆ و ڕاوەدوونانی فیلمساز و مۆسیقاژەن و نیگارکێش و پەیکەرتاش و زیندانی کردنی هونەرمەندان، عیشقی نێوان تاریق و لەیلا کە لە منداڵییەوە هەڵوەدای یەکتربوون، ژیانی جەلیل و نامە دڵتەزێنەکەی و چەمکی حەرامزادەیی کە لە مریەمەوە دەست پێ دەکات و لە عەزیزە دا بەرجەستە دەکرێت، توندوتیژی ڕەشیدی پێڵاودروو بەرانبەر بە هەردوو هاوسەری مریەم و لەیلا جوانی شاری «هەڕات» کە لانکی کولتووری فارسی و ماڵی نووسەران و نیگارکێشان و سۆفییان بوو، شاژن «گەوهەر شاد» لەسەدەی پازدەمدا کۆمەڵێک منارەی لە هەڕات دروست کرد، وەک نیشانەی خۆشەویستی، هەروەها هەڕات و باغ و بێستان و کێڵگە گەنمەکانی و دارپستەکەی ئارامگەی «جامی» شاعیر. جوانی گوندی «گوڵدامان» و تێڕامانەکانی مریەم لە دارودرەختی ئەم گوندە، کولبەکەی مریەم کە چۆن

لەگەڵ نانا ژیانی تێدا بەسەردەبرد. ئەفغانستان و سەردەمی فەرمانڕەوایی زاهیر شا، جوانی گوڵەمریەم کە لەلایەن جەلیل و ڕەشیدەوە وەک نیشانەی دڵنەوایی باسی لێوە دەکرا، چوونی مریەم بۆ ماڵی جەلیل لە شاری هەڕات و داخستنی دەرگا بە ڕوویدا و دواتر جەلیل لە نامەکەیدا هەست بەو گوناهە دەکات، ژیانی مریەم و لەیلا لە گەڕەکی دەهمەزەنگ و یارییەکانی عەزیزە و زاڵمای، «گاری» یەکانی شەقامی کابول و مزگەوتی حاجی یاقووب و دەنگی مۆسیقای «لۆگەری» ژیانی ژنانی مۆدێرن لە گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکانی کابول، لە مانگی ڕەمەزان لەسەر شاخی شیردەروازە تۆپیان دەتەقاند، کوژرانی «میر ئەکبەر خەیبەر» کە کۆمۆنیستێکی ناودار بوو، کوژرانی سەرلەبەری خانەوادەی داودخان لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، جوانی شارۆچکەی پەنجشیر کە ناوچەی ئەو تاجیکانەیە کە بە زمانی فارسی قسە دەکەن و ١٠٠کم لە باکووری کابوولەوە دوورە، باوکی تاریق و ئۆکۆردیۆنەکەی و گۆرانییە کۆنەکانی پەشتوون، «حەکیم»ی باوکی لەیلا زانکۆی کابولی تەواوکردبوو، قەرەباڵغی مەندایی بازاڕ، ئەم بەیتە شیعرەی خوارەوە کە هی «سائیب تەبریزییە» و خالید حوسەینی، ناوونیشانی ڕۆمانەکەی لەم شیعرە وەرگرتووە کە لە جەوهەردا باسی جوانی شاری کابول دەکات.

**ژمارەی مانگی تابانی لەسەر سەربانی لەبن نایە،**

**یان هەزاران خۆری درەوشاوە، کە لە پشت دیوارەکانیایە.**

هاوکات لە جوانی کچانی ئەفغان دەدوێت، کە شێوە و ڕوخساریان لە خۆری درەوشاوە دەکا مریەم تۆوی ئەسپەندەری دەسووتاند تا زاڵمای بەچاوەوە نەبێت، تاڵیبان ساڵی ١٩٩٦ هاتن و هەر ئافرەتێکی زینای بکردایە بەردبارانیان دەکرد، عەزیزە و هەتیوخانەکە، گەڕانەوەی تاریق بۆ ماڵی ڕەشید و ڕەدووکەوتنی لەیلا و «سەلیم و سەعید»، یان دوو براکە کە یارمەتی تاریق دەدەن و لە هوتێلەکە کار دەکات، زیندانی ویلایەت و مریەم و لالەنگییەکەی «نەغمە» کە کچێکی جوانە و لەبەر ئەوەی ڕەدووی لاوێک دەکەوێ دەسگیر دەکرێ، دوعای بابالوو بۆ منداڵان، جوانی بازاڕی شۆڕ و باغەکانی بابوور...تاد کوژرانی ئەفسوونی هاوسەری جەلیل لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ و نیلۆفەری کچیشی بەر گوللەیەکی وێڵ دەکەوێت.

فەرهادی کوڕی جەلیل ساڵی ١٩٨٠ چووە ڕیزی جیهادەوە و ساڵی ١٩٨٢ لە دەرەوەی هێڵمەت بەدەستی سۆڤیتییەکان کوژرا، هەریەک لەو بابەتانەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن، پێویستیان بە لێکدانەوە و خوێندنەوەی تایبەتی هەیە، هەروەها خالید حوسەینی لەم تێکستەدا بایەخێکی زۆری بە «وەسف» داوە، بە تایبەتی وەسفی سروشت، کە بە قووڵی لە جوانی باغەکانی گوڵدامان و هەڕات و ناوچەکانی مۆر دەدوێت و دواتر هەمان چرکەکانی جوانی تێکەڵ بە هۆگری و یادەوەری و عیشق و حەسرەت دەکرێن و هەست دەکەی زەمەن تێکڕای جوانییەکان و چرکە خۆشەکان لەنێو دەبات، کەچی خەڵکی کابول حەزیان لە ژیانە و دەیانەوێ دامودەزگاکان نۆژەن بکەنەوە و ئاسەواری جەنگ بسڕنەوە، ئەم مۆرکی گەشبینییە لە ژیانی هاوسەرێتی تاریق و لەیلادا ڕەنگ دەداتەوە کاتێک بەیەکەوە هەتیوخانەکەی زەمان نۆژەن دەکەنەوە و بە دەستی خۆیان دیوارەکان بۆیە دەکەن و جلوبەرگ بۆ منداڵەکان دەکڕن و عەزیزە و زاڵمای بە ڕێکوپێکی پەروەردە دەکرێن..

چونکە تێکستی هەزار خۆری درەوشاوە لە دەسپێکی نووسینەوە لە مەینەتی و چەرمەسەری ئافرەتی ئەفغانی دەدوێت کە چۆن لەژێر دەسەڵاتی پاتریارکی (باوکساری، یان نێرسالاری)دا دەچەوسێنرێنەوە و سەرلەبەری ماف و ئازادییان لەلایەن پیاوەوە پێشێل دەکرێت، لێرەدا دەق ڕاستەوخۆ داکۆکی لە ماف و ئازادی ئافرەت دەکات و حاڵەتی دەربازبوونەکەش بە عیشق و ئاستی هۆشمەندی دەبەستێتەوە، هاوکات چەندین مانا و دەلالەتی نەگوتراو و دواخراو بۆ زەین و لێکدانەوەکانی خوێنەر جێ دەهێڵێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە وەک دەقێکی کراوە هەڵگری پڕشنگ گەلێکی پۆست مۆدێرنە.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: هەزار خۆری درەوشاوە.**

**نووسینی: خالید حوسەینی**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی.**

**بابەت: ڕۆمان.**

**چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠١.**

**کوردستان- سلێمانی.**

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
# مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا


**سەباح عەلی جاف**
**(کۆلێژی پەروەردەی کەلار - زانکۆی گەرمیان)**

مێژوو لە سادەترین پێناسەیدا ئەوەیە کە تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردووە، یان گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوویان داوە، بێ گومان هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی خاوەن مێژوو و دیرۆکی خۆیەتی، بەڵام بۆ ئاشنابوون بە مێژووی گەلانی دیکە پێویستە تاکەکان لەو ڕووەوە شارەزا بن، بە مانایەکی تر پێویستمان بە وەرگێڕان و قسە لەسەر کردن، بە تایبەت لێکۆڵینەوە بۆ شرۆڤە و تێگەیشتن لە مێژووی گەلانی دیکە هەیە، بە شێوەیەک زۆرترین تاکی کورد سوود لە ئەزموونی مێژووی گەلانی دیکە وەربگرن.

ئێمە وەک نەتەوەی کورد پێویستی زۆرمان بە ئەزموونی گەلانی دیکە هەیە، بە تایبەت ڕووداوە مێژووییەکان، بۆ ئەوەی ئێستا سوودی لێ ببینین، یەک لەو ڕێگایانەی بە هۆیەوە دەتوانین ئاشنای مێژوو بین وەرگێڕانە، بە تایبەت مێژووی گەلانی دراوسێ و نەتەوەکانی دیکە بەگشتی و لە ناویشیاندا مێژووی ئەوروپا، بە هەرسێ قۆناغی (کۆن، ناوەڕاست، نوێ و هاوچەرخ)ـەوە.

یەکێک لەو هەوڵانەی کە بۆ ئاشناکردنی نەوەی ئێستا بۆ بەشێک لە مێژووی ئەوروپا دراوە، کتێبە وەرگێڕدراوەکەی مامۆستا مستەفا سەعیدە، کە دەکرێت خوێنەر سوودی لێ وەربگرێت بۆ ئاشنابوون بە گەلێک ڕووداو و ئەزموونی ئەوروپا لەو دەمەدا، لێرەدا بە شێوەیەکی خێرا گوزەرێک بە کتێبەکەدا دەکەین و هەوڵ دەدەین خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆ کتێبەکە بکەین.

کتێبی (مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) لە هەشت بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەر بەشەی تایبەتە بە مێژوو و ڕووداوێک و لە هەر یەکە لەو بەشانەدا تیشک خراوەتە سەر چەندین بابەت، کە لە ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی لە ڕۆژئاواوە دەست پێ دەکات و لەو مێژووەوە بۆ چەند بابەتێکی دیکە شۆڕ دەبێتەوە تا دەگاتە دوا بەش (هەشتەم) باس لە جەنگی خاچپەرستەکان و پاڵنەر و هێرشەکان دەکات.



### بەشی یەکەم

بەشی یەکەمی کتێبەکە تایبەتە بە هۆکاری لاوازیی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی و چەند بابەتێک خراوەتە روو کە لاپەڕە (١١- ٢٦) ی کتێبەکەیان بۆ تەرخان کراوە، لەم بەشەدا و لە سەرەتاوە وەک پێشەکییەک باس لە هۆکارەکانی لاوازبوون و رووخانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانیا "ئۆغستس" کە نزیکەی ٤٥ ساڵ حوکمڕانی کردووە (٣١ پ. ز – ١٤ ز) مێژوونووسان ئەو سەردەمەی ئۆغستس بە کۆتایی ئیمپراتۆرییەتی رۆما دادەنێن، هەرچەندە ئەو لە هێنانە کایەی جۆرێک لە دەسەلات (حوکمی پاشایەتی و کۆماری)دا سەرکەوتوو بوو، ئۆغستس لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا گەلێک کاری چاکی کرد، چ لە رووی سیاسییەوە، بە تایبەت شێوازی بەڕێوەبردن، هاوکات توانی گۆڕانیش لە ئایینی رۆمانی کۆندا بکات، هەر لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر هۆکارەکانی لاوازبوون و رووخانی ئیمپراتۆرییەت کە سەدەی سێیەمی زایین بە کۆتایی ئەم رژێمە دانراوە و هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەخلاقییەکان باس کراون، کە کاریگەرییان لەسەر رووخانی ئیمپراتۆرییەت هەبووە و لە هۆکاری سیاسی و سەربازیشدا تیشک خراوەتە سەر گەلێک خاڵ (کێشەی بە میرات گرتنی تەختی رۆمانی لە هۆکارە سەرەکییەکانی پشێوی سیاسی و نا ئارامی ئیمپراتۆرییەت بوو) و لە کێشمەکێشی دەسەلاتدا زۆر جار سوپا دەهاتە دەنگ و کار دەگەیشتە ئەوەی کە مالۆیرانی سەرانسەری ولات بگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هاتنی نارۆمانییەکان بۆ خزمەتی سەربازی و دوورکەوتنەوەی رۆمانی نەژادەکان لە خزمەتی سەربازیدا، کە گیانی ناوچەگەریەتی زیندوو کردەوە هۆکارێکی ترە، کە خراوەتە روو جگە لەمە هێرش و ترسی دەرەکی وەک لە رۆژهەلاتەوە " ساسانییەکان " و لە رۆژئاوایشەوە هۆزە جەرمانییەکان.

لە هۆکارە ئابووری و کۆمەلایەتییەکاندا ئەوە خراوەتە روو کە ئەم دوو پالنەرە زۆر روون نین بۆ رووخانی ئیمپراتۆرییەت، بەلام کوشتار و جەنگ کاریگەری لەسەر کەم بوونی هاوولاتییان هەبوو، کە ئەمەیش کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و نەکێلانی زەوییەکان هەبوو، هەروەها کەشتیوانی لە دەریای ناوەڕستدا بە هۆی چەتە دەریاییەکانەوە کەوتە بەر مەترسی، واتە بەرهەمی کشتوکالی و پیشەسازی بە تەواوەتی پەکیان کەوت و ئەمە وای کرد کە چینی جووتیار و دەرەبەگ دەربکەوێت، ئەمەیش کاریگەری زۆری بۆ سەر ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی هەبوو، هەر لەم بەشەدا چەند هۆکارێکی تری وەک هۆکاری ئیداری و دوورکەوتنە لە بەها و رەوشت بۆ رووخانی رۆما باس کراوە، لە دوا بەشی (بەشی یەکەم)دا تیشک خراوەتە سەر چاکسازییەکانی داقیانووس و ئەنجامەکانی ئەو پرۆژەیە.

داقیانووس لە ساڵی ٢٨٤ی زایینی هاتە سەر حوکم و تا ساڵی ٣٠٥ی زایینی مایەوە، لە دوو خالدا بۆ مێژووی رۆم کاریگەر بووە، ئەویش (١- پێکهێنانی سوپای رۆمانی لە کەسانی نارۆمی، ٢ - ئەو رۆلەی کە سوپا لە سیاسەتی رۆمدا) دەبینی، ئەویش باس کراوە، کە داقیانووس لە باوکێکی جووتیار لە دایک بووە و لە رێگەی خزمەتییەوە لە سوپادا گەیشتووەتە ئیمپراتۆرییەت، هەر بۆیە زۆرێک لە کارەکانی لەو بوارەدا رەنگی داوەتەوە، لە کارە گرنگەکانی کە ئاماژەی پێ دراوە وەک "ئەنجوومەنی پیرانی گۆڕی بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی، تەواوی دەسەلاتەکانی خستە ژێر دەستی خۆی و دەزگایەکی ئیداری گەورەی دامەزراند، دیاردەی سیستمی کۆماری لەناوبرد و رژێمێکی دیکتاتۆری جێگەی گرتەوە، کۆشکێکی مەزنی دروست کرد و زۆر گرنگی پێ دەدا و رازاندییەوە، ئیمپراتۆری کردە دوو بەشەوە (ئۆغستسی و قەیسەری)، دانانی هەندێک ئیمتیاز بە تاکەکان و کارمەندانی حکوومەت لەوانە لێبووردنیان لە باج و دابەش کردنی زەوی بەسەریاندا، دروستکردنی سوپایەکی بەهێز لە رومانییەکان و غەیرە رۆمانییەکان، رێکخستنی خاوەن پیشە جیاوازەکان لە سەندیکای خۆیاندا، بە پێی مەرسوومی میلان لە ساڵی ٣١٢ قوستەنتین دانی بە ئایینی مەسیحییەتدا نا، دروست کردنی شارێکی نوێ لە شوێنی شاری بیزەنتەی کۆن وەک پایتەختێکی نوێ...".

### بەشی دووەم

بەشی دووەمی کتێبەکە تایبەتە بە

ئایینی مەسیحییەت و بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە کە لاپەڕە (٢٧ - ٤٠)ی کتێبەکەی بۆ تەرخان کراوە و لە سەرەتادا باس لە پاشخانی ئایینی مەسیحییەت دەکات، کە چۆن دروست بووە و نیشانە بۆ ئەوە کراوە کە ئایینی مەسیحییەت لە فەلەستیندا سەری هەڵداوە، پاشان زۆر خێرا بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا بڵاوبووەتەوە ئەمەیش بە هۆی سروشتی پێکهاتەی ڕۆما و پێکەوە بەستراتی ڕێگاوبانەکان، هەروەها سروشتی ئایینی مۆژدەهێنی مەسیحی کە خێرا بڵاو بووەوە، مەسیحییەت سەرەتا لە ناو هەژاراندا بڵاو بووەوە، پاشان هەموو چین و توێژەکانی گرتەوە و هۆی سەرکەوتنی ئایینەکەیش بۆ ئەو دەستە و تاقمە دەگەڕێتەوە کە بە قوتابییە نزیکەکانی مەسیح ناودەبرێن کە پێیان دەوترێت پێغەمبەران و حەوارییەکان، لێرەدا تیشک خراوەتە سەر "قەدیس پۆڵس" کە لەسەرەتاوە پیاوێکی جوولەکە بووە، پاشان باوەڕی بە ئایینی نوێ هێنا و بە هۆی ڕۆشنبیری زۆرییەوە کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەتدا هەبووە و نەبوونی ئایینێکی گشتگیر و بۆچوونی شاری ڕۆجی وای کرد ئەم ئایینە خێرا تەشەنە بکات.

هێنانەوەی ڕای پرۆفیسۆر ئە. س. هۆدیت هەر لەم بابەتەدا کە باس لە سێ تایبەتمەندی دەکات بۆ ئەوەی ئایینی مەسیحییەت بە سەرکەوتوویی بمێنێتەوە:

١ - باوەڕی ڕەهای مەسیحییەکان بە ئایینەکەیان.

٢ - جیا کردنەوەی خۆیان و ئایینەکەیان لە کەسانی دیکە کە یەک خوایان پەرستووە.

٣ - سووربوون لەسەر ئەوەی کە لە خوا زیاتر هاوار بۆ کەس نەبەن و بە چەندین وتەی قەدیس و دڵسۆزانی ئایین باس لە گرنگی ئایینی مەسیح کراوە، لەوانە (ئەوەی بۆ قەیسەرە با بۆ قەیسەر بێت، ئەوەیشی بۆ خوایە با بۆ خوا بێت).

هەڵوێستی حکوومەتی ڕۆمانی لە ئایینی مەسیحی بابەتێکی ترە لەم بەشەدا، کە بە سەردەمی چەوساندنەوە ناوی هاتووە - ساڵی ٣١٣ ز، هەرچەندە حکوومەتی ڕۆمانی سیاسەتی لێبووردەیی و نەرمونیانی بەرانبەر ئایینە جیاوازەکان هەبوو، بەڵام لە بەرانبەر بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحییەتدا زۆر بە توندی وەستایەوە لەبەر چەند هۆیەک لەوانە:

١ - زۆربەی مەسیحییە یەکەمینەکان لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بوون و لە خەڵکی دابڕا بوون، ئەمەیش ترسی لای دەسەڵات دروست کرد.

٢ - نەپەرستنی ئیمپراتۆر کە مەسیحییەکان پەرستنیان بە بتپەرستێکی قێزەون دەزانی، ئەمە لە کاتێکدا کە پەرستنی ئیمپراتۆر لە ئایینە کۆنەکاندا یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات بوو.

مەرسوومی میلان لەم بەشەدا تیشکی خراوەتە سەر بە نیسبەت ئایینی مەسیحییەتەوە زۆر گرنگە، چونکە بە بەستنی ئەم مەرسوومە ئایینی مەسیحییەت بە فەرمی ناسرا و پاش زۆربوونی شوێنکەوتووانی ئایینی مەسیح لە سەردەمی قوستەنتیندا لە ساڵی ٣١٣ ز بە پێی مەرسوومی میلان بوو بە یەکێک لە ئایینە دان پێدانراوەکانی ئیمپراتۆرییەت و بۆ دان پێدانانی ئەو سەرکردەیە باس لە چیرۆکی خەیاڵی دەکرێت و تا ئێستا ئەمە ڕوون نییە، بەو شێوەیە ئایینی مەسیحییەت لە هەڵکشان و داکشاندا بووە تا لە سەردەمی تیۆدسیۆسدا ئایینەکە بۆ ئاستی ئایینە فەرمییەکانی تری دەوڵەت بەرزکرایەوە.

بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لە ماوەی هەردوو سەدەی چوارەم و پێنجەمدا، لەم بابەتەدا باس لە خێرا بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی و دانانی سیستمی "کەهەنووتی و پاپا و قەشەکان" دەکات و چۆنیەتی درێژە دان بە کار و چالاکییەکانی مەسیحییەت پاش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی لە سەدەی پێنجەم و شوێن گرتنەوەی ئەو ئیمپراتۆرییەتە لە ئەوروپا، ئایینی مەسیحییەت توانی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەورووپا پێ بە پێ فراوانخوازی هەبێت، بەڵام ئەوە نابێت لە بیر بکرێت کە لە ڕۆژهەڵاتدا بوونی دەسەڵاتێکی بەهێز وای کرد کە کڵێسە ملکەچی بێت، بەڵام لە ڕۆژئاوا بە پێچەوانەوە بوو.

لە دوا بەشی (بەشی دووەم)دا باس لە هەرتەقە (بیدعە) کراوە، کە زۆرێک لە ئایین و سیستەمەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە کە ئایینی مەسیحییەتیش لەو گرفت و ئاریشانە بێ بەش نییە، مەسیحییەت هەر لە سەرەتاوە تووشی چەندین بزووتنەوەی لێک جیابوونەوە بوو، کە هەرتەقە یەک

لەوانە، مەبەستیش ئەوەیە کە (دەرچوونە لەو بیروباوەڕەی کە کلێسە دانی پێدا ناوە، یان دەرچوونە لە بەشێک لەو بیروباوەڕە) بیروباوەڕی سالوس گرفتێک بوو، بە تایبەت ئەو پرسیارەی کە بەردەوام هەبوو لەسەر سروشت و کەسایەتی مەسیح و پێوەندی بە باوکییەوە کە ئەو پرسیارگەلانە شتی زۆریان دەورووژاند و مەسیحییەکانی کردە دوو بەرە و ئەمیش کۆنگرەی ڤینیسیای لە ساڵی ٣٢٥ بە دوای خۆیدا هێنا، کە لەو کۆنگرەیەدا بە تەواوەتی ئەزەلیەتی مەسیح و یەکبوونی بە باوکییەوە پێناسە کرا و بە دوای ئەمیشدا چەندین کۆبوونەوەی پێوەندیدار گرێ درا و کێشەی کلێسەی کاسۆلیکی درێژەی هەبوو، بە تایبەت پاش ئەوەی (کەمنۆفستییەکان) لە ڕۆژهەڵات لە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا.

**بەشی سێیەم**

بەشی سێیەمی (مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) تایبەتە بە هۆزەکانی هۆن و جەرمانەکان و لە پێشەکی ئەم بابەتەدا باس لە گەلانی تیتۆنی و بنەچەیان کراوە، ئەو گەلانەی کە کۆتاییان بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هێنا، بۆیە لە مێژوودا بە گرنگییەوە باس کراون و نەتەوەکانی ئێستای ئەوروپا (ئیتاڵیا، فەرەنسا، ئینگلیز.....) لەوانن، گەلانی تیتۆنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان ڕوون نییە، چونکە بیروڕاکان لەو ڕووەوە جیاوازن، بەڵام زۆرێک پێیان وایە کە لە نزیک دەریای بەڵتیک ژیاون و ئەو کۆچ کردنەیان نزیکەی ١٥٠٠ ساڵی خایاندووە، بەڵام پێش تیتۆنییەکان (کلتییەکان) لە ئەوروپا ژیاون.

بەربەرەکان کە ڕۆمەکان بە تیتۆنییەکانیان بەخشیوە، بە واتای دڕندەیی دێت، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەی بەربەری لە زمانی لاتینیدا بەشێوەیەکی دیکە لێکدراوەتەوە "بەو خەڵکانە دەوترا کە بە زمانی یۆنانی و لاتینی قسەیان نەدەکرد" و بۆ ژمارەی هۆزە جەرمەنییەکان ئەوەیە کە هەر هۆزێکی جەرمانی نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس دەبوون و مێژوونووسان لە سەدەی یەکەمی زایینیدا ناوی پەنجا، یان حەفتا هۆزیان هێناوە، گرنگترین هۆزەکان و شوێنی نیشتەجێ بوونیان وەک (ئەڵمانی - ڕووباری ڕاین، بورغەندییەکان - ڕووباری مین، فەرەنجە دەریاییەکان - ڕاینی خواروو، فەرەنجە سالییەکان - زەوی نەرییەکان، ساکسۆن و ئینگلیز - نێوان ڕووباری ڕاین و ئەلبا......تاد).

هەر لەم بەشەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە چەند هۆزێک دەکات وەک جەرمانی و هۆن....تاد و لە باسی هۆزی جەرمانی و دابونەریتیان و پێوەندییان بە ئیمپراتۆرەوە چەند شتێک خراوەتە ڕوو، کە هۆزی جەرمانی لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٠ پ. ز بەرەو هەر دوو ڕووباری ڕاین و دانوب هاتوون، ئەمەیش نزیکەی پێنج سەدەی خەیاندووە، یۆلیۆس قەیسەر لەپاش جەنگ و داگیرکارییەکانی ڕووبەڕووی ئەم هۆزە دەبێتەوە، وەسفێکیان دەکات و زانیارییەکانی بە کۆنترین زانیاری لەسەر جەرمەنییەکان دادەنرێت، بەم شێوەیە ئەم هۆزە لە کێشمەکێشدا دەبن لەگەڵ ئیمپراتۆردا، تا دواجار لە سنووری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆردا نیشتەجێ بوون.

هۆزی هۆن و بنەچە و جووڵانیان هەر لەم بەشەدا تیشکی خراوەتە سەر و ئەوان بە هۆزە ئاسایییەکان باس کراون و لە نێوان شاخەکانی (تای ، ئۆراڵ) نیشتەجێ بوون و ئەمان زیاتر بە کاری شوانکارییەوە خەریکبوون و هۆزێکی لێهاتوو بوونە و بەردەوام لە بزاوتندا بوونە و شەڕیان لەگەڵ زۆر هۆز و نەتەوەدا کردووە بۆ مانەوەی خۆیان، بۆ نموونە بۆ سنوورەکانی چین کۆچیان کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە ناچار ڕوویان لە ڕووسیا کردووە و لەگەڵ گەلانی سامارتی و غوتە ڕۆژهەڵاتییەکان تووشی شەڕوشۆڕ بوونە، ئەمەیش مایەی سەرئێشە بووە بۆ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، جەنگی ئەدرنە کە لە نێوان غوتە ڕۆژئاواییەکان و ئیمپراتۆردا ڕووی دا لە ساڵی ٣٧٨ و تێیدا خودی ئیمپراتۆر (ڤالینت) کوژرا، ئەمەیش بە جەنگێکی گرنگ لە مێژوو دادەنرێت، کە ڕاوبۆچوونی جودای بە دوای خۆیدا هێنا. غوتە ڕۆژئاواییەکان و پەرەسەندییان بە تایبەت لەسەردەمی چەند ئیمپراتۆرییەکی لاوازدا زیاتر گەشەیان کرد، بە تایبەت لە سەردەمی تۆریکدا دەسەڵاتیان گەیشتە لووتکە و لێرە بە دواوە غوتەکان دەسەڵاتیان کەوتە لێژی تا لە ساڵی ٥١١ مەملەکەتەکەیان کەوتە دەستی موسڵمانەکان لە

ئیسپانیا.

دەرکەوتنی وەندالّ لە ساڵی ٤٠٦ ی زایینی و چوونیان بۆ ئەفریقیا و بەهێزبوونیان کە بە تەواوەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لاواز کرد و وای کرد کە چەندین پرۆتۆکۆل مۆر بکەن، بە تایبەتی لە سەردەمی جۆزیفدا، دوا بابەت لەم بەشەدا کۆتایی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییە لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لە نیوەی سەدەی پێنجەمی زایین کە زۆر مەملەکەتی لە ئەوروپا و ئەفەریقیای لە دەست دا بوو و لە ساڵی ٤٧٦ سەرکردەی جەرمەنی (تۆدراکۆ) توانی ئیمپراتۆری ئەو سەردەمە لا بدات و ئەمەیش بوو بە کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لە ڕۆژئاوا.

## بەشی چوارەم

بەشی چوارەمی کتێبەکە بۆ هۆزە گرنگەکانی جەرمانی تەرخان کراوە (غۆت و لۆمبارد) و لە سەرەتای ئەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر مەمالیکە جەرمانییەکان دوای ساڵی ٤٧٦ ز، جگە لە ئۆدراکۆ پێنج مەمالیکی گەورە لە ئەوروپا هەبوون، کە هەریەکەیان جێگەیەکی لە ژێر دەست بوو، دوا بە دوای ئەو مێژووەی سەرەوە غوتە ڕۆژهەڵاتییەکان دەردەکەون، پاش ئەوەی لە هێرشێکدا تیۆدرۆکی ئیمپراتۆر بە دیل دەگرن، پاشان فراوانخوازییان بە شێوەیەکی هەڵکشان و داکشان دەست پێ دەکات، ئەمەیش وا دەکات کە تیۆدرۆک جارێکی دیکە بێتەوە مەیدان و بۆ ماوەیەک دادپەروەری و ئارامی باڵی بەسەر مەملەکەتدا کێشایەوە بە جۆرێک ڕاڤینای کردە پایتەخت و لە پاش نەمانی لە ساڵی ٥٢٦ مەملەکەتەکەی بە تەواوەتی تێکدەچێت.

بۆرغەندییەکان کە هۆزێکی لاوازی مەملەکەتی جەرمانی بوون لەو مێژووەدا ناویان هاتووە، کە هەندێک جیاواز بوون، بە تایبەتی لەوەی کە لە کاروباری دەوڵەتدا زمانی لاتینییان لە بری زمانی جەرمانی بەکار دەهێنا و (کۆندربار) یەکێکە لە پاشا بە ناوبانگەکانیان و بە دوای ئەمانیشدا فەرەنجییەکان دێن، فەرەنجەکان فەزڵی زۆریان بەسەر ئەوروپاوە هەیە، بەشێوەیەک توانییان تا ساڵانی نۆسەدەکان بە دواوە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بمێننەوە، ئەمانیش دوو بەشن فەرەنجە (سالییەکان، دەشتەکییەکان) و ئەمانە هەرچەندە هەوڵی فراوانخوازییاندا، بەڵام جێگەی ڕەسەنی خۆیان پاراست کە ڕووباری ڕاینە.

کلۆفس مەزنترین کەسایەتی بوو کە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ماوەی نێوان (یۆلیۆس قەیسەر، شارلمان) دا دەرکەوت و لە لەناو بردنی ڕۆمانییەکان لە غالدا دەستی بەکار کرد و پاش ئەوەی فەرەنجە دەشتەکییەکان داویان لێ کرد بە هانایەوە بچن لە دژی ئەڵمانییەکان و ئەویش توانی بەسەریاندا زاڵ بێت و توانی مەملەکەتی فەرەنجی میرۆفنجی دابمەزرێنێت، کلۆفس پاش هێنانی (کلوتید) بوو بە کاسۆلیکی، هەرچەندە پێشتر لەسەر بیروباوەڕی بتپەرستی بوو، ئەمەیش بە وەرچەرخانێکی گرنگ بۆ مێژووی مەسیحییەت دادەنرێت، لە پاش مردنی کلۆفس دەسەڵات پشتاوپشت ڕۆشت تا مەملەکەت بۆ سێ قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابەش بوو (ئۆستراسیا، نەستریا، بۆرغەندیا) هاتنی جنستیان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ ئیتاڵیا کە چەندین جەنگی بەرپا کرد، بەوە گەیشت کە زۆربەی هەرێمە ڕۆژئاواییەکانی بۆ ئیمپراتۆر گەڕاندەوە و لە پاش نەمانی مەترسی لۆمباردییەکان سەری هەڵدایەوە کە ئەمان دواین گەلانی جەرمەنی بوون کە چوونە ناو سنوورەکانی ئیمپراتۆرەوە و لەسەر بیروباوەڕی ئارسیۆی بوون، دواتر بوون بە کاسۆلیک.

لە دوابەشی ئەم بابەتدا باس لە چەندین ئاکار وکردار و یاسا و ژیانی ئاسایی جەرمانەکان و پێوەندییان بە ڕۆماوە دەکات، کە دەکرێت وەک سەر ئەنجامێک چاوی لێ بکرێت، یان وەک پوختەیەک تێی بڕوانیت، بە تایبەتی لە ڕووی هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەوە.

## بەشی پێنجەم

بەشی پێنجەم تایبەت بە پاپەوییەت و کڵێسە و گەشەکردنی کڵێسە و پاپاکان و لە بەرایی ئەم بەشەدا باسێکی کورت لە کڵێسە و ئەوانەی لە کڵێسەدا کار دەکەن کراوە، دوازدە حەوارییەکان بنەڕەتی ئەکلیرس بوون و ئەکلیرس پیاوی یەکەمی کڵێسە بوون و هەریەکە لە (قەدیس پترۆس، قەدیس پۆڵس) بە یەکەمین کەسانێ دادەنرێن لە ڕۆمادا کڵێسەیان دروست کردووە و پاپەوییەت و سەردەمە بەراییەکانی کە بە سەردەمی چەوساندنەوە ناوزەد

کراوە، تیشک خراوەتە سەری، باس لەسەرەتای مەسیحییەت و پێگەی گەورەی ئەسقفی ڕۆما، کە لە سەدەی سێیەمدا لە باکووری ئەفریقا دیارکەوت، کۆمەڵێک لە ئەسقفەکان تەحەدای دەسەڵاتی ئەسقفی ڕۆمایان کرد، بەڵام ئەسقفی قرتاجە لە ساڵی ٢٥٨ ز بڕیارێکی دا بۆ یەکبوونی کڵێسەکان و بە پێویستی زانی کڵێسە دەبێت کاسۆلیکی بێت.

پاپەوییەت لە هەردوو سەدەی چوارەم و پێنجەمدا زۆر بەرەو پێشەوە چوو و هەر لەو دەمەدا نازناوی پاپا بە ئەسقفی ڕۆما درا و دەسەڵاتی پاپا لەم دەمەدا زۆر بەرەو پێشەوە چوو و لەم ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوەی ئایینی گرێ درا و یاسا و فەرمانەکانی پاپا بوون بە سەرچاوەی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی کڵێسە.

شاری قوستەنتینییە و پێوەندی بە ئایینی مەسیحییەوە و گرنگی ئەم شارە بۆ ئەو ئایینە باسێکی گرنگی مێژووییە، بە تایبەت لە ئایینی مەسیحیدا بە بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دادەنرێت و کۆبوونەوەی ئایینی قوستەنتینییە لە ساڵی ٣٨١ ئەم شارەی کردە پلە دوو، دوای ڕۆما و دوا بەدوای ئەم مێژووە وردە وردە ئەو شارە گرنگی خۆی پەیدا کرد، بە جۆرێک دەستی خۆی بەسەر هەموو کڵێسەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەپاند و لەسەرەتای سەدەی هەشتەمدا ناکۆکی نێوان ڕۆما و قوستەنتینییە گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار و هاتنی ئایینی ئیسلامیش کاریگەری لەو نێوەندەدا هەبوو و هاوکات جیابوونەوەی سیاسی لەنێوان هەرێمە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکانی ئیمپراتۆردا سەری کێشا بۆ جۆرێک لە جیابوونەوەی ئایینی و لەودەمەدا ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە لە پێشەوەی ئەوانی ترەوە بوون، سەرەڕای نارەزایی بەردەوامی پاپا، بەڵام پاتریارکی قوستەنتینییە نازناوی پاتریارکی گشتی بۆ خۆی بەکار هێنا و لە نێوان ساڵانی (٦٥٠ - ٧٥٠) ز دا شەش پاپا بە دوای یەکدا هاتن کە هەموویان ڕۆژهەڵاتی بوون.

پاش ئەوەی کڵێسە گەشەی کرد زیاتر گرنگی دەرکەوت و ئەرکی زۆری کەوتە سەر شان، بە جۆرێک لە سەدەی پێنجەمدا ئیمپراتۆر تووشی تەنگژە بوو. کڵێسە توانی چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات وەک دروست کردنی نەخۆشخانە و لە بواری ئایینیشدا کڵێسە زیاتر دەستی کرد بە ڕێنمایی و باسی دنیای دیکە هەروو ئەمانەیش وایان کرد کە کڵێسە بایەخ و ڕۆڵی زۆری لە ژیانی هاوولاتیاندا هەبێت، دوا بابەت کە لەم بەشەدا باس کراوە و تیشکی خراوەتە سەر، چەند پاپایەک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەک:

١ - پاپا لیوی یەکەمی مەزن
٢ - پاپا گلاسیۆسی یەکەم
٣ - پاپا گریگۆری مەزن.

**بەشی شەشەم**

بەشی شەشەم کە تایبەتە بە میرۆفنجییەکان و کارۆلینجییەکان تیشک خراوەتە سەر چەند بابەتێکی پێوەندیدار و لەسەرەتادا باس لە میرۆفنجییەکان و ململانێیەکانیان دەکات لەسەر دەسەڵات و لەم سەردەمەدا ڕۆڵی ژنانی پاشا دەردەکەوێت، کە چۆن لە هەوڵی هێشتنەوەی دەسەڵاتدان بۆ مێرد و کوڕەکانیان و هاوکات وەجاغزادە ئایینی و عەلمانییەکان دەردەکەون، داگۆبەرت دواین پاشای میرۆفنجییەکان بوو کە لە ساڵی ٦٣٩ کۆتایی بە دەسەڵاتی هات و دەسەڵاتی ئەو پادشاییەتییە بە تەواوەتی لاواز بوو.

کارۆلنجی و هاتنە سەر تەختەی مێژوو هەر لەم بەشەدا باس کراوە و پیپین بە یەکەم کەس لەوان دادەنرێت کە سەرۆکایەتی کۆشکی کردووە، بەڵام هەوڵەکانی بۆ مانەوەی زۆر درێژەی نەکێشا و بە دوای ئەمدا پیپینی دووەم دێت، کە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەتێکی یەکگرتوو بوو بە جۆرێک توانی ڕێگری لەسەربەخۆیی ئەڵمان و باڤاری و ئۆکتینەکان بگرێت، شارل مارتل کە بە کوڕە ناشەرعییەکەی پیپین ناسرا بوو دوای باوکی توانی دەسەڵاتێکی بەهێز بێنێتە کایەوە، بە جۆرێک کە کاریگەری ناوخۆیی و دەرەکی هەبوو، لە دەرەوە توانی لە جەنگی (بوا) بەسەر موسڵمانەکاندا سەرکەوێت و لە ناوخۆیشدا توانی هەموو دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان لە ناو بەرێت و دوای مردنی، ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێزی بەجێ هێشت.

پاش مردنی مارتل پیپینی کورتە باڵا هاتە سەر تەخت و توانی پێوەندییەکی باش لەگەڵ کڵێسەدا دروست بکات و ئەو بە یەکەمین پاشا دادەنرێت کە لە لایەن پاپاوە کراوە بە پاشا و توانی خزمەتی زۆر بە کڵێسە بکات لە پێناو مانەوەی

دەسەڵاتی خۆیدا و تا کاتی کۆچ کردنی ٧٧١ لە دەسەڵاتدا مایەوە و دوای ئەمیش وڵات کەوتە دەستی شارلمان کە نزیکەی نیو سەدە لە دەسەڵاتدا مایەوە، هاتنی شارلمان بۆ ئەوروپا زۆر گرنگ بوو، بە تایبەت کاتێک ویستی سیاسەتی فەرەنج لە گرتنە دەستی دەسەڵاتدا پەیڕەو بکات لە تواندنەوەی هەموو نەتەوە جیاوازەکان لە ناو یەک قەوارەدا.

سەردەمی شارلمان بە تۆماری جەنگ دادەنرێت، چونکە لە ماوەی حوکم کردنیدا لە جەنگێکی بەردەوامدا بوو بە جۆرێک کە دەوترێت ٥٤ جەنگی بەرپا کردووە چ لە ناوخۆی وڵات چ لە دەرەوەی دەسەڵاتیدا و زۆرترین جەنگی دژی سەکسۆنەکان بووە کە بریتییە لە ١٨ جەنگ، کە بە خوێناویترین جەنگی ئەو دادەنرێن و ڕەنگە هۆکارێکی ئەم جەنگانەی شارلمان ئەوە بێت کە سەکسۆنییەکان بتپەرست بوون و نێوانی فەرەنج و ساکسۆنی زۆر خراپ بوو، بە جۆرێک لە یەک ڕۆژ و لە یەک جەنگدا ٤٥٠٠ ساکسۆنی بە دەستی فەرەنجەکان کوژراوە لە جەنگی فەردان لە ساڵی ٧٨٣ و ئەمیش بوو بە هۆی ملکەچ بوونیان بۆ ئایینی مەسیحی، بە هۆی بە هێز بوونی شارلمان پاپا تاجی لەسەر نا و نازناوی ئیمپراتۆری لێنا، کە ئەمە لە مێژوودا کەم وێنە بوو، بە جۆرێک هەموان ئەویان بە ئیمپراتۆر دەزانی، تەنانەت ئیمپراتۆر (میخایلی یەکەم)ی قوستنتینی یەکەم دانی بە ئیمپراتۆری شارلماندا نا و زۆرێک لە کاروبارە ئیداری و سیاسییەکان لەسەردەمی ئەمدا گەشایەوە و لە ڕووی ئیدارییەوە (کۆنتێ) هەبوو کە یەکەیەکی ئیداری سەرەکی بوو کە کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد و دادگاکان بۆ تاوانە قورسەکان دادەنیشتن. دەتوانین بڵێین شارلمان پاشایەکی تا ڕادەیەک دڵسۆز و ئیداری بوو، توانی خزمەت بە هەموان بکات و خۆی بە ئیمپراتۆردا بگەڕێت.

پاش مردنی شارلمان لویسی لە خوا ترسی کوڕی لە ساڵی ٨١٤ هاتە سەر تەخت کە پیاوێکی ئایینی لە خوا ترس بوو، ئەمەیش وای کرد کە ئیمپراتۆرییەتەکەی پەرت پەرت بێت و خەڵک یاخی بن و وەرەسەی دەسەڵات یەکێک بوو لە گرفتەکانی سەردەمی ئەم و پاش مردنی ئیمپراتۆر دابەش بوو بە پێی پەیمانی فەردان لە ساڵی ٨٤٢ ز، بە پێی پەیمانی فەردان ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینجی لە نێوان هەر سێ کوڕەکەی لویسی لە خوا ترسدا دابەش بوو، ئەمەیش بە پەیماننامەیەکی گرنگ بۆ ئەوروپا دادەنرێت، چونکە نەخشەی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا کێشا.

دوای پەیمانی فەردان ئیمپراتۆر بە تەواوەتی تێکچوو و بێ هێزی ئیمپراتۆر بوو بە بەهێزی پاپا و ئەمیش وای کرد کە بۆ ماوەیەک کڵێسە بە هێز بێت تا دەهات پشێوی درێژەی دەکێشا، کە چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بوون بە هۆی ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینجی، پسپۆڕی بواری مێژوو (هنری پرین) پێی وایە ئەم هەرەسهێنانە بۆ فشۆڵی ئەو ئیمپراتۆرییەتە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی شارلماندا دروست کرا و ئەو هۆکاری ناوخۆیی بە گرفتی یەکەم دادەنێت و هاوکات هۆکارە دەرەکییەکانیش کاریگەرییان هەبووە، بە جۆرێک دوو سەد ساڵی دوای شارلمان بە سەردەمی تاریکی بۆ ئەوروپا دادەنرێت، ئەمە جگە لە هێرشی دەرەکی وەک سلاڤ و هەنگاری و بولگارییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە و عەرەبەکان لە باشوورەوە و لە ڕۆژئاوا و باکووریشەوە ڤاکینییەکان لە هێرشی بەردەوامدا بوون.

### بەشی حەوتەم

بەشی حەوتەم تایبەت کراوە بۆ گەشەکردنی وڵاتە سەرەکییەکانی ئەوروپا لەنێوان سەدەی (١١- ١٥) دا و لە بەرایی ئەم بەشەدا باس لە ئینگلتەرە دەکات پێش کردنەوەی نۆرماندی وەک گێڕانەوەیەکی مێژوویی بۆ ئەو وڵاتە، بە جۆرێک باس لە ڕیشە و نەژادی ئینگلتەرییەکان دەکات کە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین نەتەوەیەک نیشتەجێی ئینگلتەرە بوون پێیان دەوترا (کلتییەکان) کە بڕوا وایە لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستەوە هاتبن و پێش ئەمانیش (ئیبیرییەکان) لەوێ ژیاون و لە پاش سەدەی یەکەمی پێش زایین داگیرکاری و ململانێ لەو وڵاتەدا دەست پێ دەکات و تا سەدەی پێنجەم ڕۆمانییەکان توانییان دەست بەسەر ئەم وڵاتەدا بگرن و دوابەدوای ئەمانیش هۆزە جەرمانییەکان هێرشیان کردە سەر ئینگلتەرا و لەو دەمەدا پشێوی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو و لە کۆتایی سەدەی شەشەمدا (قەدیس ئۆگەستین)

ئایینی مەسیحی لە دوورگەکانی ئەو وڵاتەدا بڵاوکردەوە، لە سەدەی (٧ – ٩) ناکـۆکی لـە نێـوان مـەمـالیکە جەرمـانییـەکـاندا بەردەوام بوو کـە حەوت دانە بوون و لە ماوەی سەدەی (٩ و ١٠) دا ئینگلتەرا ڕووبەڕووی هێـرشی ڤـایکنکەکـان بـووەوە، بەم جـۆرە ملمـلانێکان بەردەوام بـوو تا جەنگی هاستنجەز، کە بە جەنگی یەکــلاکــەرەوە دادەنرێت، چونکە کۆتایی بە کۆشـەگیـری ئینگلتـەرا هێنا و ئەو وڵاتە بـوو بە خـــاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز.

بە هاتنی نۆرمـــاندییــەکـــان و ولیەمی فاتح بە تایبەت گۆڕانکاری لە سیسـتـمی وڵاتدا ڕووی دا و ئەو کـەسایەتیـیـە بە گـرنگیـیـەوە لێی دەڕوانرێت لە چەرخەکانی ناوەڕستدا و گـەلێک کـاری گـرنگی کـرد لەوانە (هەموو قەڵاکانی وڵاتی خستە ژێر دەســـەڵاتی خـــۆیەوە، جـــەنگی وەجـاغـــزادەکـــانی لە دژی یەکــتـر قەدەغە کرد، پەیڕەوکردنی سیستمی دەرەبەگـایەتی.....تاد) و لە بواری ئایینیـشـدا کـاری زۆری کـرد کـە دادگای ئایینییەکانی لە دنیاییەکان جیـا کـردەوە و لە بواری ئابووریشـدا چاکـســازی زۆری کـرد و گـەلێک بنەمـــای دانا، بـەم جـــۆرە توانی ئینگلتەرا ببووژێنێتەوە، بەڵام پاش کـــــۆچی دوایی لـە ١٠٨٧ هـنـری یەکەمی کوڕە بچووکەکەی هاتە سەر حوکم ئەمیش پاش کوشتنی براکەی (ڕۆبەرت).

لە سەردەمی شا هنری یەکەمدا کە نزیکەی ٢٥ ساڵ حوکمڕانی کرد هەر دوو سیسـتـمی کـارگـێڕی و دارایی هەنگاوی گـەورەیان بڕی و دادگـای پاشــایەتی ڕۆڵی هەبوو تا دادگـای دەرەبەگـــایەتی، هەروەها یاســـا گشتییەکان لە سەردەمی ئەمدا زۆر گـــرنگی پێ دەدرا و ســـێکتـــەری دادپەروەری و ئاسایش گرنگی زۆری پێ دەدرا، تا وای لێ هات نازناوی (شێـری دادپەروەر)ی پێ بەخشـرا، بەڵام پاش کۆچی دوایی هنری یەکەم سـەرگـەردانی وڵاتەکـەی گـرتەوە، تا ئەو دەمـەی هنری دووەم لە سـاڵی ١١٥٤ هاتە سـەر حـوکم تا سـاڵی ١١٨٩ ی زایینی لە حـــوکـــمـــدا مـایەوە، کـە بە یەکـێک لە پاشـا مـەزنەکـان دادەنرێت و لە سـەردەمی خۆیدا دادگا و دەزگا کـارگێڕییەکانی بەهێـز کــرد و ســوێند خــواردن لە دادگـادا لەسـەردەمی ئەمـدا کـارێکی باو بوو، دواتر کــاری پێ کــراوە و ڕەنگە ئەم نەریتـەیش بۆ سـەردەمی ڕۆمانییەکان بگەڕێتەوە، سووربوونی هنری دووەم بۆ بەهێزبوونی دادگاکان سـەری کـێـشـا بۆ دروست بوونی ناکۆکییـەکی مەترسیدار لە نێوانی کـلـێـســەدا و ئەمـەیش دوو جـۆر دادگـــای دروست کـــرد کـــە دادگـــای (پاشایەتی، ئایینی) بوو و بەم جۆرە حوکمڕانی بەردەوام بوو تا کوشتنی (بیکیت) و دوای کــوشــتـنی ئەو کەسایەتییە تووشی لێپێچینەوە بوو و تەمـەنە کـۆتاییـەکـانی بە باشی بەسـەر نەبرد و نێـوانی لەگـەڵ کەسە نزیکەکانی خۆیشیدا خراپ بوو.

ئینگلتـەرا لە سـەدەی سێـزدەدا لەسەرەتاوە تووشی گرفتی پاشایان و بـارۆنەکـــان بووەوە، بە تـایبـــەت دوای ئەوەی تووشی تەنگژەی دارایی و ئابووری بوونەوە، ئەمـەیش سـەری کێشـا بۆ ملمـلانێ لە نێـوان جـۆنی یەکــەم و بـارۆنەکـاندا، بە جـۆرێک درێژەی کێشا و جۆنی یەکەم بێ هێز و لاواز بوو، لە گەندەڵی تێوە گلاوە و لە ململانێدا بوو لەگەڵ هەریەکە لە (ئۆغـســتس) ی فـەرەنسی و (پاپا ئۆنۆسنتی سێـیـەم) و جـۆنی یەکـەم هێـرشی بردە سـەر ئۆغـســتس و لەگەڵیدا تێکشکا و لەگەڵ پاپایشدا کـەوتە ڕێکەوتن و زۆر ملکەچی بۆ نـواند و لەســـــەردەمی ئەمـــــدا پەیماننامـەی مەزن (ماگناکـارتا) لە ساڵی ١٢١٥ز هاتە گۆڕێ، کە ناچار بوو ئیمزای بکات، ئەو پەیماننامـەیە لە ٦٣ خـاڵ پێکهـاتبـوو کـە زیاتر ئیـــمـــتـــیـــازاتی دەرەبەگ و وەجاغـزادەکانە و کەمـتریش باسی دەسەڵاتی ئایینی و بازرگانی دەکات ئەم پەیماننامەیە گرنگی خۆی هەیە لە مـێـژوودا و پاشـاکـانی بریتـانیـا پشتگیری ماگناکارتایان دەکرد و لە سەدەکـانی دوازدەدا بوو بە بەڵگە و نامـەیەکی سـەرەکی بۆ دەسـتـووری ئینگلیزی.

لە سـەردەمی هنری سـێـیـەمـدا ملـمـــــلانێکـان بەردەوام بـوون، هـەرچـەنـدە زۆر پـابـەنـدبـوو بـە پەیماننامــەی مــەزنەوە، بەڵام پاش پێکهـێنانی ژیانی هاوسـەرگـیـری لەگـەڵ شـازادەیەکی فـەرەنسی و گـــــرنگی پێـــــدانـی زۆری بە خـانەوادەکـەی، وای کـرد بارۆنەکـان تووڕە بن و لە دژی بوەســــتـنەوە و ئەمەیش وای کرد کە (مەرجنامەی ئۆکسفۆرد) قبوڵ بکات، لە پاش دەسـەڵاتی ئەدواردی یەکـەم لە سـاڵی ١٢٧٣ز هاتە سەر تەختی دەسەڵات و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دروسـتـبوونی پەرلەمـانە، لە مـاوەی دەســەڵاتی ئەدواردا پەرلەمــانێکی نموونەیی پێکهـێنرا، هەرچەندە ئەم وڵاتە بە چەند قۆناغـێکدا تێپـەڕیوە

له ڕووی ئەم جۆرە ئەنجوومەنانەوە، له ڕووی واتاییەوە پەرلەمان چەند واتایەکی داوە وەک (کۆبوونەوە، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پاشا، پەرلەمانی نموونەیی).

تایبەتمەندی مێژووی بریتانیا له هەردوو سەدەی (١٤ و ١٥) دا تێکچوونی دەزگاکانی دەرەبەگایەتی و گەشەکردنی پەرلەمان و بازرگانی و پیشەسازییە، هاوکات بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون کاریگەری کۆمەڵایەتی و ئابووری خراپی لەسەر ژیانی خەڵک بەجێ هێشت، سەرەڕای کاریگەرییەکانی جەنگی سەد ساڵە، له سەردەمی ئەدواردی سێیەمدا پەرلەمان سەرکەوتنی زیاتری بە دەست هێنا و بە پیاوێکی لێهاتوو دادەنرێت، له ئاستی ناوخۆدا توانی ڕێگری له سەربەخۆیی (سکوتلاند، وێڵز) بکات و له ئاستی دەرەوەیشدا توانی جەنگی سەد ساڵە لەگەڵ فەرەنسا بەرپا بکات (١٣٣٧ - ١٤٥٣) کە بە سەرکەوتنی ئینگلترا کۆتایی هات، هاوکات لەسەردەمی ئیدواردا پەرلەمان بوو بە دوو بەشەوە، یان بڵێین بوو بە دوو ئەنجوومەنەوە (ئەنجوومەنی لۆردات، ئەنجوومەنی گشتی) و پەرلەمانی ئینگلیزی توانی ورده ورده دەسەڵاتی دارایی له دەستی پاشا دەر بکات و بتوانن ڕۆڵیان له دانانی پاشادا هەبێت، وەک ئەوەی کە هنری چوارەمیان له ساڵی ١٣٩٩ زایینی هەڵبژارد و چووە سەر کورسی دەسەڵات و ئەمەیش بۆ کاری پەرلەمانی زۆر گرنگ بوو.

بریتانیا لەسەردەمی هنری چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا له ساڵی ١٣٩٩ - ١٤٦١ دەسەڵاتی پەرلەمان زۆر فراوان بوو، لەسەردەمی هنری پێنجەمیشدا پاش جەنگی ئەجینکۆرت له ساڵی ١٤٢٠ز توانی بەسەر فەرەنسییەکاندا سەر بکەوێت، بەڵام بە مردنی ئەم پاشایە ئەم بنەماڵەیە تووشی شکست هاتن پاش ئەوەی هنری شەشەمی کوڕ هات بە هاتنی ئەم کە تەمەنی هێشتا نۆ مانگی تەواو نەکردبوو، ناچار وەسی بۆ دانرا و پاش ئەوەی کە تەمەنی بوو بە ١٨ ساڵ دەسەڵاتی وەرگرت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بە جۆرێک کە تووشی نەخۆشی دەروونی بوو، ڕیچاردی دۆقی (یۆرک) کرا بە وەسی بەسەریەوە و زۆری نەخایاند ڕیچارد جەنگی له دژ بەرپا کرد و ئەم جەنگەی نێوان بنەماڵەی یۆرک و لانکسەر بە جەنگی گوڵ ناسراوە، کە جەنگێکی خوێناوی بوو و بە هاتنە سەر تەختی یۆرکەکان کۆتایی هات، کە نزیکەی بیست و چوار ساڵ له حوکمدا مانەوە، ئەدواردی چوارەم ١٤٦١ - ١٤٨٥ یەکەمین پاشای بنەماڵەی یۆرک بوو ئەو کەسێکی خۆشەویست و زیرەک بوو، وڵات له سایەی ئەمدا ئارامی بەخۆوە بینی، پاش مردنی کوڕە دوازدە ساڵانەکەی (ئەدواردی پێنجەم) بوو بە پاشا و ڕیچاردی برای بوو بە وەسی بەسەرییەوە و دوای ئەمەیش نا ئارامی وڵاتی گرتەوە، کە بە هاتنە سەر تەختی (هنری حەوتەم) له بنەماڵەی لانکستەر پاش جەنگ لەگەڵ یۆرگەکان کۆتایی هات.

هەر لەم بەشەدا باس له فەرەنسا دەکات بە تایبەتی دوای پەیمانی فەردان و دەرکەوتنی بنەماڵەی کابێ و دەرهاویشتەکانی ئەو دەمە و گەشەکردنی ئەو وڵاتە، یەکێک له ئامانجە گرنگەکانی پەیمانی فەردان سەرهەڵدانی دوو دەوڵەتی نوێ و گرنگ بوو (فەرەنجی ڕۆژئاوا، فەرەنجی ڕۆژهەڵات) بنەماڵەی کابێ نزیکەی یەک سەدە لەگەڵ فەرەنجییەکاندا له کێبەڕکێدا بوون و سەرئەنجام له ساڵی ٩٨٧دا یەکێک له نەوەکانی کابێ (هێو کابێ) توانی دەسەڵات له فەرەنسا بگرێتە دەست و ئەو دەمە ئەو وڵاتە له چەند دوورگەیەک پێکهاتبوو، کە میرە دەرەبەگەکان حوکمیان دەکردن و دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبوو، دەوترێت فەرەنسا له سەدەکانی (٩ - ١١) له میرنشینێکی دەرەبەگایەتی زیاتر هیچی دیکە نەبوو، بەڵام چەند هۆکارێک بوو بە هۆی ئەوەی کە له دەسەڵاتدا بمێننەوە وەک (ناکۆکی بەردەوامی میرەکانی چوار دەوری فەرەنسا، مانەوەی باوک له دەسەڵاتدا و دانانی کوڕە گەورەکەی له دەسەڵاتدا، گرنگی سەر زەمینی (دوورگەی فەرەنسی).

له سەدەی ١٢ دا چەند گۆڕانێکی ناوخۆیی و دەرەکی ڕوویاندا، کە بوون بە هۆی پتەوکردنی دەسەڵاتێکی پاشایەتی و بەهێز کردنی حوکمەتی ناوەند، گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان گەلێک بوون لەسەر دەستی بنەماڵەی کابێ بوو، ئەوان توانییان هەرچی وەجاغزادە و دەرەبەگە بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بە تایبەتی لویسی شەشەم و بە دوای ئەمیشدا پاشاکانی دیکە دەستیان کرد بە چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

لە باکووری وڵاتدا شارەکان گەشەیان کرد و چینی بۆرژواکان دروست بوو و هاوکات ئاڵوگۆڕ بە پارە دەکرا و برەوی پەیدا کرد و لە دوای ساڵی ١١٧٣ ئەنجوومەنی پیاوانی دنیایی و ئاییینی پێکهات، دواتر ئەمە گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە ئەنجوومەنی (پاشا، پەرلەمان).

جگە لە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان چەند گۆڕانێکی دەرەکیش ڕوویاندا وەک هەوڵدان بۆ فراوانخوازی دەسەلات بەتایبەت زیادکردنی هێزی پاشایەتی نۆرماندی لە بریتانیا.

فلیپی دووەم ١١٨٠ - ١٢٢٣ ی زایینی بە بە تواناترین پاشای فەڕەنسا دادەنرێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و بە فلیپ ئۆغستس ناسراوە و لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر ژیان و هەوڵەکانی بۆ بەهێز کردنی دەسەلات و لە جەنگدا بوو بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی بە شێوەیەک ناکۆکی نێوان خۆی جۆن درێژەی کێشا، بەلام فلیپ لەم جەنگەدا سەرکەوتوو بوو، کە لە مێژوودا بە جەنگی بۆڤین ناسراوە، ئەم جەنگە بۆ فەڕەنسا زۆر گرنگ بوو بە شێوەیەک کە مەترسی ئینگلیزی لەسەر ئەو وڵاتە نەهێشت و بووە مایەی سەروەری لە دەستی ئەو وڵاتە و ڕۆمای پیرۆز.

فلیپ لویسی هەشتەمی کوڕی لە جەنگی خاچپەرستەکاندا بەشدار بوون و جەنگەکە بە لەناوبردنی بیدعەی ئەلبەجنسی و سەربەخۆیی ئۆلۆز کۆتایی هات.

لویسی نۆیەم کە لە ١٢٢٦ - ١٢٧٠ لە حوکمدا بوو کە بە (قەدیس لویس) یش ناسراوە پاشایەتی لە فەڕەنسا گەیشتە ئەوپەڕی هێزی دەسەلاتی خۆی، هەرچەندە تەمەنی منداڵ بوو، کە کرایە پاشا، بۆیە دایکی (پلانش) کرایە وەسی و زۆر هاوکاری کرد، ئەم پاشایە نموونەی پاشایەکی دادپەروەر و سوارچاک و لە خوا ترس بوو، ئەمەیش وای کرد کە ڕێزی زۆری لێ بگیرێت و چاکی ئەم هاوتا بوو لەگەڵ لویسی چواردە، بۆ بەراورد کردن و نموونەیەکی چاک بوو بۆ مەسیحییەت و زۆر گرنگی بە چاودێری پشکنین دەدا، جەنگە خێڵەکییەکانی لە سەرانسەری وڵاتدا قەدەغە کرد و دادگا ساختەکانی ڕاوەستاند و دارایی ڕێکخستەوە و کاروباری باج و خەراجی جارێکی دیکە داڕشتەوە.

بۆ یەکەمین جار بوو خەڵکی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەستیان کرد کە حوکمەتیان هەیە و دەزگایەک نییە بیانچەوسێنێتەوە و لەسەر ئاستی دەرەوەیش گرنگترین کار ڕێکەوتننامەی پاریس بوو لەگەڵ هنری سێیەمی پاشای بریتانیا لە ساڵی ١٢٢٩ز و بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە هنری لە بەرانبەر هەندێک هەرێم وازی لە مافە میراتییەکانی لە نۆرماندیا و بۆتزا و میندا هێنا.

هەرچەندە ڕاوێژکارەکانی لویس هەوڵیان دا بەشداری لە جەنگی خاچپەرستەکاندا بکات، بەلام ئەو لە ساڵانی ١٢٤٨ و ١٢٧٠دوو هێرشی ڕێکخست و تێیاندا سەرنەکەوت و بە مردنی پرۆژەکانی بۆ جەنگی خاچپەرستەکان شکستی هێنا، بە تایبەتی پێش ئەوەی بگاتە توونس و داگیری بکات کۆچی دوایی کرد، تا مردنی لویسی نۆیەم سیاسەتی پاشایەتی فەڕەنسا خۆی لە یەکێتی فەڕەنسا و بە هێز کردنی دەسەلاتی ناوەند و ڕێگری لە فراوانخوازی پاشایانی بریتانیا دەبینییەوە، ئەمەیش درێژەی کێشا بە جۆرێک کە فراوانخوازی ئەو وڵاتە بۆ دەرەوەی خۆی دەستی پێ کرد و ئەمیش تووشی تێوەگلانی چەندین ئاریشەی کرد، لە سەدەی سێزدەمدا فەڕەنسا بوو بەهێزترین وڵاتی ئەورووپا و لە ڕووی سیاسی و و ئابووری و ئیدارییەوە گەشەکردنی بە خۆیەوە بینی.

دوای کۆچی دوای فلیپی سێیەم فلیپی چوارەمی کوڕی هاتە سەر حوکم و بە هاتنی ئەم پاشایە بنەماڵەی کابێ لە نەمان نزیک دەبوونەوە، پاش ئەوەی هەر سێ کوڕەکەی دەسەلاتیان گرتە دەست لە ساڵی ١٣١٤ - ١٣٢٨ و پاش ئەوان هیچ کامیان کوڕیان نەبوو و پاش مردنی شارلی چوارەم بنەماڵەی کابێ دوای ئەوەی چوار سەدە لە دەسەلاتدا بوون کۆتایی هات و فیلیپ دی فالوا بە ناوی فیلیپی شەشەم دەسەلاتی گرتە دەست.

جەنگی سەد ساڵە کە لە ساڵی ١٣٣٧ تا ساڵی ١٤٥٣ ی خایاند، بۆ هەر یەکە لە فەڕەنسا و ئینگلیز گرنگ بوو، ئەمەیش بوو بە مایەی چەندین جەنگ و دەسکەوت بۆ هەر یەکەیان و گرنگترین هۆکاری هەڵگیرسانی ئەم جەنگە بریتییە لە:

١ - مەسەلەی سکۆتلاند لە مەترسیدارترینی ئەو کێشانە بوو کە بریتانیا پێوەی دەنالاند.

٢ - مومتەلەکاتی پاشایەتی بریتانیا بوو لە فەڕەنسا.

٣ - کێشەی فلاندرز کە زۆر لە

کێشەی سکوتلاند دەچوو، بەڵام ئەم سەر بە فەرەنسا بوو

هەر لە ماوەی ئەم جەنگەدا چەند پاشایەکی گرنگ لە هەردوو لا دەرکەوتن وەک (میری ڕەش کە کوڕی گەورەی ئەدواردی سێیەم بوو، هێرشێکی کردە سەر فەرەنسییەکان و شکستیانی پێ هێنان، شارلی ژیر توانی بە هۆی ژیری و لێهاتووییەوە متمانە بۆ فەرەنسییەکان بگەڕێنێتەوە، گریسکلین یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی فەرەنسا لەماوەی جەنگەکەدا).

بۆرغندیا یەکێک لە میرنشینە گرنگە دەرەبەگایەتییەکانی سەر بە تاجی فەرەنسی بوو، بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی چوارەمدا لە ژێر سەرکردایەتی دۆق فلیپدا و ئەو توانی هەرچی زەوی نێوان بۆرغەندیا و فلاندرزی هەیە بیانخاتە سەر مەملەکەتەکەی خۆی و بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی خۆی بەسەر شارلی شەشەمی لاوازی برازایدا ڕاگەیاند، ئەمەیش بوو بە هۆی نارەزایی فەرەنسییەکان و سەرئەنجام (جۆنی ئازا) پلانێکی بۆ کوشتنی دۆق ئۆرلیان دارشت و ئەم کارەیش بوو بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆیی ماڵوێرانکەر لە نێوان هەر دوو سەربازگەی بۆرغەندی و ئۆرلیانیدا، لەو دەمەدا فەرەنسا بە دەست ئەم هەمووو ئاریشەوە دەیناڵاند، دەسەڵاتداری ئینگلیز ئەم هەلەی قۆستەوە لە سەردەمی هنری چوارەم و پێنجەمدا و پاش جەنگی ئاجنکۆرات لە ساڵی ١٤١٥ زایینی کە فەرەنسییەکان زۆر شتیان لە دەست چوو ناچار بوون پەیماننامەی (ترۆی) لە ساڵی ١٤٢٠ز قبووڵ بکەن. ئەم داگیرکارییەی ئینگلیز لای فەرەنسییەکان زۆر قێزەون و بێزارکەر بوو، تا ئەو دەمەی دۆفینی کوڕی شارلی شەشەم توانی ئاهێک بۆ فەرەنسییەکان بگەڕێنێتەوە.

جان دارک لە ساڵی ١٤١٢ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٤٣١ سووتێنرا، ئەم کچە بوو بە ئەفسانەیەک بۆ فەرەنسییەکان و بڕوای بە شارلی حەوتەم هێنا، کە لە توانایدایە سەروەری بۆ فەرەنسا بگەڕێنێتەوە و سەرەڕای ئەنجامدانی چەندین شەڕ، بەڵام توانی گیانی نیشتیمان پەروەرێتی لای فەرەنسییەکان بەرز بکاتەوە و پاش دەستگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و دادگایی کردنی بە چەندین تاوانی وەک جادووباز و بیدعەچی و هەڵگەڕاوە لە ئایین، سەرئەنجام بڕیاری سووتاندنی درا، جەنگی سەد ساڵە وەک جەنگێکی دەرەبەگایەتی دەستی پێ کرد و وەک جەنگێکی نەتەوایەتی کۆتایی هات و کۆتایی جەنگەکە بوو بە هۆی جیابوونەوەی تەواوەتی نێوان هەر دوو وڵات و دروستبوونی گیانی نیشتمان پەروەرێتی لە هەر دوو لادا و جەنگەکە چۆن بە بێ ڕاگەیاندن دەستی پێ کرد بە بێ هیچ ڕێکەوتن و ڕاگەیاندێکیش کۆتایی هات.

جەنگی سەد ساڵە بە سەرکەوتنی فەرەنسییەکان کۆتایی هات و دەبوو بە زووترین کات فەرەنسییەکان دەست بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دروستکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندی بکەن و دانانی سنوورێک بۆ هێزی بۆرغەندیا، بە هاتنی لویسی یازدەیەم (١٤٦١ - ١٤٨٢) کە دەسەڵاتی هەبوو زۆر گرانکاری ڕوویاندا بە تایبەت هەوڵ و کۆششی دۆقەکانی بۆرغەندیا و لویس سەرەڕای چاکی خۆی کۆمەڵێک کەسی باشی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و لە دەوروبەری سەدەی پازدەدا، هەرچی هەرێم و میرنشینی دەرەبەگایەتییە لەگەڵ مەملەکەتی فەرەنسی تێکەڵ بوون و ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ناوەندەوە.

لە سەدەی چواردەدا ئەنجوومەنی چینەکان پێگەیەکی گرنگی لە ژیانی سیاسی فەرەنسادا هەبوو، هەرچەندە پاشتر بە چەند کارێکی خراپ و نەشیاوەوە تێوەگلا، بۆیە ڕۆڵی خۆی لە دەست دا، بە هاتنی ساڵی ١٥٠٠ پاشایەتی فەرەنسا سەرکەوتن بەسەر هەموو میر و دەرەبەگ و شارەکان و تا ڕادەیەکیش کڵێسەکانیش و زۆر کاردا، کە پاشاکان دەستیان دابوویە، لویسی دوازدەم توانی تەواوی بکات و خەڵکی بە گەشبینییەوە لە ئایندەی وڵاتەکەیان دەڕوانی.

دوابەش لە بەشی حەوتەم باس لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز دەکات و لە سەرەتادا پێشینەیەکی مێژوویی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی باس دەکات، بە تایبەتی لە دوای سەدەی حەوتەمەوە و هەر لەم بەشەدا تیشک دەخاتە سەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، بە تایبەتی پاش تاج لەسەر نانی شارلمان لە ساڵی ٨٠٠ی زایین لەلایەن پاپاوە و هەندێک لە مێژوونووسان ئەم ڕووداوە بەسەرەتای ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز دەزانن، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەری هەڵداوە و تا ساڵی ١٠٨٦ ی خایاند و هەندێکی دیکە بە دابەش

بوونی مەسیحیەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوای دەزانن و بە هۆی دابونەریت و بچووکبوونەوەی ئیمپراتۆرییەتی گەورەوە سەرئەنجام لە ساڵی ٩٣٤ ی زایینی ئیمپراتۆر کۆتایی پێ هات، بەڵام هێندەی نەخایاند بیرۆکەی ئیمپراتۆرییەتییەکی دیکە سەری هەڵدا کە لە (ئەڵمانیا) بوو.

ئەڵمانیا مەملەکەتی فەرەنجییە رۆژهەڵاتییەکان بوو، کە بەر لویسی ئەڵمانی کەوت و پاشان بەر بنەماڵەکەی کەوت، لە ساڵی ٨٩٩ درایە لویسی بچکۆل، کە بە مردنی دەسەڵاتی کارۆلینجی لە ئەڵمانیا کۆتایی پێ هات و سەردەمی پاشایەتی دوای ئەو سەردەمە تایبەتمەند بوو بە دوو شتەوە (زیاد کردنی مەترسی لە خۆرئاوا وەک هێرشی سلاڤ و هەنگارییەکان، زیاد کردنی دەسەڵاتی دەرەبەگەکانی ئەڵمانیا) لە ساڵی ٩١١ ئەڵمانیا لە چوار دۆقی گەورە پێکهاتبوو، پرۆفیسۆر جیمس ئۆمیسۆن بۆ مێژووی ئەڵمانیا و چەرخەکانی ناوەراست دەنووسێت " ئەڵمانیا لە ماوەی سەدەی ١٠ - ١٢ دا بەهێزترین وڵاتی ئەوروپا بووە و بنەماڵەی سەکسۆنەکان بنەمای ئەو هێزەیان دارشت، بەڵام لە سەردەمی بنەماڵەی هۆنشتاوفنیشدا ئەڵمانیا گەیشتە ئەوپەڕی بێ هێزی و فەرەنسا جێگەی گرتەوە و ئەم بێ هێزییە درێژەی کێشا... ".

بنەماڵەی سەکسۆنەکان و بوونیان لە ئەڵمانیا و فەرمانرەوایەتییان نیشانەی بۆ کراوە و ئاماژە بە چەند پاشایەکیان دەدات:

١ - هنری یەکەم کە لە ساڵی ٩١٩ دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ساڵی ٩٣٦ کۆتایی بە دەسەڵاتی هات، پاشای بنەماڵەی ساکسۆنەکان بووە و زۆر سیاسەتی ناوخۆی دارشت و ئەو سیاسەتەی پەیرەو دەکرد کە دەیگوت " بۆ خۆت بژی و واز لە خەڵکانی دیکە بهێنە.... " ئەو توانی هێرشی هەر یەکە لە هەنگارییەکان و سلاڤییەکان بۆ سەر فەرمانرەوایەتییەکەی تێک بشکێنێ.

٢ - ئۆتۆی یەکەم کە لە ساڵی ٩٣٦ هاتە سەر حوکم و لە ساڵی ٩٧٢ کۆتایی بە دەسەڵاتی هات و ئەم بە مەزنترین شای ساکسۆنییەکان دادەنرێت و ئەڵمانیا لە سەدەی دە و یازدەدا گەیشتە ئەوپەڕی هێز کە چاکەی بۆ ئەم شایە دەگەڕێتەوە و زۆر بە حەماس بووە بۆ دروستکردنی ئەڵمانیایەکی بەهێز و لە سەردەمی ئەمدا ئەسقەفەکان زیاتر گرنگییان پێ دەدرا و رۆڵیان دیار بوو، ئۆتۆی گەورە گەلێک جەنگی بەرپا کرد، کە گرنگترینیان جەنگی (لحفید) بوو لە ساڵی ٩٥٥ کە توانی بەسەر مەجەرەکاندا سەربکەوێت .

٣ - هاتنی هەر یەکە لە ئۆتۆی دووەم، ئۆتۆی سێیەم، هنری دووەم کە دەسەڵاتیان لە ٩٧٣ دەست پێ دەکات تا ١٠٢٤ ی زایینی و ئەم سێ پاشایە لە سەر هەمان بنەما رۆیشتن کە ئۆتۆی گەورە دایرشتبوو، ئەوانە زۆر هەوڵیان دا بۆ گەرانەوەی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لە ئیتاڵیا و بە مردنی هنری دووەم دەسەڵاتی ساکسۆنەکان کۆتایی پێ هات.

ئەڵمانیا لەسەردەمی بنەماڵەی فرانکفۆنیدا کە لە ساڵی ١٠٢٤ دەست پێ دەکات تاوەکو ساڵی ١١٢٥ و لەم بەشەدا جگە لە پێشەکییەک بۆ دەسکەوتی بنەماڵەی ساکسۆنی کە باسی دەکەن وەک زاڵبوونیان بەسەر کڵێسە و تا رادەیەک پاپاکاندا تیشک خراوەتە سەر چەند پاشایەکی فرانکفۆنی:

١ - کۆنرادی دووەم کە لە ساڵی ١٠٢٤ - ١٠٣٩ دەسەڵات دەگرێتە دەست و یەکێک بوو لە مەزنترین پاشاکانی ئەڵمانیا لە سەدەی ناوەراستدا و زۆر دانا و ژیرتر بوو، توانی بەسەر ئەسقەفەکاندا زاڵ بێت و گرنگی بە وەچاغ زادە بچووکەکان دەدا، کە دواتر ئەمە بوو بە هۆی لاواز کردنی دەسەڵاتی ناوەند .

٢ - هنری سێیەم کە لە ساڵی ١٠٣٩ - ١٠٥٦ لە دەسەڵاتدا بوو بە دواپین پاشای ئەڵمانی دادەنرێت لە سەدەکانی ناوەرستدا و تا رادەیەک سەرکەوتوو بوو لە کەم کردنەوەی دۆقەکان و دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتدا بەهێز کرد و دەستی بەسەر کڵێسەدا گرت، پاش کۆچی دوایی خۆی، ئەوە بۆ کوڕەکەی (هنری چوارەم) بوو بە کێشە.

٣ - هنری چوارەم کە لە ساڵی ١٠٥٦ - ١١٠٦ دەسەڵاتی گرتە دەست، گەورەترین کۆسپ لە ماوەی فەرمانرەوای ئەمدا کڵێسە و پاپاویەت بوو کە بە تەواوەتی تووشی دارمان و گەندەڵی بوو بووەوە، هنری چوارەم یەکێک بوو لە بەهێزترین پاشایانی ئەڵمانی و هاوکات بەدبەختترینیشیان بوو، دەبوو ئەم پاشایە رووبەرووی وەجاغزادە و پیاوانی کڵێسە ببێتەوە و ئەوە بوو ئەو جەنگەی دەست پێ

کرد و کار گەیشتە ئەوەی کە ناو بە دیکتاتۆر دەر بکات و هاوکات لە ساڵی ١٠٧٣ (هاڵدیراند) کە جووتیارێکی ئیتاڵی بوو، بە یەکێک لە گرنگترین پاپاکان دادەنرێت و ئەم پیاوە دەستی بە چاکسازی لە کڵێسەدا کرد، ئەمەیش بوو بەهۆی ململانێ لە نێوان دەستەی پاشا و کڵێسەدا، سەرئەنجام بە سەرکەوتنی پاپا کۆتایی هات، ئەمەیش بوو بە هۆی دیق کردنی هنری چوارەم و دوای خۆی کوڕەکەی (هنری پێنجەم) هاتە سەر حوکم کە تا ساڵی ١١٢٥ لە دەسەڵاتدا مایەوە.

ئەڵمانیا لە سەردەمی بنەماڵەی هۆهنشتاوفن کە لە ساڵی ١١٢٥ – ١٢٥٤ دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەویش دوای کۆچی هنری پێنجەم، کە وەجاخ کوێر بوو، هیچ منداڵێکی نەبوو، پاش ٢٧ ساڵ ململانێی نێوان هەردوو بنەماڵەی (هۆهنشتاوفن و گۆڵفز) کە سەر ئەنجام یەکەم پاشای بنەماڵەی یەکەم فەریدریکی یەکەم هاتە سەر حوکم کە ئاماژە بە چەند پاشایەکیان دراوە:

فردریک بەربروسی کە لە ساڵی ١١٥٣ – ١١٩٠ لە حوکمدا بوو لە پاشا گرنگەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت و پیاوێکی وریا و ئازا بووە و زۆر بڕوای بە بیرۆکەی ئیمپراتۆر هەبووە، هەر بۆیە لەو پێناوەدا جەنگاوە، بە تایبەتی لەگەڵ پاپاکاندا و چەندین هێرش و شەڕ و پەیماننامەی گرێ داوە، لەوانە پەیماننامەی (کۆنستانس) و هێرشی خاچپەرستی سێیەم، فردریک لە ساڵی ١١٨٨ بەشدار بوو، بەڵام لە کاتی چوونی لە ڕێگە لە ئاودا خنکا.

هنری شەشەم کە لە ساڵی ١١٩٠ – ١١٩٧ دەسەڵاتی هەبوو و پاش کۆچی باوکی هاتە سەر حوکم و ماوەی دەسەڵاتی ئەم بە ململانێیەکی زۆر دادەنرێت لە نێوان دەستەڵاتی ئیمپراتۆر و پاپادا و ئەو کاتەی کە خۆی بۆ جەنگی خاچپەرستەکان ئامادە دەکرد لە تەمەنی لاوێتیدا کە ٣٢ ساڵ بوو کۆچی دوایی کرد و کۆچی دوایی هنری واتا کۆتایی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لە ئیتاڵیا و لە ناوچوونی خەونی دەوڵەتێکی ئەڵمانی بەهێز.

بە کۆچی دوایی هنری شەشەم ئیتاڵیا هەناسەی ئاسوودەیی هەڵمژی و باکووری ئیتاڵیا سەربەخۆیی ڕاگەیاند و لەو کاتەدا (ئەنۆسسنتی سێیەم) هاتە سەر تەختی پاپا، لە ساڵی ١١٩٨ – ١٢١٦ لە حوکمدا مایەوە، کە کەسێکی ژیر و لێهاتوو بوو و لە زانکۆ چەند زانستێکی خوێند.

لە ئەڵمانیا دوای مردنی هنری شەشەم ململانێ لە نێوان هۆهنشتاوفن و ولفییەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات درێژەی کێشا کە چوارده ساڵی خایاند، سەر ئەنجام فردریکی دووەم بوو بە پاشای ئەڵمانیا.

فردریکی دووەم کە لە ساڵی ١٢١٥ – ١٢٥٠ لە سەر حوکمدا بوو سەرەتا پێوەندی لەگەڵ پاپادا باش بوو، بەڵام دواتر پێوەندیان ئاڵۆز بوو، بەتایبەتی ئەو دەمەی کە فردریک خۆی لە جەنگی خاچپەرستەکان دزییەوە، ئەمەیش پاپای تووڕە کرد و سەرئەنجام کڵێسە و دەسەڵاتی کڵێسە توانییان دەسکەوتێکی دیکە بەدی بهێنن و پاش کۆچی پاشا لە ساڵی ١٢٥٠ کوڕەکەی هاتە سەر حوکم (کۆنراد) و ئەمیش نەیتوانی لە سەر حوکم بمێنێتەوە و ناچار هەڵهات بۆ ئیتاڵیا.

لە دوا بەشی ئەم بابەتەدا باس لە ئەڵمانیا دەکات دوای ساڵی ١٢٥٠ و تێیدا هاتووە کە ئەو وڵاتە لە سەدەی ١١ و ١٢ دا بەهێزترین دەوڵەتی ئەوروپا بووە، بەڵام لە سەدەی ١٣ دا ئەو بەهێزییە لەناوچوو، لە سەدەی ١٤ و ١٥ یشدا دەرکەوتنی پاشایەتی بەهێز و پێشکەوتنی دەسەڵاتی ناوەند بوو، هۆکارەکانی پێش نەکەوتنی ئەڵمانیا وەک فەرەنسا و بریتانیا بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١- هەڵبژاردنی پاشا لەسەر بنەمای پشتاوپشت.

٢ – هێزە دەرەبەگی و خێڵەکییەکان بە باشی سوودیان لێ نەدەبینرا.

٣ – تێوەگلان و سەرقاڵبوون بە ئیتاڵیا و پاپاویەتەوە....

لە سەدەکانی ١٣ و ١٤ دا کۆمەڵێکی زۆر لە دەسەڵاتداران بە ناوی جۆربەجۆر دەرکەوتن وەک (تارکدۆق، دۆق، کۆنت...) کە حوکمیان دەکرد و لەو دەمەدا چەندین قەوارەی نوێ دەرکەوتن، کە بریتی بوون لە شارەکان.

دوای ئەو سەرگەردانییەی ئەڵمانیای گرتەوە تەختی دەسەڵات بە چۆڵی مایەوە تا ئەو کاتەی بنەماڵەیەکی گرنگ هاتن بە ناوی هیبسبۆرگ کە لە بنەچەدا خەڵکی (ئەلزاس) ی سویسرا بوون و لە

سەدەکانی ١٥ و ١٦ دا توانییان دەست بەسەر ئەوروپادا بگرن و تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ لە ژێر دەستییان مایەوە و بەم شێوەیە کێشمەکێش لە نێوان بنەماڵەکاندا درێژەی کێشا تا ئەو کاتەی کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە بە بنەماڵەی هۆهنزلرن دەکات کە ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەوروپا و ئەڵمانیای سەدەکانی داهاتوودا بینیوە.

## بەشی هەشتەم

بەشی هەشتەم کە دوا بەشی ئەم کتێبەیە بۆ جەنگی خاچپەرستەکان تەرخان کراوە، وەک باکگراوندێکی مێژوویی باس لەم جەنگە دەکات کە ئەوروپای مەسیحی کردیانە سەر وڵاتە عەرەبییەکان، کە لە کۆتایی سەدەی ١١ دەستی پێ کرد و نزیکەی دوو سەد ساڵی خایاند (١٠٩٦ - ١٢٩١) زایینی.

پاڵنەکارەکانی جەنگی خاچپەرستی کراوەتە چەند بەشێکەوە لەوانە:

١ پاڵنەری ئایینی: کڵێسەی خۆرئاوا بەردەوام شوێنکەوتووانی هان دەدا بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانەکان و جەنگانی لەگەڵیان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانی، کە ئەمەیش هانی مەسیحییەکانی دا کە لەو جەنگەدا بەشدار بن، هاوکات ئەو هەموو دژوارییانەی کە دەهاتە ڕێی ئەو حەجاجانەی کە دەهاتن بۆ خاکی پیرۆز لە (بيت المقدس) ئەمەیش بەهانەی بە دەست پاشاکانەوەدا جەنگ هەڵگیرسێنن، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە سەلجووقییەکان دەرکەوتن و بە توندی کەوتنە گیانی حاجییە مەسیحییەکان.

٢ - پاڵنەرە ئابووری و بازرگانییەکان: تەماعی دەرەبەگە فەڕەنسی و بازرگانە ئیتاڵییەکان کە ئایین بە لای ئەوانەوە هۆیەک بوو بۆ گەیشتن بە مەرامە بازرگانی و سیاسییەکان و دەرەبەگە فەڕەنسییەکان زەوی زۆریان دەسکەوت و بازرگانەکانیش بە هۆی بەشدارییانەوە قازانجی زۆریان دەست کەوت، دەکرێت بە کورتی جەنگی خاچپەرستی بە جەنگێکی داگیرکاری ئەوروپی دژی جیهانی ئیسلامی بزانرێت .

پێشکەوتنی جەنگی خاچپەرستان کە دەتوانین ئەم جەنگە بکەین بە چەند قۆناغ و هەڵمەتێکەوە:

### هەڵمەتی یەکەمی خاچپەرستی:

١- هەڵمەتی میللی: ژمارەیەکی زۆر لە جووتیار و خەڵک بۆ ئەو جەنگە ئامادە کران کە شارەزایی زۆریان لە هونەری جەنگدا نەبوو و بە سەرکردایەتی واڵتەر بەرەو قوستەنتینییە بەرێ کەوتن، بەڵام لە ڕێگەدا تووشی کەم خۆراکی و جەنگی مەجەڕەکان هاتن و پاش ئەوەی جارێکی دیکە بەڕێ کەوتنەوە، بەڵام دیسان لەسەر دەستی تورکەکان تووشی شکست هاتن و ئەم هێرشە هیچ ئامانجێکی سەربازی نەپێکا.

٢ - هەڵمەتی میرەکان: هەڵمەتی میرەکان لە هاوینی ١٠٩٦ دا دەستی پێ کرد، کە بە زۆری لە فەڕەنسییەکان پێکهاتبوو و هەڵمەتەکە لە چەند سریەیەک پێکهاتبوو، هەر سریەیەکیش لە ژێر فەرماندەی میرێکی دەرەبەگدا بوو، لە میرە بەناوبانگەکان کە تێیدا بەشدار بوون هەر یەکە لە (جۆدفری دی بوایۆن، بلدرێن) بوون کە لە سوپایەکی ١٥٠ هەزار پیاوی پێک هێنرا و بڕیار بوو هەموویان لە قوستەنتینییەدا یەک بگرنەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی و جیاوازگەلێکی زۆر ئەم هەڵمەتەیش سەری نەگرت، بە تایبەت جیاوازی نێوان کڵێسەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و زمان و دابونەریتیان.

بە هۆی بارودۆخی جیهانی ئیسلامی لەو دەمەدا، کە یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو و سەرکردەیەکی لێ هاتووی نەبوو، وای کرد کە خاچپەرستەکان پەلاماریان بدەن، هەرچەندە سەلجووقییەکان و حەمیە سەربازەکانیش هەبوون، بەڵام سەرئەنجام لە ساڵی ١٠٩٧ خاچپەرستەکان لە پسفۆرەوە پەڕینەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و (نقيه)یان داگیر کرد و پێشڕەوییان کرد بۆ شاری ئەنتاکییە و توانییان داگیری بکەن و پاش هاتنی کەشتیگەلی ئیتاڵی زیاتر ڕێگە بۆ خاچپەرستان ئاسان بوو لەوەی جگە لە ڕێگەی وشکانی توانییان ڕێگەی دەریاییش تاقی بکەنەوە، پاشان توانرا لە ڕۆژهەڵات چوار میرنشین، یان دەوڵەتی بچووک دابمەزرێنن (ڕەها، ئەنتاکیا، تەرابلووس و مەملەکەتی قودس) کە لە هەر چوار نیمچە دەوڵەتەکەدا سیستمی حوکمرانی لەگەڵ دابونەریتی دەرەبەگایەتیدا پێک دەهاتەوە، پاشان دێری خۆرئاوا هێنرایە خۆرهەڵات و چالاکی ئابووری لە شارە کەنارییەکاندا پەرەی سەند، بە هۆی هێرشی بەردەوامی

موسڵمانەکان خاچپەرستەکان زیاتر گرنگییان بە هێزی بەرگری دەدا، بەڵام بە هۆی بوونی چەند خاڵێکی لاوازەوە و پاش بەهێز بوونی موسڵمانەکان و هاتنی سەرکردەیەکی بەهێز توانیان مەملەکەتی خاچپەرستەکان یەک بە دوای یەکدا تێک بدەن.

دەوڵەتی سەلجووقی کە لە سەدەی ١٥ دا رووخا، پاشماوەیان مابوو، کە بە (ئەتابکە) ناسراوبوون و بە تایبەتی ئەتابکەکانی مووسڵ لە ساڵی ١١٣٧ حوکمڕانی موسڵمانیان دەکرد، پاشتر میرنشینەکەیان فراوان بوو، لە ساڵی ١١٤٤ عیمادەدین توانی شاری رەها لە دەستی خاچپەرستەکان بسێنێتەوە و پاش پەنجا ساڵ یەکەم میرنشینی خاچپەرستەکان رووخا.

**هەڵمەتی دووەمی خاچپەرستی:**

هەوڵی رووخانی رەها گەیشتە ئەورووپا و ئەمەیش بووە مایەی بێزاری و توورەیی زۆر، بۆیە پاش پێکهێنانی سوپایەکی بەهێز کە لویسی حەوتەمی پاشای فەرەنسی و کۆنرادی سێیەمی ئەڵمانیای تێدا بوو بەرەو رۆژهەڵات کەوتنەرێ، بەڵام ئەم هەڵمەتە شکستی خوارد، بە تایبەتی پاش دەرکەوتنی سەلاحەددینی ئەیووبی و یەکخستنی شام و میسر و پاش خۆ ئامادە کردن بۆ رزگارکردنی بیت المقدس و لە ساڵانی ١١٨٥ و ١١٨٦ چەند سەرکەوتنێکی تۆمار کرد، جەنگی یەکلاکەرەوەی (حتین) لە ساڵی ١١٨٧ رووی دا، کە تێیدا خاچپەرستەکان شکان و نزیکەی ١٥٠٠ سەربازی سوارە و ٢٠ هەزار سەربازی پیادەی تێداچوو، جگە لە لەدەستچوونی شاری سوور.

**هەڵمەتی سێیەمی خاچپەرستی:**

پاش گرتنی قودس نارەزایی زۆر لە ئەورووپا بڵاو بووەوە، بۆیە سوپایەکی بەهێز بە بەشداری هەرسێ پاشا (فریدریکی یەکەمی ئەڵمانی، ریچاردی یەکەمی بریتانی و فلیپ ئۆغستسی فەرەنسی) پێکهێنرا، هەر بۆیە ئەم هەڵمەتە بە هەڵمەتی پاشایان ناو دەبرێت، هەردوو پاشا فریدریک و ئۆغستس زوو شکستیان هێنا، بەڵام ریچارد گەیشتە فەلەستین کە بە پیاوێکی ئازا و بە جەرگ ناوی دەرکردبوو و هەر یەکە لە موسڵمان و مەسیحییەکان لە سایەی ریچارد و سەلاحەدیندا نموونەی مەردایەتیان بینی، سەرەڕای بوونی شەڕ لە نێوانیاندا، بەڵام دۆستایەتییان هەبوو، پاش هەوڵێکی زۆر ریچارد نەیتوانی قودس بگەڕێنێتەوە بۆ خاچپەرستەکان، هەر بۆیە لە ساڵی ١١٩٢ گەڕایەوە بۆ ئەورووپا، لەماوەی سەدەی ١٣دا هەستێکی دژ بە جەنگی خاچپەرستان دروست بوو، سەرەڕای گوێ پێنەدانی پاپاکان بەو جەنگە و خۆ خەریک کردن بە کاروباری ناوخۆوە، بە تایبەتی رووبەرووبوونەوەی بیدعەچییەکان، ئەمەیش وای کرد کە جەنگی خۆرهەڵات لەو دەمەدا بایەخی نەمێنێت.

**هەڵمەتی چوارەمی جەنگی خاچپەرستی:**

لەم هەڵمەتەدا بە روونی دەردەکەوێت پاڵنەری سەرەکی بۆ جەنگ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری بوو، بەڵام بە حەماسی ئایینی پەردە پۆش کرا بوو و سەرکردەی هەڵمەتەکەیش (ئەنۆسنتی سێیەم) بوو کە لەگەڵ ڤینسەکان رێک کەوت و سەرئەنجام لەم هەڵمەتەدا سەرەڕای نارەزایی کڵێسە، بەڵام قوستەنتینییە داگیر کرا کە تا ساڵی ١٢٦١ بیزەنتینییەکان نەیانتوانی شارەکەیان رزگار بکەن.

پاش ئەم هەڵمەتانە هەر یەکە لە فریدریکی دووەم و قەدیس لویس جەنگی خاچپەرستیان ئەنجام دا، بەڵام هیچی سەرکەوتوو نەبوو، هێرشی قەدیس لویس بە دواین هێرشی خاچپەرستەکان بۆ سەر وڵاتانی موسڵمان و عەرەبی دادەنرێت.

دواین بابەتی ئەم بەشە تایبەت کراوە بە کاریگەری جەنگەکانی خاچپەرستی لەسەر ئەورووپا و تێیدا هاتووە ئەم جەنگە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە چەند ئەنجامێکی گرنگی لەسەر ئەورووپا دانا:

١ - لە رووی ئابوورییەوە: ئەم جەنگە بوو بە هۆی چاکتر کردنی بازرگانی ئەورووپا، بە تایبەتی ئیتاڵییەکان لەگەڵ گەلانی موسڵماندا و دوای جەنگیش کالاکانیان بۆ رۆژهەڵات هەر دەهات

٢ - لە رووی رۆشنبیرییەوە: بە هۆی ئەوەی کە ئەورووپاییەکان لە رێگەیەک دەگەران بۆ هاتنیان بۆ رۆژهەڵات، ئەمەیش بە سەرەتای دۆزینەوەی زانستی جوگرافیا دادەنرێت کە شۆڕشێکی مەزنی مرۆڤایەتی بوو.

٣ - لە رووی کۆمەڵایەتییەوە : گەشەکردنی بازرگانی بوو بە هۆی

دەرکەوتنی چینی بورژوازی لەسەر حیسابی چینە ئۆروستوکراتییەکە، ئەمەیش ڕۆڵی گرنگی لە هەڵوەشاندنەوەی دەرەبەگایەتیدا هەبوو.

٤- لە ڕووی سەربازییەوە: ئەوروپا زۆر شت لە موسڵمانەکانەوە فێر بوو، وەک بەکارهێنانی چەکی سووک و پشت بەستن بە هێزی پیادە و دروست کردنی قەڵا.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە هەر یەکە لەو بەشانەی کە لەو کتێبەدا هاتووە تایبەتە بە چەند ڕووداوێکی گرنگ کە دەتوانرێ چوار بەشی سەرەتای کتێبەکە بەوە سەیر بکرێت کە تایبەتە بە ململانێی ناوخۆی ئەوروپا و دەرکەوتنی هۆزەکان و زیاتر کار لەسەر ئەو کیشوەرە کراوە بەو شێوەیەی کە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی چووە، چوار بەشی تری کتێبەکە دەتوانرێ بەوە سەیر بکرێت کە ئەوروپا لە قوناغی پێکهێنان و خۆ گرتنەوەدایە و هەنگاوی بۆ دروست بوون ناوە، تەنانەت پەلی بۆ دەرەوەی سنووری خۆی هاوێشتووە و لە تێکڕای سەردەمەکاندا پشتاوپشتی بۆ هاتنە سەر دەسەڵات ڕەنگی داوەتەوە، کە کاری سلبی لەسەر ژیانی ئەوروپا داناوە، لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی کە بەردەوام لە کێشمەکێشدا بووە و بە چەندین قوناغدا تێپەڕیوە و لە خزمەتی کۆمەڵێک خەڵکدا بووە، هەر بۆیە ئایینی مەسیحی و کڵێسە چەندین جار ڕیفۆرمی تێدا کراوە.

لێرەدا سەرەڕای دەست خۆشی زۆر بۆ مامۆستا مستەفا سەعید کە ئەم ئەرکەی ڕاپەڕاندووە، هیوای بەرهەمی باشتری بۆ دەخوازم، چەند تێبینی و ڕەخنەیەک دەخەمە ڕوو بە ئومێدی سوود بینین بۆ پرۆژەی داهاتووی:

١ - نەبوونی پێشەکی خودی وەرگێڕ و پێشەکی نووسەران کە گرنگ بوو لە کتێبەکەدا هەبوایە.

٢ - وەک دەوترێت کاغەزی بێ وێنە وەک زەوی بیابان وایە، لەم کتێبەیشدا هیچ وێنە و نەخشە و هێڵکارییەک بەدی ناکرێت کە ڕەنگە بۆ خوێنەر بە سوود بێت.

٣ - نەبوونی پەراوێز بۆ هەندێک زاراوە و وشە، کە دەکرا وەک ئەرکێکی وەرگێڕ مامۆستا ئەم کارەی بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکە بکردایە.

٤ - بوونی هەندێک هەڵەی چاپ و زمانەوانی وەک (لە لاپەڕە ١٦١ و ١٨٨ دا بۆ جەنگی سەد ساڵە رووی داوە، یان لە لاپەڕە ١٣٧ دا لە سەرەتای پەرەگرافەکەوە نوسراوە " وا دێتە بڕوا بوون کە بنەچەکی کڵێسەکان بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی.... " کە جوانتر بوو بنوسرێت " بڕوا وایە، یان ڕەنگە بنەچەی، یان بنەڕەتی "....

٥ - کاتێک کە ناوی کەسایەتییەک دەبینیت لە بەرانبەری لە نێو کەوانەدا ساڵێک نووسراوە، بۆ نموونە " هنری چوارەم (١٠٥٦ - ١١٠٦) ی زایینی کە ئەمە لە کتێبەکەدا ئاماژەیە بۆ ساڵی حوکمڕانی و ئاماژەیش بەوە نەدراوە کە وایە، خوێنەری کورد لەسەر ئەوە ڕاهاتووە کە ئەو ئاماژەیە بۆ لەدایک بوون و مردن بێت.

٦ - هەندێک وشە هەیە کە مامۆستا دەق لە عەرەبییەکەوە وەری گرتووە کە دەبوو ئەسڵییەکەی وەربگرتایە وەک ناوی (ریتشارد) کە خۆی ڕیچاردە...

٧ - خۆزگە مامۆستا ئاماژەی بەو سەرچاوانە بدایە کە بۆ ئەم کتێبە سوودیان لێ وەرگیراوە، بۆ زیاتر ئاشنا کردنی خوێنەری کورد بە سەرچاوەکان.

**سەرچاوە:**

**کتێبی (مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا)، دانانی (د. عبدالامیر محمد امین، محمد توفیق حسین)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (مستەفا سەعید عەلی)، پێداچوونەوەی (مامۆستا سیامەند کەریم مەولوود)، چاپی یەکەم - ساڵی چاپ ٢٠١١، شوێنی چاپ (چوار چرا) لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان.**

# خونچە وشە و خونچە مانا

## «خوێندنەوەیەک بۆ خونچە شیعرەکانی مەسعوود پەرێشان»

ئارام شێخ وەسانی

پەیامی شیعر وەک هەویرێکە بۆ دروستکردنی سەدان جۆری خواردن. شیعر خۆ هەڵواسینە بە تیشکەکانی پەلکەزێرینەدا، شیعر نووسینەوەی پیاسەکانی بەر بارانە، خەون تاکە شوینگەی باڵاکردنی شیعرە، لە ئاوسبوونی عیشق هەمیشە وەچەی شیعر دەکەوێتەوە، منداڵەکانی عیشق جارێکی دیکە، خولیاکانی شیعر دەبەنەوە لووتکەی چیاکان و نزیک سنوورەکانی بەهەشت و بەردەم تراویلکەکانی بیابان. شیعر هەردەم لە سەرسامبوون بە هەبووەکان نزیکمان دەخاتەوە. کاری شیعر ئەوە نییە ژمارەکان کۆبکاتەوە، بەڵکو کۆدەکانی ئەوین شی دەکاتەوە. ئێمە هەر گاڤ لەبەردەم خواستی شیعردا ڕووت دەبینەوە. پەیامی شیعر بە پلەی یەکەم مرۆڤ دۆستییە. شیعر هەرگیز هانمان نادات باس لە ناشیرین کردنی یەکدی بکەین، شیعر هەرگیز فێرمان ناکات بەرانبەر بە جوانییەکانی ژیان دڵڕەق بین. شیعر فێرمان دەکات جیاوازی لەنێوان شەونمی گەڵا و فرمێسکی دایکێکدا نەکەین. شیعر بەرباسدانی نازەکانی مانگەشەوە، شیعر ئاوەدانکردنەوەی پێدەشتی جوانییە وشکبووەکانە. شیعر شۆڕبوونەوەیە بە ڕەگی پرسیار و گوماندا.




لە ماوەی ڕابردوودا سێ دیوانی شیعری (مەسعوود پەرێشان) چاپ کران، ئەو لەسەر ئەرکی خۆی ئەم بەرهەمانەی خۆی چاپ کردووە، بەرهەمەکان بەناوی (مانگەشەو، هەرزەیی و وەرزی جوامێری، خونچە شیعرەکانی مەسعوود پەرێشان)ن. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت چەند سەرنجێکی هەمەلایەنی لەبارەوە بڵێم، تەنیا دیوانی (خونچە شیعرەکانی مەسعوود پەرێشان)ە، شاعیر لەم دیوانەدا کورتە شیعرەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە، کە بە خونچە شیعر ناوی بردوون، لە کۆی هەموو ئەو شیعرانەدا، چەندین تەوەر و باسی جیاواز دەبینرێن، کە لەپشت ماناکانی ئەو خونچە شیعرانەوە، وەک نهێنییەکی ئاسان خوێنەر دەتوانێت دەستەمۆیان بکات. ئەوەی من دەمەوێت لە بارەیەوە بدوێم چەند تەوەرێکە، (پرسی

شیعر، زمانی شیعر، فۆرمی شیعر)، ئەمانە بەیەکەوە بەرهەمێکی ناوازە دەخوڵقێنن. ناکرێت شیعرێکی جوان بنووسین کاتێ یەکێک لەم سێ پرسە فەرامۆش بکەین. هەرچەندە بیروڕای جیاواز و قسەی زۆر سەبارەت بە هەر یەکێک لەمانە هەیە، بەڵام من هەوڵ دەدەم بە کورتی سەرنجەکانم لە ڕوانگەی ئەم سێ بنەمایەوە بخەمەڕوو، ئەگەر لە فۆرمی شیعرەکانەوە دەست پێ بکەین، پێویستە بڵێین فۆرمی شیعری یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی داهێنانی شیعر. شاعیران بەدرێژایی مێژوو لە هەوڵی ئەوەدابوون، کە فۆرمی جیاواز بەشیعر ببەخشن، هەروەها ئەوەی لە ڕابردوودا تا نها بینراوە چەندین جۆر فۆرمی شیعری لە سەردەمە جیاوازەکاندا بووەتە مۆدێلی شیعری. ئەوەی گرنگی فۆرمی شیعری دەردەخات تەنیا تەکنیکی داهێنەرانەی نووسەر نییە، بەڵکو ئەو مەیلەیە، کە فۆرمەکە بۆ زۆرترین چێژی شیعری نیشانی دەدات، یان زۆرترین مانای شیعری، ئەگەر لە بابەتی سەرەکی زۆر دوور نەکەوینەوە، چەند شتێک بە ڕوونی دەردەکەوێت. بە بۆچوونی من فۆرمی گفتوگۆ یەکێکە لە فۆرمە ئاڵۆزەکان، کە بەردەوام ئیشکالی شیعربوون و شیعرنەبوونی لەسەرە، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی تێکستە فەلسەفییەکانی ئەرستۆ و سوقرات و ئەفلاتوون و یارانیان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی یۆنان و ڕۆما، بریتی بوون لە گفتوگۆ و دایالۆگ (وێڕای ئەوەی بیروڕایەک هەیە دەڵێت: ئەدەب و فەلسەفە لەو گفتوگۆیانەدا سنووریان تێکەڵ کراوە). ئەو گفتوگۆیانە هەرگیز بە فۆرمی شیعری ئەژمار نەکراون، هەروەها بە پلەی یەکەم داهێنەری ئەو فۆرمە نووسینە کە شێوازی گفتوگۆیە، بۆ دەرخستنی پرسێکی فەلسەفییە، کە لە ئەنجامی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی دوورودرێژ و بەردەوام دواتر گەیشتن بە وێستگەیەک، کە لووتکەی قەناعەتە بۆ گفتوگۆکەران. ئەمە جگە لەو فۆرمە گفتوگۆییەی کە لە چیرۆک و ڕۆماندا هەیە، کە بە بڕوای بەندە ئەو فۆرمە بنچەکەی لە چیرۆکەوە هاتووەتە دەرەوە و دواتر ئەو فۆرمە بۆ ناو پرسە فەلسەفییەکان دزەی کردووە، ئەگەرچی لە شیعرەکانی پەرێشان خۆی بۆ فۆرمێکی دیاریکراو یەکلا نەکردووەتەوە، چونکە لەناو ئەو شێوازە گفتوگۆیەی نێوان جێناوەکانی (ئێمە و ئەوان و من و تۆ)دا، فۆرمی جیاواز دەبینم، کە بەشێکیان لە فۆرمی گێڕانەوەوە نزیکن، هەروەها گفتوگۆ بەشێوەیەکی ڕووت هەستی پێ دەکرێت، شاعیر بەردەوام ئەم گفتوگۆیە دەخوڵقێنێت و بەرانبەری دەخاتە پەیڤین. زۆرێک لەو خونچە شیعرانە هەڵگری فۆرمی دایالۆگین، بۆیە ئەو بابەتە کەمێک لە شیعردا سەرنجڕاکێش نییە، وەلێ زۆر شاعیری جیهانی و ناوخۆیی شیعری گفتوگۆئامێزی لەو جۆرەیان هەیە، بەڵام بە بۆچوونی بەندە وا باشە شیعر جوانییەکانی خۆی بپارێزێت و لە شێوازی گفتوگۆ دوورکەوێتەوە، باشتر وایە شیعر بە فۆرمێک بنووسرێت، کە لەنێوان هەموو شێوازەکاندا چاوشارکێ هەبێت، واتا گشتگیری گرنگە، نەک گفتوگۆیەکی ڕووت، وەک ئەوەی پەرێشان دەڵێت:

**یەکێک پرسی: مامە حەمە کاممان شێتین.**
**ئەویش گوتی: ئەوەی بە شێتێک بڵێ شێت**
**گوتی ئاخر من لەوەتەی هەم دەتناسم**
**گوتی: سەیرە**
**من بناسی و خۆت نەناسی...**
**لاپەڕە ٥٠**

یان گفتوگۆ لەگەڵ خۆی دەکات و دەڵێت:

**بە دڵم گوت: ڕوو لە کوێ کەم**
**گوتی: بۆ یەکەم ژوانگە**
**گوتم: ئێستاکە وێرانە**
**گوتی: بیکە بەنزارگە ......**
**ل١٣٧**

ئەمە وەک دوو نموونە، ئەگەرنا بەشێکی شیعرەکانی پەرێشان فۆرمی گفتوگۆن، ئەمەش جێگەی قسەکردنی زیاترە. هەرچۆنێک بێت ئەوەی زۆر بەلامەوە سەرنجڕاکێشە پرسی بابەتە شیعرییەکەیە، نەک فۆرمی شیعرەکە، وێڕای نکوڵی نەکردن لەبەرانبەر گرینگی فۆرم، وەک ئەوەی لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە، بەڵام بەگشتی شاعیر لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی چەند فۆرمێکی جیاوازەوە تاڕادەیەک شیعرەکانی خۆی بردووەتە لووتکەی ویست و مەبەست. ئەوەی کە ناکرێت لە بابەتی فۆرمی شیعرەکانی پەرێشان-دا لەبیربکرێت، ئەو کێش و ئاوازەیە، کە لە زۆرینەی شیعرەکاندا ڕێچکەی شیعری

کلاسیکمان بیردەخاتەوە. ئەو نەرمە ئاواز و قافییەیەی کە پەرێشان بەکاری هێناوە، بەبۆچوونی من میانگیرییەکە لەنێوان شیعری ئازاد و شیعری کلاسیک، پەرێشان یەکەم شاعیر نییە بەو فۆرمە دەنووسێت، بەڵکو زۆر شاعیری دیکەش مەیلیان لەم شێوازەیە، بە تایبەت پەشێو و دڵشاد مەریوانی و...تاد.

پرسی شیعر زۆر گرینگە، مالارمێی شاعیر چەندین ساڵ لەمەوبەر گوتوویەتی: «شیعر هزر و واتا نییە، بەڵکو مۆسیقایە»، بەڵام من لەگەڵ ئەو وتەیەدا کۆک نیم و بڕوام وایە شیعری بێ هزر وەک خانوویەکی بەتاڵ وایە، کە لە دەرەوە زۆر جوان و شەنگ و ڕازاوەیە، بەڵام لەناوەوە پڕ لە دڕک و شتی بێ سوودە و کەس ناتوانێت تێیدا بژێت و سوودمەند بێت.

هەڵبژاردنی پرسێکی ئاڵۆزی فەلسەفی جێگەی تێرامانی گەورەیە، زۆر جێگەی تێفکرینە، ئەگەر شیعر لە یەک کاتدا خاوەنی ناسکی و پرسێکی باڵا بێت، واتا شیعر هەر ئەوە نییە. کە بە وشەی ناسک بنووسرێت، بەڵکو پێویستە شیعر لە پاڵ وشەی سەرنجڕاکێشدا مانایەکی قووڵ بخاتە چاو و دڵی خوێنەرەوە، هەر لە یەکەم خوێندنەوەدا عەشقێک بە خوێنەر ببەخشێت، کە ئەو عەشقە بێ خواستی بێت خودی وشەکان و ناوەرۆکی شیعرەکە ئەو پەیامە بگەیەننە خوێنەر. لە شیعرەکانی پەرێشاندا بە روونی دیارە کە پرسی جۆراوجۆر هەیە. ڕامانی من بۆ دواترین کتێبی شیعری مەسعوود پەرێشان، بەبێ گومان و بیرکردنەوەی قووڵ تێپەڕی، کاتێ لە خوێندنەوەی شیعرەکان دەبوومەوە گومان و بیرکردنەوەم خەوتبوو، بێ گومان هیچ پرۆژەیەکی نووسین بێ ڕەخنە نییە، تێکستی باش ئەوەیە کە خوێندنەوەی جیاواز لەخۆ بگرێت، هەروەها پرسیار و گومان بۆ چاو و دڵی خوێنەر بخوڵقێنێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پرسی زۆرینەی شیعرەکان کۆمەڵایەتی و ناوخۆیین، ئەوە پانتایی گرتنەخۆی زۆرێک لەبیروڕا جیاواز و گشتییەکانی کەم کردووەتەوە.

هەروەها بەشێکی کەم لەم کورتە شیعرانە پەیامێکی گشتییان بۆ هەموو مرۆڤایەتی پێیە، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، بیرکردنەوەی شاعیر تەواو گیری خواردووە و لەو ژینگەیەی کە ئێستا تێیدا دەژێت و لە ڕابردوودا تێیدا گەورە بووە، پرسی سیاسیبوون و هەستی ناسیۆنالیزمی لای شاعیر بە فراوانی بەهەند وەرگیراوە، شاعیر بۆ زۆرینەی ڕووداو و بابەتە سیاسییەکان قسەی خۆی هەیە، وەک ئەوەی لە شیعرەکانی باوەنوور، نەورۆز، سەرو بەرگەڵوو، قەندیل، پشت ئاشان، کەرکووک، قاسمەڕەش، قۆریتان...تاد). ئەم نموونانە بەسن بۆ ئەوەی فیکری شاعیری پێ واڵا بکرێت. خاڵێکی تر کە جێگەی ئەوەیە باس بکرێت، ئەو خۆویستییەی شاعیرە لەناو شیعرەکاندا، شاعیر بەردەوام لە شیعرەکاندا جێناوی (من)، بەکاردەهێنێت، بەکارهێنانی ئەم جێناوە زۆر هەستیارە، چونکە بەهۆی ئەو جێناوەوە زۆر شت ئاراستە وەردەگرێت و شاعیریش قسەی زاڵ دەخاتە مێشکی خوێنەر، من بڕوام وایە پێویستە بە کەمی ئەو جێناوە بەکاربێت، بۆ ئەوەی شاعیر بەشێوەیەکی پاسیڤ دەرکەوێت، ئەو پاسیڤییە هەم بۆ شاردنەوە و جوانکردنی هەندێک تەلیسم و هەندێک هێڵی پەنهانە، بەڵام ئەوەی من لەو خونچە شیعرانەی پەرێشان دەیبینم زیاتر نووسینەوەی ڕابردوو و شانازی کردنە بە (من)ـەوە. واتا شاعیر خۆی، هەستێک لە ناخی شاعیردا هەیە، کە بەهۆی ئەو جێناوەوە دەرکەوتووە، ئەو هەستەش لای هەموو مرۆیەک هەیە، لێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، من بە ڕێژەیەکی زۆر لای پەرێشان هەستی پێ دەکەم، ئەویش هەستی (خود باڵایی- انا العلیا)یە، ئەم هەستەش لە زۆر باردا باش نییە. بۆ نموونە شاعیر لەم دێرانەدا:

*** من بەفریکی نەتەواوەم... ل٥١.**

*** لەو ئامێزە حەسرەتییەی من... ل٥٦.**

*** دۆران ناچێتە نێو هەگبەی بەردەوامیم... ل٦٨.**

تەنانەت لە شیعری «پەرێشان بوون». ل٦٧، شاعیر بە تەواوی باڵای خۆی دەنووسێتەوە.

هەروەها لە بەشێک لە کورتە شیعرە هاودژەکان تۆختر ئەو خۆ باڵاییە دەردەکەوێت وەک:

*** بوونەوەر جارێ دێتە گۆ**
**من دوو جاران**
**جارێک بەدەنگ و ڕەنگی خۆم**

**جـارێکی دی بە دەنگ و ڕەنگی هەمووتان..لا٧٦.**

یان دەڵێت:

*** کێ گـــــرەو لە زمـــــانی من دەباتەوە.. لا٩٨.**

*** من تراویلکەی بێ وادە و کات و ساتم... لا٩٨.**

*** کراسێکی سوورم لەبەرە**

*** لــــە هـــیـــچ بــــەرەیـــەک ناترسم...لا١٠١.**

هەروەها لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر لە باسی خـۆیدا دەگـاتە لووتکە و دەڵێت:

**دوێنێ خۆمم نەدەناسی**<br>
**ئەمڕۆ دارێکم گەورە و پڕ**<br>
**دوێنێ تاکێکی تەنها بووم**<br>
**ئەمڕۆ دارستانێکی چڕ... لا٧٨.**

ئەوەی ماوەتەوە بیخەینە بەر باس زمانی شیعری پەرێشانە، ئەو شاعیرێکە تا دوا سنوور بە وشەی سادە و بە زمانێکی سادە دەنووسێت، ئەو وشانەی پەرێشان دەیانکاتە شیعر بەهرەمەندیی دەوێت، ئەگینا ئەو وشانە بە بەردەوام لەناو گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەدان، بە بۆچوونی من خاڵی بەهێزی پەرێشان بە توانایی و بەهرەی شاعیربوونی لە سادەیی زمان و وشەکانیەتی، ئەو هەرگیز خوێنەر ماندوو ناکات و لە ڕێگەی تێکهەڵکێش کردنی ئاوازێکی نیوە کلاسیک و نیوە ئازادەوە چێژێکیش بە خوێنەر دەدات، ئەو لەم نێوەندەدا دەیان وشەی سادەی تەژی لە مانا بە گەلای جوانیدا هەڵدەواسێت. لەلایەکی ترەوە ئەوەی من لەم کتێبە شیعرییەی پەرێشاندا بەرچاوم کەوتبیت، چەند ڕەخنەیەکە سەبارەت بە خاڵبەندی و لایەنی ڕێزمانی، کە گرینگە شاعیر ژیرانە لە تەک ئەو بابەتانە مامەڵە بکات و زۆرترین گرینگییان پێ بدات. وەک ئەوەی، دەڵێت:

*** خودا کە هەژاری دروستکرد.**

لێرەدا (هەژار) ناوە، (هەژاریی) دروستە.. لا٦٤.

*** یەکێک پرسی: مامە حەمە کاممان شێتین.. لا ٥٠.**

*** بە دڵم گوت: ڕوو لە کوێ کەم... لا١٣٦.**

ئەم دوو ڕستەیە نیشانەی پرسی دەوێت

لە هەمان شیعر دەڵێت:

**گوتی: سەیرە**<br>
**من بناسی و خۆت نەناسی**

ئەم دوو دێرە پێویستیان بە نیشانەی سەرسوڕمانە.

### بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# شایەتییەکی بەخێر بۆ (ڕامان)

د. هیمدادی حوسێن

ڕۆژنامەنووسیی کوردی، لە ڕۆژگارێکدا تۆمارێکی زیندووی ژیانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵی کوردەواری بوو، کە هێشتا چاپ و چاپەمەنی و کتێب بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناوەندی ڕووناکبیریی کوردیدا بڵاونەببۆوە، لەبەر ئەوە ببووە سەکۆیەک بۆ وتووێژ و بڵاوکردنەوەی دەقی ڕەخنەی ئەدەبی، بۆیە سەیر نییە بڵێین سەرەتا دەسپێکی ڕۆژنامەوانیی لەلایەکەوە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ هەنگاونان بەرەو مەدەنییەت، لەلایەکی دیکەشەوە لەباری ئەدەبییەوە، ئەگەر جاران پانتایی و ڕووبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی هەر بە تەنیا شیعر بوو، ئیدی ژانرەکانی پەخشان بە هەرمێن کەوتن.

لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار ناوێکی درەوشاوەن، بەهۆی ئەو کەسانەی بەرهەمی داهێنەرانەیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، یان بەهۆی ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە کایەکانی ئەدەبی کوردیدا، وەکو ڕۆژنامەی (کوردستان) و (ژیان) و (ژیانەوە) و گۆڤارەکانی ژینی ئەستەمبۆل و گۆڤاری ڕۆژی کورد و گەلاوێژ و هیوا و شەفەق...تاد لە سەردەمی نوێشدا من یەک بە باری خۆم ئەو شاهێدییە بۆ گۆڤاری (ڕامان) دەدەم، کە وەک گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی ڕۆڵێکی دیاری لە بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی زیندوو و ڕەخنەی ئەدەبی و هەڤپەیڤینی ئەدەبی و هونەری و دەق و ڕەخنەی درامی و هونەری شێوەکاری و ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا بینیوە، من شانازی دەکەم، لە سەرەتاکانی بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارەوە هاوکاری بوومە و بەرهەمی خۆمم تێدا بڵاوکردۆتەوە.

وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و لە کاتی سەرپەرشتیاری کردنی خوێندکارانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا هەمیشە ڕێنماییم کردوون، کە گۆڤاری (ڕامان) شایستەی ئەوەیە وەک سەرچاوەیەکی بەپێز پشتی پێ ببەسترێ، چ ئەو تەوەرانەی لە بابەت باری ڕۆشنبیری و بابەتە هەنووکەییەکانەوە بێ، چ ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی لە مەڕ ئەدەبیاتی کوردی و جیهانییەوە نووسراون و وەرگێڕدراون.


یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی (ڕامان) ئەوەیە، هەموو ئاستە جیاوازەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لەخۆ گرتووە، لەبەرهەمی لاوان و ژنان و نەوەی پێشوو و نوێ و هاوچەرخ. هەروا بێتەوە سنوورێکی کوردستانی هەیە و بەرهەمی پارچەکانی کوردستانی لەخۆ گرتووە، گۆڤارێکی پاکە و بەزەوق و چێژێکی هونەرییەوە گرێدانێکی دەنێو شیعر و شێوەکاری و تابلۆی هونەریدا دروست کردووە.

لەباری زمان و ڕێنووسیشەوە، هەوڵ و ماندووبوونی پێوە دیارە و پەرۆشیی یەکخستنی زاراوە و ڕێنووسێکی یەکگرتوو دەبینرێ و بەدەگمەن هەڵەی چاپی تێدایە، سەرسامیشم بەو بەڵێنەی بەخوێنەرانی خۆی داوە، بە دیقەت ڕۆژی پێنجی مانگان لە کاتی خۆی دەکەوێتە بازاڕەوە.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەکاک (ئازاد عەبدولواحید) و ستافەکەی دەکەم، نایشارمەوە وەکو (ڕامان)ی کوڕم گۆڤاری (ڕامان)یشم خۆش دەوێ.. لە باکراوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەومانان‌دا خاڵێکی گەشی زەمینەی ڕۆشنبیریمانە، سەرکەوتوویی و بەردەوامی بۆ گۆڤاری (ڕامان).





# زانست و زمانەکەمان

د. فەیسەڵ عارەب بڵباس

ئەمڕۆکە زانست، مەبەستم «زانستە ڕووتەکانە»، ئەوەندە فراوان و بە لکوپۆپ بووە کە زمان نییە لەو دنیایەدا بتوانێ هەمووی دەئامێز بگرێ، لەبەر ئەوەش هەمیشە گوتراوە کە «زانست بۆ هەمووانە»، بۆیە زانایانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو بەپێی توانایی، هەوڵی ئەوەیان داوە، لە بواری پسپۆڕێتییەکەی خۆیان، هەر نەبێ بەشێک لەو زانستەی کە دەیزانن، بگۆڕنە سەر زمانی نەتەوەکەیان بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان تێی بگەن. کوردیش لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسین و دانانی کتێب بەکوردی، تاکوتەرا و لێرەولەوێ، بابەتی زانستی بە کوردی هەبووە، کە گۆڤار و ڕۆژنامانیش هاتنە وەشاندن، زانایانی کوردیزان و خەمخۆری نەتەوە وتاری زانستییان تێدا بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەو پەرەسەندنەی بواری نووسین و چاپکردنی بەکوردی، لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، دەیان هەوڵی بەکوردی کردنی زانستەکان دەبینرێن و کتێبخانەکان چەندان فەرهەنگی زانستییان تێدایە، هەر لە بواری پزیشکی و ئەندازە و کشتوکاڵییەوە بگرە تا دەگاتە فیزیک و کیمیا و هیدیکەش.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە جۆرێک لە پاشاگەردانی و بێ سەروبەری بەو بە کوردی کردنەی زانستەکانەوە دیارە، چونکە هەوڵەکان، ئەگەر هەموشیان نەبێ، ئەوە بەشی هەرە زۆریان تاکەکەسین، لەبەر ئەمە هەریەکە و بەپێی بۆچوون و شارەزایی و زمانزانیی خۆی، زاراوەی زانستی گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی، یان داڕشتووە کە هەندێکیان دەبنە مایەی سەرسوڕمان و سەرلێشێوانی خوێنەران...! ئەوە هەر لەسەر ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەکاندا نابینرێن، بەڵکو لەو کتێبانەشدا بە ئاشکرا دەبینرێن کە لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا کراون بە کوردی، یان دانراون، بەشێوەیەک کە تاکە زاراوەیەکی زانستی لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە و لە قۆناغێکی خوێندنەوە بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازییان هەیە.

ئێمە پێمان وایە هۆکاری سەرەکی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەزگایەک، یان دامەزراوەیەک کە سەرپەرشتی و چاودێری دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە زانستییانە بکەن و زاراوەکان یەک بخەن. بوونی ئەکادیمیایەکی زانستی، یان لقێک و دەستەیەک لە ئەکادیمیای ئێستای کوردی، بۆ ئەمڕۆ، زۆر پێویستە کە تایبەت بێت و ئەو زانایانە بگرێتە خۆی کە، بێجگە لە پسپۆڕیەتییەکەیان، شارەزایی و سەلیقەیەکی باشیان لەزمانی کوردیدا هەیە و خاوەن ئەزموونن لەو بوارەدا و هەر زاراوە و وتار و کتێبێکی زانستیی کە بە کوردی دادەنرێ، یان دەگۆڕدرێ، ئەوان لە ڕووی زمانەوانییەوە هەڵی سەنگێنن و بڕیار لەسەر دەرچوونی، یان گۆڕینی بدەن.

بەم شێوەیە ڕەنگە لە ماوەیەکی کورتدا بتوانین ببینە خاوەن وشە و زاراوەی زانستیی ڕاست و شیاوی ئەوتۆ کە قوتابی و خوێندکار و فێرخواز...تاد هەر لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە شارەزایان بێت و تا دوا قۆناغی خوێندنی لەسەریان بەردەوام بێت.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە مەرج نییە هەموو زاراوەیەکی زانستی بگۆڕینە سەر زمانەکەمان، ئەوەندە بەسە کە «بیکوردێنین». ئەوانەی شارەزاییان لە زمانەکانی دیکەی دەوروپشتمان هەیە دەتوانن بە باشی لەمە تێبگەن و بزانن ئەوان چۆن زانستەکانیان گۆڕیوە و لەگەڵ زمان و دەنگ و دەربڕینی خۆیان گونجاندووە.